کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و ڕاگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری بلاوکردنەوەی کوردی
کتێبی زنجیرە (٢٤١)

# میهرەجانی مەولەوی

کتێبی ژمارە ( ١ )ی گۆڤاری ( ڕۆشنبیری نوێ )

كتێبخانەی
محەمەد عەلی قەرەداغی
مێژوو:

كۆماری عیراق
وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن
دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی
كتێبی ژمارە ( ٢٤١ )

# مهرەجانی مەولەوی

كتێبی ژمارە ( ١ )ی گۆڤاری ( ڕۆشنبیری نوێ )

---

چاپخانەی ( الزمان ) - بەغدا ١٩٨٩

سەرجەمی ئەو باس‌و وتارو لێکۆڵینەوانەیە لە میهرەجانی مەولەویدا خوێنراونەتەوە کە دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی لە ڕۆژانی ٢٤ - ١٩٨٨/٨/٢٥دا لە سلێمانی ڕێکی‌خست .

# پێشەکی

سید عبدالرحیمی مەولەوی ( ١٨٠٦ – ١٨٨٢ ) یەکێکە لە شاعیرە ناودارە گەورەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەدەبی کوردی . ئەم شاعیرە لە هەرێمی سلێمانی ، ناوچەی تاوگۆزی سەری هەڵداوەو ، زووبەی زۆری شیعرەکانی بە زاراوەی ( گۆران ) – لقی هەورامی –یە .

ناوەڕۆکی شیعرەکانی مەولەوی دەربارەی سۆفیەتیو جوانیی سروشتو بابەتی ئایینی بووە . پێوەندی ئەم شاعیرە لەگەڵ بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندیی هەورامان زۆر بەتین بووەو ستایشێکی زۆری شێخی سراج الدینو بهاءالدینی کردووە . هەروەها لەگەڵ بەگزادەکانی جافدا پێوەندی هەبووەو ناویانی هێناوە . مۆسیقای شیعرەکانی مەولەوی کارێکی گرنگی کردووەتە سەر خەیاڵی گۆرانی بێژانمانو تا ڕۆژی ئەمڕۆمان ئەبینین مەقامو گۆرانی‌یە ڕەسەنەکانی کوردی وەك ( قەتار ، ئەڵڵاوەیسی ، خورشیدی ، خاوکەر ، سیاچەمانە ) بە شیعرەکانی مەولەوی دەبێژرێن . پاش مردنیشی بەشێك لە شاعیرەکانمان کەوتوونەتە بەر تیشکی شیعرەکانی وەك ( پیرەمێرد ، گۆران ، کاردۆخی ، دیلان ، حەسیب قەرەداغی .. تاد ) .

پیرەمێرد یەکەم کەسە لە ئەسڵی شیعرەکانی مەولەوی‌یەوە ( ڕۆح )ی هێناوەتە سەر زاراوەی سۆران – لقی سلێمانیو هەر بە شیعر لە سی‌یەکاندا هۆنیویەتەوەو لەچاپی داوە .

مەلا عبدالكریمی مدرسیش بە یەکەم کەس ئەژمێرریّ کە دیوانی مەولەوی کۆکردووەتەوەو ، لە ١٩٦١دا بە لێکۆڵینەوەیەکی باشـــەوە لەچاپی داوە . ئەم دوو ذاتە بوونە هۆی ناسینی مەولـــەوی بە نەوەی ئەمڕۆمان .

مەولەوی ، بەو بوزورگی یەوە تا ئێستا بیرەوەری یەکی جەماوەریی بۆ نەکراوەو کۆڕو میهرەجانی بۆ سازنەکراوە ، تاوەکو لـــەم دوایی یەدا دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی هەستی بەم کەلێنـــە کردو دوو لیژنەی بۆ پڕکردنەوەی‌و هێنانەدیی ئەم ئاواتە پێکهێنا . لیـژنەی یەکەم لە بەغدا بوو بە سەرۆکایەتیی مامۆستا مصلح مصـطفی جەلالی بەڕێوەبەری گشتی دەزگاو ئەندامەتیی مامۆستایان مصطفی نەریمـانو عبدالرزاق بیمار . لیژنەکە بانگەوازێکی لـــە رۆژنامەی ( هاوکاری )دا بلاوکردەوەو چەند لێکۆڵینـــەوەیەکی گەیشتە دەســـتو بە چـــەند کۆبوونەوەیەك بڕیاری لەسەر ئەو باس‌و لێکۆڵینەوانە دا کـــە شیاوی بلاوکردنەوەن . لیژنەی دووەمیش لەم زاتانە پێکهات لە ســولەیمانی : د. عزالدین مصطفی رسول ، مصطفی نەریمان ، مصطفی صالح کریم ، فریا جاف ، ئازاد محمود . ئەم لیژنەیە بڕیاری چۆنیەتی بەرپاکردنی ئەو میهرەجانەی داو بەرنامەی بۆ داناو سەرپەرشتیی میهرەجانەکەی کردو بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی ئابی ١٩٨٨دا چەند جار کۆبووەوەو ، میهرەجانەکە لە رۆژانی ٢٤ـ٢٥/٨/١٩٨٨دا لـــە هۆڵی رۆشنبیریی جەماوەر لـــە سولەیمانی بەپێی ئەو بەرنامەیەی بۆی دانرابوو رێکخرا .

دوای لێبوونەوە لـــە میهرەجانەکە دەزگای رۆشـــنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی لیژنەیەکی دیکەی دانا کـــە بریتی‌بوو لـــە مامۆستایان مصلح مصطفی جلالی ، ئەمین نەقشبەندی ، مصطفی نەریمان ، محمدی مەلا کەریم بۆئەوەی وتوویژ لە چارەنووسی ئەو باس‌و لێکۆڵینەوانە بکەن

که لە میهرەجانەکەدا پێشکەش کران . لیژنەکە لە ڕۆژی ١٩٨٨/١١/١٧دا کۆبووەوەو بڕیاریدا ئەو باس و لێکۆڵینەوانە سەرلەنوێ لەو مانگ و نیوە ماوەی ساڵدا بخوێنرێنەوەو بەپوختی ڕێک بخرێن و ئامادەی چاپ بکرێن . کاک محمدی مەلا کریمیش بە شایانترین کەس هەڵبژێردرا بۆ دووبارە نووسینەوەی ئەو باسانەی نووسینەوەی سەرلەنوێیان ئەوێ و بۆ سەرپەرشتی کردنی لەچاپدانی سەرجەمی باس و لێکۆڵینەوەکان .

خوێنەری بەڕێز ! برای هێژا !

وا بەم جۆرە دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی دوای ئەو هەوڵ و کۆششە ، ئەم بەرهەمەتان بەشانازییەوە پێشکەش دەکات و ، مەولەوی گەورەتان لە بەرگێکی نوێدا پێ دەناسێنێت . هومێدەوارین کارەکەمان جێی ڕەزامەندیتان بێت .

**نەریمـــان**

# بەرنامەی میهرەجانی مەولەوی

# ٢٤ ـ ١٩٨٨/٨/٢٥

## لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەر لە سلێمانی

**سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٨/٢٤ :**

١ ـ وتاری بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی ماموستا مصلح مصطفی الجلالی ، لەلایەن ماموستا مصطفی نەریمانەوە خوێنرایەوە .

٢ ـ صۆفیگەریی مەولەوی : شێخ ئەمینی نەقشبەندی .

٣ ـ مەولەوی‌و عەقیدەکانی : فاتیح عەبدولکەریم .

٤ ـ گەشتێك بە ئاسۆی خەیاڵی مەولەویدا : موحەممەد ئەمین حەبیب .

٥ ـ مەولەوی‌و هەڵسوکەوتی لە دەوروبەردا : لەیلان .

**تاقی ئێوارە :**

٦ ـ شاعیرێتیی مەولەوی : ڕەئووف عوسمان .

٧ ـ مەولەوی : بەرهەمی‌و شتێك دەربارەی سروشت : د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ .

٨ ـ تاوێك لەگەڵ ستایش‌و خەلسەکانی مەولەویدا : خەسرەو جاف .

**سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٨/٢٥ :**

٩ ــ کێشەی پاکژکردنەوە لە شیعری مەولەویدا : ئومێد ئاشنا .

١٠ــ بۆ مەولای شاعیران مەولەوی : حەسیب قەرەداغی .

١١ــ هەندێ لە سەرگوزەشتە خۆشەکانی مەولەوی : کامیل ژیر .

١٢ــ یادکردنەوەی میری شاعیران مەولەوی : عوسمان محەمەد هەورامی .

١٣ــ باسکەمەلەیەك لەنێو زەریای شیعری مەولەویدا : مەحموود زامدار .

**تاقی ئێوارە :**

١٤ــ گەشتێك بە ژیانو شیعری مەولەویدا : محمدی مەلا کریم .

جگە لەم وتارانەش ناوبەناو لەدوای لێبوونەوە لە بەشە وتاری تاقی بەیانیو ئێوارەی دوو ڕۆژەکە ، گوێی دانیشتووان بە ئاوازی خۆشی ئەم گۆرانی بێژە دەنگخۆشانە ، بەم جۆرەی خوارەوە ئاودرا :

مەقامی ئەڵڵاوەیسی : کاك بورهان . قەتار : حەسەن گەرمیانی . سیاچەمانە : دارا عوسمان . شیعرو گۆرانی : ئەحمەد بێکەس .

هەروەها لەپاش دواوتاری میهرەجانەکەیش کە وتاری کاك محمدی مەلا کەریم بوو ، دەرگای گفتوگۆو پرسیارو وەڵام لەسەر هەموو وتارەکان کرایەوەو ، گفتوگۆیەکی بەپێزو سوودبەخش کرا .

# وتاری بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی
# ماموستا مصلح مصطفى الجلالي

### لەلایەن ماموستا مصطفى نەریمانەوە خوێنرایەوە

ئەی براو خوشکانی خۆشەویست ...

ئەی پێشڕەوانی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری سلێمانی‌ی خۆشەویست !

میهرەجانی ئەم جارەمان کە لەسەر شاعیری مەزنی کورد مەولەوی‌یە لە ڕۆژگارێکدا ڕێککەوت کە ئاشتی لە عێراقی ئازیزماندا جێگیر بوو دوای ئەوەی سەربازانی ئەم نیشتمانە بە کوردو عەرەبەوە لەژێر ئالای سەرکردەی هەلکەوتوویاندا صدام حسین لە ماوەی هەشت سالدا گەشترین لاپەڕەی مێژووی عێراقیان تۆمار کرد ، دوای ئەوەی عێراق لە جەنگە دژوارەکەدا سەرکەوتو توانی سەربەخۆیی و سەربەرزی خۆی بپارێزێت و لە بەردەم شالاوی بێگانەدا وەکو کێوەکانی کوردستان نەبەزو سەرکەوتوانە بوەستێت و بە هەموو جیهانی سەلماند کە هەتا لە دوا ڕۆژانی شەڕدا جلەوی شەڕو ئاشتی بەدەست خۆیەوەیەتی ...

خوشک و برایانی خۆشەویست .

وەستانی شەڕو سەرکەوتنی عێراق مایەی خۆشی و بەختیاری‌یە بۆ هەموومان بە کوردو عەرەبەوە کە لە سایەی ئاشتی و بنیاتنان و پەرەسەندندا مەیدانێکی‌ترمان دێتە پێشەوە کە دەبێ هەموومان چاکی هیممەتی لێ بکەین بەلاداو بە هەولو خەبات و کارکردن بناغەی شارستانەتی بەرزبکەینەوە .

گەلی کوردمان لە هەموو ڕۆژێ زیاتر پێویستی بە کارکردن هەیە بۆ پەرەدان بە ژیانی شارستانەنیو دائەبڕانی لە کاروانی پێشکەوتنو ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی زانیاریو ڕۆشنبیریو پێشخستنی باری کۆمەلایەتیو ئابووری ، لەکاتێکدا کە خەریکی کارو بنیاتنان ئەبین دەبێ چاوێکیشمان لە سنوور بێتو ئامادەی پاراستنی مافی ڕەوای سەربەرزیو سەربەخۆیی عیراقی خۆشەویستمان بین .

دەزگاکەی ئێمەش ( دەزگای ڕۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی ) هەروەکو چۆن لە ڕۆژانی جەنگی ڕەوامانا دریغی نەکردوە لە پێشکەش کردنی چاکترین خزمەتی دلسۆزانە بە زمانو ئەدەبو هونەرو لقەکانی ڕۆشنبیری کوردی ، هەروەها بە هاوکاری لەگەل ئەدیبو نووسەرانو خوێنەرانی ئازیزدا هەمیشە بەردەوام ئەبێ لە ڕێی پیرۆزی وشەی کوردیدا بەوهیوایە بتوانین لە مەیدانی ڕۆژنامەگەریو ئەدەبو ڕۆشنبیریدا هەنگاوی گەورەتر بهاوێینو ڕۆژنامەکەمان ( هاوکاری )و گۆڤارەکانمان ( ڕۆشنبیری نوێو بەیانو ڕەنگین ) زیاتر گەشەبکەنو زیاتر کتێبی هەلبژاردەو نایاب بلاوبکەینەوە ، هەروەها لە گێڕانی میهرەجانو کۆڕو کۆبوونەوەی هونەریو ئەدەبیدا ؛ وە لە ڕێکخستنی پیشانگاو چالاکی هەمەجۆری ڕۆشنبیریدا . بەپشتگیری ئێوەو ڕۆشنبیرانو خوێنەرانی کوردو بە چاودێریو پشتگیریی کاربەدەستانو لەسەروویانەوە سەرۆکی فەرماندە صدام حسین ڕۆژبەڕۆژ پێشکەوتن وەدیبهێنین ...

ئەی براو خوشکانی ئازیز ...

لەم میهرەجانەی ئەمڕۆماندا.. کە باسی شیعری شاعیرێکی بلیمەتو هەلکەوتووی کورد دەکەین مایەی شانازیمانە کە کۆمەلێك نووسەرو ئەدیبی ناودار بەشداریمان لەگەل بکەنو هیواداریین بە دلی ئێوە بێت ..

**مصلح جەلالی**

**١٩٨٨/٨/٢١**

# صۆفی گەریی مەولەوی

## ئەمین نەقشبەندی

**بەناوی خوای گەورە ..**

بەرێزان !

باس باسی هەڵۆی بەرزەفڕی ئاسمانی ئەدەبی کوردە .. باسی شۆڕەسواری گۆڕەپانی وردەکاریو جوانکاریو شیرینکاریو گەوهەربارِیی شیعری کوردییە .. باس باسی مەولەوییە .. باسی بولبولی گولزاری جیناسە ..

کوردە ! ئەوەتە کەڵەمەردی مەیدانی باوەڕو کەلام .. دە باش بیناسە .. شانازی ئەگەر بەو هەڵۆ بەرزەفڕەوە نەکرێ بەکێوە بکرێ ؟! بەو خواناسەوە نەکرێ بەکێوە بکرێ ؟! بەو دەروێشە هەژارە دەوڵەمەندەوە نەکرێ بەکێوە بکرێ ؟!

زۆرین ئەوانەی ئەڵێینو ئەنووسین : مەولەوی شاعیرێکی بەرز بوو ، صۆفییەکی دڵ پڕ لە نوورو سەرپڕ بوو ، شۆرو دەروون پڕ لە دوڕو لەگڕ بوو .. ئەڵێین : مەولەوی لە زانیاریی عەقیدەو کەلاما دەستی باڵای بوو ...، دوکانی پڕ لە کاڵای بوو .. بەڵام داخەکەم هیچکامیشمان بەوجۆرەی کە بشێ مەولەویمان نەناسیوەو ئایشتوانین بیناسین ، مەگەر بەدەگمەن هەلکەون ئەوانەی بتوانن لە هەموو ڕوویێکەوە مەولەوی بناسن ، جا بۆیەیش پێویستە ئاوا کۆڕێك بێتەدیو دووبارەو سێبارەو دەبارەیش بکرێتەوە ، بۆ ئەوەی هەرکامەی بەپێی توانای خۆی لەو باخچەو

گولآنەی مەولەوی ، لەو باخ و بەرهەمەی مەولەوی ، لـەو کانی و چەمەی مەولەوی ، لە صۆفی‌گەریی مەولەوی ، لە هونەری شـیعری مەولەوی کۆڵ بکات و کۆڵ بێرێت و ، خەرمانی لێ دروس کـەین بۆ خوێنەوارانی خۆمان و خوێنەوارانی گەلانی‌تریش و ، هەوڵی ئەوە بدرێت لـە پانەی گەورە پیاوانی عیلم و ئەدەبی جیهان‌دا ئەو کورسی‌یەی شیاوی مەولەوی‌یە بۆی تەرخان کرێت و بنرێتە لای ژووری ژوورەوە .

بە ڕای من ڕەوشێکی گشتی هەیە بۆ هەموو ناسـینێ ، ئەویش ئەوەتە مرۆڤ کاتێ ئەتوانێ کەسێ بناسێ کە خۆیشی گەیشتبێتە پایەی ئەوکەسە ، بەڵکـوو لەوە بالآتریش .. واتە : کاتێ تۆ ئەتوانێ شـتێ بناسیت کە زانیاریی تۆ بتوانێ هەموو دەوروبەری ئەو شتە بناسـێت و بیداتەبەرو دەوری بدات .. وەکـوو ئەڵێن ( زانیاریت موحیـط بێ بەو شـتە ) .

کەوابوو مەولەوی ناسین مەولەوی‌یەکی ئەوێت ، لەبەر ئەوەیشە ئەڵێم : ئەبێ چەن کارناسێك بنەوە بە یەك هەرکامەی لـە گۆشەیێکەوە هەوڵ‌بدەن تاوەکـوو بتـوانن مەولەوی بناسن ، بۆ ئەوەی بتوانن بە هەموانەوە بە خوێنەرانی بناسێنن .

زۆر ئاسانە بڵێین : مەولەوی لـە زانیاریی کەلام‌دا بالآدەس بوو ، بەلآم ئایا خۆمان لە زانیاریی کەلام‌دا ئەوەندە شارەزاین کـە ئەم باوەڕە دەربڕین ؟!. ئایا زانیاریی کـەلام چی‌یەو وردەکاری‌یەکانی کامەتان ؟... بە ڕاستی ئەگەر جەنابی مامۆستا مەلا کەریم ، خوای لێ ڕازی بێ ، بـە کتێبێـکی ( ٨٣٠ ) لاپەڕەیی ڕاڤەی پتر لـە دووهەزار دێڕە شـیعرە عەرەبی‌یەکەی کتێبی فەضیلەی مەولەوی نەکردایە کێ ئەبوو ئەو سپاردە گەورەیە ئەنجام‌بدات ؟!. هەروەها مامۆستا ڕاڤەی عەقیـدە کوردی‌یە

سۆرانی‌یەکەی مەولەویشی کردووە کە ناوی ( عەقیدەی مەرضی‌یە )یەو لە ۲٤۰۰ شیعر زیاترە ، ئەم ڕاڤەیە ( ۸۰۰ ) لاپەڕە زیاتر ئەبێ(۱) .

یان ئەوەی زۆر بەقووڵی زمانی هەورامی نەزانێ کەی ئەتوانێ بەو جۆرەی بشێ بڕواتە بنج‌و بناوان‌و بڕواتە قووڵایی شیرین کاری‌و خەیاڵ پەردازیی شیعرەکانی مەولەوی تا ڕۆح‌و گیانی لێ بەهرەمەندو تێراو کات ؟ بەڕاستی لەو مەیدانەشا پیرەمێردی نەمر ڕەنجێکی سوپاس لێ‌کراوی کێشاوە ، ئومێدەوارم ناوی هەمیشە بەرز بێت . بەڵام لەم باری گۆڕینەوە هێشتا هەمووی شیعرەکانی لێك نەدراونەتەوەو ئەویش کە هەیە هێشتا بڕێك دەسکاری‌و ڕوون‌کردنەوەی ئەوێت ، کە ئومێدەوارم کەسانێکی وەکوو مامۆستا عوسمان هەورامی‌و ڕەئووف عوسمان‌و مامۆستا محمد امین حبیب‌و ئەوانەی لەو بارەوە کۆڵیونەتەوە ئەو ئاواتەمان بێرنەدی .

مەبەستێکی‌تر لە شیعرەکانی مەولەوی‌دا هەیە وام بۆ دەرکەوت هیچکام لەوانەی کە لە ڕێگای ناساندنی مەولەوی‌دا ڕەنجیان کێشاوە خۆیان لێ نەداوە ، ئەویش باسی ( جیناسە ) لە شیعرەکانی مەولەوی‌دا کە بەڕاستی مەولەویی نەمر لەم هونەرەیشا دەستێکی باڵای هەبووە .

ڕاستەکەی من ویستم هەر بۆنموونەی ئەم پەنجە ڕاکێشانەم بکەرێم چەن شیعرێ لە شیعرە عەرەبی‌یەکانی هەڵبژێرم ، دیم زوربەی شیعرەکانی پڕیەتی لەم هونەرەو هەڵبژاردنی ناوێ‌و ، ئەوەندەیش لەبارەی جیناسەوە بەپێزو دەوڵەمەندن گەیشتوونەتە لووتکە ، جا ڕام هاتە سەر ئەوەی هەر پەنجەی بۆ ڕابکێشم بەڵکوو ، ئەمە خوایە ، یەکێ لە خوێنەوارە بەرزەکانمان غیرەت بیگرێت‌و دەس بداتە ئەم کارە پێویستەیش .

ئلاخر هەروا کارێکی سادە نی‌یە مەلایێکی کورد کە لە ناوی عەرەب‌و وڵاتی عەرەبدا نەیخوێندبێ‌و نەژیابێ‌و ،

وەکـــوو ئەمڕۆیش ئـاوا چـــاپو چــاپەمەنی‌و ڕادیـۆو ڕۆژنـامە نەبووبێ‌و ، هــات‌وچۆ ئــاوا ئاســــانو فراوان نەبووبێ‌و ، جیهـــانی مەولەویش ئەم پەڕی سلێمانی‌و ئەوپەڕی سنەو سابلاغ بووبێت کەچی کاتێ دەست‌بداتە قەڵەم ئەسپی قەڵەم لەو مەیدانەدا لــە هەموو چابوك سوارێکی خاوەن زمانەکە باشتر تاو بدات‌و دەورەو مەقەسەی پێ‌بکات ؟! ئاوا هونەرێك مەگەر هەر لە مەولەوی بێت ! مەیدان مەیدانی زانیاریی کەلام‌و زمان زمانی عەرەبی بێــــت .. سواریش شۆڕەسواری تاوگۆزی بێت ، کەچی هەم لە جوان‌کاری‌و وردەکاری‌و هەموو هونەرێکی شیعردا بگاتە لووتکە ؟! لـــە زانیاری‌یەکەیشا شـــان‌بدات لە شـــانی هەموو کەڵەمێردێکی ئەو زانیاری‌یە .. لە هەمووی گرنگتر جیناسەکەیش هەتا بێت شیعرەکانی جوانتر بکات‌و باشتر بیان‌درەوشێنێتەوەو ، هەســـتی هیـــچ جۆرە زۆر لــە خۆکردن‌و زۆر بۆ خۆهاوردنێکیشی لێ نەکرێ .

کەوابوو خۆئامادەکردنێکی ئەوێ بۆ تێ‌گەیشتن لە شیعری مەولەوی زانای ئایینی ، مەولەوی صـــۆفی ، مەولەوی عەرەبی‌و فارسی‌و هەورامی‌و کـــوردی زان ، مەولـــەوی پەروەردەی دەســـــتی سروشـــتی ئێجگار ڕازاوەو شـــیرینی کوردســـتان‌و .. مەولـــەوی‌یەك کـــە هەوار بە هەوار لەگەڵ خێڵە جافەکان‌دا خێڵەو خوارو خێـڵەو ژووری کردبێ .. هەزارانە ژیابێـــت‌و شـــارەزای ژینی هەزاران بێـــت .. مەولەوی‌یەك بۆ خەرمانی زانیاری‌یەکەی لە سلێمانی‌و سنەو سابلاغ‌و لای مەلاچاکان مەڵۆو باقەی گرتبێ ، ئەوساکە بووبێتە دیوەخـــان نشـــینی میرانی جاف‌و تەکیەنشینی شێخانی هەورامان .. مەولەوی‌یەك هەورامی زمانی زگماکی نەبێــــت‌و ، هەورامی زانینەکـــەی بگاتە رادەیێـــك ، دانشمەندان نەبێ کەمتر بتـــوانن بڕۆنە بناوانی مەبەســـتەکەی‌و .. بەوجۆرەی بشێ پەی ببەن بە هەستەکەی ..

بەڵێ بەڕاستی کێ بێ بتوانێ بڕواتە ناخی هەستی مەولەوی و داخی دڵی بناسێت و بەوجۆرەی بشێ تام و مەزە لە هونەرەکـــەی وەرگرێت و بەهرەی لێ بەرێت و ، لەوەیش گرنگتر هونەرەکەی هەڵســـەنگێنێت و پایەی بۆ دیاری کات . ئایا کەسێ لەو جۆرە ژیانەو لەو جۆرە زمانەو لەو جۆرە زانیاری یانەی ئەو شارەزا نەبێت ، خۆی بە تاکەکەس ئەتوانێ بدات لەو کێوە سەرکەشەی کە سەری لە ئاسمان توند کردووە ؟!

ئومێدەوارم لەم بەشەدا کە پێم سپێرراوە بتوانم تاڕادەیێ سپاردەکەم بەجێبێرم .. بەڵکوو هەنگاوێ بێت بۆ ناسینی گۆشەیێ لە بازاڕە پڕ لە زێڕو جەواهیرەکەی مەولەوی ، بازاڕە پڕ کاڵاو ئاڵاو واڵاکەی ئەو شاعیرە بەرزە بۆ هەڵدانەوەی سەری ئەو گەنجینـــەی حیکمـــەت و عیرفان و تەصەووفەی ئەو پیرە جوانەو ، ئەو هەزارە دەوڵەمەندەو ، ئەو قەلەندەرە دەربەدەرەو . ئەو زانا بەهرەمەندە سەروەرە .

جا سەبارەت بە صۆفی گەری مەولەوی .. ئەڵێم :ـ گومانی تیـا نی یە مەولەوی صۆفی مەسلەك بووە ، چونکە هەر بەوەی کـــە موریدی شێخ عوسمان سیراجەددینە ئەوە خـــۆی گەورەترین بەڵگەی صـــۆفی بوونیەتی ، لەگەڵ ئەوەشا لەگەڵ ئەو هەموو پەیوەندەشا لەگەڵی زانیاریی ئیسلامی و شێخ و مەلاو صۆفی دا ناتوانم بڵێم مەولەوی گیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ صۆفی گەری ، چونکە ئەگەریش بڵێم دیوانەکەی ئەڵێ : نا .. ئەڵێ : نـا .. مـن هەمەڕەنگـم ، بـەلام ســـەرتەڵی هـــۆنراوەکان و گەوهەربارتریان شیعرە صۆفی گەری یەکانیەتی ، هەرچەن کە بەشی زۆری دیوانەکـــەی نین ، ( واتە : بە نرخ زۆرن نەك بە ژمارە ... ) هەروەها هەرچەن کە مەولەوی لە زانیـــاری و زمانزانی و شـــیرین خەیاڵی و وردەکاری دا گەیشتووەتە ئەوپەڕی دەسەڵات و ئوســـتاد بووە ، لـــە صۆفی گەری یەکەیا هەرچەن مامۆستا بووە بەلام ئوستاد نەبووە ، واتـــە

بەپێی داب‌و نەریتی تەصەووف نەگەیشتووەتە پایەی کامیلی‌و موکەممیلی‌و نەبووەتە پیری طەریقەت‌و ببێتە مورشیدو ئوستاد .. بەپێی ڕەوشی نەقشبەندی‌یەکان نەگەیشتووەتە « بەقای پاش فەنا » . لێرەش‌دا ئەگەر دیسان من بڵێم گەیشتووە دیوانەکەی ئەڵێ : نا ..

جا لێرەدایە کە چوارچێوەی شیعر جیادەبێتەوە ، بۆچی ؟ چونکە شیعری پێ‌گەیشتوان ئەڵێ : ئەوەی ئەیەوێ مەستی بادەی مەحەبەت بێت من ساقیم ، ئەوەی ئەیەوێ بڕواتە سەر لووتکەی موراد من ڕێبەرو ڕێ‌نیشان‌دەرم ... پێ‌گەیشتوان ، جگە لە خودا ئیتر دەستەوداوێنی کەس نابن ، چونکە گەیشتوونەتە پایەی شوهوود واتە ( عين اليقين )و ، پاش گەیشتن بە مراز ئاواتیان بڕاوە . بەڵام شاگرد ئوستادی ئەوێ‌و ، ڕێبوار ڕێبەری پێویستە ، مەی‌خۆر بە شوێنی ساقی‌و مەی‌دا ئەگەڕێ ، لێرەدا شیعر ئەبێتە شیعری سووتاوێك کە ئەڵێ : ئاو بکەن بەسەر ئەم ئاگری دەروونەما ، ئەڵێ : مەزراو کشتەکەم تینوویەتی‌و ئاوم ئەوێ .. ئەڵێ : ساقی ! جامێك ..، شەیدای ئوستادێکە زاناو توانای کات ، بولبولەو وێڵی گوڵە ، مەی‌خوازەو خاوەن مەی نی‌یە ، لاوازەو دڵ‌سووتاوو ناکامڵە ، جیهانی ئەو جیهانی ناسووتەو پەلەکوتی‌یەتی بۆ جیهانی مەلەکووت ، جیهانی پەروانەیەو ئەیەوێ بسووتێ !!.

جا بۆ ڕوون‌کردنەوەی ئەم باوەڕەمان ئێستە پێکەوە سەرێک ئەکێشینە ناوی جیهانە پڕئۆف‌و ئاواتەکەی مەولەوی‌ی نەمر ، تا بزانین لە گۆڕەپانی صۆفی‌گەری‌دا خۆزگەی‌و ئاواتی نەو چی‌یەو چۆنەو لە بەردەستی پیری خۆی‌دا شێخ عوسمان سیراجەددین چۆن ئەکەوێتە ڕازونیازو ، چی لەو پیرەی ئەوێ ؟.

لەم پاڕچە هۆنراوەدا مەولەوی پاش پێشەکی‌یەکی زۆر ئوستادانە گیانی خەڵك‌و هی خۆی بە دانەوێڵەیێك لێك‌ئەداتەوە کە ئەبرێت بۆ

ئاش .. جا لە مورشیدی داوای « داناوێك » ئەكات بۆ ئەوەی دانەكەی ئەم پاكو ساغو پڕ بێتو ، دانەی ئەم لای خوای گەورەو بەرابەر بە دانەكانی تر ڕووزەرد نەبێ ، جا ئەڵێ : ئەی پیرەكەم !

**حەیفەن تۆ میراو سەرجۆی بادە بی**
**وە هەركەس وە قەد كەفاف دادەبی**
**من كشتم ڕووزەرد هامفەردانم بۆ ،**
**دانەم ڕووسیای هامدەردانم بۆ !**
**ئەر صەد كشتەكەم ئاخـر كارشەن**
**هەفتەكەی ئاخـر تۆ وەهارشەن ،**
**سا هۆركەر بابێ جۆ جۆ جۆگەی مەی**
**وەسەر كشتمدا پەی پەی پەیا پەی**
**بەڵكم ئینـە خـوان كەشـێوە گەرۆ**
**جێ ئاخرەوە داناوێ وەرۆ**

لێرەدا دووشت دەرئەكەوێ ، یەكەم تاڕادەیێ بەهـرەمەند بوونی مەولەوی لـە سلووكی صۆفی‌یەتی‌داو ، هەروەها نەگەیشتن بەوپەڕی ئاواتو ، دەسەداوێن بوونی مورشید بۆ گەیشتنە مراز .

ئەمەش هۆنراوەیێكی بەسۆزو بەپێـــزتری مەولەوی بۆ شـــێخ عوسمانی مورشیدی :ــ

**شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی !**
**یاگـەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی !**
**جە شـەو هەوارگەی فـەنا ویەردە !**
**پای هەردەی بەقـا یاتاغگە كەردە !**

موتتەصیف بە وەصف شەئنیو صیفاتی !
موشەڕڕەف بە فەیض تەجەللای ذاتی ! (٢)
خەلیفەی صەدای ( أدن ) شنەفتە !
بەڵەد نە سارای ئەطواری هەفتە ! (٣)
واسیطەی ڕاگەی بەینی عیلمو عەین !
صاحیب جەناحەین ! یەعنی : ( ذی النورین ) !
پیری پاك جە گەرد خاکی ناسووتی ! (٤)
مەنزڵگەی سەربەرز سـەر مەلەکووتی !
دڵ وە نەوای بەزم جەبەرووت ئاوا
سێراوی سەراو لاهووتی ماوا !
جسـما لدینا ، روحـا لدیه
دائیرەی تەمام ( منه ، الیه )
بێتەلوین نە سای تەمکیندا مەکین !
( روح الله روحه : آمین ! )
نامەی ڕۆح ئەفزای شیرینت یاوا
دڵ وە مەردومەك دوو دیدەش ساوا
تۆی دەروون وە نوور صەفا دا پەرداخ
بۆی ئاشنایم دا نە ڕووی دەماخ
دەرگای حوققەی لاڵ دانەت شکاوان
جە ڕووی لوطفەوە ئینەت فەرماوان :
یا کاغەز بریان ، یا مەڵڵا مەردەن ،
یا خۆ عارتەن دۆس وەیاد کەردەن !

خەمگین مەنیشە ، خەم بدەر وە باد ،
فەلەك نمازۆ كەس وە خاطر شــاد ..
ئەووەڵ من كێنان ، وجوودم جە كۆن ؟
واچوون دۆسەنان ، شەرت قبوولی تۆن
ئەر وە بێگانە وەر خوێشم زانی
تۆ حەســاوەنی وە هەرچیم وانی
دووهەم : چون كەسێ گەدایی كێش بۆ ..
یادی تەواضوع خەصڵەتی وێش بۆ ..
ئــەو بارۆ نە دڵ تەواضوع كەردەن
هەر عادەتی وێش وەجــا ئاوەردەن
بەڵام هەركەسێ شــێخی میثالەن
عادەت ئیستیفناو شێوەش جەلالەن
ئەر جار جارێ نام چوون منێ بەرۆ
( خرق العادە )ێ ظاهیر مەكەرۆ
ئەر ڕاضیت وەیاد خەستەی دڵگیری
یا شێخ ! تۆ دایم ( نەقش )ی ضەمیری
چ حاجەتەن دەس پەی قەڵەم بەروون
یادم نمەشی چەنیت یادكەروون ؟
پەی كەسێ خاسەن نامەی جە حوب كەیل
تازە بسانۆ وضوو جە جۆی مەیل
خۆ من هەر جە زوو وە مەیلت مەستم
هەر جان فیداكەی ڕۆكەی ( الست )م

سێهەم : خەمگینیم جە دەس خەجڵەتەن
خەجڵەتم جەدەس سەختی غەفڵەتەن
یاران ، چون صافیی مەی ، وەکامەوە
ویەردن ، چون دورد هەر من مامەوە !
گیای پەژموردەی تەژنەکەی بێشۆم
چەمەڕای وارای هەوری لوطفی تۆم
تۆ دەس وە ڕەشحەی ڕەحمەت پەیاپەی
من وەی پڕخاوی حەیفەن یە تا کەی ؟
تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ
منو تۆ جە دەس منو تۆ سانۆ(٥)
تۆ ، بێ تۆ ، لوطفت پەی من زیاد بۆ
من ، بێ من ، ڕۆحم وە خزمەت شاد بۆ

بەڵێ شیعری تەصەووف بەمجـــۆرە شـــیعرانە ئەڵێن ، چونکە کەرەستەیێك کە لەودا کراوەتە کار کەرەستەی تەصەووفە .

جـــگە لەوەش لە موریدەوە بۆ پـیر نووسراوە ... هەروەهـــا پیشاندەری ئەوەتە کە مەولەوی هێشتا هەر عاشقێکی پەڕوباڵ سووتاوی بێپەروایەو ، پێیدێت کە هاوڕێکانی جێیان هێشـــتووەو ، وەکـــو « صەفای » مەی یان مەیی پاكو زوڵاڵو ڕووناك ڕۆیشتوونو ، ئەم هێشتا وەك « دورد » واتە خڵتەی شەراب هەر ماوەتەوەو ، ئاواتی ئەوڕۆژەیەتی خوا کارێکیوا بکات منو تۆ لەنێوانی ئەوو پیریا نەمێنێ ، کە لە خۆدا ئەم جمگەیە چەن واتایێکی هەیە ... منوتۆ کردن هی دووکەســـە دڵیـــان لێك دوور بێو .. هەرکەسەی چاوی لە قانجازی خۆی بێت .. یـــان بۆ کەسێکە چاوی لە دنیاو دەسکەوتی دنیاو ماڵی دنیا بێت .. بەڵام لـــە

شاری عیشق‌و خۆشەویستی‌دا ماڵ‌و سامان‌و جیهانی ناسووتی بایەخی نی‌یە ، لە یاسای صۆفی‌گەری‌دا ئەم پایەیە پایەی « فەنای قەلبە » کە پایەیێکی زۆر گەورەیە .. ئەویش تەنها لەوەدا نی‌یە کە من‌وتۆ نەمێنێ .. ئەوە بەتەنها ئەبێتە فەنا ، بەڵام کاتێ کە ئەڵێ : « مـن بێ مـن ڕۆحم وە خزمەت شاد بۆ » واتە : من بە بێ‌ئەوەی بە جەسـتـەم بێم بۆ خزمەتت ڕۆحم خۆی بەتەنها بتوانێ بەخزمەتت شاد بێ ، ئەوە ئەبێتە فەنای قەلب‌و لەم حاڵەتەدا ئەتوانێ لە ڕێگای قەلبەوە بگاتە خزمەتی مورشید .

هەروەها یەکێ لـە پایە بەرزەکانی مرۆڤایەتی‌و صـۆفی‌یایەتی ڕاستەقینەی مەولەوی خۆ بە کەم زانینەو وەفاداری .. مەولەوی قەت ئەم هەمووە عیلمـەی نەبووەتە هۆی لەخـۆبایی‌بوونی لـە مەیدانی صۆفی‌یەتی‌دا .. وەکو لە پێشەکیی عەقیدەکەیا ئەڵێ : لوطفی ئەبولوەفا بوو یارمەتیی دام ئەم بەرهەمەم هاوردە دەست . ئەبولوەفایش شـێخ عەبدوڕڕەحمانی کوڕی شێخ سیراجەددینە ، کە لەگەڵ ئەوەدا شاعیرێکی بەدەسەڵاتە لە فارسی‌دا ، لە گۆڕەپانی تەصەووفـدا دەستێکی یەکجار باڵای بووەو ، شێخی باوکی بە نووسین ئیجازەی ئیرشادی بەوو بە شێخ بەهادینی برای داوەو زۆر سـتایشی کردوون ... وە مەولەوی پێ‌دێ کە لە مەیدانی صۆفی‌یەتی‌دا چاوی لە دەستی شێخ عەبدوڕەحمان بووبێ ، بۆیە ئەڵێ یارمەتیی مەعنەویی ئەو بوو من توانیم ئەم عەقیدەیەم بنووسم .

پێویستە بڵێم : شێخ ( عبدالرحمان ) شاعیرێکی زۆر بەدەسەڵات بووە ، بەڵام داخەکەم شیعرەکانی فارسین‌و ئەوەی لەم زمانەدا شـارەزا بێ ئەزانێ پایەی شارەزایی‌و شـاعیری چەندە بەرز بووە ؟! بەتایبەت کەتەنها سی‌ودوو ساڵیش عومری کردووەو بە جوانی مردووەو لە بەغدا لە گۆڕستانی گەیلانی‌دا دەفن کراوە .

مەولەوی لە کتێبی ( فەضیلە ) کەیشـــیدا ئەفەرموێ : شێخی بەهائەددین ئەمری پێ‌کردم بۆ نووسینی ئەم کتێبە ، ئەمەش وەکو گوتمان هەم وەفاداری‌یەو هەم لەخۆبایی نەبوونەو ، لە هەمان‌کاتیش‌دا پیشان‌دەری پێ‌هاتنە بەوەی کە هێشتا پێویستی بە مورشید ماوەو ، لـەو ڕێبازەدا خۆی بە ئوستاد نازانێ ؛ هەروەکوو لـەم شیعرانەشیا دەرئەکەوێ کـە پاش مەرگی شێخ سیراجەددین‌و لەپاش ئەوەی شێخ بەهائەددین بووەتە جێگەداری ، مەولـەوی بووەتە موریدی ئـەو ذاتەو دەروونی خـۆی پێ سپاردووە ، ئەویش لەم قەصیدەدا بە باشی دەرئەکەوێ کە مەولەوی بۆی نووسیوە ، مەولەوی ئەم شیعرانەی بەبۆنەی گەڕانەوەی شـێخ بەهائەددینەوە لە حەج بۆی نووسیوە :—

ئایینەی کامڵ ئازیزەکەی فەرد !

فیدای ئامات بام صەفاییت ئاوەرد

خەیلێن گەردی پات نە دیدەم دوور بێ

یانەی چەم وێران تەمام خاپوور بێ

خاس بی تەشریفت هەم ئاوەردەوە

گەردی پات وەتەن ئاوا کەردەوە

ساقی ! ئینە بەزم وەصلی یارانەن

چەرخیچ هەر ئەو چەرخ هەردەجارانەن

دەورێ‌دەر وە بەزم وە پیاڵـەوە

ژەنگی دڵ وە زاخ مەی بماڵـەوە

جامێمان جە دەس تۆ هەم سەندەبۆ

فرسەتەن نەصیو نەك نەمەندەبۆ

بێ‌گومان نە مەولەوی بەو عیلم‌و ڕیشی سپی‌یەو صـۆفی‌یەتی‌یەوە مەی‌خۆر بووە ، نە مورشیدیشی مەی‌گێڕ ! مەی مەیی خۆشـەویستی‌و

زانیاریی ڕێگای خوداناسی‌یەو ، بەزم بەزمی صۆفی‌گەری . بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین ئەوجۆرە پیاوانە وەنەبێ بەهرەیان وەرنەگرتبێ ، بەڵام ئەوان بە شوێنی کەماڵی مەعنەوی‌دا گەڕاون .. ئەو کەماڵەش دەستی کەم کەس کەوتووە .

هەروەکو لە کتێبی ( تەصەووف چی‌یە )دا لە بەشی لێکۆڵینەوەی مەحویی پایەبەرزدا دەسنیشانم کردووە ، خەلیفە لە گۆڕەپانی تەصەووفدا چەندین پایەی هەیە ، ئەمانە خەلیفەی مورشیدەکانیان بوون کەواتە خاوەن پایەن بەڵام ئەوان شەیدای کەماڵ بوون ، بۆیە سکاڵای بێ‌دەسەلاتی‌یان کردووە ، گوتمان ئەوەی گەیشتە ئەو کەماڵە تەنها دەستەوداوێنی خواو پێغەمبەر نەبێ ئیتر دەسەوداوێنی کەس نابێ .

جا ئەوەتا مەولەوی بە شێخی بەهائەددین ئەڵێ :—

ساقی ! ئەمە بەزمی وەصڵی یارانە ، چەرخیش هەر هەمان چەرخەکەی جارانی زەمانی باوکتە ، بەڵام تۆ ئیستە کراویتە ساقی ، کەواتە دەوری بدەرەوەو ژەنگی دڵ بە زاخی مەی پاك‌کەرەوە ، واتە : زاخاوی دڵ بدە . ( ئەزانین مەبەست نە ئەم دڵە گۆشتینەیەو نە ئەو ژەنگە ناسراوەش ) هەروا کە لە قورئان‌دا ئەفەرموێ : ( کلا بل ران علی قلوبهم ما کانوا یکسبون ) . ڕەین واتە : ژەنگ .

جا ئەڵێ : ( جامێمان جە دەس تۆ هەم سەندەبۆ ) . واتە : با هەروەکو زۆر جار جاممان لە دەستی باوکت وەرگرتووە هەر بەوجۆرەش لە دەستی تۆیش وەرگرین .. نەکا نەصیب نەمابێ ، کەوابێ بەهرەی زۆری لە باوکی وەرگرتووە ، بەڵام بەداخەوە تەمەنی ئەم مورشیدەیشی هەر کورت‌تر بوو لە تەمەنی مەولەوی‌و ، شێخ بەهائەددین زووتر کۆچی دوایی کردو مەولەوی بەجێ‌هێشت .

مەولەوی لە ڕۆژگاری شیخی ضیائەددینیش‌دا هەر مابوو .. بەڵام بە پیری‌و ناسازی !!..

لێرەدا بۆ نموونەو بۆ ناسینی شیعری پێگەیشتوان دەس بۆ شیعری سۆفی‌یەك رائەكێشین كە خۆی گەیشتووەتە ئەو كەماڵی مەعنەوی‌یە، تا بەراوردێك لەنێوانیاندا بكرێ .. ئەویش حەزرەتی شێخ عومەر ضیائەددینە .. كە ئەو شیعرانەی لە حاڵێكی جەلالی مەعنەوی‌دا بە شێوەیێكی كوتوپڕی فەرمووە .. تا بزانین شیعری پێگەیشتووان چۆنە كە ئەفەرمێ :-

**فەقیهی مەدرەسەی تەوحیدم ئەمڕۆ**
**فەریدی دائیرەی تەفریدم ئەمڕۆ**
**ڕەزا نابم كە ئەغیار بێنە مەجلیس**
**كە چەوگانی قەضای تەبعیدم ئەمڕۆ**
**نی‌یە بۆ ئەو نیشانە تا بناسرێ**
**بە خۆی من دافیعی تەردیدم ئەمڕۆ**
**لە تەنزیها نی‌یە هیچكەس ڕەفیقم**
**چرای كاروانسەرای تەمجیدم ئەمڕۆ**
**چلۆن كا حەمدی باقی عەبدی فانی**
**بە عیصیان ماوەرای تەحمیدم ئەمڕۆ**
**عەلایق دەردی بێ‌دەرمانە ( فەوزی ! )**
**ڕەئیسی عەسكەری تەجریدم ئەمڕۆ**

ئەبێ بزانین ئەو ئیددیعایانەو .. ئەو لەخۆباس‌كردنە زۆر گەورەن بەتایبەت مەقامەكانی تەجریدو تەفریدو تەنزیەو ئەوانەی شێخ عومەر خۆیی بە خاوەنیان زانیوە هەمووی هی پاشی گەیشتنە پایەی ( بەقای پاش فەنا )ن كە لە كتێبی تەصەووفەكەدا ئەوانەشم هەر باس‌كردووە .. جا كەسێكی وەكو شێخ عومەر ئەگەر بەخۆدا نەیەرمێ و ڕانەبینێ قەت

بەرامبەر بەو هەمووە مەلاچاکەو گەورە پیاوانەی ڕۆژگاری خۆی شتیوا نافەرمێ !

ئەو مورشیدە پایەبەرزە ئەڵێ : « نی‌یە بۆ ئەو نیشانە تا بناسرێ » ، واتە : خودا بێ‌وێنەیە ( لیس کمثله شیء ) ، بەلام « بە خۆی من دافیعی تەردیدم ئەمرۆ » ، واتە : ئەوەی بێتە لای من‌و ببێتە شاگردو موریدی خوداناسیی من تەردیدەکەی دەفع ئەکەم‌و ئەی‌گەیێنمە یەقین ... واتە : لە دڵەڕاوکەو دوودڵی‌یەوە ئەگاتە باوەڕی تەواوو خودای پێ ئەناسێنم .

هەروەها لە دێڕە شیعرێکی قەصیدەیێکیا ئەفەرمێ :—

**لە مەیخانەی حەقیقەت بوومە ساقی مەجلیسی ڕەندان**

**لە حەڵقەی دائیرەی عوششاق کە بەس جێگەم موعەللایە**

بەڵی شێخ عومەر هەر ئەو ساقی‌یەتە کە مەولەوی‌و هەزاران عاشقی پەرسووتاوی‌تریش دەربەدەر بەشوێنیا ئەگەڕێن‌و خۆی فیدا ئەکەن .

مەولەوی پارچە شیعرێکی پڕ لە وردەکاری‌و هونەری شیعری نووسیوەتە خزمەتی شێخ عومەریش ، کە لەوێشا پیشانی ئەدات دڵ‌و گیانی لای شێخ عومەر ضیائەددینە وە جگە ئەویش کەس بیری لای مەولەوی نی‌یە ، کە لام‌وایە جوانکاری‌یەکانی ئەو قەصیدەیە ئەشکێتەوە بەسەری صۆفی‌یەتیی شیعرەکاندا . لە سەرەتادا ئەڵێ :—

**جە من تا دووری ئەو صەد فرسەنگ بۆ**

**ئەو بۆ یازی بوو زوانم لەنگ بۆ**

**بەلام چێش کەروو بەلام هەم‌ڕازەن**

**فەڵەک کەڵەکچین چنیم کەج بازەن**

**کاردی مەینەتش ئیستیخوان کاوان**

**( ضیا )ی دەیدەو دڵ مەگیرەم تاوان ... تاد**

واتـــه :ـ

**لە من تا دووریت ئەر صەد فرسەنگ بێ**
**گـــەر بێو ڕازی بم زەمـــانم لەنگ بێ**
**بەلام چی بکەم بەلام هاوڕازە**
**فەلەك کەلەك چن ، فەلەك کەچبازە**
**چەقۆی مەینـــەتی ئێسکمی شـکان**
**( ضـــیا )ی دیدەو دڵ لێم مەگرە تاوان**

لـــە پاشـــان ئەڵێ :ـ

**غەیری تـــۆ ، نازیز ! لـــەم زەمانەدا**
**کێ گوزەر بکا بەم ویرانەدا ؟!     تـــاد ...**

بەم جۆرە مەولەویی وەفادار : مەولەویی خۆبەکەمزان ، مەولەویی صـــۆفی ، مەولەویی زانـــا ، مەولەویی فارسیو سـۆرانیو هەورامیو عەرەبیزان ، مەولـــەویی دانشمەندو مەلاچاك ، مەولـــەویی شەیدای سروشت ، مەولەویی شاعیرو مەجلیس ئارا ، مەولـــەویی ناکامو هەژارو کەمبەش لە پارەو سەرمایەی دنیایی ، مەولەویی کامڕەواو دەولەمەند لە زانیاریو ئەدەبو ئێسك سووکیو خۆشەویستیدا .. ماوەی چـەن سالێك ، وەکو پەروانەیێکی شەیدای ڕووناکی ، لە هەرکوێ بزوسـکەی ئاگرێكو تروســـکەی چرایێـــكو ڕووناکییەکی مەعنـــەوییاتی ئەدی هەڵیئەکوتایە سەریو ، تا پەلوپۆی نەسووتایێ دەسبەردار نەئەبوو ، وەکو هەنگ لە هەرکوێ گوڵێ ، جوانیێ ، ســـەوزەو ئاوێ ، هاڕەی بەفراوێ ، شنەی شەماڵێ بهاتایێ پەلاماری بۆ ئەبردو ، تا بۆی ئەکرا بە زمانی شیعر هەستی خۆی دەرئەبڕی .. بەهرەی لەو جوانیو تامو مەزەیە ئەبرد .. بەلام ئایا گەردشی چەپگەردو خولی گەردوون قەت گوێی لەم

ئاواتو خوزگەو ئۆفو ئاخە .. لەم شینە یان لەو شادی‌یانە هەیە ؟!!
ئەوەتا تەرمەکەی مەولەویشی دایەبەر بۆ گۆڕستانی ( سەرشاتە )و گۆڕی‌کرد .. بەلام گەورە پیاوێکی وەکو مەولەوی قەت نامرێ .. ئەوەی خزمەتی بە زانیاری‌و بە زمانی خۆی کرد ، ئەوەی شەیدای جوانی‌و چاکی‌و پاکی بو ، بەڵێ تەرمەکەی لە دڵی خاکایە ، بەلام یادی لە دڵی خەڵکایە ، لە دڵی خوێنەوارانو هونەرمەندانو دڵپاکاندایە .. ئەوەتا ئەمڕۆش پاش صەدو هەشت ساڵ لە مردنی‌و لەپاش بەخاکبوونی ئەو لەشە لاوازەی ، ئەوەتا جارێکی‌تریش مەولەوی لە ناوماندایەو ، ئەدرەوشێتەوەو ، تیشك ئەداتەوەو ، دڵی دڵداران ئەهەژێنێ‌و خوێنەواران پاڵ پێوە ئەنێت‌و دڵگەرمیان ئەکات بۆ ئەوەی گەورە پیاوانیان لەبیرنەچنەوەو ... ئەڵێ : ئەی خوێنەواری کورد ! گەلی تۆیش خوێنەواری زۆر بوون ، گەورە پیاوی زۆر بوون ، ئەوە گوناە نی‌یە ئەگەر بەم زمانەی ئەمڕۆ نەیان‌نووسیبێ ، چونکە لەو ڕۆژانەدا ئەوان بوون نووسین بەم زمانە باو نەبووە .. بەلام هونەر ئەوەتە ڕۆڵە کوردێك بتوانێ شیعری عەرەبی‌و فارسی جۆرێ بلێ‌و بنووسێ لە خاوەن‌زمان چاکتر ، بەڵکو لەوانیش ، ئەوەی دانشمەند نەبێ ، بۆی ساخ‌نەکرێتەوە !.

ئەوەش بزانین ئەو زمانی هەورامی‌یەش کە مەولەوی لەم پایەی بەرزەدا شیعری پێ‌گوتووە زمانی زکماکی نەبووە کەچی ئەوەتا هەورامی‌یە زاناکانیش لەگەڵ ئەوەشا کە خوێنەوارو شاعیرن بە ستەم بۆیان ساغ ئەکرێتەوە !!.

ڕەوانت شاد ئەی هەڵۆی بەرزەفڕی ئاسمانی ئەدەب ! ئەی پەروانەی پەڕسووتاوی صوفی‌گەری‌و عیشقی خوایی ! ئەی هەنگ ! ئەی پەپوولەی شەیدای سروشت ! ئەی زاناو دانای گەورە ! ئەی ( مەولەوی ) !

**پەراوێزەکان :**

(١) لە کاتی بەستنی ئەم کۆڕەدا ئەم ( شـــــەرحی عەقیــــدەی مەرضی‌یە )یە تازە خەریك‌بوو ئەکەوتە نامەخانەکانەوە .

(٢) شەئنی : واتە : فیعلێ لە کردەوەی خۆی وەك ئیرشاد ، تەعلیم . ذاتی‌یش واتە : فیعلێ هیی خۆی بێ وەك زانین ، توانین .

(٣) ئەطواری هەفتە : لەسەر باوەڕی فریدالدینی عەطار ئەمانەن : وادی الطلب ، وادی العشق ، وادی المعرفە ، وادی الاستغفار ، وادی التوحید ، وادی الحیرە ، وادی الفقر والغنی .

جەلالەددینی ڕۆمی لەمبارەوە ئەڵێ :

**هفت شهر عشق‌را عطار گشـــت**

**ما هنوز اندر خم یك کوچه‌ایم**

لەسەر باوەڕی نەقشبەندی‌یەکانیش ئەبنە دە مەقام کە ئەمانەن : تەوبە ، ئینابە ، زوهد ، قەناعەت ، وەرع ، صەبر ، شوکر ، تەوەککول ، تەسلیم ، ڕەضا . یان ئەڵێین : لە ڕێبازی نەقشبەندیدا بیست دائیرە یـان بیست قۆناغی پێشکەوتن لـە سواووکـــەدا هەیە . بە دائیرەی ئیمکان دەس پێ ئەکات و ، بە لاتەعیین دوایی دێت : ئیمکان ، ویلایەتی صوغرا ، کوبرا ، عولیا ، کەمالاتی نوبووەت .

(٤) چوار ڕەگەزە سروشتی‌یەکە ــ العناصر الطبیعیە الاربعە .

(٥) ئەمە فەنای قەلبە کە مەقامێکی زۆر گەورەیە .

# مەولەوی و عەقیدەکانی

فاتح عبدالکریم

دانیشتووە بەڕێزەکان !

لەسەر مەولەوی نووسین و قسەلێ‌کردنی بەشێوەیێکی شـایانی وەها « کالاّ لەقەد بالاّ بێ » شتێکی ئاسان نی‌یەو گەلێ مەرجی ئەوێ کـە بەتەواوی لە ئێمەدا نی‌یە .

من بەش‌بەحالی خۆم بەڕاسـتی ئەیلێم هی ئـەم مەیدانە نیم . ئەگەرچی دلنیام لە دوارۆژا ، دوور بێ یا نزیك ، بەرەیێك لە نەتەوەکەمان دێتە ڕووی کار کە هەقی حەقداران ئەدات‌و جێگای شایانی گەورە پیاوانی نەتەوەکەی دیاری ئەکات‌و ، هەر یەك بەقەد ئەوەندەی هەلبگرێ‌و بەپێی ئەو ڕۆژو چەرخەی گەورەکەی تیـا ژیاوەو بەقـەد ئەوەندەی خزمەتی نەتەوەکەی‌و مرۆڤایەتی کردووە ئەنرخێنێ‌و هیچی لێ ناشکێنێ .

ئا ئەم هەولانەیش کـە لـەم سـەردەمەدا ئەدرێن‌و ئەم کـۆڕو یادکردنەوانە کە ناوەناوە لێرەو لەوێ بەرپا ئەکرێن بە بەراورد لەگـەل سەرەتای ئەم سەدەیەدا بەلگەی ئەوەن کە لە دراڕۆژا قسـەکەم دێتەدێ ، دیارە ئەمانەی ئێستایش کارێکن لە مێژوودا جێگای خۆیان ئەکـەنەوەو پێویستە ڕێزیان لێ بگرین‌و بە کاری بێ‌سوودیان نەدەینە قەلەم .

مەولەوی گەورە شاعیرێکی هەلکەوتوو و خاوەنی زمانێکی کوردیی ئێجگار پاراو بووە ، لە قەصیدەکانیا بە سروشتیا هەلدەاوە ، بە بالاّی

گەرمیان‌و کوێستانیا خوێندووە ، لـــە شیعرەکانیا وێنەی بزووتووی لووتکەو شاخ‌و شەتاوو سەراوو گوڵ‌و گوڵزاری گرتووە .. هێزی تافی جوانی‌و بێ‌هێزیی پیری‌و تاڵی‌و دژواریی دووریی لە دۆست‌و برادەر براو‌و شیرینی‌و خۆشیی بەیەك گەیشتنیانی لە جوانترین تابلۆی شـــیعری‌دا نەخشاندووە .

تێکڕایش پیاوێکی گۆشەگیرو دوور لـــە خەڵك نەبووەو لـــەناو کۆمەڵەکەیا ژیاوەو ئاگاداری حەق‌و ناحەقی بووەو ، ئەم ئاگاداری‌یەیشی لە هەندێ لە شیعرەکانیا ڕەنگی داوەتەوە .

مەولەوی زانایێکی ئایینی هەڵکەوتوو بووەو خوێنـــدەوارێکی زۆر زیرەك‌و بەدەستەڵات بووە .

سەرەڕای ئەمانە هەمـــوو مەولەوی صـــۆفی بووەو ڕێبـــازی نەقشبەندی گرتووەتەبەر ، کە بێ گومان سەرەتای ڕێبازەکە لە کوردستانا زۆر بەتین بووەو ئەوانەی ڕێ‌یان‌لێ‌کەوتووە چاك لەگەڵیا تێهەڵچوون ، ئەویش موریدی خوالێ‌خۆشبوو شێخ عوثمان سیراجەددین بووە کـــە یەکێك بووە لە خەلیفە هەرە پێشووەکانی مەولانا خالیدی شارەزووری کە ڕێبازی نەقشی هێنایە کوردستان .

مەولانا لـــە ١١٩٣ ـــ ١٢٤٢ ، سیراجەددین لـــە ١١٩٥ ـــ ١٢٨٣ ، مەولەوی لە ١٢٢١ ـــ ١٣٠٠ی کۆچی‌دا ژیاوە .

جا مەولەوی‌یەکی ئاوا گەورەو باڵادەست ئەبێ ئێمە چۆن بتـــوانین هەقی بدەینێ‌و لەسەری بنووســـین ؟ توانای کەم‌وکووڕی ئێمەو باسی فرەلقی ئەم شاعیرە زانا صۆفی‌یە کەی لە کێشی یەك‌دان ؟!

لە مەولەوی دوان بە شێوەیێکی تەواو پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە لە لایەنی ئەدەب‌و زانایی‌و ڕۆشـــنبیری‌و صـــۆفی‌یەتی ئەوو ژیانی ئەو دەوروبەرەی تیایا ژیاوەو چەشنی ئەدەبی باوی سەردەم .

لێدوانێکی کەم لـــە شیعرو دیوانەکەی یا باسی تەصەوو فەکەی‌و پێوەندیی لەگەڵ بنەماڵـــە نەقشی‌یەکانی هەورامانا ، یـــا لـــە فەلسەفەو بیروباوەڕی وەك زانایێکی ئایینی ، کار مەیسەر ناکات .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەم لە هیچ چاکترەو تۆزقاڵێ ڕووناکی لـــە تاریکی‌یەکی سمەسا بڕاو باشترەو ئەم ڕەنجەی کە بەرەی ئەمڕۆ ئەیـــدا ڕووناکی‌یەکە بۆ کاری لەمە چاکتری ئەم بابەتەی بەرە داهاتووەکان .

من کە بەڕێز مامۆستا نەریمان لە دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کـــوردی‌یەوە تەلەفوونی بۆ کردم بۆ ئەوەی شتێ لەســـەر عەقیـــدە مەرضی‌یەکەی مەولەوی بنووسم بۆ ئەم کۆڕە پیرۆزە ، لەگەڵ ئەوەشدا وەك وتم پیاوی ئەم مەیدانە نیم ، نەمتوانی داواکـــەی بدەمە دواوە ، بەتایبەتی وا بۆ نزیکەی چوار ساڵ ئەچێ سەروەمڕ خەریکی ئامادەکردنی شەرحەکەی ئەم عەقیدەیەم کە باوکم لێی کردووەو دوو ساڵیشە لەگەڵ حەمەی براما خەریکی چاپینی‌و ، گیان گەیشتە کونەلووتمان تا لە (٢٠)ی مانگی پێشوودا تەواومان کرد .

بەڵێ من داوای ئەوەیان لێ‌کردم شتێ دەربارەی مەولەوی‌و عەقیدە مەرضی‌یەکەی بنووسم ، بەڵام من بەهۆی ئەو ئاشنایەتی‌یەی لەم ماوەدا لەگەڵ عەقیدەکەو دەوروپشـــتیا پەیدام کردبوو وام بە باش زانی وتارە کەم‌و کوورەکەم دەربارەی مەولەوی‌و عەقیدەکانی بێ ، واتە : عەقیـــدە مەرضی‌یە کوردی‌یەکـــەی‌و ( فضیلە ) عەرەبی‌یەکـــەی‌و ( فـــوایح )ە فارسی‌یەکەی ، چونکە وەك لەمەوپاش عەرزتان ئەکـــەم پێوەندی‌یەکی ئێجگار زۆر لەنێوان ئەم سێ کتێبەیدا هەیەو بێ یەك نایانکرێ‌و ناوەڕۆکی هەموویان عەقیدەی ئیسلام‌و زانیاریی کەلامە .

جا با بێمه سەر باسی عەقیدە مەرضی‌یەکەی ، زمانی ، بابەتی ، ژمارەی بەیتەکانی ، هۆی دانانی ، سالی دەس پێ کردن و سالی لێبوونەوەی و ناونانی :

وەك ئەزانن کتێبەکە بە زمانی کوردیی سۆرانی‌یەو شێوەی تایبەتیی ناوچەی تاوگۆزیی گرتووەتە خۆی و شێوەی باوی ئەو سەردەمەی سلێمانیش کاری تێ کردووە . بابەتەکەی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام و زانیاریی کەلامە ، لەگەڵ هەندێ لە بیروباوەڕی حوکەماو ڕەددوبەدەڵی ڕاوبۆچوونی هەندێ لە فیرقەکانی ئیسلام وەك موعتەزیلەو جەبری‌یە ، ئەمانە هەموو بێجگە لە بیروباوەڕی تەصەووف بەتایبەتی لە بەشی ئیمان بە قەضاو قەدەرو باسی ئەوە کە ( ئینسان ) کردەوەکانی خۆی دروست ئەکا یا خودا . جاروباریش بە نیهانی هیمایێك بۆ بیری ( وحدة الوجود ) ئەکات .

سالی ( ١٢٨٠ )ی کۆچی دەستی بە دانانی کردووە ، سالی ( ١٢٨١ ) لێبووەتەوە .

وەك لە سەرەتاکانی کتێبەکەیەوە دەرئەکەوێ مەولەوی لەسەر تەشجیع کردنی خوالێخۆشبوو شێخ عەبدوڕڕەحمانی کوڕی خوالێخۆشبوو شێخ عوثمان سیراجەددین ئەم کتێبەی داناوە . ئەبولوەفا هەم پیرزادەو هەم شاعیرو دۆستو هاومەشرەبی مەولەوی بووە . ئەوەتە مەولەوی خۆی لە باسی ئیمانی ئیستیدلالیدا دەڵێت :

**ڕوتبەی ئیستیدلال وەختێ هاتە بەین**
**با وەقەد طاقەت نەقڵێکی بکەین**
**لە ئەنفاسی پاك ئەئیمەی ئەعلام**
**لە گرۆی ئەشرەف طائیفەی کەلام**

گوڵچنم جارێ جارێ ، خۆشەیێ
برسیم لـە هەرلا تیرم تۆشـەیێ
موورێکم سـاکین صەیقەت خانەیێ
دەکێشم لـە هەر خەرمەن دانەیێ
لـە دووی ئەنفاسم ( ولا سیما )
ئەنفاسی ئەنفوس قودسیی ئەولیـا
لە پاشـا دەفەرموێ :ـ
خەڵقم زەحمەت دا ، بووگم بێئەدەب
با بەس بێ ، چاکە بێمە سـەر مەطلەب
هیممەتی ئەبولوەفا وەفـای کرد
ئەم خدمەتییە بە من جێ ئاورد
وەرنە منو عیلم بەم گرانییە ؟!
فەهمی بێچارە بەم نەزانییە ؟!
خاطر لە تەعیین مەبدەء فەرامۆش
لە صەدای تەشخیص خاتیمە بێگۆش
عەصری قوولەقوول خەم لـە گەردەلوول
دڵ دوور لە مەدلوول ، مەحەبەت عەجوول
وتی : بۆ تەعیین پەکت ناکەوێ
( فیض رحمان بوی و مبدا دوی )
تەعیینی مەبدەء بە گوێتەدا چوو
خاتیمەیچ بزان وەختێ ( فارغ ) بوو
دڵ لـەم موژدەیە عیجزی چوو لەبیر
لـە مەقصوودەدا هاتەوە تەقریر .

ئەبولوەفای پیرزادەی هێزی داوەتەبەرو موژدەی پێداوە کە ئیستە دەس پێ بکەو خوا مەیلی لەسەر بێ بە ساڵێ تەواوی ئەکەیت : حەرفەکانی ( فیض رحمان بوی و مبدأ دوی ) بە نووسینی کۆنو حیسابی ئەبجەد دەکەنە ( ١٢٨٠ )ی کۆچی کە مەولەوی دەستی بە دانانی کتێبەکەی کردووە . هەروەها حەرفەکانی ( فارغ )یش دەکەنە ( ١٢٨١ )ی کۆچی کە لە دانانی کتێبەکەی بووەتەوە .

ژمارەی بەیتەکانی ئەم عەقیدەیەیش ، بەو جۆرە کە لە پەراوێزی شەرحەکەیا بەدرێژی باسم کردووە ، ( ٢٤٤١ ) بەیتەو ئەمەیش لە دوابەیتی عەقیدەکە خۆیدا دەرئەکەوێ کە ئەڵێت :

**نزاع برپاوە دەگەڵ خاصو عام**

**( صح العقیده وتم الکلام )**

حەرفەکانی ئەم بەیتە بێجگە ( دگل ) دەکەنە ( ٢٤٤١ ) . برای بەڕێز بابەعلیی کوڕی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ عومەری قەرەداخی لە کتێبەکەیدا کە ناوی « هەڵبژاردەیەك لە ( عەقیدە مەرضی یە )ی مەولەوی »یە ئەڵێت : تەنها ( صح العقیده وتم الکلام ) مێژووی لێبوونەوەیە لە دانانی کتێبەکە ، واتە : حەرفەکانی (صح العقیده .. الخ) بە حیسابی ئەبجەد ( ١٢٨١ )ن .

ئەی کتێبەکە چۆن ناونرا : ( عەقیدەی مەرضی یە ) ؟ مەولەوی کە لە کتێبەکەی بووتەوە ناوێکی تایبەتی لێ نەناوە ، تەنانەت لە پایانی نوسخە دەستنووسەکەی خۆیا تەنها ئەمەی نووسیوە : ( تمت بحمد الله بخط ناظمها المعدوم عبدالرحیم الحسینی عفا الله عنه وعن جمیع المؤمنین ) .

لە پایانی ئەو نوسخە دەستنووسەیش کە ساڵی ( ١٢٨١ )ی کۆچی بۆ خواڵیخۆشبوو ئەبولوەفا نووسراوەتەوەو ئێمە لە کارەکەمانا زۆر پشتمان پێ بەستووە تەنها ( عەقیدەی مەولەوی ) نووسراوە .

بەلام پاش ئەو پایانە مەولەوی بە خەتی خۆی لـە پەراوێزا ( ٨ ) بەیتی عەرەبی دەربارەی ناونانەکەی نووسیوە ، یەکەم بەیتی ئەمەیە :

**( رسـالة جامعة المسـائل**

**يحبها قلـب ذوى الفضـائل )**

لە بەیتی شەشەمیشدا ئەڵێ :

**( سـمیتها عقيدة مرضية**

**لـدى جناب سيد البرية )**

بەکورتی مەولەوی ئەفەرموێ :

کە کتێبەکەم دانا حەزرەتی پیرم شێخ عوثمان سیراجەددین خەبەری پێدام کە بە خەوبینین یا بە کەشف بە خزمەتی پێغەمبەر گەیشتووەو ئەم کتێبەی پێش‌کەش کردووەو ، ئەویش فەرموویەتی :ـ

ئەم نامەیە بۆ ئێمە نێرراوەو ئێمە لێی ڕازین . کە ئەمەم لە شێخ بیســت ناوم‌نا ( عەقیدەی مەرضی‌یە ) واتە : عەقیــدەیێکە حەزرەتی پێغەمبەر لێی ڕازی‌یە .

ئەم کەشفەو ئەم جۆرە بینینە لەلایەن مورشیدەوە صۆفی‌یەکان بـە شتێکی عەجایەبی نازانن . . مەولەوی لە عەقیدەکانیاو لە دیوانەکەیشیدا جارجار وا نوقمی دەریای تەصەووف ئەبێ بەتەواوی خۆیی خۆی لـە دەست دەرئەچێ .

شایانی باسە لە ساڵی تەواوبوونی ئەم کتێبەدا شێخی سیراجەددین بەسەر زیندوو بووەو ، جەنابی باوکم لە بەرگی دووی ( یادی مەردان )دا ئەڵێ : شێخ لە ساڵانی دوایی ژیانیا ئیفلیـج بووەو هەر بەو نەخۆشی‌یە ساڵی ( ١٢٨٣ )ی هیجری کۆچی دوایی کردووە .

وا تێکرا سیراجەددینی باوکو ئەبولوەفای کوڕ هەریەك بەجۆرێ ،
وەك مەولەوی خۆی ئەفەرموێ ، بەشیان لە کتێبەکەدا هەبووە ، یەکێ بە
تەشجیعو یەکێ بە نرخ بۆدانان کە بووەتە هۆی ناونانەکەی .

بێ‌گومان هەردوو حاڵەکە : هاندان بۆ دانانو بەخزمەت پێغەمبەر
گەیاندنی دانراوو ناولێنانی وەها جوان بۆ صۆفی‌یەکی دڵ زیندووی قاڵی
عیشـــقی گیـــانی‌ی وەك مەولەوی‌ی ( مەعدووم )ی ( نە موختـــارێ )
( نە لاموختار ) ، نە پیری لە مەیدانا ئەهێڵێو نە ناتوانایی ، مەولـــەوی
خۆی ئەڵێت :

« دڵ لەم موژدەیە عیجزی چوو لە بیر
لـــە مەقصوودەدا هاتەوە تەقریر »

ئەمە سەبارەت بە عەقیدە مەرضی‌یەکە .

( فەضیلە ) عەرەبی‌یەکەیشی بریتیە لـــە ( ۲۰۳۱ ) بەیت ، وەك
مەولەوی لە دوادوایی‌یەکەیدا ئەفەرموێ :

أشـــعارها جاءت طباق ( الفرض )
اشـــعاره شاف لکل المرض

حەرفەکانی ( الفرض ) بە حیسابی ئەبجەد ( ۲۰۳۱ )ن . هەر لەپێش
ئەمەیشدا مێژووی تەواوبوونەکەی نووسیوەو ئەفەرموێ :ـ

قلـــت لمن تاریخ ذاك اما
فی ( عرفه ) مع ( دمع ) عین تما

( عرفە ) ئەگەر نوقطەیێك کە وەك دڵۆپی فرمیسکی چاوە بچێتـــە
سەر عەینەکەی دەبێتە ( غرفە ) ئەمیش بە حیسابی ئەبجەد ( ۱۲۸۵ )ە ،
واتە : پاش وەفاتی سراج‌الدین بە دوو ساڵ .

له باسی هۆی دانانی ئەم ( نضیله )یەشدا له سەرەتادا وەصفێکی جوانی بەهائەددینی پیرزادەی ئەکاتو بە جێنشینی بەرێزی سیراجەددینی دائەنێتو ، ئەڵێت :

بەهائەددین داوای لێ کردم ئەم کتێبه شیعره بهۆنمەوه . ئەمیش داوای لێبووردنی لێ ئەکاتو به جوانترین شێوه باسی بێهێزیی خۆی ئەکات ، بەلام بەهائەددین هەر قەناعەت ناکات تا دوایی ناچاری ئەکات دەست بداتەبەرو کتێبەکە دابنێ ، ئەوەته ئەڵێ :

**وصــــية المستخلف المجـد**
**شيخ الهــدى نور الورى محمد**
**امرنى بنظمهـــا وحالى**
**تعللــت عن حسن الامتثال**

ئینجا له کۆمەڵه بەیتێکا زۆر بەجوانی باسی وەزعی نالەباری خۆی ئەکات تا دوایی ئەڵێت :ـ

**ابى ســوى الدرر ، فالتزمتها**
**جمعتها ، رتبتها ، نظمتها**
**لعقد جيد العرب الاتراب**
**ابكار افكار اولى الالباب**

ئەم داواکردنەی بەهائەددینەیش لەسەر داواکردنی سیراجەددین بووه پێش وەفاتی ، ئەوەتا مەولەوی خۆی ، که خەریکه له کتێبەکه بێتەوه ، ئەڵێت :ـ

**بنظمنا لهــذه العقائد**
**نشرا لما فيها من الفوائد**
**فزت بهــذا الكرم النبيل**
**بالتفات حضرة النبى لى**

**اذ شيخنا قطب الزمان امرا ،**

**مطابقا لامر سيد الورى**

هەر لە پەراوێزی ( قطب الزمان )دا مەولەوی خۆی مەعنای لێداوەتەوە کە مەبەس لەم قوطبی زەمانە خوالێخۆشبوو شێخی سیراجەددینە .

وەك پێش کەمێ وتم مەولەوی ئەم فەضیلەیەی لە ( ١٢٨٥ )ی کۆچیدا تەواوکردووە ، واتە پاش وەفاتی سیراجەددین بە دوو ساڵ ، خۆیشی ئەڵێ کە سیراجەددینی پیری ئەمری پێ کردووە ئەم عەقیدەیە دابنێ و بەهائەددینیش هەر لەسەر ئەو بنەڕەتە داوای لێ کردووە دایبنێ !.

بۆ ڕۆشن کردنەوەی شتەکە ، بەجۆرێ لەگەڵ باری صۆفی یەتی یەکەی مەولەوی دا بگونجێ ، باوکم لە لاپەڕە ( ٨١٣ )ی وەسیلەکەیدا کە شەرحی ئەم فەضیلەیەیە نووسیویە : ڕوون کردنەوەی ئەم شتە بەمجۆرەیە :

خوالێخۆشبوو مەولەوی پێش دانانی ئەم فەضیلەیە واتە : ساڵی ( ١٢٨١ ) عەقیدە کوردی یەکەی تەواو کردووەو ئەوکاتە سیراجەددین لە حەیاتا بووە ، مەولەوی کتێبەکەی داوەتێ و تکای لێ کردووە بە کەشف پێشکەشی حەزرەتی پێغەمبەری بکات ( د.خ ) . ئەویش ، واتە سیراجەددین ، بێ دڵی نەکردووەو بە کەشف کتێبەکەی پێشکەشی مەقامی پێغەمبەر کردوەو ، ئەویش ( د.خ ) ڕازی بووە لە عەقیدە کوردی یەکەو ، ئەمری فەرمووە کە بە عەرەبیش شتێوا دابنێ ، چونکە بۆ خەڵك بەسوودە . دیارە شێخی بەهائەددینیش ئاگای لەم کەین و بەینە بووەو پاش وەفاتی باوکی شتەکەی تازە کردووەتەوەو داوای لە مەولەوی کردووە ئەمرەکە بەجێ بێنێ ، ئەوەبوو ئەویش فەضیلەکەی دانا .

لێرەدا تەرجەمەی قسەکەی باوکم تەواوبوو .

من ئەڵێم : مەولەوی بەوەشەوە نەوستاوە ، بەڵکو ساڵی ( ١٢٨٦ ) کتێبێکی هەر لەم بابەتەیشی بە فارسی داناوە کە ناوی ( فوایح )ە .

دانیشتووە بەڕێزەکان !

مەولەوی‌و سیراجەددین پیرو مورید بوون ، زیاد لەوەیش مەولەوی پێوەندیی دڵسۆزی لەگەڵ هەر چوار کوڕەکەیا هەبووە بەتایبەتی لەگەڵ بەهائەددینا کە پاش مردنی باوکی بێجگە دۆستایەتی پێوەندیی صۆفی‌یەتیشی لەگەڵیا هەبووە . ئەبولوەفایش دۆست‌و ئەدیب‌و هاومەشرەبی بووە .

سەیری لاپەڕە ( ٥٨١ )ی عەقیدە مەرضی‌یەکە بکەن کە دەربارەیان چی‌ئەڵێ ؟

**هو الشیخ ، هم ولده الابرار**

**هو الشیخ ، هم نجله الاحرار**

**سەرکردەی ئەصحاب باوەفاو صەفا**

**یەکێ ( بوالبها ) ، یەکێ ( بوالوفا )**

**دەشێ چی بڵێ لە وەصفیان کەس**

**موحەممەدی خولق ، ڕەحمانی نەفەس**

**یەکێ ئایینەی فاڕووقیی عومەر**

**یەکێ حەقیقەت ئەحمەدی سی‌یەر**

مەبەسی لە ( ابو البها ) شێخی بەهائەددینەو ، لە ( ابو الوفا ) حاجی شێخ عەبدوڕڕەحمانەو ، ئایینەی فاڕووقیی عومەر شێخی ضیائەددینەو ، مەبەسی لە ( ئەحمەدی سی‌یەر ) شێخ ئەحمەدە .

ئا لەوکاتەدا کە ئەم مەدحەی کردوون ، واتە ساڵی ( ١٢٨٠ — ١٢٨١ )ی کۆچی مەولەوی عومری ( ٦٠ ) ساڵ بووە . بەهائەددین عومری

( ٢٩ ) بووه ، ئەبولوەفا عومری ( ٢٨ ) بووه ، ضیائەددین تەمەنی ( ٢٦ ) بووه . شێخ ئەحمەد کە لە هەموویان بچووکتر بووه لە تەمەنی ( ١٥ ) ساڵیدا بووه . کەچی مەولەوی بە بێ‌گوێدانە تەمەن بەوجۆرە مەدحیان دەکات کە بیستتان . خۆ لە ( فەضیلە )کەدا مەدحێکی ئێجگار جوانو پڕ مەعنای بەهائەددینی کردووه . بڕوانە لاپەڕە ( ٢٨ ــ ٢٩ )ی « الوسیلە في شرح الفضیلە » .

کەواتە بۆ مەولەوی شتێکی سەیر نی‌یە کە ( عەقیدە مەرضی‌یە )کەی بۆ ئەبولوەفاو ( فەضیلە )کەیشی بۆ بەهائەددین داناوه .

( فەوائیح )ەکەی ، کە ئەویش هەر لە بابەتی عەقیدەی ئیسلامی‌یە ، ساڵی ( ١٢٨٦ )ی کۆچی دایناوه وەك خۆی دەفەرموێ :

**شم التاریخ اذ یبدی تمامە**

**عزیز طیبــــە مسك ختامە**

حەرفەکانی نیوەی دووەمی ئەم بەیتە بە حیسابی ئەبجەد ( ١٢٨٦ )ە کە ساڵی تەواوکردنیەتی .

بۆ ژمارەی بەیتەکانیو ناوەکەشی ئەفەرموێ :ــ

**حساب از ( دستە گلها ) بود مفهوم**

**بنام وی ( فوایح ) گشــت معلوم**

حەرفەکانی ( دســــتە گلها ) بە حیسابی ئەبجەد ( ٥٢٦ )ن کــە ژمارەی بەیتەکانیەتی . کە ژمارەی شیعرەکانی لە چەند دەستە گوڵێکدا بێ ئەوا ناوەکەیش ئەبێ ( فوایح ) بێ کە بێنو بەرامەی خۆشە .

لە یەك دوو شوێنی ئەم فەوایحەدا ناوی ئەحمــەد هاتووه ، بەڵام هیچیان بۆ ئەوە ناشێ بکرێتە بەڵگە لەسەرئەوەی کە مەولەوی کتێبەکەی بۆ شێخ ئەحمەد داناێ .. من بەش‌بەحاڵی خــۆم شتێکم دەســـت

نەکەوتووە ئەمە بگەیێنێ .. بەلام ئیهتیمامی شێخ ئەحمەد بەم کتێبەو پەراوێز لێ کردنی‌و مەعنای قوول لێدانەوەی شیعرەکانی ، کە لە وردی‌و تەصەوفدا تەکی بە مەولەوی هەلچنیوە ، بە بێ ژێرکاسەی نازانم ... ئەگەرچی لە سالی ( ١٢٨٦ )دا کە ئەم کتێبەی داناوە شێخ ئەحمەد ( ٢٠ ) سالان بووە .

هەرچۆن بێ من بە دووری نازانم پێوەندی‌یەکی تایبەتی لە بەینی ئەم کتێبەو شێخ ئەحمەددا هەبێ .

هەرچۆن بێ ئەم ( عەقیدە مەرضی‌یە ) کوردی‌یە سەرچاوەو کلیلی دوو کتێبەکەی تریەتی چ لەلایەن ناوەڕۆکو چ لەلایەن هۆی دانانەوە .

هەروەها مەولەوی هەروەك غەزەلەکانی کوردین لە عەقیدەکانیشیا کوردی‌یەکەی پێش کەوتووە ، دوآیی دەستی داوەتە عەرەبی‌و فارسی‌یەکە .

مەولەوی لە هەندێ شوێنا لە شیعری ( عەقیدە مەرضی‌یە )کەی هێناوە ، کوردی یا عەرەبی ، لەگەل کەمێ دەسکاریی کێشی‌دا لە ( فضیلە )کەیا بەکاری هێناوە . بۆنموونە :

لە ( عەقیدە مەرضی‌یە )کەیا لە باسی خەلیفەی سێهەم حەزرەتی عوثماندا ( ر.خ ) ئەلێ :ـ

**كان للقا النبی خمیصا**
**لذا ما خلع ذاك القمیصا**
**حتی لقی النبی سعیدا**
**ذا مرتبة اسنی شهیدا**

لە ( فەضیلە ) کەیشیدا ئەلی :ـ

**كان لرؤیة النبی خمیصا**
**لاجل ذا ما خلع القمیصا**
**حتی اذا لقیه سعیدا**
**ذا رتبة عالیة شهیدا**

له باسی خەلیفەی چوارەم ئیمامی عەلی‌دا ( ر.خ ) له ( عەقیــدە مەرضی‌یە )کەیا ئەڵێ :ــ

**بابی مەدینەی عولوومی هودا**

**قالیعی بابی خەیبەری عیدا**

له ( فەضیلە )کەیشیا ئەڵێ :

**باب مدینة العلـــوم والهدی**

**وقالع لباب خیبر العدی**

بەڕاستی وشە کوردی یا عەرەبی هەویریش بێ ئەوەندە ئاسان نایە بەدەستەوە کە بە دەستی مەولەوی‌یەوە دێت‌و یاریی پێ ئەکات !

دانیشتووە بەڕێزەکان !

ئەوەی مەولـــەوی مەزن کردوویە ، واتــە : کتێـــب دانـانی بۆ خوالێ‌خۆشبووان شێخی بەهائەددین یا شێخ عەبدوڕڕەحمان شـتێکی کەس‌نەکردەو سەیر نی‌یە ، صەدان ساڵ پێش ئەوو تا سەردەمی ئەوو دوای ئەویش زۆر له کتێب دانەران کــە کتێبێکیان داناوە کردوویانەتە دیاریی دەرگای میرو وەزیرو پیرو له دیباچەی کتێبەکانیاندا بەشانازی‌یەوە نووسیویانەو نەك تەنها ئەوە بەڵکو حەفتا پشتی میرەکانیانیش کردووەتە گەورەو وەجاخ‌زادە !

مەولەوی صۆفی بە حەزی پیر یا پیرزادەکانی خۆی کتێبی داناوە کە پێوەندی‌یەکی گیانی لەگەڵیانا هەبووەو ، پێکەوەیش چەشی ئەدەبی‌یان هەبووەو پێکەوەیش مریدی باوکی ئەوان‌و مەولەوی مامۆســتای ئەمان بووەو هەموو لەو بۆتەدا قاڵ‌بوون .

ئیتر له جیهانی تەصەووفدا ئەوەیان زۆر گرنگ نی‌یە کە مەولەوی لەوان بەعومرتر بووە ..

خۆ ئەم وەك فیردەوسی نەکردووە ( شـــانامە ) بۆ پارە دابنێ‌و لەپاشانا لەسەر پارە ، ماڵی پارە کاول بێ . لەگەڵ شادا تێکچێ‌و توندی بەندیخانە بکرێ !

ئەم بەپێی بیروباوەڕی خۆی‌و بۆ هاومەشرەبی خـۆی ڕەنجی‌داوەو خۆیشی ون‌نەکردووە ..

کورە هی وا هەبووە لە کاری وەهایی‌دا بەڕادەیێ خۆی ون‌کردووە لە سەربازی نادیار نادیارتر بووە ، ئەوە نی‌یە جەلالەددینی ڕۆمی ئەمر ( کلیات )ێکی هەزاران شیعریی ، شیعری نایاب‌و بەکاکڵ‌و ئاودار ، بـۆ شەمسی تەبرێزیی پیری داناوەو ناوی ئەوی لەسەرە ؟!

پیرو مریدی وا نەبێ بۆچێ باشە ؟.

دانیشتووە بەرێزەکان !

مەولەوی بلیمەت لە ساڵانی ( ١٢٢١ ـــ ١٣٠٠ )ی کۆچی‌دا ژیاوە ، نزیکەی ٧٩ ـــ ٨٠ ساڵ تەمەنی کردووە .. لەوە ئەچێ هەر لە سەرەتای لاوی‌یەوە پێوەندیی لەگەڵ ڕێبازی نەقشبەندی‌دا پەیدا کردبێ ..

لە ماوەی ( ١٢٨٠ ـ ١٢٨٦ )دا ئەم سێ کتێبە نایابەی داناوە . بـە هەرسێکیانەوە ( ٤٩٩٨ ) بەیتن . ئەمانە بەرهەمی ( ٦ ) ساڵی بوون ، ئەگەر بڵێین هەمووی ساڵەکان خەریکی دانان‌و پاکنووس‌کردنەوە بووبێ ، کە ئەمەیش لە سواریی قەریحەو دەســـتەڵاتی باڵادەستی مەولەوی‌یەوە دوورەو ، من دڵنیام کە ئەم سێ کتێبە وەختێکی کەمیان بردووە .

بێجگە ئەمانە ئەوەی بۆ مەولەوی بمێنێتەوە دیوانەکەیەتی ، کـــە باوکم‌و حەمەی برام ـ ئەگەرچی ناوی حەمە لە کتێبەکـەدا نەهاتووە ـ ئامادەیان کردو ساڵی ١٩٦١ بەچاپیان گەیاند ، لەگەڵ هەندێ قەصیدە کە جاروبارو لەم‌لاو لەولا ئەدۆزرێنەوەو بە هی ئەو ئەدرێنە قەڵەم(١) .

تۆ بڵێی تەنها ئەمە بەرهەمی ( ٦٥ ) ساڵ عومری شاعیرێکی گەورەی وەك مەولەوی بێ ، کە ( ١٥ ) ساڵی تەمەنی منداڵی لە ( ٨٠ ) ساڵی عومری دەرکەین و بڵێین هەتا ئەوێ هیچی نەنووسیوە .

من بە دڵنیایی‌یەوە ئەیڵێم مەولەوی‌یەکی سووتاوی عیشق کــــە لە ماوەی ( ٦ ) ساڵا لــــە وەرزی پایزی عومری پیرۆزیا توانیبێتی ئــاوا بەئاسانی ئەم بەرهەمە نایابانە دابنێ ، هەرگیز ناچێتە عەقڵەوە بەرهەمی ( ٦٥ ) ساڵی‌تری هەر ئەوەبێ کە باسم کرد .

هەر خوا ئەزانێ چەند گەوهەری نایابی‌تری بووە کە بەردەڵ‌بەردو ئازوگوێزو کوێرەوەری‌و خانوو کتێبخانە سووتان‌و ژیانە دواکەوتوەکــەی وڵاتەکەی‌و نیشتمانە لە ئاوەدانی‌یەوە دوورەکەی‌ ، دوورنەکەوتنەوەی خۆی لە زێدو ماوای‌و بەر تیشك نەکەوتنی بوونەتە هۆی ون‌بوونیان ..

دیسـان هەر خوا ئەزانێ ئەگەر ئەویش وەك پایەبەرز مەولانا خالیدی بەناوبانگ بکەوتـایەتە شـــــوێنێکی ئـاوەدانەوە چی ئەبوو بەرهـەمی چـۆن ئەبوو ؟

هەرچۆن بێ مشـــــتێ نموونەی خەرواریکەو بمانەوێ‌و نەمانەوێ مەولەوی یەکێکە لــە شاعیرو زاناو هەرە هەڵکەوتووەکانی نەتەوەکەمان‌و لەسەرمانە شانازی پێوە بکەین .

تەنها یەك پرسیار هەیە لە مێشکما گینگڵ ئەخوات و زۆر جار بیری لێ ئەکەمەوەو ئەڵێم :ـ

مەولەوی کە هاوچەرخی ( نالی )و ( سالم )و ( مەحوی ) بووە ، لەگەڵ ئەو تەمەنەدا کە ژیاوە بۆ هیچ پێوەندی‌یەکی دیار نی‌یە لەگەڵیاندا ؟

خۆ ئەگەر بڵێین نالی‌و سالم صـــــۆفی مەشرەب نەبوون‌و ئەوی ( صۆفی )یش دانوولەی لەگەڵیاندا نەکـــــوڵاوە ، خۆ خوالێخـــــۆشبوو

( مەحوی ) شاعیرێکی باڵادەستو صۆفی‌یەکی تەواو بووەو ، پێوەندی‌یە گیانی‌یەکەیشیان بە یەك بنەماڵەوە بووە ، هەردووکیان سەر بە شێخی بەهائەددین بوون . ئەی بۆ هیــچ پێوەندی‌یەك تەنانەت هی دژایەتی لە ئارادا نی‌یە ؟

زۆر ئاشکرایە مەولەوی لە عەرەبی‌و فارسی‌دا لەمانە ســەرامەدتر نەبووبێ کەمتــر نەبووە، زمانە کــوردی‌یەکی زۆر ڕەوانیشی هەبووە بەتایبەتی هی ناوچەکەی خۆی ..

لەڕاستیدا وردەکاری‌یەکانی وشەئارایی وەك جیناس‌و طیباق‌و ئەم شتانە لای مەولەوی وەك ئاوخواردنەوە ئاسان بوون .

هەر بۆ نموونە ، کە عوزرخواهی بۆ بەهائەددین ئەکاتو ئەڵێ ناتوانم کتێب دانێم ، سەیری‌کەن چی ئەڵێ ؟ :

**لاذنی وند نوی خـلانی**
**انقض ظهـر السر ما خلانی**
**كان ابو بلاءى الذبابا**
**فكلما عنى ذب آبا ..**
**مم سدى ولحمة البنية**
**نا الضعف تلكم قوة البلية**
**تحرقنى ، تفركنى ، تصفينى**
**كاننى الفريك تشتهينى**
**فضحوتى غشيها عشيتى**
**ترددت فى مشـيتى مشيتى**

بەڕێزەکان !

سەرم ئیشاندن ، داوای لێبووردنتان لێئەکەم . لە گیانی مەولەویی ڕێیش تکا ئەکەم کە ئەگەر لەم قسانەدا یا لە بیگرای ڕەنجەکەما لەگەڵ باوکما لە ئامادەکردنی شەرحی ( عەقیدە مەرضیە )کەیا هەڵەیێ یـا قسەییێکی زیادم کردبێ لێم ببوورێ ؛ هەرچیم وتبێ بە نیازێکی خاوێنەوە بووەو بۆ خـزمەتی کەلەپووری نەتەوەکـــەم بووە ، بە بەرزکردنــەوەو حەقپێدانو لەپێناوی زیاتر ناساندنی مەولەویی مەزندا بووە .

هەمووتان لێم ببوورن .

دڵخۆشو سەربەرز بن .

---

(١) لەناو مەلاو فەقێی ناوچـــەی هەڵەبجەو شـــارەزوورا باوە مەولەوی عەقیدەیەکی کوردیی کورتیشی هەیە . برامان شێخ محمد علی قـــەرەداغی‌یش عەقیـــدەیەکی ٢٠ لاپەڕەییی بە ناوی ( عەقیـــدەی مەولەوی )یەوە لەچاپداوە سەرەتاکەی ئەمەیە ( ئیمان باوەڕە با ئێـت نەشێوێ ) ، بەڵام ئەم ( ئیمان باوەڕە ... )یە لەناو خـــەڵکا باو بوو و نەیشیان‌ئەوت هیی مەولەوی‌یە . من باسی نە ئەو عەقیـــدە کوردی‌یەو نە عەقیدە لەچاپدراوەکەی شێخ عەلیم لە وتارەکەما نەکرد چـــونکە بۆم ســـاغنەبوەتەوە مەولەوی عەقیدەیەکی بچووکی هەبێ‌وئەو عەقیدەیەش ( ئیمان باوەڕە .. ) بێ .

ــ فاتح ــ

# گەشتێك بە ئاسۆی خەیاڵی مەولەویدا

**محمد امین حبیب**

مەولەوی ناوی ( عبدالرحیم )ە ، لەناو خەڵکاندا بە مەولەوی و ، لە شیعردا بە نازناوی ( مەعدووم ) ، وەیا ( مەعدوومی ) بەناوبانگە ، لە شوێنە شاخاوی‌یەکانی ناوچەی کوردستانی ( تاوگۆز ) لە سالانی بیستەکانی سەدەی دوازدەی کۆچیدا لەدایك بووەو ، لە ( ۱۳۰۰ )ی کۆچی مالاوایی لە ژیان کردووەو ، لە گورستانی ئەسحابە لە دامێنی دێی ( سەرشاتە )ی خواروو لەسەر زێی سیروان جەستە بێ گەردەکەی بە خاك سپێردراوە . بە رەگەز دەچێتەوە سەر زانای بەناوبانگ لە ئاسمانی کوردەواریدا مەلا ( ابو بکر )ی موصەنیف .

ئەم بەهرەوەرە ، ئەم هونەرمەندە لەناو کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوارو دوور لە شارستانێتی‌و نەزانین‌دا ژیاوە ، نازانم چۆن ئەم هەڵکەوتووە ، ئەم لێو پاراوە لەو رەقەن‌و وشکەدێم‌و کوورەدا پەیدا بووە ؟

« الله یعلم حیث یجعل رسالته » صدق الله العظیم .

ئەم بلیمەتە لەگەڵ ئەوەدا کە بۆی‌لواوە لەسەر خواستی میرەکانی ئەردەلانی کوردستانی ئێران‌و ، هەروەها لەلایەن پادشاکانی بنەماڵەی قاجاری‌یەوە بانگیان کردووە کە جێ‌وشوێنی خۆی بەجێ‌بهێڵێ‌و شوێن‌و شوێنەواری پڕ لە ژیانی خۆش‌و کامەرانی‌یان بۆ ئامادە کردووە کە بە مسۆگەری بە ژیانێکی بەختەوەری ژیانی تێدا بەرێتەسەر ، ئەمیش لەگەڵ

هەژاریو دەستکورتیو نەدارایدا ، ولاتەکەی خۆیو ڕەشو ڕووتەکەی دەوروبەری بەجێنەهێشتووە ، بە ژیانی سادەو بە گوزەرانی پڕ لە تاڵاوو کـــولەمەرگی قەناعەتی کردووە ، بە بێجیـــاوازیو لەخۆبایی‌بوون بە خەباتو تێکۆشانی ڕۆحیو کۆمەڵایەتی لەگەڵیاندا ژیاوە ، « سلام عليه يوم ولد ويوم يموت ويوم يبعث حيا » .

مەولەویی بلیمەتو هەڵکەوتوو بە ناوی خەرمانلۆخیو ، خۆشەچینی زانستەوە ڕووی کردۆتە ناوچە ئاوەدانەکانی کوردستانی ئەردەڵانو بابان ، لە کۆتایی گەشـــتەکەیداو ، لەپاش تەواوکردنی پلەی خوێنـــدنی ئەو سەردەمە ، دێی چڕوستانەی نەوروڵیی کردووە بە هەوارگەو شـــوێنی دەرس‌وتنەوە . لێرەدا لەپاش چەند ساڵێك بووە بە داوی ( تصوف )ەوە شێخی سیراجەددینی کردووە بە ڕابەرو ڕێنمای خۆی ، لێرەداو لـــەم ڕێبازەدا ئینقیلابێکی ڕۆحیو ، وەرگەڕانێکی گیانی ڕوودەکاتە ژیانیو ، ئەوەندەی‌تر لە دنیا دوور دەکەوێتەوە .

## پایـــەی زانیاریی مەولەوی

مەولەوی ڕادەی عیلمیو پایەی زانستیی زۆر زۆر بەرزو ، لـــە سنوور بەدەر بەچێژو بەکێشو ڕەسا بووە ، وەك ئاشکرایەو بەرهەمەکانی گەواهی دەدەن بە پەنجە ئیشارەتی بۆ کراوە . قەڵەمو زبانی زۆر پاراوو بەبڕشت ، توانیویەتی هەموو جۆرە گرێکوێرەیەکی ژیان بکاتەوەو ، لـــە ئاژاوەو هەراو هوریا خەڵك ڕزگار بکا ، لەناو زاناکانی ئەو سەردەمەدا ئەگەر مەسئەلەیەکی عیلمی ڕوویدابێت بۆ نەهێشتنی ناکۆکیو پەی‌بردن بەڕاستیو کۆتایی هێنان بە کێشەکە پەنجە بۆ مەولەوی درێژ کراوەو ، توانیویەتی باری ڕاستی بخاتەڕوو ، وە هەردوو لایەن ــ لایەنی حەقو لایەنی ناحەق ــ بێدەنگ بکات . قسەو فتوای خەتمی کەلامو ( حجە )ی سەردەمی خۆی بووە .

ئەوە جێی دوودڵی و گومان نی یە کە لە عیلمی کەلام و فەلسەفەدا دەستێکی باڵاو درێژی بووە ، کتێبەکانی وەك بەرچاو دەکەون بەڵگەن بۆ چەسپاندنی ئەم ڕایەمان .

**ئیبداعاتی مەولەوی**

مەولەوی بە دوو شێوە شیعرو هەڵبەستی داناوە . بەشێك لە شیعرەکانی لە وەڵامی دۆستانی و هاوڕێیانیدا وتوونی ، ئەمەش دیارە بەرزی و نزمی یان دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی و نزمیی ئەوکەسانەی کە شیعرەکانی بۆ ناردوون ، زوربەیان لەڕووی ناوەڕۆك و مەضموونەوە ئاسایین و ئیبداع و داهێنانیان تێدا بەدی ناکرێت ، پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێ دەفەرموێ : « کلم الناس علی قدر عقولهم » ، بەڵام لەوانەی کە نامەی شیعریی بۆ ناردوون ، وەك ئەحمەد بەگی کۆماسی و شیخ ئازیزی جانەوەرەیی .. شیعرەکانی لەوپەڕی جوانیدان .

بەڵام هۆنراوەکانی تری ، ئەوانەی کە بۆ مەستەوا بەرزەکانی ناردوون و ، ئەوانەی کە بە هاندانێکی دەروونیی خۆی داڕێژراون هێمای جوانکاری و هونەری یان پێوە دیارە ، لەوپەڕی صەفای فیکری و تیژی و مەودای سەخای زیهنیدان و ، جوانی و شەنگی و پیرۆزی خەملاندونی و دیمەن و ڕوخساری سیحراوی پێك دەهێنن و ، دڵ و دەروونی ئەدەب پێش ئەدیبەکان دەخەنە جونبوش و سەما ، ئەم دەروونی یانەی لەڕووی هونەرو وێژەوە دەتوانین شانازی یان پێوە بکەین ، دەیشتوانین بەربەرەکانێی ئەدەبی وڵاتانی دوورو نزیکیان پێ بکەین ، هەموو ئیبداع و تازەن و ، دەنگ و ئاوازی موسیقای کوردەواری یان پێوەیە ، هەموو ڕەنگدانەوەی سروشت و دیمەنە شەنگەکانی کوردستانن .

سەیری پارچە هەڵبەستەکەی بکە کە لەسەر سەرچاوەی زەڵم وتوویەتی کە سەرەتاکەی بەم بەیتە دەس پێ دەکات :

**وەهارەن ، سەیرەن ، سەوزەی دیاران**
**نم کەوتە دیدەش چون شەو بێداران**

هەروەها سەیری ( بەرزان هیلال تار ... ) بکەو ، لەپاشان برۆ سەیری ئەو چامانەی بکە کە لە بەهارانو هاوینانو زستانانەدا وتوونی .

جیهانی شیعری مەولەوی جیهانێکی پانوبۆرو فراوانە ، جیهانێکە پڕ ئەفسوونو سیحراوی ، سەیری هەر قەصیدەیەکی بکەیت بەتایبەت ئەوانەیان کە بە ئیلهامو ئیحسای دەروونیی خۆیەوە دایڕشتوونو ، عەناصیرەکانی چەند وشەیەکی ئاسایی و خۆماڵین ، دەیانکات بە ڕایەڵو پۆی چنینی تەونی خەیاڵەکەیو ، لەپڕ ، توحفەیەکی نایاب پێکدینن و دەیانخاتە بەر چاوو دەیان ڕەنگێنێ ، تابلۆیەکی قەشەنگی بێوێنەیان لێ دروست دەکاتو دەیانرخێنێ ، جوانی بەدەمیانەوە پێدەکەنێو ، ئەدەبو سروشت شانازییان پێوە دەکات ، خەیاڵەکەی دەبینی زۆر ناسكو وردو پڕ لە ئیبداعو داهێنانەو ، جوانی تیایاندا پەنگی خواردۆتەوە ، پیرەمێرد واتەنی : « وەك ئاوی حەیات لەتوێی میدادا » .

ئافەرین مەولەوی ، هەی صەد هەزار ئافەرین ! تۆی پەروەردەی شاخو شیوی دوور لە ئاوەدانیو شارستانێتیو ، لەناو بەرەیەکی ڕووتی نەزانداو لە ژیانێکی پڕ کوێرەوەریدا لەکوێو چۆن ئەم خەیاڵە ئەفسووناویو یاخیو پڕ لە ئیبداعەت هێنایەدیو کردت بە خشڵو زێڕو یەخەی ئەدەبت پێ ڕازاندەوە !؟.

با منی مردووی پڕ لە کوێرەوەریو کەساسو دڵبریندار ڕۆحی پاکی بێگەردی زیندووت داچڵەکێنم ، کوێرەوەرییەکانی ژیانی ئەمڕۆژەت بدەم بەگوێداو نەهێڵم لە گۆڕەکەشتدا بەئارامیو هێمنیی

بژیت ، قوربان ! گەورەم ! ڕابەری ڕێی دڵداریو کەساسیم ، ئەی هەتا ماوم ئەتپەرستمو کوڕنووشت بۆ ئەبەم ، ئەم جیهانەی کە تۆ لێی ئاوابوویتو ، گۆشەی ئەلحەد سەرای سەنگت کرد بە نشینگەی هەتا هەتاییت ، ئێستاکە شەونمو شنەی سەوزەو لەرەی گەڵای نەونەمامان ، هاژەی بەفراوی کوێستانەکان کە حیکایەتی فرمێسکە بەخوڕ ڕژاوەکەی تۆیان دەکرد ، ئەو گوڵاڵانەی کە بۆ دڵ مەلالانو ماندووانی ڕێگا خێمەیان هەڵئەداو سێبەریان بۆ ئەکردن ، ئەو ئاسکە چاو ڕەشانەی کە لە توونی دەروونی تۆدا تارو تەرە دەبوون ، ئەو سروشتەی کە سەردەمێك ئیلهامی شیعرو خەیاڵی تۆ بوو ، ئەو ڕوومەتەی کە لەژێر سیماڵەوە وەکو مانگ لەژێر هەوری سیاوە گۆشەی ئەکێشا ، نە کەس هەیە بۆیان بڕوانێ ، نە ڕێبوار هەیە بۆنیان بکات ، نە جیلوەی بەهارو نە ڕەنگی زەواڕو نە خشپەو فڕەی پۆڕو کەوو ، نە ڕووی سپیی ژێر دەواری ڕەش ؛ دنیایەکی چۆڵو هۆڵو کپو بێدەنگ ، نە تۆ دیاریو نە یاران .

گوێم لێیە لە گۆڕەکەتەوە ئەم شیعرانە دەدەی بەگوێمدا :

**مەشنێ چین چین چنوور ، لە کاوان**

**توخوا ماتەم بە هاژەی بەفراوان !**

**چنوور لە کاوان ئەو نەبێ بۆ چی ؟**

**هاژەی بەفراوان ئەو نەبێ بۆ چی ؟**

**نەسیم ! بەس هەڵکە بە کۆسارانا**

**بەس گەڵا بەرە بە دیارانا**

**شنەی ئەو بەرزە ئەو نەبێ بۆ چی ؟**

**لەرزەی صەد تەرزە ئەو نەبێ بۆ چی ؟**

**بە صەدای خۆشی دڵ خۆش مەزاقان**

**نەلەرزێ ئیتر کەڵڕەو لە تاقان**

**خاڵ خاسان بێ ( ئـان ) هەر بار بە لێو بن**
**هێلانەی دڵان با هەر پەشـێو بن**
**ئەو ( ئانە ) بۆ دڵ ئەو نەبێ بۆ چی ؟**
**ئەو لانە بۆ دڵ ئەو نەبێ بۆ چی ؟**

قسەی جوانی مەولەوی‌و خەیاڵی ناسك‌و فراونی لە هەموو گۆشەو ناوەرۆکی چامەکانیەوە جیلوەدەکەن‌و لـــەو زەوی‌یە تماوی‌یە بەپیتەدا سەر هەڵدەدەن ، بەصەفاو بە شەنگی دەشتی دڵ ئەڕازێننەوە .

دیسانەوە گوێم لێیە لە گوڵشەنی گۆڕە ناسکەکەتەوە ئەم ئاوازە ئاوازەیە بەگوێمدا دەدەی :ـ

**ناسك ئامادەی فەصـڵی بەهاران**
**شیرین ئارایش هەردەو کۆساران**
**گوڵ چون ڕووی نازیز نەزاکـەت پۆشا**
**بەفراو وەك سـەیلی دیدەی من جۆشا**
**ئەڕوانن گوڵان لە پێی دەربەندان**
**بۆ یەکـدی وێنەی ئارەزوومەندان**
**چ خاس خاس ئەشنێ لـە ئێوارانـدا**
**سەوزە بە ڕووی خاك جەرگەی یاراندا**
**ها ، لەرزەی وەجـدی دڵەی پاکیان**
**دیارە لە شنەی سەوزەی خاکیان**
**بە دڵ چون لە شنەی مەزەی مەی تێرن**
**سەیر بەتوێی بەرگی چۆن ڕانەبوێرن ؟!**
**ئەم گۆشە خۆشتر نییە هیـچ شوێنێ**
**ساقی گیان ! ئامان خومار شکێنێ**

**هەســـتە بەیانە دڵ تـازە بـکـاوە**
**شنەی پێی کاوە ، گۆشەی سەراوە**
**سەوزەی ڕووی خاکی پاکی یاران زۆر**
**کردمان بە فەرشی بەزمی جۆراوجۆر**
**ئاخۆ سەوزەی مەش لە کام هەردێ بێ**
**بە فەرشی کۆڕی کام هاودەردێ بێ**

بەهار خۆی بە جوان‌ترین شێوە ئامادە بووەو ، شەپۆلی جوانی ڕەنگی پێدا خواردۆتەوە ، هەردان‌و کوێستانان بە شیرین‌ترین ئارایش خۆیان خەملاندوەو خۆیان نرخاندووە ، وەك بڵێی دەیانەوێ ڕاوی دڵی دڵداران بکەن‌و ، بیان‌کەن بە داوی عەشقەوە ، گـــوڵ وەك ڕووی ئازیزەکـــەی مەولەوی جل‌و پۆشاکی نەزاکەتی پۆشـــیوە ، بەفراوانی بەهاریش وەك لافاوی فرمێسکی مەولەوی جۆشاوەو ڕێك‌و ڕەوان بێ لێك‌بچـــڕان دەڕژێتە خوارێ . لە پێی دەربەندەکاندا گوڵاڵـــەکان وەك دەردەداران بەتاسەوە سەیری یەکتری ئەکەن ، نازو عیشوەو نەزاکەت بە یەکـدی دەفرۆشن . لەم وەصفو پیاهەڵدانە ئەفسووناوی‌یەوە دەگوێزێتـــەوە بۆ جیلوەگایەکی دڵڕفێن‌ترو ، بۆ ئارامگەی بەزمی مەیخواران کە بەتوێی یەك کراسەوە لە شاری خامۆشاندا ڕائەبوێرن ، سەیری سەوزەی ڕووی خاکی پاکی کۆڕی یاران بکە چۆن لە ئێوارانداا بە نەسیمی نەرم دەکەونە شنەشن‌و کەروێشـــکە کردن ، شـــنەشنی سەوزەی ســـەر گۆڕەکانیان لەبەرئەوەیە کە دڵە پاکەکانیان لە ژێرەوە خەریکی ڕەعشەو وەجـدن ، ئەمەش ئاشکراو ڕوونە لە شنە شتی سەوزەی سەر گۆڕەکانیاندا .

مەولەوی جێگاکەی لا پەسەندو دلگیرو سازگارە ، لەبەرئەوە داوا ئەکا لە ساقی کە بادەی بێداریی بداتێ ، بۆئەوەی سەرخۆش بێ‌و ، بـە باشترین شێوە بچێتە ناخیەوەو تێی‌بگات .

بەپێی شارەزایی من مەولەوی یەکەم کەسە کە بادەو مەیی کردبێ بە ئەسپاب‌و کەرەسەی بێداری .

پەروانە چۆن لە گۆشــەیەکەوە باڵنــدەی خەیاڵی دەفڕێ بـۆ گۆشەیەکی‌تر ، وە چۆن کۆشــك‌و تەلارە دەســتکردەکەی خـۆی دەڕازێنێتەوەو ، دەیکا بە دیکۆری بینای وێنە پڕ نەقش‌و نیگارەکــەی‌و قەصیدەکەی پێ تەواو دەکا .

مەولەوی جگە لە ئیبداعی خەیاڵ‌و مەعنا هەروەها بە شێوەیەکی‌تری لایەنی لەفظی‌یەوە ئیبداعی بەدی‌هێنــاوە ، وەك لە قەصــیدەیەکی دڵتەزێندا کە بەبۆنەی مردنی کوڕێکیەوە وتوویەتی . لەم قەصیدەیەدا بەشێوەیەکی ئاســایی شــیعرەکەی ئەنووسێ ، بەڵام لــە ناوەڕاســتی قەصیدەکەیدا وەك دەبینی لەپڕ قافیەکــەی تێك دەچێت‌و دەڵێت :

مەنعم مەکــەردێ گرانەن دەردم
ئەر شــێویابۆ قافیــەی فەردم
فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من
هــەر سەوزەی موارد من نادیارەن
داد جە هەوای شووم بەدستارەی من
هەر نەوگوڵاڵەی من نە پێــوارەن
یا وەلوەلەی دەف شا دەروێش ! جۆشێ
بەو صەدای ڕیشەی دڵ ئاشــناوە
یــا جۆش سەمتوور ( مطرب ) ! خرۆشێ
چەنی ئەی دوو فەرد حسرەت مەعناوە
بەڵ سەوز بۆ تۆم ئارەزووەکەی دڵ
های چەمە ! دەخیل شەوێ ، شــەونمێ

**بەڵ ڕوو بنمانۆ ئەو نازك نەوگوڵ**
**دەمە ! نەسیمێ ، وادەی سوب دەمێ**

گوێگری ئازیز ! سەیرکە چۆن قافی‌یەکەی تێکچووەو تێ‌هەڵکێشی کردووە بەو شێوەیەی کە دەیبینی .

ئەم جۆرە بابەتە لە کوردەواریدا بە پێی ئاگاداریی مـن نەبووەو ، کەس نەیووتووەو ، بۆ یەکەمین جار لە قەڵەمی مەولەوی‌یەوە دەکەوێتە بازاڕی ئەدەبەوە . لە دەستنووسێکی نەجمـەددین مەلادا هەر لـەم قەسیدەیەو لەبارەی ئەم تێ‌هەڵکێشەوە دەڵێت :ـ

هێشتا تێهەڵکێش نەبووە لـە دنیـا
مەولەوی شـیعری سـننیی داهێنا

بەڵام نازانم وشەی ( سننی یا سوننە ) مەعنای چی‌یە(*) ؟.

مەولەوی توانیویەتی لە ڕێچکەی شیعری ستوونی لابداو شێوەیەکی تازە بێنێتە کایەوە وەك :

**وەسەن ئەی مەخسەڵ دەور دیدەی مەست**
**ئەی ئاماو لـوا صەد قەزا پێشەن**
**ئارەزووت دڵ بی هەوەڵ جارت بەرد**
**هەنێ گیانەکەم ! مەطلەبت چێشەن ؟**

مەولەوی لە قەصیدەیەکی دە بەیتیدا کە بەم دوو بەیتـە کۆتایی پێ‌دێنێ و دەڵێ :

**باڵاخانەی چـەم دیوانەکـەی تۆ**
**بانەناو وە گـڵ ئاسـانەکەی تۆ**
**تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا**
**ئازیز ! بۆ جارێ پـا بنیە پێشدا**

---

(*) نازانین نەجمەددین مەلا وشەکەی چۆن نووسـیوە ، بەڵام وشـەکە لاتینی‌یەو ( سۆنێت )ە ـ م.م.ك .

واته بالآخانەی چاوی شەیداکەت کە هەمیشە دڵەکـــەی وەیا چاوەکەی دیوەخانو نشینگەی تۆیە ، بە گڵی بەر ئاستانەکەت ســـواغ دراوەو ، هەمیشە بەسەریا دەڕۆیشتیتو بە هەردوو پێت دەتکوتایەوە ، ئێستا بێ تۆیی پێوە دیارە ، واتە ئەو بالآخانەیە تك تك فرمێسکو ئاوی لێ دەڕژێ ، خەیاڵەکەتی لە چاوما شپرزەو شێواندووە ، سا ئازیزم ! وەرە بە هەردوو پێت ســـەربانی چاوەکانم بکوتەرەوە با دڵـــۆپە نەکاو وێنەکەت لە چاوەکانما هەمیشە بەساغی بمێنێتەوە .

جوانیو ئیبداعی ئەم دوو بەیتەو وردیی مەعنایانو خەیاڵی ناسکیان کاریان کردۆتە سەر فەرهاد میرزای قاجاری کە ئەدیبێکی پایەبڵنـــد بووەو ، لە هەمان کاتدا فەرمانڕەوای کوردستانی ئێران بووە ، بەم دوو بەیتە مەولەوی بە میری شاعیران دەدا لـــە قەڵەمو ، هەر جارێ کـــە دیبێتی بە ( شاعیری بالآخانەی چەم ) ناوی بردووە .

قازی شێخ محەممەدی خاڵ لە نالـــەی دەروونندا ئەم ڕووداوە باس دەکا ، وە هەر لەو کتێبەدا چەند شیعرێك دێنێتەوە کە بەلای ئەوەوە ئیبـــداعە .

خوێنەری خۆشەویست ! با بێین قەصیدەیەکی نالیو قەصیدەیەکی مەولەوی کە هەردووکیان لە یەك بابەتدا وتراون بەراورد بکەین بۆ ئەوەی بزانین خەیاڵی ناسكو بۆچوونی ڕەسەنو خۆماڵی لـــە کامیاندا زیـــاتر دەردەکەوێت ، ئەمە دەقی چامەکەی نالییە کە ئەفەرموێت :ــ

**گەرمیو تەڕیی بەهارە کـــە پشکۆ کوژایەوە**

**پشکۆی گوڵاڵەشین بە نەسیم بوو گەشایەوە**

**لالـــە کە مەجمەربکە بە با خۆشو گەش دەبێ**

**ناوی کە پڕ خەلووزە بە شەبنم گەشایەوە**

گوڵزاری‌وا ، کە هەرچی ئەمێکی بوو پێکەنی
غونچەی گەشا ، کە یەعنی گرێی دڵ کرایەوە
فەصڵێ کە هەر لە فەرقی بەشەر تا ڕەگی شەجەر
وشکی بە غەیری صۆفی‌یو عاسای نەمایەوە
لەم فەیضی نوورە هەرچی کەوا نارە مردووە
بەم نەفخی صوورە هەرچی کە خاکە ژیایەوە
هەنجیری نەوشکۆفە کە پڕ بوو لە شیری صاف
طیفلی عینەب شکۆفەیی کردو ڕشایەوە
دایەی زەمین کە حامیلی ئەبنایی مەحشەرە
هەر تۆوێکی تیا کە ئەمانەت بوو دایەوە
سونبول لەبەر ڕوعوونەتی شمشادی تازەدا
هاتو بە تەعن‌و دەورە بەسەریا شکایەوە
خەضرا دەڵێی زەمینە بە چین‌و خەتایەوە
غەبرا دەڵێی سەمایە بە شەمس‌و سوهایەوە
( برد العجوز )ەیێکی کە نەیبوو بە غەیری بەرد
دنیا ئەمە چ ڕەنگە ؟ چ بێنێکە دایەوە !
غەیری تەڕی‌یی عیشقی حەرارەت‌نوما ، ئەما
بەفریش لە سەردو گەرمی خەجالەت تواییەوە
هەر چاوەیێ کە وشک‌و عەقیمی بلندی‌یە
وەك طەبعی من بە نەظمی خۆشی نەغمە زایەوە
صاف‌و ڕەوان‌و نەرمە وەکوو زەمزەم‌و فورات
نەك ڕەنگی نیلە یەعنی کە هات‌و گەڕایەوە

صۆفی ڕیایە خەڵوەتی بێنی بەهاری کرد
هاتە دەرێ لە سایەیی چایەر حەسایەوە
( نالی ) بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر
بۆ ئەوکەسەی کە شاعیرە صەد داوی نایەوە
ئەمەش چامەکەی مەولەوی کە وەك نالی بە بەهاردا هەڵی داوە :
وەهارەن ، سەیرەن سەوزەی دیاران
نم کەوتە دیدەش چۆن شەو بێداران
پەی دڵەی مانیای دەروون مەلاڵان
سـایە بەستەوە خێمەی گوڵاڵان
بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ
مانۆ وە نەسیم جێب جەمین گوڵ
چون دێوانەی شۆر ئازیز نە سەردا
شەتاو سەر هۆرگرت وە دەشتو دەردا
تووڵانی چون هیجر خاتر پڕ دەردان
ڕەوان وێنەی وەصڵ گەردەن بێ گەردان
های جە شنۆی وەش ڕۆحئەفزای کاوان
ئای جە شاخەی تاف ساف سەراوان
نەك چون تاف چەم پڕ ئەسرین چەرخ
( بارك الله ) چەرخ ! هەی ئافەرین چەرخ
چەنی جە هەستیی وێت تەواسـاییت
چەنی جۆش عەشق مەجنوون ئاساییت
بدیە چۆن هوردان وە نام و نەنگدا
بێ پەروا مدۆ وێش وە ڕووی سەنگدا

های ! ساقی ! هەڵای سەرمایەی خامی

نمەدۆم وە دەس ڕای نەنگ‌و نامی

باوەرە وەش وەش سادەی هەی پەی کەی

تاف قەڵوەزەی ساف شیشەی مەی

مەوجش بنچینەم بەو وە هەمدا

هەستیم دۆ وە بەرد هەرد عەدەمدا

ئەمەش دەقی قەصیدەکەی مەولەوی بوو ، کە لە بەهارداو لــــە سەرچاوەی زەڵم وتوویەتی ، لەم پارچە هەڵبەستەیدا خەیاڵە ناسکەکەی مەولەوی لە سەرچاوەیەکی سافو گەش‌و ڕەوانەوە شــەپۆل شــەپۆل بەگوڕ پرشنگ دەهاوێت‌و بەسەر ڕووی سروشتە ڕەنگینــــەکەی دۆڵی زەڵمدا بڵاودەبێتــــەوە ، دیمەنێکی بێ‌وێنەو پەیکەرێکی گیــانبەخشی سیحراوی پێ دەبەخشێت‌و ، دەی‌ڕەنگینێـــت‌و بە شــێوەی بووکێکی دڵڕفێن‌و هۆش‌ڕەوێن دەکەوێتە بەرچاوو خۆی دەنوێنێ .

بەڵێ کات کاتی بەهارەو ، جوانی‌و ئازادی خــۆی ئارایش داوە ، سەوزەی دەشت‌و چیاکان‌و دۆڵ‌و شیوەکان نم‌کەوتۆتە چاویان‌و ، شەونم تیایاندا پەنگی خواردۆتەوە ، هەروەك ئەو دڵدارانەی کــە لــە دووریی خۆشەویستەکانیان شەونخوونی دەکێشن‌و ئاهو هەنسکی نیوەشــــەو هەڵدەدەن ، واتە لەم‌کاتەدا کە کاتی دەرکەوتنی ئومێدو ئاواتـــەو ، کاتی وەصڵ‌و بەیەك گەیشتنە ، ســـەوزەو گوڵاڵ‌و دەســـتەی دڵـــدارانی شـــەوبێداران ، هەریەکەیان بــۆ ئەنجامێك‌و ئاکامێکی تایبـــەت چاویان پڕبووە لە شەونم‌و لە ئەسرین ، ئەم‌کاتە کاتی سەرهەڵدانی ئاواتە ، بۆیە گوڵاڵەو هەڵاڵەو هێرۆ لە دەشت‌و چیاکاندا بەوپەڕی جوانی‌و دڵداری‌یەوە چادریان هەڵداوە ، بۆئەوەی ماندووانی ڕێگای عەشــق‌و دڵــداری لــە سێبەریاندا بحەسێنەوە .

کاتەکەی کاتی هەڵهاتنی ئاوات و ئومێدە ، بۆیە بۆنی عەبیری بەخەی سەحەر بۆ بزواندن و فەرەحبەخشی دەماخی دڵ ئەشوبهێت بە نەسیمی سنگ و بەرۆکی نازداری گوڵ ڕوومەتەوە ، ئنجا دیمەنێکی تری بەهار دێنێتە پێشەوەو دەڵێت : ئازیز ! بڕوانە چۆن شەتاوان و تافگەو بەفراوان وەکو دێوانەی سەر پڕ لە عەشق و نەڵەی پڕ لە شۆڕ بەرەو دەشتەکان سەر هەڵدەگرن ، لە ڕێگای پێچاوپێچی درێژ و تووڵانی کە وەك تووڵانی هیجرانی دڵ پڕ لە خاران ، وە وەك ڕێگای سافی وەصڵی گەردن بێگەردان ڕەوان دەبن و بەرەو نزمایی‌بەکان بە عیشوەو لەنجەی پڕ لە نەزاکەت دەکشێن و شۆڕدەبنەوە ، وە ئەڵێ ئای لە شنەی ڕۆح ئەفزای کاوان و ، لە هاژەی بێوچانی تافگەی سافی سەراوان ، کە بە جۆش و خرۆشی عەشقەوە ڕەوان دەبن ، بەلام لە جوانی و شەنگیدا ناگەنە تافگەی سەرچاوەی زەڵم ، ئەی ئافەرین چەمی زەڵم کە چۆن لە ژیانی خۆت بێزاری و ، وەکو مەجنوون خۆت دەدەی بە دارو بەرداو ، گوێ نادەیتە تیری تانەو توانجی کەسان . لەدواییدا مەولەوی ئاواتەخوازەو داوا دەکا لە ساقی کە تافی سافی قەڵبەزەی مەیی بداتێ و بنچینەی هەستیی بدا بە بەردی عەدەمدا .

ئەم خاڵانەی خوارەوە لە شیعرەکانی نالی‌دا دەردەکەون :

١ ــ ئەو سۆزەی مەولەوی ئەیگەیەنێ نالی نایگەیەنێ .

٢ ــ شیعری نالی زۆر وشەی عەرەبیی قورسی تێدایە ، هەروەها وشەی فارسیش .

٣ ــ نالی دەستەی صۆفیی کردووە بە کەرو گاو ، وای‌داناوە کەوا لە تەویلەدان .

٤ ــ نالی خۆی هەڵدەکێشێ و داو بۆ شاعیران ئەنێتەوە .

٥ _ شیعرەکەی نالی جگە لە وەصفی سروشتیی بەهار نای بەستێ بە بابەتێکی خوایی یا بە دنیایی یەوە ، بەڵام مەولەوی دەیبەستێ بە بابەتی ئاینەوە .

٦ _ نالی لە گۆمی ڕەوانبێژیی ئەلفاظدا یاری دەکات و ڕستەئارایی زۆر مەبەستە ، بەڵام مەولەوی لە دەریای مەعنادا مەلە دەکات .

٧ _ شیعرەکەی نالی کار ناکاتە سەر عاطیفەو ، بەزۆری وەك شیعرەکەی مەولەوی کاریگەر نی یە .

٨ _ تەشبیهاتەکەی مەولەوی ئاوەژووە ( مقلـوبە )و زیاتر هەست و دەروون دەخاتە جونبوش و خرۆش .

٩ _ لالەو گوڵالە لەلای مەولەوی بە شەونم ئەگەشـێنەوە بۆ ئەوەی سێبەر بکا بۆ ماندووان و شەونخوونی کێشان ، لای نالی کە بە شەونم ئەگەشـێنەوە هەر بۆ ئەوەیە کـە دیمەنێکی جـوانی بەهارەو هیچی تر .

با لێرەدا خوا حافیزی لە ڕۆحی پاکی نالی بکەین و گوشەی چاو ببڕینە مەولەوی و شیعرەکانی .

مەولەوی زۆر جار چۆتە ناو نەلسەفەوە لێی دواوە وەك :ـ

**١ ـ ئاخۆ چەن بە دەس ناسك نەوهاڵان**
**هاتوچۆی زۆرت کردووە بۆ ماڵان**
**ئێستا وەکو من پەشێوو بێ حاڵ**
**لەسەر خاك کەوتوو ئەتکەن پایەماڵ**

بەم چوارینەیە قسە لەگەڵ گۆزە شکاوێك دەکا ، کـە فڕێ دراوەو لەبەر بێ نرخی پێ شێل دەکرێ ، دیارە لەپێشدا گۆزەیەکی ساغو جوانو

بە دەستی ناسك ئەندامانو تازە هەڵچووانەوە بووە ، بەقـەدرو بەڕێز بووەو چەندان ماڵان گەڕاوەو دەیان لێوی جوانی ماچکردووە .

مەولەویش هەتا گەنجو بەتوانا و بەکـەڵك بووە ، دنیـاو مەردم ڕوویان تێ کردووەو ، دەستی ڕێزو نرخیان بەسنگەوە بۆ گرتووە ، ئێستا پیرو کەوتووەو کەساسەو پێ شێل دەکرێت . لە کەساسیدا حاڵی گـۆزە شکاوەکەی شوبهاندووە بە خۆی ، واتە پەشێوو بێحاڵی لە مەولەویـدا زیاتر بەدی دەکرێت وەك لە گۆزەکەدا .

لە فەردێکی تردا مەولەوی دەفەرموێ :

**پیریو فەقیریو کەسـاسی هەر سێ**
**نەبێ بە باری قورسی هیـچ کەسێ**

لە سـاڵانی کۆتایی ژیانیـدا ئەم سێ دەردە ڕووی تێ کردووەو بە کەساسی ژیاوە : مردنی عەنبەرخاتوونی خێـزانی . شـکانی بڕبڕەی پشتی ، کوێربوونی ، وە جگە لەم سێ کوسپە جەرگبڕە کتێبخانەکەشی سووتاوە .

وە لە لایەکی کەوە دەفەرموێ :

**دەردو پیری یەن ئامانەن پەرێم**
**بێزارەن جـە من هامفەردان وێم**

ئەم بەیتەش وەکو ئەوانی تر نەوە دەگەیەنێت لە کەساسیو پیریدا هاوڕێیانی کۆنی گوێیان نەداوەتێو فەرامۆشیان کردووە .

**٢ ـ هەرچی دیت وە چەم شی وە سەفەردا :**

**هەرچی مـوینی ها نـە گۆزەردا**
**کەس حاڵی نەبی وە هیـچ نەفاما**
**ئەو پەی چێش ویەرد ، ئێد پەی چێش ئاما ؟**

واتە : هەرچی تۆ لەم دنیادا دەیبینی یا مردووە ، یا بنـــەو باری سەفەری پێچاوەتەوەو لەسەر سەفەرەو بەرەو عەدەم دەڕوا ، هیـــچ کەسێکیش لەوە نەگەیی فلان بۆ هاتە دنیاوەو فیسار بۆ لە دنیا دەڕوا ؟

واتە ئەمەش هەر حەوالەی عیلمی خوایە ، کەس نەیتوانیوە بچێتە ناخو قووڵایی مەسەلەکەوە .

۲ – هەرچیت دابوو پێم یەك یەك دامەوە
حیسابی حەشرت وا وەلامەوە

نیوەی دووەمی ئەم بەیتە هەڵدەگرێت بەشـــێوەی ئیســـتیفهام بخوێندرێتەوە کە ماناکەی لەم کاتەدا ئەمەیە :

خوایە ! هەر نازو نیعمـــەت‌و ژیانێکی دنیاییـــت دامێ یەکەیەکە دامەوەو ، لە دنیادا لێت وەرگرتمەوە ، هێشتا حیسابی حەشرەت ماوەو دەتەوێ لەو دنیادا سؤالم لێ بکەیت‌و سزام بدەیت ؟.

وە ئەگەر بەتەنیا هەر ڕستەیەکی خەبەری بێت ئەوا ماناکـــەی سادەیەو ئەڵێ : خوایە ! هەرچێکت دامێ لە دنیادا یەکەیەکە هەر لـــە دنیادا لێت سەندمەوە ، بەڵام هێشتا حیسابی حەشرت لام ماوە ، بزانم ئەو چۆن دەبێت .

مەولەوی فەلسەفەی زۆرە ، بەڵام لێرەدا ماوە کورتە ، لەبەرئەوە لێی بێدەنگ دەبم .

مەولەوی لە هیچ شتێکدا خۆی هەڵنەکێشـــاوە ، زۆر تەبیعەت خاکی بووە . پێوەندیی لەگەڵ ناودارانی ئەو سەردەمەدا زۆر بووە ، لـــە ناخۆشی‌و خۆشیدا هاوبەشیی لەگـــەڵ کردوون ، بەتایبەت لەگـــەڵ جافەکاندا ، بەڵام با ئەوەش بزانین جافەکان نەیانویستووە بەشـــێوەی

پێویست باری ئابووریی ژیانی بۆ مسۆگەر بکەن ، وە هەندێ گرێ‌کوێرەی ژیانی بۆ بکەنەوە ، ئەوەتا لە شەمێران دانیشتووە ، خۆی‌و خزمەکانی بە کشت‌وکاڵەوە خەریك بوون . تارادەیێ بەم بۆنەیەوە ژیانی باش بووە ، بەڵام لە دوایدا عوسمانی خاڵە کە لەلایەن حەمە پاشای جافەوە بووە بە سەرکاری شەمێران زۆری بۆ هێناوەو سزای داوەو زەوی‌وزارەکەی لێ زەوت‌کردووە . لەئەنجامدا لە شـــەمێران دەری کردووە . ئەگەر حەمە پاشا بیویستایە نەیدەهێشت عوسمانی خاڵە بەو شێوەیە لەگەڵ مەولەوی بجووڵێتەوەو لە شەمێران بگوێزێتەوە بۆ تاوگۆزی .

# مەولەوی و هەڵسوکەوتی لە دەوروبەردا

– لەیلان –

ئیمشەو دیارەن بانگم بێ شـــەرمەن
زایەڵەی سەمتوور نە کەللەم گەرمەن

بەڕێزان !

مەولەوی مەزن خاوەنی هەزاران کۆپلەی شیعری وا ناســـك و ڕازاوە ، وا جوان و کاریگەر ، وا بەرز و پڕواتا ، هەرگیز لە خـــۆی بایی نەبوە و خـــۆی لـــە خەڵکی بە زلتـــر نەزانیوە ، بەڵکو هێندە بێ هەوا بووە با خەڵکیش بە شیعرەکانی ئەوەوە شانازی یان کردبێ و بە چاوێکی پڕ لـــە ڕێزو خۆشەویستی یەوە تەماشایان کردبێ ، ئەو خۆی لە کەس بە زیاتر نەزانیوە و هەمیشە ڕێزی لە دەوروبەری خـــۆی گرتووە و نرخی کرداری کەسانی کەی لەلا بووە و هونەرو پیشەی خـــەڵکی بەرز نرخـــاندووە . نموونەیەکی زیندوو بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستی یە ، ئەم سەرگوزەشتەیەی لای خوارەوەیە :

کاتێ سەید حەسەنی موفتی لە سلێمانی دەیەوێت ژنێکی تر بهێنێ ( حەبەخانی کچی شـــێخ عەلی عەبابەیلێ یی )ی بۆ دەدۆزنەوە ، ئەویش خـــوازبێنیی دەکات و هەموو شـــتێك دەبڕێتەوە . تاقمێ سوار لـــە سلێمانی یەوە دەچن بۆ عەبابەیلێ بۆ گواستنەوەی حەبەخان . لەولاشەوە

سواره‌ی عه‌بابه‌یلێ‌یش له‌گه‌ڵ بووكدا دێن بۆ سلێمانی . شــێخ عه‌لیی باوكی حه‌به‌خانیش پیاوێكی ناودار بووه‌و له‌گه‌ڵ مه‌وله‌وی زۆر دۆست بووه ، له‌به‌رئه‌وه مه‌وله‌وی‌یش له‌گه‌ڵ حه‌به‌خان دێت بۆ ســـلێمانی بۆ ئیحتیرامی شێخ عه‌لی . له‌و سه‌رده‌مه‌دا گۆینده‌و ده‌نگ‌خۆشێك ده‌بێــت كه ناوی ( حه‌سه‌نی ئامێ ) بووه‌و له به‌سته‌بێژو به‌یت‌خوێن‌و مه‌قامزانه شاره‌زاو به‌تواناكانی سلێمانی ده‌ژمێررێ‌و ، له‌ناو ده‌ســـته سواره‌كانی تاقمی سلێمانیدا ده‌بێت . كاتێ تاقمی عه‌بابه‌یلێ كه بووكیان پێ‌یه له‌گه‌ڵ تاقمی سلێمانی كه هاتوون به‌پیر بووكه‌وه به‌یه‌كده‌گه‌ن‌و تێــكه‌ڵاو به‌یه‌ك ده‌بن‌و پێكه‌وه به‌ره‌و سلێمانی ده‌كه‌ونه‌رێ ، له رێگا روو له حه‌سه‌نی ئامێ ده‌نێن گۆرانی‌یه‌كیان بۆ بڵێ‌و شایی‌یه‌كه‌یان بۆ خۆش بكات . ئه‌ویش بــه مه‌قامی ( ئای ئای ) ده‌ست ده‌كات به خوێندنی شیعری مه‌وله‌وی كه ئه‌و سه‌رده‌مه به شیعری ( مه‌لا رِحیم ) ناوی ده‌ركردبوو . كـــه مه‌وله‌وی گوێی له‌م مه‌قامه ده‌بێ ، به‌سه‌ر وڵاخه‌كه‌یه‌وه ده‌ســـت‌ده‌كا به گریان‌و هۆن‌هۆن ئاو به‌چاویا دێته خوارێ . خه‌ڵكه‌كه كه ئه‌مه ده‌بینن زۆر پێ‌یان ناخۆش ده‌بێ ، چونكه ئه‌وان بۆ شایی هاتوون كه‌چی وا شایی بوو بــه شین‌و گریان ، له‌به‌رئه‌وه ده‌چن به حه‌سه‌ن ده‌ڵێن تاكـــو بێ‌ده‌نگ بێ بۆئه‌وه‌ی مه‌وله‌وی له‌وه زیاتر شایی‌یه‌كه نه‌كا به شین . حه‌سه‌ن بێ‌ده‌نگ ده‌بێت ، به‌ڵام له دڵا زۆری پێ ناخۆش ده‌بێت خۆشخوانێكی وه‌كـــو ئه‌و بێ‌ده‌نگ بكرێ‌و نرخی هونه‌ره‌كـــه‌ی نه‌زانرێت . له‌به‌رئه‌وه ئه‌چێتـــه بن‌ده‌ستی مه‌ولـــه‌وی‌و پێی ده‌ڵێ : به‌قوربانت بم ! من شـــیعری تۆ ده‌خوێنمه‌وه ، تۆ بۆچ پێت ناخۆشه ؟ مه‌وله‌وی له وه‌ڵامدا پێی‌ده‌ڵێ : من به‌قوربانی تۆ بم ، كه‌ی شیعری من هێنـــده به‌رزه‌و ، كـــه‌ی من وا خۆشم وتووه ؟

بەڕێزان !

ئەم سەربهوردە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مەولـــەوی مرۆڤێکی بێ فیز بووەو خۆی بە زل نەزانیوەو لە خۆی بایی نەبوە ، بەڵکـــو نرخی هونەرو پیشەو کرداری خەڵکی بەرز نرخاندووە ، بۆیە هۆی گریانەکەی داوەتە پاڵ دەنگخۆشیی حەسەنی ئامێ ، نەك بەرزیی شیعرەکانی خۆی .

لەکۆتاییدا دەڵێم هەزاران سڵاو بۆ گیـــانی مەولەوی‌و خۆزگـــە ڕێزگرتنی کەسانی‌دی‌و خۆبەزل نەزانین دەبووە دروشمی گشت لایەکمان‌و ئیتر خۆشبتان .

---


سەرچاوە :

١ - علاءالدین سجادی ، ڕشتەی مرواری ، بەرگی ٥ ، ل ١٢٢ .
٢ - گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ١١٥ ، ساڵی ١٩٧٨ .
٣ - علاءالدین سجادی ، میژووی ئەدەبی کوردی ، ١٩٥٢ .
٤ - ڕاو بۆچوونی خۆم .

# شاعیرێتیی مەولەوی

**ڕەووف عوسـمان**

گەورەم مەولەوی !

لە یادی تێپەڕبوونی سەدەیەك بەسەر لە دنیا دەرچوونتا ، چەپکێ ـ نەء ـ دارستانێ مۆمی نەوازش دەکەمە تەیمانی گۆڕە خەمناکەکەت ، کامە گۆڕ ؟ ئەو گۆڕەی کە جاران نەك بەتەنیا زیارەتگای کۆچو کۆچباری کچە چاوڕەشی جاف بوو ، بەڵکـو قیبلەنمای خاوەن ڕازو نیازو سۆفیانـی دڵپاك و ڕێبوارانی شەکەتی ئەم سەرحەدە بوو ، بەڵام ئێستاکەش دەستی خەڵووزفرۆشێکی تاوگۆزێت ناگاتێ ، تا تەپوتۆزو خەمـی خـەستی ڕۆژگارت بتەکێنێ و قوتیلەیەکت لەسەر دابسێنێ ، یان بە لایەنی کەمەوە بێشکەی خەمە ئەبەدی‌یەکانت ڕاژەنێ .

گەورەم مەولەوی !

کاتێ خۆی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە فەرمانڕەوایەتیی عێراق بە ئەوڕەحمان پاشای بابان سپێررا ، ئەوەبوو پشـتی تێ‌کردو وتـی : هەموو سامان و پلەو پایەیەکی ئەم دنیایە بە قومێ بەفراوی کوردسـتان ناگۆڕمەوە ، خۆ تۆیش لەلایەن فەرهاد میرزای قاجارەوە تەماعت نرایەبەر کە ئەگەر بچێتە ئەو وڵاتە چەندەها زەوی‌وزارو ئاواییت لەسـەر تاپـۆ دەکەن و دەتکەنە موفتیی ئەو قەڵەمڕەوو سەردەمە ، بەڵام ئەوڕەحمان پاشا ئاسایی ئەو هەموەت نەگۆڕی‌یەوە بە بەردو داری وڵاتەکەت . ئەوەبوو تا چاوە گەشەکانت بەیەکجاری لێك‌نا ، ژیانی ڕەندی و هەژاریت بۆ خۆت

هەڵبژارد ، بەدوای پارووپەك نانی شەرەفمەندانەدا وەك كۆچەری‌یەكی بێ‌نەوا ماڵەكەت هەمیشە بەكۆڵەوە بوو ، دێ‌بەدێت پێ دەكرد ، جارێك لە ئاوایی ( بیاوێلە )وە دەتگواستەوە بۆ ( چروستانە )و ، جارێك بۆ ( گوندە )و ( شەمێران )و ، دواجاریش بۆ ( سەرشاتە ) . هەرگیز ئامادە نەبوویت شیعرەكانت بكەیتە سەبوون‌و دەست‌وپلی خوێناویی سوڵتان‌و فەڕاشەكانی پێ بیسمیل كەیت .

دەبوو لە یادی ئەم پیاوە مەزنەدا دەیەها سیمینارو ئاهەنگ‌و كۆڕی تایبەتی سازكرایە ، دەبوو هۆنراوەو بەرهەمەكانی لە پەیمانگەو زانكۆكانا بووترانایەتەوە ، بەڵام چی‌بكەین ؟ مەچەك هێندە دەچەرخێ‌و هێشتا داهاتوو لە بەردەممانایەو لاپەڕەی ژیانیش هەرچۆن بێت لە دڵماندا هەر سپی‌یەو ئاواتەكانیشمان هەر لە بڵێسەدایەو دەبێت زوو بێت یان درەنگ پێ‌یان شاد ببین‌و بە ئاكامی دڵ بكەین .

شاعیرێتیی مەولەوی دەریایەكی نەك هەر قووڵ ، بەڵكو تا چاوی بۆ هەڵخەی بەدەرەتانەو ئاسۆگەی ئەمسەرەو سەری هەروا بەئاسانی بە باڵی شكستەی قەڵەمی ئێمەومانان تەی ناكرێت .

توخمەكانی شاعیرێتیی مەولەوی فرەلایەن‌و پێویستیان بە لێكدان‌و پەرش‌كردن هەیە . بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گەورەكە لە گەلێ لایەنەوە پێنووسی تیا تاودرێ‌و لە هۆنراوەكانیەوە دەست‌نیشان كرێت نەك بەپێچەوانەوە . ئەگەر بە پێودانگی چەمكە ئەكادیمی‌یە جیهانی‌یەكان بمانەوێ دەست‌نیشانی شاعیرێتیی بكەین مەرجە ئەو وزەو توانایە بدۆزینەوە كە لەم ئاقارەدا دەخرێتە گەڕو هۆنراوەمان بۆ فەراهەم دەهێنێت . دە لەم بوارەدا ( مەونەوی ) یەكێكە لەو بلیمەتانەی كە لە ڕیزی پێشەوەی شوعەرای كوردە وەك بەرهەم ، واتە ( شیعرو نەزم ) ، هەرچەندە ئێمە نووكی پێنووسەكەمان لە شیعرا هەڵدەسووڕێنین‌و هەر

ئەویشە جێی سەرنجو گوێ پێدانمان ، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ئەو نەزمە ( نظم ) زۆرانەش پشت‌گوێ خەین ، چونکە کەم تا زۆر پەیوەندیان بە بەهرەو وزەی هۆنینەوەوە هەیە ، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو نەزمە واتاو ناوەڕۆکی قووڵو بەرزو زانست ئاسا بگرێتەخۆ ، دەبا لەم لایەنەوە چاوێك بە بەرهەمەکانی مەولەویدا بگێڕینو بزانین تا چەند وزەی هۆنینەوەی خورو بەدەستەڵاتەو چۆن توانیویەتی بە شێوە زمانی سادەی ( گۆرانی ) ئەو واتاو مەسەلە زانیاریو لۆژیکی‌یە ئایینی‌یانە دەرببڕێ . دیارە ئەم کارە نەك بەتەنیا بەهرەی شاعیرێتیی تیا دەدرەوشێتەوە ، بەڵکو دەسەڵاتێکی باڵا لە زمانو سەلیقەی ڕێزمانیشدا . ئەو بەرهەمانەی مەولەوی کە دیارنو لەسەر زاری زانایانن بریتین لەمانە :

(١) دیوانێکی قەبارە گەورەی شیعر .

(٢) کتێبێکی لەبارەی عەقیدەو بیروڕای ئیسلامەوە بە شیعر بە ناوی ( العقیده المرضیه ) وە کە لەلایەن ( محی الدین صبری النعیمی )یەوە لە میسر لە ساڵی ١٣٥٢ی کۆچیدا لەچاپدراوە(*) .

(٣) کتێبێکی‌تر هەر لەبارەی عەقیدەی ئیسلامەوە بە فارسی بە ناوی ( الفوائح ) کە ئەویش لەگەڵ ( العقیده المرضیه )کەدا لەچاپدراوە .

(٤) کورتەیەکی ( العقیده المرضیه ) هەر بە شیعر بۆ ئەوانەی تازە دەستیان کردووە بە خوێندن .

(٥) نامیلکەیەك لەبارەی ئیسپاتکردنی دروستیی ( رابیطه )وە بە فارسی ، کە وەك مامۆستا مەلا کەریم ئەفەرموێت نوسخەیەکی لای شێخ حەیدەری کوڕی شێخ جەعفەر هەیەو تائیستاش بەچاپنەگەیوە(١) .

---

(*) ئەم کتێبە بە شەرحێکی گەورەی مامۆستا مەلا کەریمەوە لە ١٩٨٨دا لەچاپدراوەتەوە .

(٦) کتێبێکی‌تری بە شیعری عەرەبی کە بریتی‌یە لە ( ٢٠٣١ ) بەیت شیعری ( مصرع ) بە ناوی ( الفضيلة )وە کە مامۆســـتا مەلا کەریمی مودەڕریس شەرحی کردووەو لە کتێبێکی گـەورەی ٨١٩ لاپەڕەیـــدا بەناوی ( الوسيله في شرح الفضيله )وە بە چاپی گەیاندووە . با ئەوەش بڵێم لەوانەیە گەلێ بەرهەمی‌تری ئەم شاعیرە زانایە لەناوچووبێت ، یان تەپ‌وتۆزی ڕۆژگار نیشتووبێتە ملی‌و بە نەزانراوی مابێتەوە . ئەمە جگە لەوە کە کتێبخانەکەی سووتێنراوە .

ئەوەی بەلامەوە نائاسایی‌یە مەولەوی چەند چارەوێی بەهەڵمەتی بە ساراتێنی شیعری کوردیدا تاوداوە ، بە هەمان وزەو جۆش‌و سەلیقەوە ئەسپی شیعر هۆنینەوەی بە زمانی عەرەبی‌و فارسی‌یش تاوداوە . ئەگەر ( ابن مالك )ی عەرەب بە هەزار بەیتە شیعر ڕێزمانی عەرەبی هۆنیبێتەوەو هەتا هەتایە عەرەبەکان کتێبی ( الفيه )کەی بـە نەمر ناوبەرن ، ئـەوا ( مەولەوی )ی نەتەوەی کوردیش بە ( ٢٠٣١ ) بەیتە شـــیعری عەرەبی زانیـــاریی عەقایدو کەلامی داناوە . دیارە ئەمە بەڵگەی شـــاعیریەت‌و زانایەتی‌یەکی لەبن‌نەهـــاتوو پڕ وزەیە . زانای ســـەردەم لەم بوارانەدا عبدالكريم المدرس مەولەوی دەباتە ڕیزی شـــاعیرە بەرزەکانی ڕۆژهەلات‌و دەڵێت :

هەر بژی نامی نامیی مەولەوی !
لە ڕیزی سەعدی‌و جامی‌و مەولەوی

هەروەها دەڵێت : « ئاخ ، مەولەوی ! خۆزگە بەو سۆزو عەشق‌و تێکۆشینە لە وڵاتێکا ئەبووی هەرچیت ئەنووسی وەرئەگیراو لەچاپ‌ئەدرا تا جیهانی کوردستان ، بەڵکوو هەموو جیهانی موسوڵمانان بە تەئلیفات‌و ئاسارو ئەشعارت ڕووناك ببوایەتەوەو ، تا هەموو دنیا بیزانیایە بێشەی کوردستان چ‌جۆرە شێرێکی تێدا بووە » .

(٧) جگە لەو هەموو هۆنراوانەی کە باسمان کردو پەیوەندیان بە شاعیرێتیی مەولەوی‌یەوە هەیە چەندەها ( شەرحو تەعلیقات )ی هەیە لەسەر حاشیەو مەتنی گەلێ زانیاریی سەردەمەکەی خۆی . ئەمە جگە لەو ٣٨ نامە فارسی‌یەی کە بۆ دۆستانو هاورێ‌یانو شێخانی نەقشبەندیی نووسیوە کە سەرجەم لێوڕێژن لە تواناو دەسەلاتێکی مەزن لە هۆشو بیری وردو قووڵو ئەندێشەی فراوانداو ئەوەش دەسەلمێنن کە مەولەوی نەك شاعیرو زانایەکی پایەبەرز بووە ، بەڵکوو پەخشان نووسێکی بەتواناو لێ‌هاتووش بووە . هۆنراوەکانی مەولەوی ئاوێنەیەکی بالانمای کەسێتیی شاعیرن وەك مرۆڤێکی نەفس‌بەرزو گۆش کراو بە ژەکی تاڵو تفتی کۆمەڵگایەکی سەرلێو لە دواکەوتنو نەزانیو هەژاریدا ، خۆ لە لایەکی‌ترەوە لە جیهانێکدا چاوی هەڵهێناوە کە قەشەنگ‌ترین سروشتی هەیەو قیبلەی جوانیو دڵڤانی هەموو ڕۆژهەلاتە . سەرجەم هۆنراوەکانی مەولەوی سەر بە قوتابخانەی ڕۆمانتیکین وەك گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشتی کوردستانو زاڵبوونی سۆزو هەست بەسەر بیرو هوشیاریدا ، جگە لە بەهیچ‌زانینی دەبدەبەو پەری‌پەری دونیاو ڕووکردنە بارەگای خۆشی هەتاهەتایی کە لە جیهانێکی‌تردا دێتە گۆڕێ . دیارە ئەم جۆرە بیرو خوتوورانە تێکەڵ بە هەناسەی شیعرەکانی دەبنو ڕۆمانتیکیەتێکی تێکەڵ بە گیانی ئایینی ( دانتی ) [ ١٢٦٥ – ١٣٢١ ] ئاسای ئیتالی دێنێتە بەرهەم .

دەواری شاعیرێتیی مەولەوی لەسەر ئەم هەسوونانە وەستاوە :–

١ – بەهرەیەکی خوڕو بەتەوژمی سیروان ئاسای بازرەقە بەستوو بە کەژو دوندو هەزار بە هەزارەوە .

٢ – چاوکردنەوە لە سروشتی بەهەشتینی کوردستاندا ، ئەو سروشتەی کە بۆتە ئازووقەو زادی پێت‌بەپیتی هۆنراوەکانی شاعیر بە

چیاو ئێلاخو شەماڵو چەمو باخو زۆزانو کوچو کۆچبارو شەتاوو کچە چاورەشی جافو تەمی سەرچیاو هاژەی کەفچەرێنی چەمو ... هتد .

٣ ـ زیرەکی یەکی تابلێتی بەرفراوان .

٤ ـ هەستو نەستو سۆزێکی مرۆڤانەی گەرموگوڕی ئەوتۆ کە بۆ هەموو بۆنەیەك هاتۆتە سویٚو ناسکترین بەرهەمی هێناوەتە گــۆڕیٚو فرمێسکی گەرمی هەمیشە پیٚ ڕشتووە بۆ وەرینی گەڵای تەمەنی کورتی نەك بەتەنیا وەرزەکان بەڵکو مرۆڤەکانی دەوروبەریشی .

٥ ـ بیرێکی فرە وردی ئەوتۆ کــە وەك ئەندازیارێکی ســەرکەوتوو نەخشەی توخمەکانی سروشتی کێشاوەو فووی ژیانێکی ئەبەدیی کردووە بەبەریدا ، کە بریتییە لەو تەوژمە هەستو سۆزو پاكو بێگەردە کــە مەگەر هەر لەوەوە هەڵقوڵابیٚ . پیرەمێردی نەمر دەڵێت(٢) : « ئەدەبیاتی زۆر قەومو ناودارانی زۆر میللەتم دیوە هیچیان ئەوەندەی ڕۆحی مەولەوی پڕ جۆشو خورۆش نیییە . ڕەنگە لە مەعنای شیعری ( مغلق )ی عەرەبی نەگەم ، ( معلقاتی سبعە )حەوتەوانەی کەعبە پێچو تابو بریقەی شیعرو ئوشترم ئەخاتە کەللەوە ، ( بیدل )یش خەوم لیٚ دەخاو ، ( مەولەوی ) بە ناڵەی دلسۆزیەوە بێداری کردمەوە .

٦ ـ دەسەڵاتو سەلیقەیەکی دانسقە لە زانینی زماندا و هەڵبژاردنی وشە بۆ جێگای شیاوی خۆی ؛ واتە شێوەو ناوەڕۆك بەجۆرێك لێکدا تواونەتەوە دابڕانی نەبێت .

٧ ـ هەڵگرتنی ڕێبازی تەسەوف کە ئەمەش بۆتە هەوێنی گــەلیٚ چامەی بەرزەفڕی سەرکەوتوو .

٨ ـ خەیاڵێکی قووڵی داهێنەرانەی دەگمەن .

ئەگەر هۆنراو بریتی بێت لە کۆمەڵیٚ توخمی جــودا جــودا ، ئەوا گرنگترینیان خەیاڵە . دیارە خەیاڵیش وێنەی شیعری دێنێتە گــۆڕیٚو

لەنێوان ئەو وێنەو تابلۆیانەشدا تەوژمی هەستو سۆزو خورپەو ڕاچەنینو دڵەکوتەو مێشك هەژاندن دروست دەبێت . بێ گومان چونیەتیی خەیاڵی جیهانی کلاسیك گەلێ جودایە لە جیهانی ڕۆمانتیك . کۆلردج دەڵێت(٣) : « خەیاڵ ئەو هێزە لێکدراوەیە کە سیفاتی هەموو دیاردە دژەکان لە بۆتەیەکدا کۆدەکاتەوە ، لەنێوان بابەتی کۆنو نوێو هێمنیو هەڵچووندا » .

بێ گومان جۆرەها خەیاڵ هەیە ، بەڵام ئێمە خەیاڵێکمان مەبەستە کە شاعیر بهاوێتە جیهانی داهێنانێکی نەمرەوە . خۆ لە ئەدەبی کوردیشدا کە ناوی خەیاڵی قووڵی شاعیرانە دێت یەکەم دەردوو مەولەویمان بیردەکەوێتەوە . علاءالدین سجادی دەڵێت(٤) : « مەولەوی خۆی پێغەمبەری شیعرو زەڕنگەری خەیاڵی شیعرو پەیکەرتاشی ئاسمانی بەرزی شیعر بووە » .

مەولەوی مامەڵەی لەگەڵ توخمەکانی سروشتدا نەکردووە وەك خودی خۆیان لە ڕوانگەی بیرو زەینێکی وشكو بێ گیانەوەو هەمیشە دژی ( تسجیلیة ) تۆمارکاریی ڕەنگو ڕوو پەڕیو بووەو کەمتر لێکچواندنی تاك ( التشبیه المفرد )ی بەکارهێناوە وەك شوعەرای کلاسیك . لە زوربەی هۆنراوەکانیا پەنای بردووەتە بەر لێکچواندنی لێکدراوو خوازەی لێکزاو ( تناسل الاستعارە ) کە ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرە تازەگەرییەکە لە ئەدەبی کوردیدا .

سەیرکەن مەولەوی چجۆرە سۆزو ئەوینێکی لاهووتییانە بۆ ئازیزەکەی دەردەبڕێ :ـ

**(٥)نە دڵ یاد ڕاز صەفحەی نامەشەن**
**نە سەرپەنجە هۆش گرتەی خامەشەن**
**یەند نە توی زەلکاو دەوات پڕ وەی**
**مەدران مونتەظیر ، وەلگ ئاوەردەن نەی**

**ئەی مێو صەدای دڵان پێ خەستە**

**وەڵگ مارۆشەوە بەستە وە بەستە**

واتە : « لەبەر سەرخۆشی نە دڵ ئەوەی لەیادە قسە بنووسێ لەسەر ڕووی قاقەز ، وە نە سەرپەنجەشم هۆش و فامی قەڵەم گرتنی هەیە .. هەرچەند قەڵەمی قامیش ئەوەندە لەناو زەلکاوی شووشەی مەرەکەبی پڕ لە مەینەتا ماوەتەوەو چاوەڕوانیی نووسینی کردووە ، سەوز بووەو گەڵای کردووە . ئێستا قەڵەمەکەم ئاوازەیەکی لێوە دێت صەد دڵ لە بیستنی نەخۆش ئەکەوێت ، گەڵاکەشی بەستە بەبەستە ئەو ئاوازەی بۆ ئەسەنێتەوە » .

لە شوێنێکی تردا بە یەك تاقە بەیت ئەم وێنە جوانەمان دەداتێ :ـ

**(٦)کزەی ڕەشەبای هەناسان سەرد**

**سیامال عەیش تەختە تەختە کەرد**

واتە : « کزەی ڕەشەبای هەناسەی ساردم دەواری ژیانمی تێکداو تەختەکانی لێك کردەوە » .

**دڵ بیەن وە دار سەرکەل لای وەشت**

**لافاوان ئامان ڕیشەش وست وە دەشت**

**چەمەڕای وایێن نەسیم بدۆ لێش**

**ڕیشەکەنش بۆ ساکن بۆ پەی ویش**

واتە : « دڵم وەك دارێکی لێهاتووە کە بە بەرزاییەکەوە بێ و باران لێیدابێ و لافاو هاتبێ ڕیشەکەی خستبێتە دەرو ئێستا چاوەڕوانی بایەکە لێیبداو ڕیشەکەی لە بن هەڵکەنێ ، تا بۆ یەکجاری دامرکێتەوە » .

ئەگەر بەوردی لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردیمان والا کەین و بیدەینە بەر شەنی لێکۆڵینەوە ، زوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مەولەوی لە چەند

مەیدانێکدا لە ڕیزی پێشەوەی شاعیرانی کورددایە ، ئەگەر بابەتی سروشت کۆڵەکەیەکی قەف ئەستووری قوتابخانەی ڕۆمانتیك بێت ، ئەوا مەولەوی دامەزرێنەری ئەو کۆڵەکەیەو خاوەنیەتی . دیارە پیاهەڵدانی سروشتی ناسکی کوردستان‌و پڕکردنی دەماخی ئینسانی کورد لەم سروشتە تەلیسماوی یەو خۆشەویست کردنی لە لای بەشێکە لەنەتەوە پەرستی ، بەڵام بەم ڕێگا تایبەتی یەدا . گۆران لەم بوارەدا دەڵێت : «(٧) لەمەدا بلیمەت مەولەوی یە لە هەموو دێڕێکی هەڵبەستەکانیا بەردێك لە هەڵدێرە سەختەکانی کوردستان ( لووتکەی ئاتەشگا ) بە بازرەقە بەستن تل ئەبێتەوە ، شەپۆلێك لە قەڵبەزەلەی سەرچاوەی زەڵم خۆی ئەدا بەسەر تاوێری بەرداو ئەبێ بە لافاوی کەفی شیر ، پەڵەهەڵمێکی دووکەڵاوی لە سەهۆڵەکانی گۆمی زرێبار بەرزئەبێتەوەو لەگەڵ هەناسەی ساردی مەولەوی خۆی بەری ئاسمان ئەگرێ .

شێخ نووری شێخ ساڵح‌و گۆران‌و دیلان قوتابیی هەمان قوتابخانەی مەولەوین لە مەیدانی سروشت‌ڕانی‌و وەسفی بەبرشت‌و نازداری دیمەنی کوردستاندا . نابێت ئەوەش فەرامۆش کرێت کە فەلسەفەی مەولەوی لەمەڕ سروشت هەندێ جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوانی‌تردا ، چونکە هەریەکە لە ڕوانگەی تایبەتیی خۆیەوە ڕوانیویەتە سروشت‌و دیاردەکانی . خاڵۆی کۆماسی واتە ئەحمەدبەگی کۆماسی کە شاعیرێکی دیاری سەردەمی مەولەوی بووە لە نامەیەکدا باسی شایی‌یەك بۆ مەولەوی دەکاو ئاوات ئەخوازێ کە مەولەوی هاوبەشیی تێدا بکردایە . مەولەوی‌یش بێ‌ئەوەی شایی‌یەکەی دیبێ لەسەر ئەو وەسفە ئاوا باسی شایی‌یەکە دەکات :

**(٨)نامەی نەفتینت یەك ڕۆ باد ئاوەرد**
**کلپەی بلێسەی کوورەم زیاد کەرد**

**صەدای ( لاو هەی لاو ) زڕەی زەڕ زنجیر**
**سلسلەو بانی‌سەر ، بەند زدێو لاگیر**

زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگلەی زەڕ
لەرزەی نەونەمام ، لەرەی لیمۆی تەڕ
شەقەو تەقەی گەرم ، چەپلەو چیلەی نەرم
چریکەی وە ناز ، تریکەی وە شەرم
لارەی قەتارەی لاو شەدەلاران
ئیشارەی کەم‌کەم پەنجــە وشاران
وە لیمۆی ئالای کالای بالای شەنگ
قرچەو چۆقەی جەرگ دڵ وە خەمان تەنگ
شـــاخەی شریخەی خشڵ نیمە ڕەنگ
فرەی فۆتەی شۆڕ پازنۆی گوڵەنگ چەنگ

سەیرکەن چۆن ( گۆران )یش لەسەر هەمان دارو باری مەولەوی تەونی ئەم بابەتەی کردووە بە داراو چۆن لە گەشـــتەکەی قەرەداغدا وەسفی هەڵپەڕکێیەکمان بۆ دەکات :ـ

گوڵ بە ئاهەنگی ئامان لەرزۆکە
پێیە دابنێو پێیە بەرزۆکە
بەناز لار بگرە سەری بێ پووشین
با بریقەی بێ کڵاوزەڕ چین چین
پێچکەی پشتەسەر لەسەر زوڵفی ڕەش
با بجریوێنێ وەك ئەستێرەی گەش
شانی بۆ شل کەو خۆت هەڵسێنەوە
سوخمەی سەر مەمك بلەرێنەوە
با پێچکەی نقێم گورج گورج بە تاســە
لێو بێتە ســەر گولمی هەیاسە

وەك دەركەوت مەولەوی شایی‌یەكەی نەبینیوەو ( تصور )ی كردووە ، بەڵام گۆران خۆی لە شایی‌یەكەدا بووە . ئیتر بۆ خوێنەرو ڕەخنەگر هەیە بە هەموو شێوەیەك ڕای خۆی دەربڕێ هەرچەندە هەردوو هۆنراوەكە گەلێ سەركەوتوو و بەبایەخن .

سەرنجێكی وردی ڕەخنەگرانە لە بابەتە سروشتی‌یەكانی مەولەوی گەیاندوومیەتە ئەو ئەنجامەی كە مەولەوی لاسایی سروشتی نەكردووەتە ، واتە پشتی كردۆتە ڕاكەی ئەرەستۆ « هۆنراو لاسایی سروشت دەكاتەوە = الشعر محاكاة للطبيعة »ی مەڕ(٩) قوتابخانەی كلاسیك ، بەڵكوو جارێكی‌تر لە ڕوانگەی بیرو فەلسەفەو خەیاڵی خۆیەوە سروشتی دروست كردۆتەوەو گەیاندوێتیە چلەپۆپەی جوانی ، بەڵام ئەم دیاردەیە خۆی لەخۆیدا فەلسەفەی ڕێبازی ڕۆمانتیكەو لای كۆلرجو زروثو شللی بەجوانی دەدرەوشێتەوە . لای قوتابخانەی كلاسیك هۆش‌و بیرو زەین بەردی بناغەی هۆنراوەن‌و لە هەموو شوێنێكدا دەدرەوشێنەوە ، بەڵام لای مەولەوی هۆش‌و بیرو زەین وەك تارمایی‌یەك بەئاستەم لەودیو جیهانی هەست‌و نەست‌و سۆزو خوڕپەو ڕاچەنینەوە بەدی‌دەكرێن ، واتە لایەنی ویژدان وەك ئەستێرە دەدرەوشێتەوە ، بەڵام لەودیو وێنە شیعری‌یەكانەوە ئاسۆی بیرێكی وردو قووڵ شیرازەی بابەتەكانی گرتووە . نابێت ئەوەش فەرامۆش كەین كە لە هەندێ هۆنراوەیا تارمایی بیرو باوەڕی موسوڵمانێكی ڕێباز ئەشعەری سۆفی ئەم سەرەو سەرێتی .

ڕەخنەگرە جیهانی‌یەكان لەو ڕایەدان كە باشترین مەیدانی شیعر ( سروشت‌و دڵداری‌و شیوەن )ە . دیارە مەولەوی لە مەیدانی سروشت‌و شیوەندا تەنیا سوارەیەو سەرخێڵی كۆچ‌و كۆچیاری قافڵەی خەم‌و مەینەتەو لەم دوو ئاقارەدا ڕابەرو مامۆستایەكی سەرامەدە . لە

دیوانەکەیدا ( ٢٧ ) پارچە هۆنراوەی شیوەن هەیە کە هەر یەکێکیان نەك کۆتەڵێکەو سوارچاکێ دەلاوێنێتەوە بەتەنیا ، بەڵکوو دانە فرمێسکی خوڕو قرچەی دەروون‌و هاڵاوی دڵ‌و هەناوی سووتاوو گڕو گڵپەی ویژدان‌و شەپۆڕو نزاو قوڕپێوان‌و خەمێکی ئەبەدیی ئیقلیم‌گیرە . لەنێو ئەم چامانەدا حەوت چامەی شیوەنی پێشکەشی عەنبەر خاتوونی هاوسەری کردووە . عەنبەر خاتوون بۆتە ئاوازێکی خەمگین‌و بەخوڕ فرمێسکی پێ ڕژاندۆتە سەر ڕیشە نوورانییەکەی . (١٠)« ئەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە مەولەوی لە ڕۆژێکدا ئەوەی کردووە لە سەرانسەری کوردستاندا هەر پیاوێك خێزانەکەی بمردایە پێی نەنگ بوو زوبر بووایە . ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مەولەوی باوەڕی وابووە ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو ، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مەولەوی چەرخێك پێش سەردەمی خۆی کەوتووە » . علاءالدین سجادی دەڵێت : (١١)« ئەگەر ئێمە بڵێین لاوانەوەکەی مەولەوی بۆ خاتوو عەنبەر گەلێ بەرزترە لە هینەکەی ( دانتی )ی شاعیری سەدەی سیانزەهەمی ئیتالی بۆ دوستە جوانمەرگەکەی ( پیاتریتشی ) ، وەنەبێ لە حەقیقەت دوورکەوتبینەوە وەیا قەومی‌یەت بێنینە ناوەوە » . سەیرکەن چۆن تاڵ تاڵی ئەگریجەو پرچی عەنبەر خاتوون بۆتە مارو گاز لە زامی دڵی پرجۆشی مەولەوی دەگرێت :—

دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیلێ کەیل
مەحرەم وە ڕازان خەڵوەتخانەی لەیل
پەروانەی مەزار ئەو ئاوات واستەم
تەرجەمەی حاڵات پەشێویی جەستەم
عەرزکەر وە لەیلا وە صەد خەمەوە
چەم وە نەمەوە ، دڵ وە تەمەوە :

دیوانەکەت دیم بڵێسەش بەرز بێ

بەرزیی بڵێسەش هەر سات صەد تەرز بێ

لەبەرئەوەی هۆنراوەکانی مەرحوم عەنبەر خاتوون لیپاولیپن لە فرمێسک‌و بەوەفایی‌و سۆزو شەونخونی‌و خەم‌و لەهۆش‌خۆچوون‌و قورپێوان لەلایەک ، وە پیاهەڵدانی جوانی‌و خۆشەویستی‌و لەئامێز گرتنی ڕۆژانی جوانی لەلایەکی‌ترەوە ، بۆیە لە وتاریکی‌ترمدا ، بۆ یەکەمجار ، ئەم بابەتەم بە (١٢)« دڵداری‌بە شیوەن » ناوناوە ، چونکە هەردوو تەڵەکە ئاوازێکیان لێ هەڵدەستێ .

وەنەبێ هەر عەنبەر خاتوون ئیلهام‌و سروشی هۆنراوەی شیوەنی مەولەوی بووبێت . ئەوەتانێ چەپکێ گوڵی شیوەنی داوە لە سینگ‌و بەرۆکی شیعری کوردی . دیاردەی فرە شیوەن کردنی مەولەوی ئەنجامی ڕاستگۆیی‌و بەوەفایی‌یە لەگەڵ هاوڕێکانیدا ، جگە لەوەی کە خودی شاعیر خاوەنی هەست‌و سۆزێکی خەمناکەو نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت کە لەنێوان هۆنراوە شیوەنەکانیدا بیرۆچکەی موسوڵمانێکی ئەشعەری ڕێباز وەک تاپۆو بەئاستەم جاروبارێک جەمسەری مردن‌و ژیان بە ئاوێنەی چارەنووسەوە دەبەستێتەوەو هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە مادامەکی ژیان سەفەرێکەو جڵەوی هاتنی مرۆڤ بەدەست خۆی نەبوە ، گەرەکە هەمیشە توێشووی ئەو دنیای لەپشتدا بێ‌و هەوڵ‌و تەقەللاو (کسب)ی بۆ بکا ، هەرچەند مەسەلەی (کسب) وەک مەفهومێکی فەلسەفی لای ئەبولحەسەنی ئەشعەری‌و تاقمەکەی تەم‌و مژاوی‌و نادیارە ، بەپێچەوانەی موعتەزیلەوە کە کسب لایان بەستراوەتەوە بە تواناو ئیرادەی خودی مرۆڤەوە . لە مەیدانی هۆنراوەی شیوەنیشدا گۆرانی بلیمەت لەم چامەیەدا یان موتەئەسیرە بە مەولەوی‌یەوە یان وەک ( معارضە )ی چامەیەکی ئەو بەکاری‌هێناوە . مەولەوی شیوەنی کوڕێکی مەحموودی پاروەیسی هاوڕێی دەکاو دەڵێت :ـ

پەردەی سەبووریم دڕیا ، ڕۆڵەڕۆ
ریشـــەی جەرگەکـەم بڕیا ، ڕۆڵەڕۆ
وە ناکام هیجرەت کەردەم ، ڕۆڵەڕۆ
داخان گشت وە خاك بەردەم ، ڕۆڵەڕۆ
خانومان خامـــۆش بێ تۆ ، ڕۆڵەڕۆ
ئەطفالان مەدهـــۆش بێ تۆ ، ڕۆڵەڕۆ
تەڵمیت ســـیاپۆش بێ تۆ ، ڕۆڵەڕۆ
خاتوونان بێهـــۆش بێ تۆ ، ڕۆڵەڕۆ
پەی عەقیدەو دین موسوڵمانیت ، داد !
پەی شێوەی شیرین نەوجوانیت ، داد !
پەی ئەو عەقڵو فام هۆشیاریت ، داد !
پەی خۆش نیگاریو خۆش ڕەفتاریت ، داد !

گۆرانی نەمریش هەر لەســـەر هەمان کێشی دە بڕگـــەیی و وەك ( معارضە )ی هۆنراوەکەی مەولەوی بۆ هیوای کوڕی لاواندوەتەوە ، با ئەوەش لەبیرنەکەم کە گۆران هێنـــد بەم هۆنراوەیەی موتەئەســیرەو دەفەرموێت : « بەڵام هیچ گومانم نییە لە هەڵبەســـتە هەڵبژاردەکانی ئەوە ، هەروەك لە نموونە هەرە بەرزەکانی شیوەننامەیە لە ســـەرپاکی ئەدەبی کوردییا » :ـ

(١٣) سا بۆم بڕوانە تێر بەو چاوانە
ڕۆڵە مردنەو فرمێسك بارانە
هیوا ، ڕۆڵە ڕۆ ! کۆرپەم ، ڕۆڵەڕۆ !
ئەو کوڵمە ئالە نەرمەو نۆڵە ڕۆ !
ئەو قژەزەردە ، ئەو چاوانە ڕۆ !
ئەو نەغمەی دایەو بابە جوانە ڕۆ !

**تا دەممان لە گۆ ئەکەوێ وەك تۆ**

**هیوای دایە ڕۆ ، هیـوای بابە ڕۆ !**

شێخ سەلامی شاعیریش هەر لە هۆنراوەیەکی شیوەندا کـە بۆ کوڕەکەی وتووە ، موتەئەسسیرە بە مەولەوی‌یەوەو لەسەر هەمان کێشی دە بڕگەیی موستەزادە :ـ

**(١٤) جەرگت هەڵئەقرچێ ، دڵ پڕ لە ناڵین جەرگم براوە**

**چۆن ئۆقرە ئەگرێ سەر لەسەر سەرین مێشکم پژاوە**

**کولیلو شـــینە ، ئیشم بەنۆرە ڕۆڵەڕۆ ، ڕۆڵە**

**دەستەئەژنۆ بووم ، بووم بە کـوتەوە لەم دەشتە چۆڵە**

دوو دیاردەی شاعیرێتی‌یەکی کەم‌وێنە کە لەلای مەولەوی دیومن ، لای هیچ شاعیرێکی کورد نەمدیون‌و هەتا ئێستاش جێگای ســەرنجمن‌و هەر پیایاندا دەچمەوەو لێ‌یان ورد دەبمەوە :

یەکـــەمین : ڕەخنـــەگرە جیهـــانی‌یەکان هــەر لــە ( ئەلن‌تیت )ەوە هەتـا ( ریتشـارد )و ( بیلینسـکی )و ( ســتانلی هایمن )و ( ئامری ) .. هتد لەســـەر ئەوە هاوڕان کـــە هـۆنراوەی شـــاعیری زاناو فرە ڕۆشـــنبیرو فەیلەسووف مەشرەب جیـــاوازە لەگەڵ هۆنراوەی شاعیری ئاســـاییدا بەوەی کـــە بەرهەمی شـــاعیری زانا هەمیشە زاراوەی زانیاری‌و لۆژیك‌و کەلام‌و وشەئارایی‌و واتای قووڵی تەجرید ئاسا دەگرێتە خۆی ، لەسەر حیسابی ناسکیی خەیاڵ‌و گەرمیی سۆزو هەڵچوون‌و خوڕی‌و بۆهاتنی ئاسایی‌و خۆ ئەزێت نەدان ، واتە لای شاعیری زانا زۆر لە خۆ کردن‌و ماندوو کردنی لە ئەندازە بەدەری هۆش‌و بیر زاڵە بەسەر لایەنی خۆڕسکی ( تطبع )و بێ‌گرێ‌و گۆلیدا وەك هەندێ بەرهەمی ( أبو العلای معری )و ( أبو تمام )و ( ئەلیۆت )و ( شـــیللر )و بابەتە پەند ئامێزەکانی سەعدی . دە مەولەوی لە زانیاری سەردەمەکەیدا

زاناو هۆشیارێکی بێهاوتای ئەوتۆ بووە کە نەك بەتەنیـــا حاجی کاك ئەحمەدی شێخ داوای ئەوەی لێ‌کردووە نەسیحەتی بکات ، بەڵکوو وەك نوێنەرێك لە کوردستانی ئەمدیوەوە نێرراوە بۆ شاری سنە بۆ چارەسەر کردنی هەندێ کێشەی مەزهەبی‌و ئاینی‌و لەوێش لەلایەن فەرهاد میرزای قاجاریی والیی سنەوە ئاهەنگی لەقەبی مەولەویی بۆ سازکراوە لـــەو ڕوانگەیەوە کە ئەمیش هاوتای ( مونالا جلال الدینی ڕۆمی )ی ناسراو بە ( مەولەوی )یە . جگە لەمانەش هەرچی زانیاری کەلام‌و لۆژیك‌و ئەرەستۆو غەزالی‌و ئیبنوسیناو موعتەزیلەو ئەشعەری هەیە تەڕاتێنی تیا کردووە . خۆ دەبوو ئەم زانیاری‌یانە هۆنراوەکانی قورس کەنو کەم تا بیشێ تەمی تجریدات لێڵ‌و زەین ئامێزی بکات . دە لەگەڵ ئائەمانەشدا هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە هێندە خوڕو بێ‌گرێ‌و گوڵ‌و نزیك لە هەست‌و نەست‌و سۆزی مرۆڤەوەن کە بوونەتە ویرد بەسەر زمانی گۆرانی‌بێژان‌و هۆرە چڕانو خەڵکانی ئاسایی‌یەوە پەڕەی دڵ دێننە هەژان‌و پڕن لە مۆسیقاو جۆش‌و خورۆش‌و دینامیکیەت‌و هەرگیز مرۆڤیش هەســـت بەوە ناکات کـــە خاوەنی ئەو هۆنراوانە هێندە عالیم‌و لۆژیك زانە ، خۆ کە دێینە سەر کتێبی ( الفضیلە )کەی وادەزانین تەنیا سوارەی مەیدانی لۆژیك‌و بـیر هەر خۆیەتی ، واتە وەك ( دوو ئاو لە جامێ هەریەك لە ڕەنگێ ) کە ئەم دیاردەیە نەك بەڵگەی وزەی شاعیرێتی‌یەکی ئێجگار گەورەیە بەتەنیا ، بەڵکـــوو بەڵگەی ســـەقامگیربوونی دوو بەهـــرەی جـــودایەو لـــە هەردووکیشیاندا ، واتە مەیدانی ( ویژدانی‌و بابەتی ) گەلێ سەرکەوتوو سەرتەڵە(*) .

(*) مەولەوی عەقیدەی مەرضی‌یەو فەضیلەو فەوائیحـــەکەی بـــۆ مەلاچاکو خوێندەوارە بالاکان داناوەو ، ئەمانی‌تریشی بۆ هۆزەکەی خۆی‌و جەماوەری دەوروبەری‌و ، هەرکەسە بە زمانی خۆی لەگەڵی دواوە .

دووەمین : زووبەی ڕەخنەگرانی مەڕ هۆنراوە پەیجۆری دۆزینەوەی ڕێبازێکن کە جۆرە سەقامگیریو ئالوودەبوونێك بدا بەدەستەوە لەنێوان کێشە عەرووزییەکانو بابەتە شیعرییەکانـدا ، واتە بەستنەوەیەکی هارمۆنی نێوان مۆسیقاو ئاواز بە جیهانی هەستو سۆزو ڕاچەنینەوە ، لەئەنجامی کۆششێکـی زۆردا چەند ڕایەکی وردیان لـەم بوارە گرنگەدا بەدەستهێنا . هەر بۆنموونە وەك گونجانی بابەتی خەمو پەژارەو شیوەن لەگەڵ کێشە فرە بڕگەو درێژەکاندا وەك کێشی ( طویـل ـ بسیط ) وە ئالوودەبوونی بابەتی حەماسەو شەڕوشۆڕ لەگەڵ کێشی کورتو سەروای جووڵاودا . . . یان بابەتی کاری هەرەوەزو هەڵسو کەوتو سـەروای سروود لەگەڵ کێشە زۆر کورتەکاندا . . یان . . یـان . . هتـد . لەنێو شوعەرای کورددا هەمەجۆر کێشی خۆماڵیو بێگانە بەکارهێنراون ، بەڵام لای مەولەوی دیاردەکە بەجۆرێکیتر کەوتۆتەوە . مەولەوی ، بەپێچەوانەی هەر هەموو شوعەرای کورد ، بۆ بابەتەکانی دڵداریو شیوەنو وەسفو سروشتو پیاهەڵدانو . . یەك جۆر کێشی خۆماڵی ڕەسەنی بەکارهێناوە کە ئەویش کێشی دە بڕگەیی پشتاوپشت بەکارهاتووی ئایین ئامێزی کۆنی نەتەوەییمانە . لای مەولەوی ئەم کێشە هێندە هونەرمەندانـەو خـوڕ بەکارهاتووە وەك شەتاوی زەڵمو سیروان خۆی بە تاشی وشەدا دەداو هاڵاوی دڵی مەولەوی دەکاتە سەرپۆشی دەماوەندو شاهۆ ، بەپێچەوانەی ڕای ڕەخنەگرەکان تەنانەت بۆ زانیاری عەقایدیش هەر کێشی دە بڕگەیی بەکارهێناوە . با ئەوەش لەیادنەکەم کە ئەو ٢٠٣١ بەیتە شیعرەی کە کتێبی ( الفضیلە )ی گرتووتەخۆ لەسەر کێشی عەرەبی ( الرجز ) دانراوە کـە بریتییە لە شەش جار ( مستفعلن ) . ئەم کێشـە هەرە کۆنە زۆرتر بـۆ بابەتی هەراو حەماسەتو شەڕەدەنووکی پێش هەرە بەیەکادانو سـاتە ناسکەکانی گەرمبوونیەتی ، بەڵام لای مەولەوی بەپێچەوانەی هەموو دابو

نەریتێکی شیعردانانی عەرەب . بابەتی بیروڕای قووڵو فەلسەفە ئامێزی گرتووەتەخۆ . دیارە ئەمەش داهێنانەو(١٦) ئەرەستۆش لەم بوارەدا دەڵێت: لادانو تاکمەندێتیو سەرپێچی لە ڕێبازی خەڵك بە باری داهێناندا خۆی لەخۆیدا لەزەتو خۆشی یەکی هونەری یە .

وەك وتم مەولەوی هەموو بابەتەکانی لەسەر یەك کێش دارشتووە. لە بارتەقای ئەمەشدا گرنگی بە ئیقاعو مۆسیقای ناوەوە داوەو وەك وەستایەکی لێهاتوو کارامە دەنگانەوەی وشەو دەستەواژەکانی بەستۆتەوە بە واتاو مەبەستەکانەوە . بۆ سەلماندنی ڕاکەم پەنا بۆ چەند هۆنراوەیەکی دەبەم . سەیری وەسفی ئەم ڕەشبەڵەکەکەن کە نەخشی دەنگو ڕەنگو بۆنو هەستو نەستی کێشاوە بەم وشە ساکارانە :

**شەقەو تەقەی گەرم ، چەپڵەو چیڵەی نەرم**
**چریکەی وە نار ، تریکەی وە شەرم**
**سەمای دەسماڵان ، ڕەمای نەوهاڵان**
**نەمای مەلالان ، نمای وەش خاڵان**
**شاخەی شریخەی خشڵ نیمە ڕەنگ**
**فرەی فۆتەی شۆڕ ، پاژنۆی گوڵەنگ چەنگ**
**وە لیمۆی ئاڵای کاڵای باڵای شەنگ**
**قرچەو چۆقەی جەرگ دڵ وە خەمان تەنگ**

تێڕوانینێکی وردی ڕەخنەگرانە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە مەولەوی بۆ هەر واتاو ناوێك وشەیەکی بەکارهێناوە کە پڕبەپڕ لەڕووی مۆسیقاو فۆنەتیکەوە هاوجۆرنو لەیەکدا تواوەن . سەیرکە ( وە لیمۆی ئاڵای کاڵای باڵای شەنگ ) وشەکان خۆیان لەخۆیاندا بەرزی بەژنو باڵا دەنوێنن ، یان ( شاخەی شریخەی خشڵی نیمە ڕەنگ ) بێ ئەوەی ئەو بڵێ تۆ گوێت لە خشەو بەیەکادانی پڵپڵەو گۆبەرۆکو گوارەو خودی

ناوەکان ( اسماء ) کردارەکانیان ــ وەك فۆنەتیك ــ تیا ڕەنگ دەداتەوە . مەولەوی هەر لەو فۆنەتیكسازی‌یەدا پەنای بردووەتــە بەر قافیــەی ناوەوە . سەرنجبدەن :

**سەمای دەسماڵان ، ڕەمای نەوهاڵان**

یـــان :

**ونەوشە بۆیێ ، گوڵ خونچە جۆیێ**
**بەهانە جۆیێ ، کە عبەسا جۆیێ**

یـــان :

**جەمین قەمەرێ ، شیرین دڵبەرێ**
**مشکینە خاڵێ ، یۆسف جەماڵێ**

لەم جۆش‌و خرۆش‌و قافیەسازی‌یەی ناوەوەدا مەلای جزیریم بەبیردا هات کە ئەویش هەر لەسەر هەمان ڕێباز هەندێ هۆنراوەی وتووە کە ئەم هۆنراوەیەی لەسەر کێشــی ( رجـز )ی زیاد کراوە واتــە چوار جار ( مستفعلن ) :

**من دی سەحەر ، شاهی مەجەر ، لەبسی دبەر ، مەخموور بوو**
**ئەو دیم زەرەی سورِ موشتەری ، یارەب پەری یا حوور بوو**
**حۆری وەشە ، شیرین مەشە ، کاکۆڵ ڕەشە ، خاڵ حەبەشە**
**خاڵێن دفەر ، میسکی تەتەر ، نازك بەشەر ، کافوور بوو**
**نازك لەتیف ، گەردن خەفیف ، لەبسی شەریف ، کێخمەو قەدیف**
**من دی بە وەخت ، ئەو نیك بەخت ، ئیرۆ لە تەخت ، فەغفوور بوو**

یـــان :

**وەهارەن ، سەوزەن ، ئاوەن ، سەرکاوەن**
**هاژەی وەفراوەن ، شاخەی شەتاوەن**

**سەنگەن ، کۆسارەن ، سەرکووەن ، هەردەن**
**خەمەن ، مەینەتەن ، زوخاوەن ، دەردەن**

کەواتە گۆران ناهەقی نەبوە کە لە چلەی پیرەمێردا نووسیویەتی:«١٧»
مامۆستا پیرەمێرد قەڵـەم بەدەستی سەیـەم پەری گـەورەی ئەدەبو تەصەوف مەولەوی بوو . مەولەوی ئەو شاعیرە بەرزو نەمرەیە کە هەموو پیتێکی دیوانەکەی کچە کوردێکی شۆخو نازدارە بـە بەرگو پۆیلانـەی خۆماڵـی تەواوەوە ، بەڵام بـە شێوەیەکی کەلاکەوتـووی با ونکردووی زمانەکەمان شێوەی گۆرانی ، کە زمانی میری بوو لە قەلەمڕەوی ئەردەڵانا، لە کاتی شکۆیا ، کە جار بووە سێ کوچکەی ناوەندی کەرکووك ــ هەمەدان وە کرماشان هەمووی بگرێتەوە . بەڵام لە ئەدەبی بەرزا ، لە شیعـری ڕاستەقینەدا بەڕاستی زۆر بە پێشیاوی ناوی خۆت نا گیانی مەولەوی . تاوێك تۆ ئەگەڕایتەوە بۆ سەدەو جێگای ژیانی خاوەن گیان [ واتـــە : مەولەوی ] ، شوێنی بالا جوانە بچووکەکەی ئەکەوتی کە لەژێر خەرقەیەکی سەوزی ئاودامانا بوو ، بەکەڵەك لە سیروانی ئەرخەوانسوور ئەپەڕیتەوە، بە لووتکەی شاخی ( بەمۆ )دا هەڵئەگەڕای ، لە کۆی ئاتەشگا ( کەڵ )ت ئەکوشت ،بەسەر بەستەڵەکی گۆمی زرێبازا ئەچووی بۆ بانە ،لە کوێستانە ساردەکانی سنـەو حەسەناوا بەفـراوت ئەخواردەوە ، لە گەرمیانـی شیروانەو شاکەل لەگەڵ چاوڕەشەکانی جاف دەوارنشینیت ئەکـــرد ، تاوێکیش ئـەو [ واتە : مەولەوی ] خۆی ئەهـات بە میوانـی گیـــان [ واتە : پیرەمێرد ] بۆ سەردەمو مەڵبەندی تۆ ، بە جلی شارستانیـیەوە سواری ئۆتۆمۆبیلی قەمەرە ئەبوو ، سەیرانو گەشتی ناو قۆپیو سەرچنارو پیرەمەگرون ، ڕاوەماسی چەمەکـانی زێو تانجەرۆی ئەکرد ، لەباتـی دەفـو دەروێشو نەیچی گوێی لە قەتاری ڕەشۆڵو ئاوازی کەمانو عوود ئەگرت ] . مەولەوی هێند وزەی هۆنینەوەی خوڕو بێنگرتوو بەتەوژم

بووه هەرگیز دانەماوه بۆ وشەو دەستەوارەو نەبەر پارسەنگی کێشی زمان‌و ڕێزمانی لە قاڵب نەداوە . لەنێو شوعەرای کوردا نەمدیوە شاعیرێ لەکاتی دانانی هۆنراوەدا ئاسایی بێت بەلایەوە کە بلێ : ئەی هاوار ! بارە دەروونی‌یەکەم هێندە ناجۆرو شێواوە قافیەم لێ تێکچووەو ئیترچۆنی بۆ هاتبێ ئاوا نووسیبێتی‌و لەو ڕێبازەی جووت قافیەی ( مصرع )ە لای‌دابێ . ئا ئەم دیاردەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە لای مەولەوی هەمیشە نەك خورپەو سۆزو وپژدان سنووری بۆ کێش‌و قافیەو بارە هونەری‌یەکان داناوە بەتەنیا ، بەڵکوو زۆر لەخۆکردن‌و تەم‌ومژو خۆ ئەزێت‌دان لە فەرهەنگی ئەم شاعیرەدا هەست پێ ناکرێت ئەگینا چۆن‌چۆنی کابرا قافیەی لێ تێکچێ‌و کەچی هەر لەسەر بای بەرەی خۆی سۆزو خورپەی دڵی خۆی بەبادا بدات. دیارە ئەمە بەڵگەی جۆش‌و خرۆشی سۆزو هەڵچوونەکەیەتی‌و وەك خۆشی لە هۆنراوەکەدا دەری‌خستووەو وتوویەتی : سەرزەنشتم مەکەن ئەگەر ئاخری وآتە قافیەی شیعرەکانم شێوابن ، چونکە کە شوعوور پەرێشان بوو شیعریش پەرێشان ئەبێ . ئەمەش بەشێکە لەم تاقیکردنەوە سەرامەدە کە من وای بۆ دەچم لە شیوەنی کوڕەکەیدا وتبێتی :

**بەرزان هیلال تار وەروان قەرار دا**
**غوورِەی شار شۆر دلاَن دیار دا**
**سەوزە وستەن فەرش ئەو چەمەن دەس دەس**
**گوڵان جام وە دەس ، بولبولان سەرمەس**
**مەنعم مەکەردێ گرانەن دەردم**
**ئەر شێویا بۆ قافیەی فەردم**
**فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من**
**هەر سەوزەی مراد من نادیارەن**
**داد جە هەوای شووم بەدستارەی من**
**هەر ئەوگوڵاڵەی من نە پێوارەن**

وەك دەركەوت دوو بەیتەكەی دوایی قافیەكەی تێكچووەو شێوەی چوارینی گرتووەتەخۆ .

حەزدەكەم هەر لەژێر دەواری شاعیرێتی مەولەویدا هەسوونی چەند ڕایەكی‌تر داكوتم :

یەكەمین : هەندێ تێبینی سادەلەوح وادەگەیێنن كە گوایە ئەگەر مەولەوی نەچوایەتە سەر ڕێبازی سۆفی‌گەری نەئەبوو بەو شاعیرە پایە بەرزە . لە وەڵامدا دەڵێم : مەولەوی پێش ئەوەی سۆفی‌و خواناس بووبێت شاعیرێكی چاك بووە . باشترین بەڵگەشم ئەو هۆنراوە بەسۆزو بەبڕشتانەیە كە لە سەردەمی لاویدا وتوونی ، بەتایبەت بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی كە هاوڕێی گیانی بەگیانی بووە . بێگومان ئەمە ئەوە ڕەت‌ناكاتەوە كە چوونەسەر ڕێبازی نەقشبەندی گوڕو تین‌و جووڵانێكی گەورەی بەخشی بە مەولەوی‌و پەنجەرەی جۆرە تیشكێك‌و دنیایەكی نوێ لە ئاسۆی شیعرەكانیا دەركەوتن بەتایبەتی ئەو هۆنراوانەی كە پێشكەش شێخانی بەوەفاو هاوڕێ‌و دڵسۆزی نەقشبەندی كردوون ، بەڵام ئەوەی‌كە تا ئیستا جێی سەرنجمەو لێی ورددەبمەوەو دەمەوێت نە وتارێكی تایبەتدا وەڵامی بدەمەوە ئەو پرسیارەیە كە : ئایا ڕێبازی ئەشعەرێتی مەولەوی ڕاكێشاوەتە نێو جیهانی تەسەوفەوە ، یان بەپێچەوانەوە ؟ ئایا بە هەردوو لایەنەكە ( واتە : تەسەوف‌و ئەشعەری ) توانیویانە دڵەڕاوكێ‌و پرسیارەكانی ناوەوەی مەولەوی – ئەگەر بە ناچاریش بێت – وەڵام بدەنەوە . نابێت لەم بۆنەو ئاقارەدا مەحموود پاشای جاف‌و ئەحمەد پاشاو عەبدوڵلا پاشای بابان لە یادبكەین بەتایبەت مەحموود پاشای جاف كە دەورێكی دیارو دڵسۆزانەی بینیوە لە خۆشەویستی‌و وەفاو ڕێزی بێ‌هاوتا بەرامبەر بە مەولەوی . دیارە مەولەوی‌یش لەم ئاقارەدا بە چەند هۆنراوەیەكی نەوازەی سەرتۆپ

مەحموود پاشای بە نەمری هێشتووەتەوە . لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا مەولەوی‌و پیرەمێردو کەشکۆڵە کەنەوازەکەو شــێخ ڕەزای تاڵەبانی‌و مەلا عبدالرحمانی گەورەی پێنجوینی‌و مەلا فەتاحی جەباری مەحمــوود پاشایان لە ئاستێکی پڕ شــکۆو ڕێزەوە داناوە . بە لای منەوە هەرگیز سامان‌و پایەو پلەو دەوڵەتمەندی‌و بەری‌بەری کەس بە نەمــر ناکەن‌و هەرگیز ناشبنە تەنانەت سوورێکی گچکەی بەتەوژمی مێــژوو ، ناوی سەدان ملیۆنەرو لۆردو خاوەن پایەو سامان‌و کۆشك‌و دەبدەبەو گەنجینەی قەبەو زەبەلاح لە وڵاتی ئینگلستان تەنانەت هەموو جیهانیش کــوێر بووەو پڕ دەمی بووە لە خۆڵ‌و کەس هەر زمانی خۆشی پی‌یانەوە هیلاك ناکات‌و هەر ناشیانناسێ چونکە هەر بۆ خۆیان ژیاون ، بەڵام شــاعیرێکی چاو کوێرو لات‌و بلیمەتی وەك جۆن ملتۆن هەموو نەتەوەکان دەیناسن‌و مێژوو لە دڵە گەورەکەیدا دەیلاوێنێ نەك بەتەنیــا لــەبەر بەرهەمە بەبرشتەکانی ، بەڵکــو لەبەرئەوەی کــە بە گوچانێکەوە چووە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەرانی گەلەکەی بۆ بەرگری لە وڵات . کەواتە ئەوەی کە مەردوم بە نەمری دەهێڵێتەوە تەنیا خزمەتی مرۆڤ‌و خاك‌و نەتەوەیە . دیارە مەحموود پاشاش ـ بە پێوانەی سەردەمی خۆی ! ـ یەکێ بووە لەو سێبەرو داڵدەو شارستانیانەی کــە هۆنراوەکانی مەولەوی‌و گــەلێ شاعیری‌تریش ستاریان تیا گرتوەو گەشاونەتەوە . بــا ئەوەش نەبوێرم کە ئەو پەیوەندی‌یە گەورەو فرە لایەنەی مەولەوی لەگەڵ زاناو شوعەراو پیاوە ناسراوەکانی کوردستانی ئەو سەردەمە دەوری هەبوە لە وەرگرتن‌و بەخشین‌و فراوان کردن‌و بەهێزکردنی شاعیریەتی مەولەوی چونکە ئــەو پەیوەندی‌یە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی گۆڕینی هەڵوێست‌و وزەو توانای مرۆڤ بە باری باشەدا ئەگەر لەگەڵ خەڵکانی زاناو هوشیاردا بێت . وە هاوڕێکانی مەولەوی بریتی بوون لەمانە : شاعیری وەك ئەحمەد

بەگی کۆماسی‌و شێخ عەبدوڵلای ناخی‌و مەحرووم‌و بولبول ، هەروەها پیاوانی ئایینی‌و کۆمەڵایەتی‌و شێخانی نەقشبەندی وەك شێخ سراج‌الدین‌و شێخ عبدالرحمن ابوالوفاو بهاءآلدین‌و ضیاءالدین‌و حاجی کاك ئەحمەدی شێخ‌و شێخ عبدالرحمانی خالصی تاڵەبانی‌و زانای وەك محمد صالحی فخر العلماء و پیاوانی بەدەسەلاتی وەك احمد پاشاو عبدالله پاشای بابان‌و محمود پاشاو حەمە پاشای جاف‌و محمودی یاروەیسی‌و ڕەزا قولی خان‌و غولام‌شا خانی کوڕی خوسرەو خانی ئەردەلانی والی سنەو گەلێکی‌که . با ئەوەیش لەیادنەکرێت کە سەفەرو هاتوچۆکانی مەولەوی بۆ کوێستان‌و گەرمیان‌و دەوارنشینی‌و زەهاوو پاوەو بیارەو کەرکوك‌و بانەو سنەو هەڵەبجەو سلێمانی‌و بەغدا کەم تا بێشێ هەر دەوریان بینیوە لە کەش‌کردنی ئاسۆی شاعیرێتی مەولەویدا بەتایبەتی لە بواری وەسفدا .

دوەمین : وەك دیاردەیەکی هەست‌پێکراوی دیوانی مەولەوی دەبینین گەلێ جار بەیتە شیعرێك بەتەنیا یان دوان واتاکە تەواو ناکەن‌و دادی خەیاڵی مەولەوی نادەن ئەگەر پێکەوە نەبن . ئەم دیاردەیە بە بۆچوونی من ئەنجامی ئەم سێ هۆ هونەری‌یەیە :

أ ـ کورتی کێشەکە کە دە بڕگەیی خۆماڵی‌یە .

ب ـ قووڵی خەیاڵی شاعیرو پەنابردنە بەر لێکچواندنی لێکدراو ( التشبیه التمثیلی )و خوازەی لێکزاو ( تناسل الاستعارات ) کە ئەمانە وێنەی شیعری فرە مەوداو کۆکردنەوەی توخمە دژەکان فەراهەم دێنن .

ج ـ بەپێچەوانەی قوتابخانەی شیعری کلاسیك ، لە هۆنراوەی ڕۆمانتیکدا یەکێتی بەیت هەست پێ ناکرێت . ئێمە بەدوای وێنەو واتادا دەگەڕێین .

سێهەمین : مەولەوی بەو دیوانە شیعرەی هەوڵێکی بەبڕشتی داوە بۆ تێکەڵ کردنی لەهجەی گۆرانیو سۆرانی چونکە ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان زمانی شیعری مەولەویو خانای قوبادیدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زمانی مەولەوی هەورامی‌یەکی ڕوونکراوەی تێکەڵە لەگەڵ لەهجەی سلێمانیدا چونکە گەلێ جار بەتەنیا ناوی شتەکان هەورامینو کردارو ئاوەڵ کردارو ڕەگەکانیان سەر بە لەهجەی سلێمانین ، یان بەپێچەوانەوە ، واتە شێوەی دارشتنی دیوانی مەولەوی زاراوەی پاڵفتەو بێگەردی هەورامی نی‌یەو تێکەڵە . کەواتە مەولەوی یەکەم شاعیرە کە هەوڵی‌داوە بۆ یەکگرتنی ئەم دوو لەهجەیە گۆرانیو سۆرانی ، بەڵام بە شێوەیەکی هەرچۆن هەبێ لەپێشدا بڕیار بۆ نەدراو .

چوارەمین : مەولەوی یەکەمین شاعیری کوردە کە توانی کێشی دە بڕگەیی خۆماڵی لە مەودای گۆرانیێ هەڵپەڕکێو قەتارو سیاچەمانەوە بگوێزێتەوە بۆ زمانی عەقیدەو کەلامو لۆژیك . جگە لەوەش بەهرە خوڕو دەستەڵاتە ڕەهاکەی هەمان کێشی دەبڕگەییو کە پتر زمانی ئاوازو هەڵپەڕکێی ڕەشەخەڵکی ناوچەکە بوو – دوای خاناو بێسارانی – بگەیێنێتە چڵەپۆپەی هۆنراوەیەکی سەرکەوتووی ئەوتۆ کە لێپاولێپ بێت لە توخمە هونەری‌یەکانی وەك سۆزو خەیاڵو بیرو ئیقاعو تابلۆی هونەریو میعمارەوە .

پێنجەمین : وەك مێژوونووسە جیهانی‌یەکان دەڵێن سەرقافڵەو گەشە پێدەری ئەدەبی ڕۆمانسی لە فەرەنسادا هۆگۆی بەهرەمەند بوو ( ١٨٠٢ – ١٨٨٥ ) . دە ئەم مێژووە تاڕادەیەك بەرامبەرە لەگەڵ مێژووی لەدایكبوونو مردنی مەولەوی ( ١٨٠٦ – ١٨٨٢ ) واتە لەدایكبوونی ئەدەبی ڕۆمانسی لە فەرەنساو کوردستاندا لە یەك کاتدا لەسەر دەستی

هۆگۆو مەولەویدا هاتە کایەوە ، کەواتە مەولەوی داهێنەرو گەشە پێدەری هۆنراوەی ڕۆمانسی کوردی‌یە . با ئەوەش لەیادنەکەم کە مەولەوی لـە بواری هۆنراوەی ڕۆمانسیدا پێش دوو کەڵە شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزو تەنانەت جیهانیش کەوتووە واتە ئۆسکار وایڵـد ( ١٨٥٤ — ١٩٠٠ )و ییتس ( ١٨٦٥ ـ ١٩٣٩ ) . کەواتە لـە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی بەراوردی جیهانیدا قوتابخـانەی هۆنراوەی ڕۆمانسی کوردی — وەك تەمەنی لەدایكبوون ـ گەرەکە بخـرێتە پاڵ هـۆنراوەی ڕۆمانسی فەرەنسی‌یەوە .

---

**پەراوێزەکان :**


١ ـ یادی مەردان ـ بەرگی دووەم ، ١٩٨٢ ، مەلا عبدالکریمی مدرس .
٢ ـ مەولەوی ـ گۆڕینی پیرەمێرد ، ل ١١٩ . بەغداد .
٣ ـ مبادیء النقد الادبی ، رتشارد . ص ٣٠٩ .
٤ ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ علاءالدین سجادی ١٩٥٢ ، ل ٢٥٥ .
٥ ـ دیوانی مەولەوی ، مەلا عبدالکریمی مدرس ، ل ٤٥٦ .
٦ ـ دیوانی مەولەوی ، مەلا عبدالکریمی مدرس ، ل ٤٢٠ .
٧ ـ ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ٦٤ ، ١٩٧٥ ، ل ٦٤ .
٨ ـ دیوانی مەولەوی ، ل ٤١١ .
٩ ـ بەیان ، ژمارە ٣٣ ، ١٩٧٦ ، انور قادر محمد ، ل ٣ .
١٠ـ مەولەوی ـ ا . ب . هەوری ، ١٩٧٣ ، چاپخانەی کاکەی فەلاح .
١١ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ، علاءالدین سجادی ، ل ٢٦٧ .
١٢ـ گۆڤاری کاروان .
١٣ـ دیوانی گۆران .

١٤ــ دیوانی سەلام ، ل ١٩١

١٥ــ بڕوانــه :

١ ــ مفهوم الشعر . د. جابر احمد عصفور ١٩٨٢ .

٢ ــ منهاج البلغاء و سراج الادباء ، تحقيق محمد الحبيب ابــن الخوجه . حازم القرطاجى . دار الكتب الشرقيــه . تونس ١٩٦٦ .

١٦ــ تلخيص كتاب ارسطوطاليس فى الشعر ــ تحقيق عبدالرحمن بدوى القاهرة ١٩٥٤ .

١٧ــ یادی پیرەمێرد ــ لەژێر چاودێری علاءالدین سجادی لەچاپ دراوە ، ١٩٥١ .

هەروەها بڕوانه :

أ ــ مەولەوی‌و سروشت . بابەعلی شێخ عمر .

ب ــ عەقیدەی مەولەوی . ئامادەکردنی محمد علی قەرەداغــی ١٩٧٧ .

١٨ــ الرومانتيكيه ــ محمد غنيمى هلال .

١٩ــ شێخ ڕەزای تاڵەبانی ــ دیوان ــ .

٢٠ــ دراسات ونماذج فى مذاهب الشعر ونقده ــ د. محمد غنيمى هلال .

# مەولەوی :
# بەرهەمی و ، شتێك دەربارەی سروشت

دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ
پڕۆفیسۆر
کۆلێجی ئەدەبیات ـ زانکۆی سەلاحەدین

سەرەتایەك :

کە دەستگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی زەنگی یادکردنەوەی مەولەوی لێداو منیش بەسەرکرامەوە ، پێش هەموو سەرچاوەیەك کۆمەڵە ڕەشنووسێکی بێنازی خۆمم بیرکەوتەوە کە پاش دۆزینەوەیان مێژووی ۱۹٦۹/۹/۲۰ تا ۱۹٦۹/۱۱/۲۱یان تێدا دیاربوو . ئەوانە دە وتار بوون لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردیو لەپشت میکرۆفۆنی ڕادیۆی کوردیی بەغداوە خوێندرابوونەوە . ئەو وتارانە دەربارەی «مەولەوی و سروشت»و بەراوردێك بوون لەگەڵ « خانی و سروشت »دا . دیارە ئەمە بوو بە بناغەی ئەم لێدوانە تازەیەی مەولەوی . بەشکم سەرەتاش بێت بۆ لێدوانی شاعیرانی تر کە نزیکەی بیست ساڵە لەو رادیۆیەدا باسیان دەکەمو بەداخەوە هەندێ باسیانم وەك وتبوومن بە تۆمارکراوی و بڵاوکراوەیی بە ناوی کەسێکی ترەوە دی ، کە ئیتر مافی داواکردنیانم نەما . چونکە ئەوەی من وتراوو ئەویتر نووسراوە . وادیارە ئەم وتارانە هەر دە نەبوون ، هەندێکیان ونبوون . بە هەموو حاڵێك بوون بە بناغەی نووسینی ئەم باسە . کە من لە باسەکەم بووبوومەوە هەندێ برادەر ئاگاداری چەند

سەرچاوەی‌تریان کردم کە لە مەولەوی‌و سروشت دوواون. پێش هەمووان پیرەمێردە کە لە ژینندا لە چوار فەسلی لای مەولەوی دوواوە . داخم ناچێ کە دەرفەتی بینینی هەموویانم دەست نەکەوت . پاشـــان نامیلکەیەکی بەنرخی بابا عەلیــی شێخ عومەری قەرەداغی بوو بــە ناوی « مەولەی‌و سروشت »ەوە(١) ، وام‌ئەزانێ ئەم نامیلکەیە وام لێدەکات هێلێك بەسەر زوربەی نووسینەکەمدا بێنم ، بەلام لەگەل نرخ‌و بایەخی ئەو نامیلکەیەو وردی‌و زیرەکیی نووسەرەکەیدا وادیارە لە دوو کونجی جیاوازەوە سەیری باسەکەمان کردبێ ، با لەگەل یەکتریشدا ناکۆك نەبین . بەلێ ، لێرەشدا پەنجە بۆ ئەوە درێژ کراوە کە مەولەوی هەر لە بەهار نەدوواوەو لە چوار وەرزی سال دوواوە ، بەلام هەر ئەوە نی‌یە ، بەلکو لەولایەنەوە کــە بــە قوولی چووەتە ناو فەلسەفەی مەولەوی‌و یەکگرتنی مرۆڤ‌و سروشـت لای مەولەوی سوودێکی گەورەی پێ‌بەخشیم کە بەداخەوە لە کاتی خۆیدا نامیلکەکەم لە بەردەستدا نەبوو لەبەرئەوە بە ناچــاری لــە پەراوێــزدا ئیشارەت بۆ ئەو مەبەسە دەکەم . هەروەها نووسەری بەرێز برامــان مەحموود ئەحمەد محەمەد ئەو چەند دێرە بەنرخەی بێوەیی شاعیر - شێخ ئەمینی شێخ عەلائەدینی بیارەی هێنامەوە یاد کە لە کتێبی تەســەوف چی‌یە(٢) ( بەغدا - ١٩٨٥ )دا دەربارەی مەولەوی‌و سروشت نووسیویە. لێرەدا باسی تەسەوف بەگشتی‌و هەموو بەرهەمی مەولەویش ناکەم تا لە پایەی ئەو کتێبە بەنرخە بدوێم بۆ هەموو کتێبخـــانەی کوردی‌و باسی تەسەوف . بەلام هەر ئەو چەند دێرەش کە لــە مەولەوی‌و ســروشت دەدوێ نرخێکی گەورەی هەیەو شایەتی‌یەکی گەورەی شایەتێکی ڕاستگۆو دلسۆزە بۆ مەولەوی . ڕەنگە ئەم وشانە بۆ باسێکی ســەر بــە زانست کەمێك خوێنگەرمی‌و سۆزی خۆشەویستیی سۆفیانەی تێدابێ . بــەلام ئەوەی ئاگاداری جیهانی مەولەوی‌و هەمــوو سووچی مەسەلەکــە بێ ،

دەزانێ قسەکان سەر بە دەستنیشانکردنی زاستین . بەڵێ ، ئەگەر مەولەوی ئێستا بمایەو لەناو ئێمەدا بووایە ، دەستی ڕێزی بۆ نەوەی شێخی سیراجەدین ڕادە گرت بەسەریدا بڕوا ، بەتایبەتی کە بە کەرەسەی شارەزایی و دلسۆزی یەوە بێتە ناو باسەکەوە . بەلام من لەم لایەنەوە نادوێم ، بەلکو لام وایە شاعیرو ڕۆشنبیرێك کە لەژێر سێبەری دارگوێزی هەوراماندا و لە باوەشی خانەقاکەی شێخی سیراجەددیندا پەروەردە بووبێ ، کە زوربەی شیعری مەولەوی بە عەشقی ئەوی و ئەو نووسراوە لە هەمووکەس زیاتر دەتوانێ شایەتی ڕاستگۆیی و سەرکەوتوویی مەولەوی بێت لە وەسفی سروشتی کوردستان و هەوراماندا . لەبەرئەوە بەڕێزەوە گوێ بۆ ئەم وشانە شل دەکەین کە دەڵێ :

« .. مەولەوی بۆخۆی دنیایێکی نەقیرانەو گوندنشینانەو بەلکو دەوارنشینانەشی هەیە ، مەولەوی ڕەگو ڕیشەی تێك ئالاوە لەگەلی جوانیی سروشتدا ، هەرچی هەوارگەی جوانی ناوچەی هەورامان و تاوگۆزی و کوردستانی سۆرانە هەمووی دیوە . لەتەکی خێلەکاندا گەرمیان و کوێستانی کردووە ، شاعیری سوروشتەو پەروەردی دەستی(٣) سوروشت ، سوروشتی جوان و بێ وێنەی کوردستانی ڕەنگین » یا پاش ئەوەی خۆی چەند دێڕی جوان لە وەسفی سروشتی کوردستاندا و لە هەمەڕەنگیی ئەو سروشتەدا دەنووسێ و لای وایە کەسێك لە باوەشی ئەو سروشتەدا نەژیابێ ناتوانێ بە باشی وەسفی بکات ، ئەوسا شایەتی بۆ مەولەوی دەدات و دەڵێ :

« مەولەوی زۆر باش لە هەمووی ئەم ژیانانەو سەدان جۆری ژیانی تر شارەزا بووە ، وە گیانی لەگەلی سوروشتی ولاتەکەیا هەلشێلراوەو تێك هەلچووە ، لەبەرئەوە هیچ پارچە شیعرێکی نی یە شوێنەوارێکی جوانیی سوروشی تیا بەدی نەکەیت ...(٤) ..

## مەولەوی و سروشت و بەراوردێك

کە باسی سروشتی کوردستان و دیمەن و چاوئەندازی جوانی دەکەین ، گەلێك شاعیرمان دێتە بەرچاو ، ڕەنگە « لە مەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ »ی حاجی قادرو « وتم بە بەختی خەواڵوو »ەکەی زۆر ڕەنگین بن و بەهاری‌یەکانی پڕتەوبەگی هەکاری و بەکربەگی ئەرزیش جێی خۆیان هەبێ . بەڵام هەروەك لە باسی ڕوخساری شیعری کوردی و دووبەیتی و کێشی پەنجەدا پەنجە بۆ سێ شاعیری گەورە درێژ ئەکەین ، لە مەیدانی سروشتیشدا ئەو سێ شاعیرە بە بالآیەکی بەرزەوە خۆیان ئەنوێنن ، هەروەك سروشتەکەی کوردستان و سروشتی خۆمالیی ڕوخساری شیعر بە کارکردنە سەر یەك سەرەتایەکی ڕەنگینی کۆمەڵێ ناوەرۆك و ڕوخساری تازەیان دانابێ . ئەو سێ شاعیرەش مەولەوی و پیرەمێردو گۆرانن .

کە لێرەدا باسی مەولەوی دەکەین ، دەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێت ، کە هەر لەخۆوە نی‌یە ، بەڵکو ئەو ڕەگ و چمکە قووڵەیە کە باس‌کرا وای کردووە پیرەمێردو گۆران پێش هەمووکەس باری سەرنجمان بەلای گەشەی سروشتی کوردستان لە شیعری مەولەویدا ڕابکێشن و خۆشیان لە نواندنی ئەو سروشتەدا بە وشەی گەش هەر ئەو ڕێیە بگرن و لەگەڵ بیری نیشتمانپەروەریدا تێکەڵی بکەن .

پیرەمێرد ، هەروەکو بە ڕۆحی مەولەوی‌یەکەی ناوچەی باشووری ئاگاداری گیانی مەولەوی کرد ، هەروەها پێش هەمووکەس پەنجەی بۆ وێنەی سروشتی لە شیعری مەولەویدا ڕاکێشاو ئەم مەبەسەی بەست بە هەستی قووڵی نیشتمانپەروەری‌یەوە : « ئۆخ بۆیە مەولەویم خۆش‌ئەوێ و شیفتەو شەیدای سۆزو ناڵەی ئەوم کە پەردە پەردە شوێنە شیرینەکانی خاکەکەم و نیشتمانەکەمی بە فەردی فەردەوە ، بە فەرو

زیبێکی دڵنەوەردەوە بێ نیشان داوم‌و بە سینەما خۆشەویستیی ئەوانی چەسپاندوەتە سینەمەوە(٥) .

گومان لەوەدا نی‌یە کە گۆران لە شارەزا هەرە گەورەکانی شیعری مەولەوی بوو . پێش ئەوەش کـــە بەڵگە بۆ ئەم مەبەســـە بهێنینەوە ، پیرەمێرد شایەتی یەکەممانە کـــە لـــە سەرەتای بەرگی دووەمی ( ڕۆحی مەولەوی )دا ئەڵێ :

« ... زوبانی هەورامی‌و زوبانزەدەی ( مەولەوی ) ئەمڕۆ لـەم خاکەدا کەم کەس ئەیزانێ ، هەرچی خۆم نەمزانیبێ بە ( کەعبولئەحباری کوردستان ) ( مەلا عەبدوولڵا )(٦) کە وەك مەولەوی لـــە دووایدا چاوی نابینا بووەو بە شاعیری هیوای ئەدەبیاتمان بینـــای هیوا ( گـــۆران ) ساغکردەوە .. »(٧) .

هەروەك نووسیویە :

« ... ( گۆران ) ویستبووی غەزەلێکی هەڵبژێرێ بیکا بە عەرەبی ، هەرچی تەماشای کردبوو هەڵبژاردە بوو .. »(٨) .

هەر ئەم شارەزایی‌یەی گۆران لـــە شیعری مەولـــەویدا بەرەو سروشتەکەی ئەوو هەورامانەکـــەی ئەوو کێشی دە پەنجـــەیی زۆر بەکارهاتووی لای ئەوو فەردی ئەوی بردو زۆر باش نووســـــینی .. « گەشتی هەورامان(٩) »یش بەرەو هەڵسەنگاندن‌و بەراوردی سروشـت لای خانی‌و مەولەویی برد لە وتارێکدا(١٠) .

بەلای گۆرانەوە خانی تەنیا لە وەسفی دیاردە تایبەتی‌یەکانی سروشتی کوردستاندا ئاشکرا نی‌یەوو ئەم وەسفەی سروشتێکی زۆرتر کلاســیکی‌و گشتیی کۆمەڵی ئیسلامی هەیەو ئەگەڵ وەســـفەکانی نیزامی‌و جامی‌و فزوولیدا یەك ئەگرێتەوە کە هەریەکەیان لە وڵاتێکدا ژیاوە کە سروشتی لەویتر جیایە(١١) .

هەرچی مەولەوی‌یە ئەوە سروشت لای ئەو بە بیری گۆران سروشتێکی کوردیی هەیەو لە هەموو دێرە شیعرێکیدا بەردێکی لووتکەی بەرزی کوردستان ، لوونکەی ئاتەشگەدە گلۆر دەبێتەوە ، شەپۆلی تاڤگەی سەرچاوەی زەڵم ، خۆی لە کەفچەرێنی وەك شێردا ئەدا بە بەردا ، تەم سەهۆڵی سەر گۆلی زرێبار ئەگرێ‌و لەگەڵ هەناسەی مەولەویدا بەرەو ئاسمان بەرزئەبێتەوە(١٢) .

لێرەدا تاوێك دەوەستم‌و دەڵێم – لە وتارێکدا بەم چەشنە دەستم پێ‌کردبوو :

« ... لەم ڕێڕەوە درێژەدا لەگەڵ نووسیندا ، چەند جار تێ‌بینی ڕووی تێکردووم ، کە نەموپستووە لە کاتی خۆیدا وەڵامی بدەمەوە ، بەڵام کە دەرفەت هاتبێ ئەو وەڵامە چۆتە توێی باسێکی تازەوە . ئەو تێ‌بینی‌یانە بە دوو چەشنی جیاواز چەند دێرێکیان گرتەوە کە دەربارەی مەولەوی نووسیبووم . هەردووکیشیان لایەنی بەراوردی مەولەوی‌و خانی‌یان گرتبۆوە »(١٣) .

لەوێدا باس لەوە کراوە کە دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێ ، کە وەڵامی ئەو تێ‌بینی‌یانە بدرێتەوە . وا ئێستا لە مەولەوی ئەدوێین ، هێشتا دەرفەتی وەڵامی تێ‌بینی‌یەکیان نی‌یە ، بەڵام ئەویتریان تەواو دەربارەی « مەولەوی‌و سروشت » بوو ، دەربارەی پشت‌بەستن بەم بەراوردەی گۆران بوو لەنێوان خانی‌و مەولەویدا لە کتێبێکدا(١٤) ، لەبەرئەوە ئێستا دەبێ وەڵامی ئەو تێ‌بینی‌یە دەست پێ‌بکەم .

بێگومان ئەم ڕایەی گۆران لای هەموو شارەزایانی شیعری خانی‌و مەولەوی پەسندە ، جا کە دەنگێك بەرزبۆوەو پڕبەدەنگ هاواری‌کرد ، چۆن مەولەوی لە خانی باشتر ئەبێ‌و لای‌وابوو ئەمە نرخی خانی کەم‌دەکاتەوە(١٥) ، دەبێ بڵێین ئەو ڕایە تەنیا هەست دەربڕینەو لەسەر

پێوانەی زانستی دانەمەزراوە ، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە مەولەوی شاعیرێکی گەورەیەو یەکێکە لە ڕابەرەکانی ئەدەبیاتی کورد ، لەگەڵ ئەوەشدا جاری وا ئەبێ شاعیرێکی بێ ناوو دەنگ لە مەبەستێکدا پێش هەموو شاعیران ئەکەوێت .

وەك ئەزانین خانی ، مەلاو زانایەکی گەورە بووە ، لە بەرهەمی خانیدا دیمەنی زانایی خانی دیارە . لەبەرئەوە ئەبینین لە زۆر شوێندا سوارچاکی مەیدانی زانستو کتێبە . باسی سروشتەکەشی لەوە ئەچێت کە ئەنجامی خوێندنەوەو زادەی کتێب زیاتر بێت ، وەك لە هەستی ڕاستەقینە بە سروشتی وڵات . با مەولەویش مەلاو زانا بێت ، بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین کە خانی کوڕ یا ژیاوی شار بووەو مەولەوی کوڕی دێهاتو چیا بووە .

ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەمجۆرە بڕیارانە ئەگەر ڕاستیش نەبن ، کەمکردنەوە نین لە نرخی ئەم شاعیر یا ئەو ، بەتایبەتی شاعیرانی کۆنمان . زۆر جێی خۆیەتی بەجۆرێکی عیلمی لە سامانی نەتەوەیمان بکۆڵینەوە ، مەیدانی لێکۆڵینەوەی زانستیی ئەدەبیاتمان لەدەوری گڕوگاڵ دەرچووەو خۆی بەسەرپێوە گرتووەو هەڵچوونو هەست دەربڕین جێی بڕیاری زانستی ناگرنەوەو سامانی نەتەوەییشمان موڵکی هەموانە ، خانی ڕابەری نەتەوەی کوردە ، شانازیی هەموو کوردە ، موڵکی تاقە بنەماڵەو بەرەو ناوچەیەك نی یە .

هەر چەندە ئەمئەویست بەمچەشنە لەو خانی‌یە بدوێم کە بە گەورەترین ڕوشنبیرو فەیلەسووفی کوردی ڕۆژی خۆیی ئەزانمو ماوەیەکی زۆری چالاکیی دەرزوتنەوەو نووسینم لە ژیاندا بۆ ئەو تەرخانکرد ، بەڵام بەڵگەی ئەو ڕاستی‌یەی باوەڕم پێ‌یەتیو پشتگرتنی ڕاکەی گۆرانە ئەمباتە سەر ئەم نموونانە .

خانی فەرموویەتی :

**دانایی موعەممەری کوهەن ســـال**
**ئەو ڕەنگە هەگوو ژ بۆ مە ئەحــوال**
**گــوو عادەتی پێشیێ زەمانان**
**ئەو بوو ل هەمی جەهـو زەمانان**
**وەقتێ وەکــو شەهـسەواری خاوەر**
**تەحویل دکــر دماهی ئازەر**
**یەعنی کو دهاتە بورجی ســەر سال**
**قەت کەس نەدما د مەســکەنو مال**
**بیلجوملە دچوونە دەر ژ مالان**
**حەتتا دگەهیشتە پیرو کالان**
**ڕۆژا کو دبوویە عیدی نەورووز**
**تەعزیم ژ بۆ دما دلئەفرووز**
**سەحراوو چەمەن دکرنە مەســکەن**
**بەیداوو دیمــەن دکرنە گولشــەن(١٦)**

یاخـــود ئەلێ :

**باران نە ژ فەیز بت مەدەدکار**
**ئەو دانە دبێتە نەخلی بێبار**
**سەر سەبز دبت ژ بەرگێو باران**
**گەر لێ بوەریت ژ فەیز باران(١٧)**

لێرەدا دیمان خانی لــە باسی سروشتی کوردبســـتانو نەورۆزدا « بەیدا »و « دیمەن ــ دمن »و « نەخل »و « ســەحرا » بەکارئەهێنێ

کــە هەمووی ئەنجامی ژیانێکی بێ‌پشووە لەگــەڵ زانســتو کتێبی عەرەبیــدا .

خانی لە باسی ڕۆژهەڵاتن‌و ئاسماندا دەڵێ :

**دەورا فەلەکی ژ بەختی فەیرووز**
**دیسان کو نوما ژ نۆڤە ئەو رووز(١٨)**

یــا دەڵــێ :

**قەندیلی مونیری دەیری ئەزرەق**
**میشکاتی حەمەل کو کر مورەووەق**
**سەر سال کو بوو ژ نۆڤە مەعموور**
**میر دایە کوڕێد تازە دەستوور(١٩)**

وەك ئەبینین ئەم وەسفە جــوانە ، بەنرخــانەی خانیی ڕابەری کوردایەتی ، لەپاڵ هەموو نرخێکی جوانی‌و ئەدەبیاتدا ، لە دیمــەنی ڕاستەقینەی سروشتی وڵاتەوە ، هەر لە هۆنراوەی مەولــەوی دوورتر نین ، بەڵکو تەنانەت لە وەسفەکانی پرتەوبەگی هەکاری‌و حاجی‌و گەلێك شاعیری‌تریش دوورترن .

نالی لە وەسفێکدا کە ڕۆژی تێدا بەکارهێناوە ئەڵێ :

**لە خەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەروەکوو شێت**
**بە ڕووزەردی هەڵات‌و کەوتە کێوان(٢٠)**

باشترین نموونە بۆ ئەو چەشنە نەخشەکێشانەی سروشــت لای خانی ئەو وەسفی بەهاری جزیرەی بۆتانەیەتی کەوا بەتەواوی وەســفی کێوی تووری قورئانی پیرۆز دەهێنێ‌و یەك‌بەیەك دانەکانی ناو ئەو وەسفە لەگەڵ وەسفی ئەو بەهارەدا یەکدەخات :

هەر گول ژ میسالی ئاتەشی توور(٢١)
یەك میشعەلی بێقسووری پڕ نوور
هەر مورغی سەحەر بخوە کەلیمەك
هەر تووتیێو قومریێك نەدیمەك
هەر نەخل نیدا کوننده هەرگاه
تەشبیهی شەجەر دگوو ئەنەللاه(٢٢)

لەگەڵ ئەم بەکارهێنانەی باس‌کرا ، لە زۆر شوێنیتردا کەرەسەی جوانی سروشت لای خانی خۆی دەنوێنێ ، بەڵام هەر دیمەنێکی گشتیی سروشتمان دێتە بەرچاو ، بێ‌ئەوەی جیای بکەینەوە کە ئەمە سروشتی کام وڵاتە ، یا شێوەیەکی گشتیی بەهار ئەبینین کە لە بەهاری زۆر شوێن دەچێت ، یا باشترە بڵێین لەو هۆنراوانەدا نووسینەوەو نەخشەکێشانەوەیەکی ئەو دیمەنانەیی سروشت دەبینین کە لە زوربەی هۆنراوی کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتدا دەبینرێ . ڕەنگە دیمەنی سروشتی هۆنراوەی هەندێ وڵاتی ڕۆژهەڵات لە دیمەنی سروشتی ئێمەوە نزیك بێت ، بەڵام ئەم بەکارهێنانە کتێبیانەی خانی لەوەوە دوورن . خانی لەو بابەتە ڕۆژهەڵاتییە گشتییانەشی زۆرە ، کە باسی تایبەتییان ئەوێ . هەرچی نەخشەی سروشتە لە هۆنراوەی مەولەویدا ، ئەوا تەواو کوردستانییە . با لەم‌ڕووەوە بێینە سەر فەردی مەولەوی خۆی .

نووسەرانو شاعیران کە دێنە سەر سروشت لە باسی بەهارەوە دەست‌پێدەکەن . بەڵام با ئێمە لە باسی زستانەوە دەست پێ‌بکەین ، چونکە لام‌وایە هۆنراوەکەی مەولەوی لەسەر زستان جوانترین باسی سروشتیەتی . هۆنراوەی زستانەکەی هەر تەواو وێنەیەکی زستانی کوردستانەو بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیە :

زووسانەن وەی ڕەنگ وە گەردوون یاوان
گێجیای لوول گێج کڵێڵەی کاوان
بەناباشیی بورج بەرزە دیاران
سفیدکاری کەرد تاقچەی موغاران
چ شیرین زەڕگەر تۆف هەوای سەرد
گۆشوارە نە گۆش نەونەمامان کەرد
پەی نیگای باڵای مەحبووب بێ‌گەرد
یەخ ئاینە گرت ، تەم چارشێو ئاوەرد
ئەی مەحبووب خاس ، وەی بینای تەمام
منالۆ پەی بەزم ساقیو شیشەو جام
ساقی ، باک نیەن جە سەردیی ( دەی ) ، دەی
هەوا وەش‌کەردەن نەشئەی نۆشای مەی
ئاخر سەرمەشقەن پەرێ مەی‌خواران
واردەی ویەردەی ویاردەی یاران
چون نە دڵ شنۆی مەزەی مەی داران
بدیە چۆن وە تۆی لۆنگێ مەوباران
زوانەکەی سۆز ، دەسەکەی ناڵە
بکیانۆ ، ڕێزۆ ، ڕەحمەت ، پیاڵە
ڕەحمەت وە ڕووی خاک ڕستگاراندا
پیاڵە وە دەم ئینتیزاراندا
دێرەن با ئێمەیچ نەی گوزەرەوە
جامێ وە دەس ئێین ، دەس وەسەرەوە(٢٣)

ئەم پارچەیەی مەولەوی هەرچەندە یەکسەر بۆ باسی سروشت و زستان تەرخان نەکراوە ، بەڵکو باسی زستانەکە بەشێکە لە مەبەستێکی ترو بۆ تەشبیهی هەندێ شتی تر بە زستان هاتووە ، تەنانەت لە ( ڕۆحی مەولەوی )یەکەی پیرەمێرددا ئەو بەیتی ( زووسانەن وەی ڕەنگ )ە یەکەم دێڕی پارچەکەش نی یە کە لەو دیوانی مەولەوی یەدا کە ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس چاپی کردووە بۆ بە یەکەم دێڕی هۆنراوێکی دوو پارچەیی ، لە ڕۆحی مەولەوی یەکەدا بەشێکە لە هۆنراوێکی چەند پارچەیی کە بۆ مەحموود پاشای جاف نێرراوە ، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە زستانەکەیە کە بەتەواوی لەو چەند دێڕەی مەولەییدا زستانی کوردستانە . تەنانەت بۆ ئەوکەسانەش کە زۆر دیمەنی زستانیان دیوە ، یا ڕێکتر بڵێین زستانی کوردستانیش و ئەورووپاشیان دیوە ، کە ڕەنگە ئەگەر بەهاری ئەم دوو وڵاتە لە یەك نەچێ ئەوا زستان و سەهۆڵبەندان و بەستەڵەکیان لە زۆر ڕووەوە لە یەك ئەچێت ، بەڵام وەسفەکەی مەولەوی هەر بۆ زستانی کوردستان ئەشێ . دڵی مەولەویش لەناو ئەو سەرماو سۆڵەو سەهۆڵبەندانەدا هەر گەش و گەش بینە .

هۆنراوەی مەولەوی هەروەك چوارچێوە گشتی یەکەی باسی سروشتی دیمەنێکی کوردستانی یە ، هەروەها لە سەرتاپای هۆنراوەکانی سروشتیدا دیمەنی تایبەتی و ناوی جێگەو چیاو ڕووبارو گۆلی بە هۆنراو بۆ مێژوو و یادگار هێشتۆتەوە :

**کۆچ خێرت بۆ ئیمساڵ چون ساڵان**
**تا لای ئێل بەگیی ئێل نەوهاڵان**
**گێج مەدا سەبوون ، شارەزوور دڵ**
**سیروان هووناو دەرووش گوڵ گوڵ**

واژاوش مەویەرد نە دەماخ دەمدەم
تاف مەوست سەراو چەرخ زەڵم چەم

یـــا :

سەر بەرکەر نە سەر کۆی ئاتەشگاوە
بدیە وە مەسکەن ( خانەگا )و پاوە
زارزارو خاس‌خاس وە زار بناڵە
جاگیر نە سەر ئەوج قولەی ( قەزاڵە )(٢٤)

بەڵام ئایا وەســفی سروشت لەلای مەولەویش وەســفی سروشتی هەموو کوردستانە ؟ یا هەر لە سروشتی کوردستان دوواوە ؟. مەولەوی کە دێتە سەر سروشتی کوردستان ، وێنەکانی وێنەی جوانترین ناوچەی کوردستانە کە خۆی دیبنی ، بەڵکـــو دیمەنی یەکێکە لـــە ناوچە هەرە جوانەکانی وڵات .

چیاکانی هەورامان و دیمەنی ڕەڵم و تاڤگەکەی و گۆلی زرێبارو خاکی مەریوان ، هەموو ئەمانە لە هۆنراوەی مەولەویدا دەبینرێن :

تانجەرۆی ئـەم چەم سیروان ئەو چەم
جۆشاوێ وەهەم ئەم چەم تا ئەو چەم(٢٥)

بەڵام ئەم وێنە تایبەتی‌یانەی ئەم چەند ناوچەیەی وڵات ، وێنەیەکی بۆ هەموو سروشتی لەیەکچووی نیشـــتمان ، وەك بڵێین کـــورد وتەنی « مشتێك نموونەی خەروارێکە » . وێنەی گۆلی زرێبار ، وێنەی گۆلی ( وان )و ( هەزارگۆل )ە . چیای هەورامان با کەمێك دیمەنی دارگـوێزو تووو دۆڵەکەی جیا بێت ، بەڵام هەر لە چیای حەسارۆستو زاگرۆس و دۆڵی وەرتێ ئەچێت . وێنەیەکی‌تری سروشتیش لەلای مەولەوی وێنەی دەشت و بیابانی چۆڵە ، کەربەلای غەمە . ئەم جۆرە باسی دەشتە لـە هۆنراوەی مەولەویدا کاتێك دێت کە شاعیر یا باس لـە خەم و خەفەت و

کارەسات دەکات ، یا بە وێنەو بۆ نموونە باس لـە کارەساتی بەناوبانگی مێژوویی کەربەلا دەکات ، یا کە لە باسی دیجلەو سەرچاوەوە دێتە سەر باسی دیمەنی ئەو دەشتەی ئەو ڕووبارە مەزنە ئاوی ئەدا . کـە ئەو وێنەیە لەمەودوا بە شێوەیەکی‌تر ، لـــە مانایەکی قووڵتـــری بە ژیانی کۆمەلایەتی‌یەوە بەستراوەوە لە هۆنراوەی پیرەمێرددا دەبینین .

کەواتە ــ وێنەکەی دەشت لــە هۆنراوەی مەولـــەویدا با باسی سروشتیش بێـــت ، بەلام بەپێچـــەوانەی خانی‌یەوە بۆ سروشـــتی کوردستان نی‌یە .

ئەمە زستان بوو لـــە شیعری مەولەویدا . بەلام بەهاریش لـــە هۆنراوەی مەولەویدا جێگەیەکی تایبەتی‌و ڕەنگینی هەیەو ئاوێنـــەیەکی ڕۆشن‌و ڕاستەقینەی سروشتی ولاتە .

ئەگەر زۆر جـــار باسی سروشت لـــە هۆنراوەی مەولـــەویدا خاسیەتێکی تایبەتیی هەبێ‌و شاعیر هەر لە سەرەتاوە دەستی نەدابێتە باسی سروشت ، واتە پارچە هۆنراوەی تایبەتیی بۆ ئەو باسە تەرخان نەکردبێت ، بەڵکو لە کاتی باسکردنی شتێکی‌تردا بەشـــێوەیەکی لابەلا هاتۆتەوە سەر باسی سروشت‌و ئەوپەڕی ڕەنگینی خامەی لـــە باسی سروشتی کوردستان‌و دیمەنی جوانی داوەو تابلـــۆیەکی ڕەنگینی ئەو سروشتەی نەخشە کێشاوەو لە چوارچێوەی پارچە هۆنراوێکدا ، یاخود لەناو چەند فەردێکی ئەو پارچـــە هۆنراوەدا دیمەنی سروشـــتەکەی هێناوەتە کایەوە .

ئەگەر لە زۆر باسی سروشتدا ، لە باسی پایزو خەزاندا ، لـــەو باسانەی زستاندا کە لەمەوبەر باس‌کرا ، یا لە باس‌و وێنـــە کێشان‌و دیمەن پیشاندانی ئەم شوێن یا ئەو شـــوێنی نیشتماندا‌و لـــە کاتی وێنەکێشانی ئەم چیاو ئەو ڕووباری ولاتدا ئەو شێوەی لابەلا باسکردنە

ببینین ، ئەوا لە باسی بەھاردا شتێکی‌تر دیارە . ئەویش ئەوەیە کـــە بەھاری جوانی وڵات بەجۆرێك کاری کردۆتە سەر ھۆش‌و لێکدانەوەی مەولەوی‌و بەجۆرێك ھەستی شـــاعیرانەیی جووڵاندووە کـــەوا چەند ھۆنراوەی تایبەتیی بۆ بەھار تەرخان‌کردووەو ھەر یەکـــــەر بە باسی بەھار دەست پێدەکات‌و ھەوڵی ئەوە دەدات کە ھەموو بەھرەو توانـــای شاعیرانەی خۆی بۆ نەخشەکێشانی تابلۆی جیا جیاو ڕەنگینی بەھاری کوردستان بخاتە کارو بە خامەی تیژو بە توانای ھونەرمەندێکی گەورەو وەستاو شـــارەزا تابلۆیەکی ڕەنگ‌گراوی دیمەنە ڕاســـتەقینەکـەی نیشتمانمان پیشان بدات :

**وەھارەن ، سەوزەن ، ئاوەن ، سەرکاوەن**

**ھاژەی وەفراوەن ، شاخەی شەتاوەن**

**ساقی‌یەن ، بادەن ، نەسیمەن ، بادەن**

**بولبول جە دەورەی گوڵان ئازادەن(٣٦)**

لێرەدا باش ئاشکرایە کە دیمەنی بەھارو سروشت لەلای مەولەوی ئەو دیمەنە تاقەوەبووە نی‌یە کە شـــاعیر بیەوێ ھەر خۆی بەتەنیا لـــە باوەشی‌یا دابنیشێ‌و دوور بێت لە ھەموو خەڵك‌و جیھان ، واتە لـــەم پارچەیەدا دیمەنی سروشت ئەوە نی‌یە کە لەلای زۆر لە شـــاعیرانی ڕۆمانتیك دەیبینین .

شـــاعیرێکمان دەڵێ :

**منو یارم لە کونجی دابنیشین**

**بە من چی عالەمێ زێروزەبەر بێت(٣٧)**

بەڵام مەولەوی لێرەدا بەھارو سروشتی بۆ ھەموو خەڵك‌و کۆمەڵ دەوێت . سروشت جێگای بە تەنیا سەرداخستن‌و بەکزی دانیشتن نی‌یەو سروشتەکەی مەولەوی ھەر دارو بەردو چیاو تاقگەی تەنیای نیشتمان

نی‌یە کە خۆی بەتەنیا لەگەڵیا حەریك بێت ، بۆ ئەوەی ســـاتێ ناوی ئازارو کارەسات لەناوا نەمێنێ ، بەڵکو لەپاڵ نەخشەکێشانی ( بەهـــارو سەوزەو ئاوو سەرکانیو هاژەی بەفراوانو شـــاخەی شـــەتاوان )دا سروشتێك بوو کە دەستو تواناو هەستی ئادەمیزاد هەڵیدەسووڕان . ئەو بەهارە گەشو خۆشو جوانە ، بەڵام هەروەك مەولـــەوی بە زمانی پێشینانمانەوە بڵێ : « ئەو شوێنە خۆشە کە دڵ لای خۆشە » ؛ لەبەرئەوە ئەگەر مرۆڤ خۆی نەبێو لە شوێن جوانیی سروشـــتدا ئامادە نەبێو کوڕی خۆشی دانەمەزرێنێ ، ئەوا نە بەهارو نە هاژەی بەفراوانو نـــە شاخەی شەتاوان نرخێکی ئەوتۆیان نی‌یە . لەبەرئەوە مەولەوی مرۆڤ دەهێنێ ، تا نرخی نەسیمو بای شەماڵ دەربخاو بە خەڵکی ڕابگەیێنێ کە بولبول لە هاتوچۆی دەوری گوڵدا ئازادە .

مەولەوی ژیانو خۆشیی مرۆڤ لە تەنیاییدا نابینێ ، بەڵکـو ئەو خۆشی‌یە لە کوڕو کۆمەڵدا دەبینێ ، لەبەرئەوە ساقیو بادە بەتەنیا لای شەماڵو گوڵ دانانێو بەرەو لای کۆمەڵێ لە ســـەیرانکەرانی بەهاریان دەهێنێو کە هەموو ئەو خەڵکەی کۆکردەوە ، ئەوسا دەڵێ :

**بەزمەن ، شادی‌یەن ، عەیشەن ، نیشاتەن**

**کەیفەن ، شۆخی‌یەن ، شەوقەن ، حەیاتەن(٢٨)**

کە شاعیر ئەم کوڕەی بەستو ژیانو تەوژمی بەو کۆمەڵەی دەوری خۆی بەخشی ، ئەوسا بە ڕەونەقو کەیفو خۆشیی ئەوانەوە ڕوودەکاتەوە سروشـــتەکەی بەردەمو دەوروپشـــتی خـــۆیو هەردوو دیمـــەنە پڕناکۆکی‌یەکەی ژیانی سەردەمی تێدا دەبینێ ، کە خۆشیو ناخۆشی‌یە ، کە کێشە هەرە کۆنەکەی نێوان بەرەی چاکەو دەســـتەی خراپەکارە . لێرەدا مەولەوی بە دەستی ئەنقەست بێ ، یا هەروا بێ ، پارچەکەیی وا داڕشتووە کە تێهەڵکێش کردنێکی سەیری تێدا بەدی بکەین ، ئەویش

لەوەدا کە لە دێڕێکدا باسی سروشت دەکاو لە دێڕەکەی تردا دێتە سەر مرۆڤ ، بەم جۆرە یەك لەدوای یەك هەر دێڕە ( یا بەیتە ) بۆ یەکێك لەم دوو ڕەگەزەی بیرو وەسفو هۆنراوەی تەرخانکراوە . پاش ئەو باسی کۆڕی ڕابواردنو شۆخیو شادییە ئەوسا دێتەوە سەر سروشت .

ئەگەر بەرامبەر بە خۆشیو شادییەکە وێنەی گەشەداری سروشتی پیشاندابین ، واتە بەرامبەر بەوە باسی هاژەی بەفراوانو شاخەی شەتاوانو نەسیمو بولبولو گوڵی کردبێت ، ئەوا بەرامبەر بە ناخۆشیو خەمو مەینەتو زوخاوو دەردی ژیان لە دیمەنی سروشتدا وێنەی ڕەقو وشكو برنگ دەدۆزێتەوەو بەردو دارو هەرد بەرامبەر بەوانە ڕادەگرێ :

**سەنگەن ، کۆسارەن ، سەرکووەن ، هەردەن**

**خەمەن ، مەینەتەن ، زووخاوەن ، دەردەن**

**هیجرەن ، دووریەن ، عیجزەن ، فیراقەن**

**واوەیلاو شینەن ، نالەی عوششاقەن(٧٩)**

مەولەوی لەم کێشەی نێوان خۆشیو ناخۆشییەدا هەروا ناوەستێو هەروا لەیەکیان جیاناکاتەوە ، هەروەکو باوەڕی بەوە هەبێ کە ئەم دوو دیمەنە خاسیەتو وێنەی ژیانی کۆمەڵی پێش خۆیو سەردەمی خۆی بێت ، لەبەرئەوە لە دێڕەکانی دوایی ئەم هۆنراوەیەدا ئەم دوو ڕشتەو دیمەنە ، چ لە سروشتداو چ لە کۆمەڵو ژیاندا تێکەڵ بەیەك دەکاتو بە یەك پارچەیان دەزانێو بە یەك دیمەنی ژیانی کۆمەڵایەتیان دادەنێ . هەروەك مەولەوی دووربینو بیرڕووناكو شارەزای زانستی فەلسەفە لەوە گەیشتبێ کە سروشتو بیرو ژیانو کۆمەڵ هەمووی هەر یەك پارچەیە ، یا وەك وتراوە « هەر لە گەردی خۆڵی سەرزەمینەوە تا گومەزی شینی ئاسمان » هەر یەك پارچەیەو کار ئەکاتە سەر یەكو بە

بزووتنەوەی یەکتری‌یەوە دەبزوێن . لەبەرئەوە مەولــەوی هەر دوو دیمەنەکە تێکەڵ دەکات‌و دەڵێ :

**سەبزەن ، سۆسەنەن ، نەورۆز گوڵانەن**
**کەمەرەن ، هەردەن ، ملەن ، کەلانەن**
**صەرعی‌یەن ، شەیدان ، نەجدەن ، مەجنوونەن**
**مەزاقەن ، جامەن ، پیاڵەی هوونەن(٢٠)**

بەم‌جـۆرە سەوزەو سۆسەن‌و نەورۆزی گـوڵان لەگـەڵ کەمەرو هەردەو ملەو کەلەکێوی کۆدەکاتەوەو دەیانباتە ڕیزی شێت‌و شـــەیداو مەجنوونی کێوان‌و عەوداڵانی ڕێگەی نەڤین‌و دڵداری‌و لەگـــەڵ ئەمانەدا مەزاق‌و جام‌و پیاڵەی خوێن کۆدەکاتەوە .

مەولەوی‌و بەهار ، یا مەولەوی‌و سروشت ، باســـێکی قووڵ‌و درێژە ، هەر وشەکانی خۆی ، لە سەیرانێکی سەرچاوەی زەڵمدا ، لـە بەردەمی ئەو تاڤگە ڕەنگینەدا هەندێ جەمسەری ئەو باسەمان دەدەنێ :

**وەهارەن ، ســەیرەن ، سەوزەی دیاران**
**نم کەوت نە دیدەش چون شەو بێداران**
**پەی دڵەی مانیای دەروون مەلالان**
**ســایە بەستەوە خەیمەی گوڵاڵان**
**بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ**
**مانۆ وە نەسیم جێب جەمین گوڵ**
**چون دێوانەی شۆر ئازیز نە سەردا**
**شەتاو سەر هۆرگرت وە دەشت‌و دەردا**
**تووڵانی چـون هیجر خاتر پەردەردان**
**ڕەوان وێنەی وەسـڵ گەردن بێ‌گەردان**

های جه شنۆیٚ وەش ، ڕۆحئەفزای کاوان
ئـای جه شاخەی تاف ، ســاف سەراوان
نەك چون تاف چەم پڕ ئەسرین چەرخ
بارەکەڵلا چەرخ ، هەی ئافەرین چەرخ
چەنی جه هەستیی وێت تەواسایت
چەنی جۆش عەشق مەجنوون ئاساییت
بدیه چۆن هۆردان وه نامو نەنگدا
بێبەروا مدۆ وێش وه ڕووی سەنگدا
های ساقی هەڵای سەرمایەی خامی
نمەدۆم وه دەس ڕای نێکنامی
باومره وەشوەش سادەی هەی پەی کەی
تاف قەڵوەزەی ساف شیشەی مەی
مەوجش بنچینەم بدۆ وەهەمدا
هەستیم دۆ وه بەرد هەرد عەدەمدا(۳۱)

پێش ئەوەی لەم پارچەیە بدوێین دەبێ بڵێین : ئەم هۆنراوەیە لـە دیوانی مەولەوی‌یەکەی مامۆستا مەلا کەریمدا هەر ئەم دوانزە دێڕەیە ، بەڵام لە ( ڕۆحی مەولەوی ) یەکـەی پیرەمێرددا بووە بە ۲۷ دێڕ ، ۱۵ دێرە زیادەکەی لـە دیوانی مەولـەویدا بـە قەسیدەیەکـی سەربەخـۆ دانراوە (۳۲) . ئەگەر ئەم ۱۵ دێرە لە دوانزەکەی پێشوو جیابکەینـەوە ، ئەوا دوو باسی زۆر جیاوازیان تێدا دەبینین . یەکەمیان باسی سروشتەو لە دووەمیاندا ( مەولەوی لۆمـەی خۆی ئەکاو سـامی ڕۆژی قیامـەت دێنێتەوە بەرچـاوو ، خـۆی بانگ ئەکا بۆ خـواپەرستی‌و بەندەگیی ڕاست )(۳۳) . ئەگەر ئەم دوو پارچەیە بخەینە سەر یەك‌و کەمێك لێی وردبینەوە ئەوا دابڕێنێك لەوەدا دەبینین کە شاعیر لە باسی سروشتەوە

دەچێتە سەر باسەکەی دووەمی . بەڵێ دەگونجێ شاعیر لە باسی کەیفو خۆشیو سروشتو جوانیی ئەم جیهانەوە بیر لە دووارۆژو ئەو جیهانی دووەمە بکاتەوە کە باوەڕی پێ یەتی . بەڵام ئەوەی کە دیارە ئەوەیە کە چەند دێڕێکی بۆ ئەوە تەرخان نەکردووە کە ئەم دوو باسە بەیەکەوە ببەستێ ، لەبەرئەوە یەکسەر بازدانێك لەم باسیانەوە بۆ ئەویتر دەبینین . کەواتە ئەگەر ئەم ٢٧ دێڕە یەك پارچە بێت ئەوا لەوە دەچێ کە چەند دێڕێکی لە ناوەڕاستدا ونبووبێت . خۆ ئەگەر هەر دوو پارچەی جیابێت ئەوا پارچەی یەکەمی لەوە دەچێ کە یا تەواو نەکرابێت ، یا چەند دێڕێکی دەست نەکەوتبێ . ئەمە هەرچەندە هەردوو پارچەکە ( ئەگەر دووان بن ) لەسەر کێشی دەپەنجەیی نووسراون ، کە زوربەی هۆنراوەی مەولەوی پێ وتراوەو پیرەمێردیش هەر بەو کێشە دایڕشتۆتەوە ، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆر لە یەك دوورن . هەرچەندە مەولەوی لە دووەمیشیاندا وردە باس ، یا کەرەسەو وشەی سروشتی هەر بەکارهێناوە وەك « سەبای هەناسەم نە دەروون سەد تەرز » یا ( بەو نەغمەی بین وەتینەوە ) یا ( باوەرە ئەی بەیت وەحەزینەوە )و(٢٤) ئەم جۆرە وشانە . بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێك پارچەکە ناباتە ڕیزی ئەو هۆنراوانەی مەولەوی یەوە کە بۆ سروشت تەرخان کراون ، بەڵکو پشتبەستن بە سروشتو کەرەسەو زاراوە لێوەرگرتنی بۆ باسیتر ، بە یەکێك لە شێوەو خاسیەتەکانی هۆنراوەی مەولەوی دەزانرێ . واتە ـ سروشت ئەوەندە هەڵچووە تا هەموو هۆنراوەی شاعیری گرتۆتەوەو تەنانەت لەو باسانەشدا کە زۆر لە باسی سروشت دوورن ، شوێن پەنجەو دیمەنی سروشت دیارە .

لە پارچەی یەکەمدا خامەی هونەرمەندانەی مەولەوی باش وێنەی سروشتی وڵاتمان پیشان دەدات . شاعیر زۆر بەزەوقەوە هەست بە

سروشتی ولآتو جوانیی دەکاتو هەموو ئەندامانی هەستکردنی لەگەڵ ئەو سروشتەدا دێنە جونبوشو هونەرمەندانەو وەستایانەش توانای ئەوەی هەیە کە ئەو هەست پێکردنەی خۆی بخاتە سەر کاغەزو لە دێری هەڵبەستدا پیشانی خەڵکی بدات .

دیمەنەکەی سروشت لێرەدا دیمەنێکی ڕاستەقینەی ئەو تاڤگەو ڕووبارەیە کە هەمووومان دەیبینینو هەستی پێدەکەین ، بەڵام شاعیر بەتواناوە دووبارە بەم نەخشەی وشەیە پیشانمانی دەداتەوە . ئەگەر دیمەنەکە خۆی وێنەیەکی تایبەتیی سروشتی کوردستان بێت ، ئەوا هۆنراوەو چەشنی نەخشەکێشانی مەولەویش تەواو کوردستانییە . لێرەدا شاعیر هەر چەند تابلۆیەکی سروشت نا ، بەڵکو چەند تابلۆیەکی سروشتی کوردستانمان بۆ نەخشە دەکێشێ .. دەبێ ئەو دیمەنی «شەونمی شەوەی کە دەکەوێتە سەر سەر زەویی سەوز ، وەك بکەوێتە سەر چاوی نەوکەسانەی کە شەو بێدارنو ناخەون ... » یا « خەیمەی گوڵان کە سێبەریان بەستبێ » ، دیمەنی بەهارو سروشتی کوردستان نەبن ، دیمەنی کوێ بن . یا ( ئەو شەتاوەی بە دەشتو دەردا سەرئەنێ )و ( شنۆی خۆشی گیان ئەفزای کاوان ) لەگەڵ ( شاخەی تافی ، سافی سەرئاودا ) ؟! بۆ دیمەنی سروشتو بەهاری کوردستان یا تەنانەت هەر بۆ باسی سەرچاوەکەی زەڵم ناگونجێن ؟ .. تەنانەت مەولەوی بە ئیلهامی ئەو تاڤگەو تەڵبەزەوە ڕوودەکاتە ساقیو شووشەی مەی دەکات بە ئاوێنەی ئەو تاڤگەیەو زۆر بە جوانی بە خامەکەی خۆی لەو شووشەیەدا نەخشەی تاڤگەیە دەکێشێ .

مەولەویو بەهار ، جیهانێکی فراوانە .

**وەهارەن ، تەشریف خاڵ خاسان پەیٚ هەرد**

**کەم کەم جوانیش ئاوەرد ، پیریش بەرد**

جەم جەم سۆسەنان ، جە تاق تەوق وەردان
سەردان نە هەردان پەرێ هامفەردان
وە ڕووی زاخاندا چنوور لوول وەردەن
پەی پای گیان تۆڕدام ئامادە کەردەن
بەرەزا بەو چین توغرای تاتاوە
شەماڵ مشانۆش ، یانی : وەی‌لاوە(٢٥)

دەبێ بڵێین ، ئەم هۆنراوەیە تەواو بەهاری‌یە ، لێرەدا بەتەواوی لە وەسفی بەهاری کوردستاندا سەرنەوتووە . لە نەخشەکێشانی ئەو وێنەیەدا کە لە بەهاردا جوانان ڕوودەکەنە دەشت بۆ سەیران و لاوی دێت و پیری دەڕوا ، وآتە سەرماو بەفری زستان وا دەڕوات و سەوزیی بەهار دێت ، لەم وێنەیەدا مەولەوی پێشڕەوو ڕێگە نیشاندەری گەلێك شاعیری ئەم چەرخەمانە ، بۆ ئەوەی بچنە مەیدانی نەخشەکێشانی ئەو دیمەنەوە لە سووڕی زەمین و وەرزیداو لە باسی بەهارو نەورۆزدا .

تەفسیری ئەم چەشنە پارچەیەی مەولەوی لە پارچەی (مژدە بێ ساڵ گەڕایەوە )ی پیرەمێردو لە پارچەی ( نەوروز ئەکەم )ی گۆراندایە . ئەویان باسی بەفر توانەوە دەکات و ئەمیان سەرمای زستانمان پیشان دەدات کە چۆن لە نەورۆزو بەهاردا پشتی دەشکێ .

مەولەوی زۆر هونەرمەندانە ، ئەو تابلۆی زستان و بەستەڵەک و تۆف و سەهۆڵبەندانە کە خۆی بەدێری هۆنراوە نەخشەی کێشابوو لە مێشکی گوێگردا دەسڕێتەوەو لە جێگای ئەو وێنەیەکی بەهار نەخشە دەکێشێ کە لە شوێن بەفرو سەهۆڵی چیاو دەم ئەشکەوت ، ئەڵقە ئەڵقەی گوڵە سۆسەن سەردەربهێنن و بۆ هاوەڵەکانیان و بۆ هاوفەردەکانیان بگەڕێن ، کە ئەو کچە جوانانەن کە لە بەهارا ڕوودەکەنە کەژو چیا .

مەولەوی لێرەدا بەم نیو دێڕە خۆی لە دەستە کۆنەپەرستی‌یەکەی شاعیرانی ڕۆمانتیك جیادەکاتـەوە . ئەوان سروشتیان هەر لەپێنـاوی سروشتدا دەوێ ، بۆ ئەوەی سەری خۆیان لە باوەشیدا کزبکەن‌و لە خەڵك دوور بن ، بەڵام مەولەوی جوانیی گوڵە سۆسەنی بـۆ ئادەمیزاد دەوێ ، لەبەرئەوە پۆلی کچان دەکات بە ( هام فەرد )و هاوەڵی پۆلی سۆســەنان . لـە باوەشی نەخشینی سروشــتدا ئادەمیزادی لەبیرناچێ‌و لـە دێڕی هۆنراوەیدا جێگەی دەکاتەوەو دەبێ دیار بێ‌و جێگەی هەبێ . مەولەوی هەر لەو تابلۆ سڕینەوەیەو لەو وێنەی تازە نەخشە کێشانەدا چنوور لـە جێگەی چلوورەو بەفری زســتان دائەنێ‌و بەڕەزا لەســەر بەردی ڕەق دەڕوێنێ‌و ئەو دەشتەش کە یا بەفری زستان دایگرتبوو یا قوڕو لیتەی بە ڕەنگی ڕەش لە تابلۆکەی زستانا ڕەنگی کردبوو ، ئەوەش دەکـات بــە نێرگسەجاڕو نێرگس لەوێدا بــە چاوی مەستی دەڕوانـێ . ئەوســا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەم دیمەنە جوانــە بەتێکڕایی دەستنیشــان دەکات ، بەوەی دەڵێ :

**نەرگس وە مەس مەس مدیۆ کێن ئەو کەس**

**گۆشەی چاك دڵ وەرنەدۆ جە دەس(٣٦)**

پاش ئەم هەڵوێستە ڕوودەکاتە ناخی دەروونی خۆی‌و دەیەوێ لە شایی‌و بەزمی بەهاردا خۆی نە لە جوانیی ئەو بەهارەو لـــە ورشەو گەشەی‌و نە لە هەموو ئەو خەڵکەی بەو جوانی‌یە مەســـت‌و دڵخۆشن‌و بە چاوێکی ڕۆشن‌و گەش‌بینەوە دەڕوانتە ژیان‌و جیهان جیانەکاتەوە .

کــــە نێرگس بە چــاوی مەســـــتەوە دەڕوانێ ، کێ بێ – بەلای مەولەوی‌یەوە – لەخۆشیانا سەرخۆش نەبێ‌و داوێنی دڵی خۆی لە دەست بەرنەدا :

**( مەعدوومی ) غەفلەت تـا چەنێو پەی چێ**

**گۆش‌دەر وە ناڵەی سەحەریی نەی‌چێ(٣٧)**

ئەبێ ئەمیش لە بێ‌هۆشی‌و غەفڵەت ڕزگاری ببێ‌و بڕوانێتە ئەم بەهارە خۆشەی کە هاتووەو گوێ لە شمشاڵژەن بگرێت ، یا بە شمشاڵەکەی ئاوازی سەحەریی بۆ لێبدات کە یەکێکە لەو ئاوازە تایبەتی‌یانەی بە شمشاڵ لێ دەدرێن .

ئەم هۆنراوەیە لای ڕوونکردنەوەی تێبینی‌یەکی لەمەوبەرمان ڕامانئەگرێت . هەندێ جار پارچەیەکی مەولەوی لە ( ڕۆحی مەولەوی )دا بە یەك پارچە دراوەتە قەڵەم ، بەڵام لە ( دیوانی مەولەوی )دا کراوە بە دوو یا سێ پارچە . بۆ ئەم پارچەیەش مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە کەناری پارچەکەدا نووسیویە :

« ئەم قەسیدەیەش دیارە تەواو نی‌یە ، پاشماوەکەشی کە برێتی‌یە لە وتراوی شمشاڵژەنەکە ، پارچەی ژمارە ( ٢٠ )ە کە بە هەڵە لە تیپی ( دال )دا بڵاوکراوەتەوە . هۆی ئەم هەڵەیەش ئەوەبوو لەوکاتەدا کە تیپی دالمان ئامادەکرد ، هەموو ئەو نوسخانەی لامان بوون ، هەر دوو پارچەکەیان بە جیا تیا نووسرابووەوە ، ئێمەش هەستمان ئەکرد پارچەکە ناتەواوە ، بەڵام لەخۆمانەوە نەمانئەتوانی پارچەیەکی‌تری بخەینە سەر ، تا لەم دووایی‌یەدا لە نوسخەیەکی ترا دیمان هەردوو پارچەکە پێکەوە نووسراونەتەوەو ئەوەی تیپی دال لە ئاخری ئەم پارچەوەیە »(٢٨) .

دیارە مامۆستا دان بەوەدا دەنێ ، کە دەبێ‌و دەگونجێ دوو پارچە هۆنراوەی دیوانە چاپکراوەکە لە بنەڕەتدا یەك پارچە بن . ئەو پارچەیەش کە مامۆستا بە تەواوکەری پارچە هۆنراوەکەی لەموبەری دادەنێ ئەوەیە کە دەڵێ :

**دڵــە وادەی سوبح نەو وەهارانەن**

**وەخت ئاگاهیی دەردەدارانەن(٢٩)**

ئەگەر لەم پارچەیەیان بکۆڵینەوە ، ئەوا دەبینین کە زۆرتر هەر سەرەتاکەی ، واتە سوبحو بەهارەکە بە پارچەی یەکەمی‌یەوە دەبەستێ‌و هیچی‌تری سەر بە بەهار نی‌یە . لە ڕۆحی مەولەویدا ئەم پارچەیە هەر لێکدانی پارچەی یەکەم‌و دووەم نی‌یە ، بەڵکو سێ‌یەمیشی خراوەتە سەر ، کە ئەویان لە دیوانەکەدا ١٥ دێڕەو لە باسی بەهارەوە دوورە(٤٠) ، یا لەوەوە دوورە کە بۆ بەهار تەرخان کرابێت . ئەوە نەبێ کە وەکو زۆر هۆنراوەی مەولەوی هەندێ وشەی سروشتی‌و بەهاریی تێدا بەکارهێنراوە ، وەك ( سەرهەردان )و ( نەسیم )و ( باڵای عەرعەر تەرز )و ( پەڕەی گوڵ ) ، کە ئەمە خۆی یەکێکە لە خاسیەتەکانی هۆنراوەی مەولەوی .

پارچەکە شتێکی دەروونی‌یەو مەولەوی بۆ بەسەرهاتێکی تایبەتیی خۆیی تەرخان کردووە ، ڕاستەقینە بێت ، یا بەری بیرکردنەوەو جۆرە خەیاڵێکی شاعیرانە بێت ، ئەوە لێرەدا گرنگ نی‌یە . بەڵکو هەر ئەوەیە کە ئەبێ بە بەڵگەیەك بۆئەوەی ئەم پارچەیە لەگەڵ ئەو پارچە بەهاری‌یەدا یەك نەبێت .

ئەگەر بگونجێ لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زانایەکی وەك مامۆستا مەلا عەبدولکەریمداو بەرامبەر بە لێکدانەوەی مەولەوی ناسێکی وەك ئەو ڕادەربڕین ، ئەوا لام‌وایە پارچەی یەکەم پارچەیەکی تەواوە ، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە بریتی‌یە لە تەنیا شەش دێڕ ، بەڵام باسێکی تەواوی تێدایە ، تابلۆیەکی تەواوی بەهاری کوردستان‌و هەستی شاعیر خۆیی تێدا دەبینرێ ، پارچەی شەش دێڕیش بۆ مەولەوی شتێکی سەیر نی‌یە ، چونکە مەولەوی هەروەك لە ڕووی کێش‌و قافیەوە لە عەرووز دوورکەوتۆتەوە لە پێڕەوی ژمارەی دێڕو جۆری داڕشتنی قەسیدەو غەزەلی کۆنیش لایداوە . زۆر جار کەرەسەی قەسیدەیەکی لە یەك دێڕدا

،کۆکردۆتەوە ، واتە تاقە دێڕەکە بیرێکی تەواوی تێدایە . یا ئەمە بە دوو دێڕ ڕادەگەیێنێ . بەڵگەیەکی تریشـــمان ئەوەیە کە مەولەوی لـــە دوا دێڕدا ، تەخەللوسی خۆی ، واتە ( مەعدوومی )ی تۆمار کردووە .

ڕەنگە ئەوەش بووترێ کە مەولەوی زۆر جار لەم لایەنەشدا لـــە شاعیرانی کلاسیك لایداوەو تەخەللوسەکەی لەناو باسداو لە ناوەڕاستی هۆنراوەکەیدا تۆمار کردووە . بەڵام ئەمە هەمووکاتێك نی یەو زۆر جاریش مەولەوی هەر لەسەر ڕشتەی کلاسیکی یان ڕۆیشتووە . بۆ نموونە یەکەم قەسیدەی ئەو دیوانە بەم دێڕە کۆتایی هاتووە :

**بووە وە باعیس ئەی نیم گیان سەخت**

**ســا بەڵکە نەمرۆ ( مەعدوومی )ی بەدبەخت(٤١)**

یا قەسیدەیەکی تر بەمجۆرە کۆتایی دێت :

**باوەرە کوورەی ، دڵ نە جەهدو جەخت**

**ڕووی تەوبیخ وەلای ( مەعدوومی )ی بەدبەخت(٤٢)**

کەواتە دەبێ ئەو پارچەیە ، سەربەخۆو بۆ بەهار تەرخانکراو بێت . ئەگەر بە وردی سێ پارچە لێکدراوەکە لـــە ( ڕۆحی مەولـــەوی )دا بخوێنینەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە شەش دێڕی یەکـــەم تەواو بۆ بەهار تەرخان کراوە ، بەهارێك بەپێی لەوی دەیەوێ گەشەو جوانی یەکەی لەگەڵ گەشەو خۆشیی دڵی هاونیشتمانانی نیشتەجێی ئەو سروشتەدا یەکبگرن . واتە هیچ جوانیو گەشەیەکی سروشتی بۆخۆی ناوێ ، بەڵکو بۆ ئادەمیزادی ئەوێ . پارچەی دووەمیش کە بریتی یە لـە پێنج دێڕ ، ئەوە لە ناوەڕۆکدا لـــە باسی بەهارەوە دوورە ، بەڵام کەرەســـەکەی بەهاری یە ، واتە مەولەوی وشەو مانا لە بەهارو سروشتەوە وەردەگرێ و بۆ مەبەسو ناوەڕۆکێکی تر بەکاری دەهێنێ . لەم چەند دێڕەدا مەولەوی لەسەر پێڕەوی زۆر لە شاعیرانی کلاسیکی دەچێتە کۆڕی فەلسەفەوە

له تەجروبەی ژیان پەند بۆ ڕێگەی ژیان وەردەگرێو ئەنجامەکەشی لە دێڕی هۆنراوەدا بە خەڵك دەگەیێنێ .

کەواتە ئەم پارچەیەش ، پەندێکە لە ڕیزی پەندی هۆنراوەدا دەژمێررێ . بەڵام وشەو کەرەسەی بەهاری‌یە . لێرەشدا مەولەوی کە شاعیری سروشت‌و تافی ڕۆمانتیکیتی‌یە ، خۆی جارێکی‌تر لە دەستە کۆنەپەرستەکەی ڕۆمانتیك جیا ئەکاتەوە ، لەجیاتی کزی‌و کلۆڵی‌و لە باوەشی سروشتدا بێدەنگ بوون‌و خۆ لە دەنگی ئازارو کارەسات کەڕکردن ، دیسانەوە دەنگی باوەڕو ئومێدی مەولەوی دەبیستین ، دەنگی کەسێکی گەشبین ، کە باوەڕی بە دوواڕۆژی گەشەو ئەو دوواڕۆژەشی بۆ خەڵك دەوێت :

**جەی بۆی گیان‌بەخشە بێ‌بەش مەمانە**

**ئەی سوبحە خاسە وە فرسەت زانە(٤٢)**

پارچەی سێ‌یەمیش کە بریتی‌یە لە ١٣ دێڕ ، ئەوە باسەکەی‌و ناوەڕۆکی تەواو لە بەهارەوە دوورە ، ئەویش هەر کەرەسە بەهاری‌یەکەی‌و وشەکانی بە دوو پارچەی یەکەمی‌یەرە دەبەستێ‌و وەك هەموو هۆنراوەی مەولەوی وشەو کەرەسەی سروشتی بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکێکی‌تر بەکارهێنراوە . نەسیم‌و شنەو گێژەڵووکەی توندی هەناسەو لەیلی عەرعەر تەرزو هێلانەی سەمەندەرو جەبین پەڕەی گوڵ ، ئەم پارچەیە کە ئەنجامی تەجروبەیەکی ناو دەروونی شاعیر خۆین دەبەستن بە باسی بەهارو سروشتی پارچەی یەکەم‌و دووەمەوە .

ڕەنگە ئەم تەجروبەی ناو دەروونەی لەم پارچەیەشدا دەبینرێ ، جۆرە هەستێکی ڕۆمانتیکیی‌تری مەولەوی دەربخات . لە پارچەی پێشوودا گەشەو هیواو دواڕۆژی گەشبین دیار بوو . بەڵام لێرەدا جگەر برژان‌و هەناسەی ساردو جۆشی دڵەی پڕخەم‌و حەز بە

سووتان‌و ناو ئاگر دیاره ، که ڕه‌نگه به ڕواڵـه‌ت ئه‌م جـۆره دیمه‌نانه دیمه‌نی ڕۆمانتیکی کۆنه‌په‌رستانه بن ، کـــه سـه‌روبه‌ری هه‌ر گریان‌و نائومێدی‌و فرمێسك‌و له ژیان ڕاکردن‌و وره به‌ردانه . به‌ڵام که‌ســێك که به‌وردی ته‌ماشای ئه‌م پارچه‌یه بکات ئه‌وه‌ی بۆ ده‌رئه‌که‌وێ که مه‌وله‌وی لێره‌شدا له‌و ڕێبازه دووره . مه‌وله‌وی ئینسانه ، هه‌ست به خۆشی‌و ناخۆشی ، شایی‌و شین ، سه‌رکه‌وتن‌و کاره‌سات ده‌کات‌و کارو ته‌ئسیری ئه‌م هه‌مــــوو ته‌جروبانه‌ش لـــه دێڕی هۆنراویدا دیاری ده‌ده‌ن . وه‌ك مرۆڤێکی خاوه‌ن هه‌ست ، یا عاشقێکی دڵسۆزی ڕاســته‌قینه ، یـا سۆفی‌یه‌کی ئیشراقگه‌ر ، به قووڵی له ده‌ردو ئازاری عاشـقان ئه‌دوێ‌و به قووڵی‌و به به‌ڵگه‌وه ڕاستگۆیی خۆی پیشان‌ئه‌دا . ئه‌وه‌ی لێــره‌دا مه‌وله‌وی له‌و ده‌سته ڕۆمانتیکه جیاده‌کاته‌وه ئه‌وه‌یه مه‌وله‌وی ئینســان له‌ناو جه‌رگه‌ی خه‌فه‌ت‌و و ئازارو ده‌روون برژان‌و دڵ توانه‌وه‌دا وره‌ی به‌رنه‌داوه‌و هێزی ئاده‌میزادیکی به‌تین لــه دێڕی هۆنراوه‌یا ده‌بینـرێ‌و له جه‌رگه‌ی نا ئومێدیشــــدا هه‌ر چاوی له تروســـکه‌ی هیـوایه‌و به نابینایی‌شه‌وه ئومێدی نه‌بڕیوه :

**چۆن جه‌سته‌ی خه‌سته‌ی مه‌ینه‌تان مایه**

**به‌ڵکم دیده‌و دڵ نه‌شـــان وه زایه**

**دیده سورمه‌ی تۆز پالاکه‌ت ناسه‌ن**

**دڵ جای ده‌ردته‌ن مه‌نه‌ده‌یشا خاسه‌ن(٤٤)**

به‌هاری کوردستان به‌جۆرێکی ئه‌وتۆ کاری کردۆته سه‌ر مه‌وله‌وی شاعیر ، که له هه‌موو پارچه هۆنراوێکیدا به‌جۆرێك دیمه‌نێکی به‌هـاری ولات یا هیچ نه‌بێ سروشتی ولات ده‌بینێ که به‌زه‌حمه‌ت له‌لای شاعیرانی تری کورد ده‌بینرێ . وه‌ك وتمان مه‌وله‌وی به سێ جۆر خۆی به‌ســتووه به سروشت یا به‌هاری ولاته‌وه ، یه‌که‌م : ئه‌وه‌یه چه‌ند پارچـــه‌یه‌کی بۆ

بەهاری وڵات تەرخان کردووە ، دووەم : بە کەرەســـەیەکی بەهاری یەوە دەکەوێتە باسی هەندێ شتی ترو هەندێ مەبەسی تر ئەشوبهێنێ بە بەهار . سێیەم : لابەلا لە باسێکی شتێکی ترەوە دێتەوە سەر باسی بەهارو چەند فەردێك بە بەهار دەبەخشێ . واتە جوانیی بەهاری وڵات بەجۆرێکی وا کاری کردۆتە سەر هەستو نەستی شاعیر کە بە کەرەسەی ئەو وەرزە درەوشەدارەوە بچێتـــە مەیدانی باسی ترەوەو لـــە گەرمەی دەربڕینی خواستو مەبەستی تردا خۆی بێ ڕانەگیرێو بەناچاری بچێتەوە ســـەر باسی بەهار .

بەنموونەوە باسی بەشی یەکـەم کراو هەندێ نموونەمان بۆ بەشی دووەم هێنایەوە . هەر لە نموونەی ئەم بەشـەدا ئەو قەسیدەیە دەبینین کە لە دیوانەکەدا تەنیا حەوت دێڕی تیپی دالەو لـــە ڕۆحی مەولەویدا بریتی یە لە نۆزدە دێڕی لێکدراو . لە هەردوو لادا بەم دێڕە دەســـت پێدەکات :

**دیاکەی وە شەرم جە پەنجەرەی ناز**
**تا تا ڕیشەی جەرگ بەراوەرد وە گاز(٤٥)**

لێرەشدا هەرچەندە لە تەجروبەیەکی تایبەتیی خۆی دەدوێ ، بەڵام دیسان دیمەنەکەی بەهارو سروشـــتی لەبیر نەچووەو ژیانی خـــۆیو بەتایبەتی ئەو تەجروبەیەی بە دوو وەرزی هاوینو بەهار شوبهاندووەو بەڕی وێنەکێشانی هونەرمەندێکی بەهرەداری بۆ ئەو خستۆتە کار :

**پەتڕۆی زامەکـەم هـەم لابەردەوە**
**وەخت بی سارێش بێ تازەش کەردەوە**
**تیرێ هەوادا وە پەنجەی بێگەرد**
**دا نـە پەڕەی دڵ تـا سۆفار ویەرد**

لاو هوون گولآو دەروونم کەرد کەیل
سەر وازکەرد جۆشا نە دیدەم چون سەیل
خاشاك هەستیم هۆرگرت جە ناو بەرد
وستش نە گێجاو تەنوورەکەی دەرد «٤٦»

دیارە کە لێرەدا پەنجەی وەکو گوڵو شەماڵێك کە ئەو تۆزە بکا بە چاوی شاعیردا ، مەولەوی لەم مەبەستەشدا بە بەهارەوە دەبەستێ و پاش ئەوەی چەند مەبەس دەردەبڕێ ، دبسان پەنادەباتەوە بەر اکەرەسەکەی سروشتو وەرزی ساڵ کە وەك هەویر وایە بەدەستیەوە ، هەمووشتی لێ دروستدەکاو زۆر بەئاسانی دێت بە دەستیەوە :

هامن ، ها ، منوار ، گەرمیش جۆش ئاوەرد
فەزای نەزم بەزم نەوگولآلآن بەرد
بووڵ وە یانەی جەم نەوگولآلآن شەند
چەمەن بێ نەوای نالەی بولبول مەند
تای بەرەزای شەنگ نە سای موغاران
شێونا چون زولف تەعزیەداران
ها ، کاوان ، کاوان دل چون دلڕێشان
هەرِ دان وە سەردا هەردان پەی وێشان
دووریت ئایر وست وە یانەکەی من
یانێ یانەی دل وێرانەکەی من
هەوا ئایرین ، سەروەخت ئایرین
دلە ئایرین ، بەدبەخت ئایرین
وەی گشت ئایرەوە خەیالم خامەن
پوختم ناپوختەن ، فامم نەفامەن«٤٧»

گڕەی هاوینو گەرماو تینوویّتیو بەردی سوورەوە بووی بەر گڕی ڕۆژ ڕەنگە لە خاکی ئیمەداو لەو ناوچانەدا کە مەولەوی ماوەیەکی ژیانی خۆیی تێدا بردۆتە سەر هەر لە دەشتی شارەزووردا ئاوا دیار بوو بێت . لەبەرئەوە کە دووریو گڕو هەناو سووتاویی دێتەوە یاد دەبێ هەر ئەو هاوینە لە سروشتدا هاوتای ئەو جۆرە تەجروبەیەی ژیان بێت ، چۆن خۆشیو گەشەو درەوشەی بەهارو سەحەریی گەرووی نەی زۆر جار وێنەی ژیانی خۆشو دڵخۆشکەر بوون .

هەروەك باسی بەهارەکە یەکسەر نییە ، هاوینەکەش هەر وایەو پەنا براوەتە بەر کەرەسەی هاوین ، یا سروشت لە هاویندا و دیمەنی هاوینی شارەزوور کراوە بە دڵەی گڕ تێبەربووی سووتاوی دووری . هاوینیش بەمجۆرە چۆتە ناو چوارچێوەی هۆنراوەیەوەو جارو باریش بارچەی تایبەتیی وەك ئەوەی زستانو بەهاری بۆ تەرخان کراوە .

مەولەوی بەڕاستی لەم جۆرە باسو تەشبیهاتەدا وەستایە ، لە یەکخستنی تەجروبەی تایبەتیی ژیانو دەروونی خۆی لەگەڵ ڕووداوو دیمەنی سروشتدا بەڕاستی هونەرمەندە .

ئەگەر بەوردی گوێ لەم چەند دێرە بگرین دەزانین مەولەوی چۆن دیمەنی ( شتنەوەی ) سروشتی هونەرمەندانەو بێ زۆر لەخۆکردنو ( بوونە پیشەساز )ی شاعیرانی کلاسیکی بردۆتە مەیدانی تەجروبەیەکی تایبەتیی خۆیەوە . شتنەوەکەش نەلایەکەوە ئەوەیە کە بارانی بەهار دێتو زەویو داروبەرد دەشواتەوە ، یا ئەوەیە کە لێشاوی ئاوی ڕووبار دێتو چیی لە بەردەما بێت دەیشواتەوە . بەڵام مەولەوی دەیەوێ چ بارانو چ ئاوی ڕووبار جۆرە شتێکیتر بشۆنەوە :

**دیدەت تۆز غەیر نیشتەنش وەنە**

**جە جۆی سەوزەی دڵ ئاویش دەربەنە**

وەر تۆ بینابیت پەردەش ها نەسەر
ئەو تۆ موینۆ جە تۆ زەریف‌تەر
ئەمجار یادکەر عومر عەبەس ویەردەت
باوەر وە خاتر ناپاکیی کەردەت
سەرئەفگەندە بەر چون شەرمەساران
چەمەی چەم هۆرکەر چون سەیل واران
بەڵ شۆرۆ بەو ئاو کەرەم فراوان
بابەت وە بابەت سیاهەی تاوان(٤٨)

لەپاڵ ئەم هونەرمەندیو زۆرلەخۆنەکردنو لە پیشەگەری دووری‌یەی مەولەویدا ، لە لایەکی‌ترەوە وەستایانە پیشەگەری‌یەکی بێ زۆر لەخۆ کردن دیارە کە دەڵێ :

وەر تۆ بینابیت پەردەش ها نە سەر
ئەوتۆ موینۆ جە تۆ زەریف‌تەر(٤٩)

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم ئەم دێڕە دەباتەوە سەر فەرموودەیەکی پێغەمبەر : ( الاحسان أن تعبد الله كأنك تراه ، فان لم تكن تراه ، فانه يراك ) ــ واتە : چاکەو خواپەرستی لەوەدایە کە بەجۆرێك خوا بپەرستی هەروەك چاوت ایی بێــتو ببینی ، وە گــەر نەیبینی ئەوا ئەو تۆ ئەبینێ(٥٠) .

لێرەدا دەبێ ئەوە تۆمار بکەین کــە لە هۆنراوەی مەولەویدا بــا ئێجگار زۆریش نەبێ ، بەڵام ئەو پیشەسازی‌یە دەبینین کە لە هۆنراوەی زۆر لە شاعیرانی کلاسیکیی کوردو رۆژهەڵاتدا دەبینرێ ، ئەویش ئەوەیە کە شاعیر بە دێڕێك یا بە وشەیەك ێ بە قسەیەك ئیشارەت بۆ ئایەتێکی قورئان یا وتەیەکی پێغەمبەر یا پێڕەوێکی شەریعەتی ئیســلام دەکات .

یا جاروبار به دێڕێك پێڕەوێکی ڕاستی کەلام یا مەنتیق یا فەلەکیش لێك دەداتەوە .

بێینەوە سەر ئەو چەشنە بەکارهێنانەی کەرەسەی سروشت لە شیعری مەولەویدا ، کە پەڕە بە پەڕەی دیوانەکەی نموونەی تازەمان دەداتێ . ئەمیش بۆ هەستی دڵ دەربڕین پەنا دەباتە بەر شێوەی نامەدارشتن‌و نامەش دەداتە دەست بای شەماڵ :

**نەسیم مەحرەم مابەین یاران**

**ماچان وەهارەن سەوزەن دیاران**

**گیان وە بێ‌تاقەت مونوون ئارۆ**

**زاهیرا هەوای لای ئازیز دارۆ**

**نامێتەی خەیاڵ ئەو دڵ پەسەندەن**

**ئیلاخیچ هەلای کەمێ یەخ بەندەن(٥١)**

کە کوێستانیش ئێستا ڕێی سەهۆڵبەندە ، مەولەوی پاش ئەوەی نامە دەداتە دەست شەماڵ‌و پاش دوعاو سەلام دیسان لای بولبول‌و گوڵ دەوەستێت‌و ڕەنگ‌و بۆی بەهارو خونچەی نەشکوفتەی دەخاتەوە ناو دێڕی هەڵبەستەوە . ئەوسا ئەو وێنەی بەهارو هاوینەی پارچەکەی پێشوو لە تاقە دێڕێکدا دووبارە دەکاتەوە :

**وەلحاسڵ سەمووم ، بای تاڵەی سستیم**

**پەژموردە کەردەن وەهار هەستیم(٥٢)**

پاش چەند هەستی تایبەتی‌و دۆستی دەربڕین خۆی ناگرێ‌و یەکسەر دێتەوە سەر باسی بەهارو بە پارچەیەك کە بە ( نازك تەدارەك ) دەست پێدەکات‌و لە ڕۆحی مەولەویدا هەر لەسەر ئەم ئامەیەیە چەند دێڕێکی ئەوەندە بەهاری دەدات بەدەستەوە کە لە دیوانەکەدا جیاکراونەتەوەو

هەر لەوە دەچن کە قەسیدەیەکی تایبەتیی‌تر بێ‌و لەسەر بەهار نووسرابێت . کاری سەیر لە شیعری مەولەویدا ئەوەیە کە لە جەرگەی ماتەم‌و مەرگدا بەهاری بێتەوە یاد ، جا ئەمە بلیمەتی‌و هونەرمەندیی مەولەوی‌یە ؟ یا هێزو جوانیی سروشتەکەی ولاتە وا کاری تێکردووە کە هەرگیز لە یادی نەچێ ؟.

بێکەس لەکاتی تووڕەبوون‌و ڕق‌هەڵساندا ، لە گەرمەی شۆڕشێکی ناو دەروونیدا ڕقی لە جوانی‌و بەهارهەڵدەستێ‌و جوانی‌یەکی دەوێ کە لەگەڵ ژیانی خۆشی ئادەمیزادو هاووڵاتی‌یەکانیدا یەکبگرێت :

**بەهار نامەوێ جوانیت ببینم**

**ئەمڕۆ من بە دڵ پەست‌و غەمگینم**

**دوژمنی لالەو گوڵ‌و نەسرینم(٥٣)**

شاعیری ڕق‌هەڵساو بە چاوی ڕقەوە هیچ دیمەنێکی جوانی‌و بەهار نابینێ‌و ناتوانێ ببینێ . بەڵام مەولەوی ئەو شاعیرەی هەموو بیرکردنەوەو هەستی‌و هەموو ڕێگەو هۆکانی هەست دەربڕینی بە سروشت‌و بەهاری ولاتە ، لە جەرگەی شین‌و ماتەمدا لە کاتی ئازارو ناخۆشیدا ناتوانێ بەوردی باسی بەهار نەکات ، بەڵێ بەهار پایز نا . ئەوە نی‌یە بە تووڕەیی‌و تۆرانەوە بەهار دەربکات ، چونکە ئەگەر لە بەهار زویر بوایە نەیئەتوانی ئاوا بەو وردی‌یە هەموو دیمەن‌و کون‌و قوژبنەکانی ببینێ . هەر ئەوەندەیە لە شێوەی گلەییدا ڕوودەکاتە ئەو بەهارە جوانەی ناتوانێ دیمەنی لە بەرچاوی خۆی لادات‌و ئەوەی پێ ڕائەگەیێنێ کە نەئەبوو وا بکات شاعیر نەتوانێ هاوەڵەکەی جارانی بێت . شاعیرێکی وەك مەولەوی نەبێت کێ لە کاتی ئازاردا بەو وردەکاری‌یەوە لە بەهار ئەدوێ ؟.

شین‌نامەیە یا ئازارنامەی توورەخستنەوەی خاڵە بەهارو خۆشیی پێ دەرئەکات ، بە ڕێگەی ماتەم‌و ئازاردا دەڕوا تا دەگاتە ( لووتکەی

خەم ) . بەڵام وا دیارە ئەو مەولەوی یەی لـــە هاوتا ( مترادفـــات ) بەکارهێناندا وەستایەو تاقەتیشی لە ( تەوریە )ی سواو بەکارهێنـــان چووە ، کە ئەگاتە لووتکەی ( خەم ) لەسەر ئەو لووتکەیەوە لووتکەی چیای دێتەوە یادو لەو ترۆپکەی بەرزی چیاوە هەموو سروشتە جوانەکەی وڵات دێتەوە بەرچاوی‌و خۆی بێ ڕاناگیرێ کە نەکەوێتەوە وەسفکردن‌و باسی ، لەبەرئەوە لابەلا دێتەوە سەری‌و وردەکاری‌و هونەرمەندی‌یەکەی خـۆی لەو چەشنە باسکردنەشدا بەکاردێنێتەوە :

**جەرگت لەت لەت بۆ چەواشەی چەپگەرد**

**خاڵۆت جیـا کەرد ، یە کار بی تۆ کەرد**

**دیدە ، وادەی سەیل هوونەی هووناوەن**

**دڵە ، وەخت بەزم نۆشای زووخاوەن**

**وەش‌ڕەنگی بازەم ، سـا دەی بێڕەنگی(٥٤)**

**شـادی با وەس بۆ ، سـا دەی بێ‌ڕەنگی**

تـا دەڵــێ :

**مانیای مەینەت سەرەو کۆی ستەم**

**( مەعدوومی )ی بەرکۆی سەرەو چێرەی خەم(٥٥)**

ئینجا دێتە سەر کەرەسەی سروشتەکەی :

**ئەو سەبوون سفتەی پڕ داخ بێ پەرداخ**

**تۆ بۆی شنۆی بای ئێلاخ نە دەماخ**

**ئەو تەشنەی ڕای چۆڵ سای گەردەن پڕ گەرد**

**تۆ سێراو نە پای وەفراوان سـەرد**

**ملان ، سەربەرزان ، کۆساران ، هەردان**

**بێ‌شەرتان ، جە داخ وەفاتان مەردان**

چێشمەن ئارایش سـەر تا وە دامان
مەر خاڵۆم وە عەزم سەیرتان ئامان
مەشنیە چین چین چنوور نە کاوان
توخوا ماتەم بە، هاژەی وەفراوان
چنوور نە کاران ئەو نەبۆ پەی چێش
هاژەی وەفراوان ئەو نەبۆ پەی چێش
نەسیم وەش بویەر وە کۆساراندا
وەسەن شانای وەڵگ وە دیاراندا
شنۆی ئەو بەرزە ئەو نەبۆ پەی چێش
لەرزەی سەد تەرزە ئەو نەبۆ پەی چێش
وە سەدای سەروەش دڵ وەش‌مەزاقان
هەنی نەلەرزۆ کەڵڕەم نە تاقـان
سەدای ماردومان ئەو نەبۆ پەی چێش
سەفای کەڵڕەمان ئەو نەبۆ پەی چێش(٥٦)

ئەوەتا مەولەوی سروشتی تاوێك لە بەرچاوی خۆی لابرد . بەلام کە گەیشتە لووتکەی غەم لووتکەی چیاو کێوی کوردستانی هاتەوە یـادو لە لووتکەی بەرزەوە هەموو دیمەنەکەی سروشتی هاتەوە بەرچاو کـە بەتەواوی‌و ڕاستی بەسەر هۆش‌و هەسـتیا زاڵن . لەبەرئەوە لـەو لووتکەیەوە سەیری جوانی‌و سروشتی کرد کە بۆ یەکتـر خولقاون‌و ڕووی‌کردە دەروونی خۆی کە حەز بەوە دەکات هەمیشە لەگەڵ جوانی‌و شادی‌یا یەك بێت‌و پێی‌وت :

چووەختەن دڵەت جە شـادی کەیلەن
دەك لێلاویت بۆ یە وەفاو مەیلەن(٥٧)

شاعیر له لووتکەی ئازاردا ، یا له لووتکەی ( شادیو خۆشیو چیای بەرزو سروشتی جوان )دا دەوەستێو له هەردوو جاریشدا دەچێتە سەر لووتکەی شیعری ڕۆمانتیکیی کوردی . ئەگەر ڕەخنەگرانی تازە ڕێبازی ڕۆمانتیکیان کردبێت بە نوو بەشەوە ئەوا مەولەوی هەر لە دەستەی شاعیرانی ڕۆمانتیکیی پێشکەوتنخوازیاندایە . چونکە هیچ کاتێك فرمێسكو گریانو ماتەمی مەولەوی فرمێسكو گریانو ماتەمی نائومێدانو لە ژیان وەڕسبووان نەبووەو بەرچاو تاریکی لە هۆنراوەی ئەودانی‌یە ، بەڵکو ئازاری ئەو ئازاری مرۆڤی هاوچەرخی خۆیەتی ، خەمو خەفەتی بۆ ناهەمواریی ژیانو نارەوابی هەندێ یاسای ئەو ژیانەیە . هەروەك لە باوەشی جوانی سروشتدا سەرکزکردنی مەولەویش ئەوە نی‌یە کە لە هۆنراوەی دەستە کۆنەپەرستەکەی ڕۆمانتیکی ئەورووپادا دەبینرێ ، ئەوانەی لە باوەشی سروشتدا سەر کز ئەکەن بۆئەوەی لە کارەساتی ژیان دوور بنو کارەساتیش کە ئەوان فرمێسکی بۆ دەڕێژنو لەتاوا بۆچرووکی هەناوو جگەریشیان دەبینرێ ، ئەوە ئەو کارەساتەیانە کە لای ئێمە مایەی شادیو هیوایە ، پەیدا بوونی بزووتنەوەی کرێکارانو مەرگی چەوساندنەوەیە .

وەك دیارە مەولەوی لەم جۆرە هەستو کارەساتەوە دوورە ، مەولەوی لە ڕیزی ئەو شاعیرە ڕۆمانتیکیانەدا دەوەستێ کە خەو بە دوواڕۆژی گەشەو خۆشەوە دەبینن‌و ، هۆنراوەکانیان ئاوێنەیەکی ئەو خەوەن .

ئەگەر بۆ نموونەی‌تری زاڵبوونی سروشتو ، لەکاتی شیندا بەسەر مەولەویدا بگەڕێین ئەوا گەلێکی‌تر دەبینین . بەناوبانگترین هۆنراوەی شینی مەولەوی ئەوەیە کە بۆ مەرگی خاتو عەنبەری خیزانی وتویەتی . لەوێدا هەستێکی ڕاستگۆیانەو دەروونێکی بەڕاستی سووتاو دەبینین . کەچی

سروشتی ولات وا بەسەریدا زاڵە کە بە شێوەکەی خۆی بکەوێتە وەسفی ، ئەم پارچەیە بەم دێڕە دەست پێدەکات :

**شووڕای عاشووران دیسان بەزمش بەست**
**موحەڕڕەم ئاما ، مەحرەم شی نە دەست(٥٨)**

ئەم پارچەیەش لـە ڕۆحی مەولەویدا لێکدراوی چەند پارچەیەکی دیوانەکەیە . کە دیارە ئەو پارچە لێکدراوە هەمووی بۆ خاتو عەنبـەرە ، لەبەرئەوە دەشێ کە یەك پارچە بێت . ئەگەر پشت بە ( ڕۆحی مەولەوی ) ببەستـین ئەبێ بڵێین : پاش ئەوەی بەتەنیـا پێنج دێڕ باسـی مەرگـی هاوسەری دەکاتو شینو ماتەمەکەی خۆی دەباتە ڕیزی شینو ماتەمی کەربەلاوە ، چونکە هەردووکیان لە مانگی موحەڕڕەمدا ڕوویانداوە ، پاش ئەوە یەکسەر بەمچەشنە دێتە سەر سروشت :

**ئیمساڵ تەو وەهار چون خەزان سەرد**
**بەرگێ وەرد باغ ( مەعدووم ) بەرد پەی هەرد**
**مشـــیۆ تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ**
**وەرنە ، کەی ، کێ دی ، وەهار گوڵڕێز بۆ**

. . . . . .

**بۆی ( عەنبەر ) نە تۆی دەماخم دوورکەرد**
**فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد(٥٩)**

پاش ئەوە بە حەوت دێڕ باسی بەختی ڕەشی خۆی دەکاتو بـە بۆنی عەنبەر ئیشارەت بۆ ناوی عەنبەر خاتوونی هاوسەری دەکاتو ئەوسا ڕێكو ڕەوان دان بەوەدا دەنێ کە سروشتەکەی وڵاتی هەر لە بەرچاوەو لە ئاوێنەی ئەو سروشتەدا وێنەی عەنبەر خاتوون دەبینێ ، ئەمە لەلایەك ئالوودەیی سروشـــتەو لەڕووی بیری فەلسەفەشەوە دەچێتەوە ســـەر ( یەکێتیی بوون ـ وحدە الوجود ) کە لەمەوبەر وێنەیمان لـە شـیعری

مەولەویدا پیشان‌داو وێنەی‌تریشی زۆرە ، یا ڕەنگە بەلای یەکیتی بوو — ( وحدة الموجود )دا بچێت کە لەوی پێشوودا جیایەو وێنەی لای سۆفیان لە وتەکانی زەنوونی میسری‌و مەولانای جامی‌و بابەتایەردا دەبینرێ :

**هەرچی بوینوون شێوەی تۆ پێشەن**
**دڵ وە هەتیتەی حەسرەتدا کیشەن**
**هەر ماهێ نەو بۆ حالّم پەشێوەن**
**چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن**
**نە شەو ڕاحەتم ، نە ڕۆ دڵشادم**
**شەو زولفو ڕۆ ڕووت مەوزۆ ئەو یادم**
**شمشادو نەرگس وەنەوشەی چەمەن**
**سەیرشان ئازار بینایی چەمەن**
**ئاد مارۆ بە ویر تەرزەکەی بالأت**
**ئەو دیدەی مەستت ، ئید خاڵ ئالأت(٦٠)**

شین‌و سروشت یا بەهار وێنەی لە شیعری‌تریشیدا دیارە . بۆنموونە ئەو پارچەیەی بۆ شینی ئامینەخانی کچی قادر بەگی کەیخوسرەو بەگی جافی نووسیوە :

**ماتەمی‌و وەهار ؟ بێ‌شەوقی‌و ئەوگوڵ ؟**
**مەلوولی‌و گوڵزار ؟ بێ‌زەوقی‌و بولبول ؟**
**سوب بۆی وەش نەسیم چون هەردە جاران**
**نمەدۆ نە کاخ دەروون یاران**
**داخۆ ئەی سەروەخت فەزای وەهاردا**
**کام تەم نە سەر هەرد قەزا دیار دا**

سەدای ( های دیبای خەمان ) هەرزانەن
سەلای واوەیلای بادام تەرزانەن
مەر گولشەن حوسن شای گوڵئەندامان
جە وەیشوومەی مەرگ خەزانش ئامان
ئەو بالای ئالای تەرز سەهی سەرو
پێوە هێلانەی دلان چون تەزرو
کنیاو خەمیاوە وە دەم ڕێشەوە
تەزەرو ئاسا نیشت وە سای ویشەوە
ئای بەرەزای شەنگ عەنبەر بۆی شەوڕەنگ
پەخش بی نە ڕووی ئاش نەلحەدسەرای سەنگ(٦١)

تا دەڵێ :

باڵ چەم هوردا نەرگس نەی دەمدا
چ خێر بی تو چەم نیای وەهەمدا(٦٢)

مەولەوی لەگەڵ پایزیشدا هەروەك بەهاری کردووە ، واتە یا یەکسەر باسی پایزی کردووە ، یا لە باسێکی ترەوە هاتۆتەوە سەر پایز ، یا کەرەسەی ئەو وەرزەی ماتەمی بۆ گەلێك مەبەسی تر بەکارهێناوە :

ئەدای پەشێوی حالات جەستەم
دوورەن جە تەحریر خامەی شکستەم
بەلام ( مەعدووم ) هەرس دیەش جۆش وەردەن
ناعیلاج خامەش وە دەسگیر کەردەن(٦٣)

دیارە قەلەمی مەولەویش کە کەوتە نووسین ، بێ باسی سروشت نابێ ، تەنانەت لەم حالەتەی جەستەشدا خامەی ئەو دەبێ لە کەرەسەی زەردیی پایز ڕەنگ وەرگرێ و بەو ڕەنگە تابلۆی بکێشێ :

فەسڵی نەو پایز تازە کەردەن مەیل
شەماڵ هەرزان کەرد ڕشتەی نەوسوەیل
گێج سەرکاوان جە سەردی بین کەیل
بۆ مدان چون بۆی بێوەفایی لەیل(٦٤)

یا پارچە پایزی‌یە بەناوبانگەکەی کە دوو دێڕی یەکەمی هەر لـەم پارچەیە دەچێ‌و بۆ یەك مەبەس نووسراون :

چون وەڵگ شادی من وای دووری لەیل
وەیشووم بەرد ئەو هەرد نەوڕشتەی سوەیل
......
بێدەس بی چنار زیز خاتر ڕێش
بەڵ خاکیش کەرۆ وەسەردا پەی وێش
وی کۆڵ وەی وە کۆڵ پەی زەردان دەرد
ماساو نە سەراو ڕێزان هەرزان کەرد
......
هاڵای سەرمەستەن وە شنۆی لەیلاخ
بۆی نەوپایزش نامان وە دەماخ
شەماڵ شۆ هۆرکەر بدەر بێدرەنگ
سەیل‌و تەم زەردیی دیدەو دڵ‌و ڕەنگ
......
زەردیی ڕەنگ نە وەڵگ نەوتووڵ نەمامان
تا لێش مالووم بۆ نەوپایز نامان
زایفیش گرەو جە کا بەردەبێ
بای هەناسەی سەرد گێج پێش وەردەبێ
گێج مەوەرد پووشش بەو هەناسەوە
سروەی پووش مەوات جە ڕووی ئاسەوە(٦٥)
......

دێڕەکانی ئەم پارچەی پایزەی مەولەوی ، نموونەی هەموو باسی پایز یا سروشتن لە شیعری ئەودا . مەولەوی ئەگەر مەبەسیشی پایز یا سروشت نەبێ‌و بیەوێ هەستێکی تایبەتیی خۆی ، یا تەجروبەیەکی ئەو ژیانە ئاڵۆزەی خۆی لە دێڕی هەڵبەستدا دەربڕێ ، ئەوە هەر پەنای بردۆتە بەر سروشت‌و هەر شتێکی سروشتی بە شتێك یا ڕووداوێك یا کارەساتێکی ژیان شوبهاندووە . مەولەوی لەم لایەنەشدا دەچێتەوە سەر ( یەکێتی بوون )و هەموو جارێك دێت وێنەو دیمەن‌و تابلۆی سروشت دەهێنێ‌و دەیخاتە بزووتنەوەو جووڵانەوەو ئەوسا کارەساتێکی ژیان ، یا ناسۆرو بەسەرهاتێکی خۆی ، یا چەند تاو خۆشیی ژیان‌و گوزەران کە دەگمەنە دەهێنێ‌و لە ڕێگەی ئەو دیمەن‌و کەرەسەی سروشتەوە پیشانی دەداو نەخشەی دەکێشێ .

لێرەشدا دێینەوە سەر سەرەتاو بەراوردێکی‌تری خانی‌و مەولەوی.

خانی هەمیشە کە بیەوێ ڕووداوێکی درێژی ژیان پیشان‌بدات وەك بڵێین « شایی‌یەکەی ستی‌و تاژدین »(٦٦) یا باخچەکەی میر زەینەدین‌و(٦٧) ڕاوو شکارەکەی خەڵکی بۆتان(٦٨) . هەمیشە پەنا دەباتە بەر ئاسمان‌و تەشبیهێکی ئەوڕووداوە ، یا دیمەنەی ئەمڕۆ بە دیمەنێکی سروشت دەکات‌و بەهۆی ئەو سروشتەوە نەخشەی تابلۆکەی ئەمڕۆ دەکێشێ .

ئەگەر بەراوردی ئەم دوو چەشنە پەنابردنە بەر سروشتەی خانی‌و مەولەوی بکەین ، ئەوا دەبینین کە ئەمەش وەك باسی سروشتەکەیان جیاوازە . هەرچی خانی‌یە هاتووە لەسەر پێڕەوی شاعیرە کلاسیکی‌یەکان تەشبیهێکی ئاسایی کردووەو لە تەشبیهەکەیدا جاروبار چۆتە سەر ئیستیعارە ، بەڵام لە سنووری بەلاغەتە کلاسیکی‌یەکە نەچۆتە دەرەوە ، بۆ نموونە لە وەسفی خوانەکەی میر زەینەدیندا ــ خوان وەك ئاسمان بوو ، نان لە چەشنی مانگ‌و ڕۆژ بوو ، قاپ‌و قاچاغی سەر خوان ئەستێرە

بوون ، بەرخو مەڕی سەربڕراویش لە بورجەکانی ( جەدیو حەمەل )ی ئاسمان دەچوون . بێگومان ئەم خۆبەستنەوەیە بە بەلاغەتەوەو بە وێنەی کلاسیکی‌یەوە لە هونەر بەدەر نی‌یەو لە شاعیرێتیی خانی کەم‌ناکاتەوە ، بەڵکو ئەوەش چەشنێکە لە هونەرو لە خاسیەتی شیعری خانی .

بەڵام مەولەوی تەشبیهی سروشتەکەی شتێکی ترەو زۆر لە وێنەی کلاسیکی‌یەوە دوورە . مەولەوی وەك هونەرمەندێکی بەتوانا وێنەی سروشتەکەی دیوەو باش چاوی تێ‌بڕیوەو چاوو گوێ‌و هۆشی بە هەموو لایەکی جوانیی ئەو سروشتە پڕبووەو یا وەك هەندێ ڕەخنەگر دەڵێن : دیمەنەکانو کەرەسەی سروشتەکەی زۆر باش هەزم‌کردووە یا بڵێین — قووتداوەو پاش ئەوە هاتووە ئەو کەرەسەیەی لە کردارێکی خوڵقێنەرانەی تازەدا بەکارهێناوەو ئەم دیمەنانەی پیشان‌داوین کە لە باسی سروشتدا دەیبینین . بەڵکو دەتوانین زۆر جار بڵێین کە مەولەوی دوو وێنەی پێکەوە هەزم‌کردووە ، وێنەی سروشتو وێنەی ژیان ، ژیانی خەڵكو ژیانی خۆی بە هەموو بارێکیەوەو ئەوسا لەم دوو وێنەیە بە هەڵبەست وێنەیەکی تازەی نەخشە کێشاوەو بەوچەشنەی خۆی دەیبینێ وێنەیەکی سروشتی پیشان‌داوین کە هەر ڕەنگە سادەکەی سروشت خۆی نی‌یە ، بەڵکو پەڕی هونەرمەندانەی لە ڕەنگی ناسۆرو ژیانیش داوەو ئەوسا نەخشەکەی کێشاوە. لێرەشدا مەولەوی هونەرمەندەو خانی پیشەسازەو هەردووکیشیان لە کاری خۆیاندا وەستان،شاعیرن .بەڵام جیاوازی‌یەکەی نێوان هونەرمەندو پیشەساز ئەوەیە کە هۆنراوەی کلاسیکی لە شیعری ڕۆمانتیکی‌و ڕیالیستیی ئێستا جیادەکاتەوە . لەم‌چەشنە باسانەشدا دەتوانین ئەو چەشنە هێڵە لەنێوان مەولەوی‌و خانیدا بکێشین ، هەرچەندە خانیی مەزنیش لە چەند شوێن‌و باسێکدا هەنگاوێکی‌تری بەرەو دەرچوون لە چوارچێوەی کلاسیکێتی ناوە .

پەیوەندیی مەولەوی‌و سروشت‌و مرۆڤ هەر لەوەدا ناوەستێ ، بەڵکو ئەم سروشتە دەبەستێ بە ژیان‌و هەمـــوو بوونەوەو دەرگایەکمان بـۆ تێگەیشتنی لایەنێك لە بیرو فەلسەفەی مەولەوی بۆ دەکاتەوە .

لەو نامیلکە بەنرخەدا کە باســمان‌کرد بابە عەلیی شێخ عومەر قەرەداغی زیرەکانە ڕەنگدانەوەی ئەم بیرە فەلسەفی‌یانەی مەولەوی لـــە شیعری سەر بە سروشتی ئەودا دەبینێ . ئەوەتا دەنووسێ :

« ... دیارە سۆســەن وەك مرۆڤی تەواو ( الانســان الکامل ) خۆشەویستیی لە سنووری چەشــنەکەی خۆی دەرچوەو ئاسـۆیەکی فراوانی گرتۆتەوەو کە مەگەر هەر شاعیرو هەستیارێکی وەك مەولـەوی بەوجۆرە بووبێ .

وە هەروەها چنوورو بەڕەزاو نێرگس وەك ئافرەتێکی شۆخ‌و شەنگ نیشاندراون ، کە بیبەوێ خۆی بنوێنێ‌و عیشوەو ناز بکاو سەیرانکەران تووشی داوی ئەوین‌و خۆشەویستی بکات »(٦٩) .

یا دەربارەی مەولەوی دەنووسێ :

« ... بەڵێ ، لە ناخی دەروونیەوە وا هەست دەکا : سەوزە گیای دەرو دەشت مرۆڤێکی بەسۆزەو شەونمیش فرمێسکە ، قەتیس بوە لـە چاوە گەشەکانیدا ، لەبەر شەوبێداری‌و دەردی ئەوین .. »(٧٠) .

ئەم چەشنە بیرەی دەربارەی تاڤگەی زەڵم‌و(٧١) هەستی مرۆڤایەتی بە پایز بەخشین‌و(٧٢) دیمەنی هاوین‌و(٧٣) شەماڵ‌و تەنانەت هەندێ گیاندارو جەمادیش(٧٤) دەربڕیوە . دیـارە نووســەر کـە لەمەودوا شــەرحی ( العقیدة المرضیــة )ی کردووە ، لـە فەلسەفە دەگات‌و دەبێ ڕێبازێکی فەلســەفەشی هەبێ . بەڵام لێرەدا هەر بیرەکانی مەولەوی دەردەخات‌و ناچێتە ناو لێکدانەوەی فەلسەفیشی‌یەوە . تەنانەت کە دێتە سەر باسی

زستانو ناوبردنی پەروەردگار بە ( بەنا باشیی بورج ) ، خۆی لە شەرحی لادەدا . کە لام‌وایە لەبەرئەوە بێ کـە ئەمە مەولەوی بەرەو بیری یەکێتی بوونو تێکەڵیی پەروەردگارو مرۆڤ دەباتو یا لێرەو لە هەندێ شوێندا ڕێنیشاندەر بەرەو ڕێبازی پەروەردگاری یا بڵێین ( الربوبیه یا Deism ) دیارە کە ئیبن‌روشدو ئیبن‌خەلدوونو پاشان ڤۆلتێرو ڕۆسۆ باوەڕیان پێی‌بووە . لە کاتێکدا یا نووســەر باسی ئەوەشی نەکردبێ ، بەڵام وا هەســتدەکرێ کە ئەو مەولــەوی بەرەو ڕێبازی گیـــانی یا بڵێین ( روحیـــەت یـا Spiritalism ) دەبات کـە بیرێکی ئایدیالیزمی‌یە باوەڕی بە دەسەڵاتی گیان بەسەر سروشتدا هەیە . بۆ ئەم مەبەسـەو تەنانەت بۆ هەندێ دیـاردەی سروشــتگەری یا بڵێـین ( الطبیعیه یـا Naturalism ) لـــە شیعری مەولەویدا دەرگای لێدوانی فەلســەفی ئاواڵەو دەرفەتـی خۆی دەوێ ، بەڵام کـە ئێمـە باسەکەمان دەربارەی ئەدەبەو ئێستا بۆ باسی فەلسەفەی ڕووت نەهاتووین دەبێ بڵێین : ئـەم چەشنە دەربڕینانەش لـــە شیعری مەولەویدا هـــەر بەرەو هەسـتی مرۆڤگەریو تێکەڵیی مرۆڤو سروشتو لایەنە ڕۆمانتیکی‌یەکەی خـۆیی دەبات ، کـە هەموو شــت بەلایەوە چالاکو زیندووەو لـــە جووڵانو نەوەستاندایەو هەمووی لە جەوهەردا یەکە ـ ئیتر جەوهەرەکە گیـــانی بێ یا مادەی ڕووت بۆ مەولەوی‌یەك کە لەپاڵ هەموو ئاینپەرستیدا ئـەم قسە سۆفیانەشی هەیە :

**هەرچی دیت وە چەم شی وە سەفەردا**

**هەرچی موینی ها نە گـــوزەردا**

**کەس حاڵی نەبی وە هیـــچ نەفاما**

**ئەو پەی چێش ویەرد ، ئێد پەی چێش ئاما(٧٥)**

یـا ئەڵێ :

**هەرچیت دابوو پێم یەك یەك دامەوە**

**حیساب حەشرت وا وە لامەوە**

---

(١) بابە عەلیی شـێخ عومەر قەرەداغی . مەولەوی و سروشت . بەغدا ، ١٩٧٨ .

(٢) ئەمین شێخ علاءالدین نەقشـبەندی . تەصەووف چی یە . بەغدا ، ١٩٨٥ .

(٣) ئەوێ ، ل ٤٩٠ .

(٤) ئەوێ ، ل ٤٩١ .

(٥) گەلاوێژ . ك ١ ، ١٩٤٣ ، ل ٩ – نیسان ، ١٩٤٣ ، ل ٣ .

(٦) مەبەس مەلا عەبدوڵلای مەریوانی یە .

(٧) مەولەوی – گۆڕینی پیرەمێرد . چ ٢ . بەغـدا ، ١٩٦٨ . ل ١١٧ . تێبینی : ئەم سەرچاوەیە بە ( ڕوحی مەولەوی ) ناودەبەین .

(٨) هەر ئەوێ ، ل ١١٨ .

(٩) بڕوانە : دیوانی گۆران . بەغدا ، ١٩٨٠ . ل ١٢٧–١٣٥ .

(١٠) ئازادی . بەغـدا ، ١٩٦٠/١٠/٨ . وتارێك بە ئیمـزای « دڵسـوز » .

(١١) هەر ئەوێ . [ تێبینی : لەبەرئەوەی لە کاتی نووسینی ئـەم باسەدا ئەو ڕۆژنامەیە لە بەردەستدا نەبوو وتەکانی گۆرانم لە وەرگێڕانێکی عەرەبی یەوە وەرگرتەوە ] .

(١٢) هەر ئەوێ .

(١٣) ئەو وتارە تا نووسینی ئەم باسە بڵاونەکراوەتەوە .

(١٤) د. عزالدین رسول . الواقعیه في الادب الکردی . بیروت – صیدا ، ١٩٦٦ ، ص ٧٠ ، ٧١ .

(١٥) وتارێکی سادق بەهائەدینی کۆچکردوو لە ڕادیۆی بەغداوە .

(١٦) احمد خانی . مەم و زین . مسکو ، ١٩٦٢ . ل ٥٢ ، ٥٣ .

(١٧) ئەوێ ، ل ١٩٠ .

(١٨) ئەوێ ، ل ٥٣ .

(١٩) ئەویٚ ، ل ٥٤ ٠
(٢٠) دیوانی نالی ٠ بەغدا ، ١٩٧٦ ٠ ل ٣٢١ ٠
(٢١) کێوی توور ــ طور ٠
(٢٢) احمد خانی ٠ مەوزین ٠ مسکو ، ١٩٦٢ ، ل ١١٦ ٠

(٢٣) دیوانی مەولەوی ٠ کۆکردنەوەو لێکۆلینـــەوەو لێکدانەوەو لەسەر نووسینی : مەلا عبدالکریمی مدرس ٠ بەغدا ، ١٩٦١ ل ٢٧٨ ــ ٢٨٠ ٠ [ تێبینی : ئەم سەرچاوەیە بە دیوانی مەولەوی ناودەبەین ] ٠

(٢٤) دیوانی مەولەوی ٠ ل ٤١٧ ، ٤١٨ ٠ ل ٣٠٤ ٠
(٢٥) هەر ئەویٚ ، ل ١٣١ ٠
(٢٦) ئەویٚ ، ل ٤٧٢ ، ٤٧٣ ٠

(٢٧) ئەم دێرەم بە دەمی لە عومەر عارفی کۆچکـردوو بیستووە ، رەنگە وتەی خۆی بێ ٠ بیرەکە لە دێرێکی تایەربەگ دەچێ :

**کە من نەخلی مرادم بێسەمەر بێ**
**بە من چی باغی عالەم جوملەبەر بێ**

(٢٨) دیوانی مەولەوی ، ل ٤٧٣ ٠
(٢٩) هەر ئەویٚ ٠
(٣٠) هەر ئەویٚ ٠
(٣١) هەر ئەویٚ ٠ ل ٤٦٧ــ٤٦٩ ٠
(٣٢) هەر ئەویٚ ٠ ل ٢١٣ ٠
(٣٣) هەر ئەوی ٠
(٣٤) هەر ئەویٚ ٠ ل ٢١٦ ٠
(٣٥) هەر ئەویٚ ٠ ل ٤٧٤ ٠
(٣٦) هەر ئەویٚ ٠ ل ٤٧٤ ٠
(٣٧) هەر ئەویٚ ٠ ل ٤٧٥ ٠
(٣٨) هەر ئەویٚ ٠ ل ٤٧٥ ٠
(٣٩) هەر ئەویٚ ٠ ل ٢٤٧ ٠
(٤٠) هەر ئەویٚ ٠ ل ٢١٦ ، ٢١٧ ٠
(٤١) هەر ئەویٚ ٠ ل ٥ ٠
(٤٢) هەر ئەویٚ ٠ ل ٢١ ٠
(٤٣) هەر ئەویٚ ٠ ل ٢٤٨ ٠

(٤٤) هەر ئەوێ . ل ٢١٩ .
(٤٥) هەر ئەوێ . ل ٢٤٠ .
(٤٦) هەر ئەوێ . ل ٢٤١ .
(٤٧) هەر ئەوێ . ل ٥٢٢ ، ٥٢٣ .
(٤٨) هەر ئەوێ . ل ٧٢ ، ٧٣ .
(٤٩) هەر ئەوێ . ل ٧٢ .
(٥٠) هەر ئەوێ .
(٥١) هەر ئەوێ . ل ٤٠٦ ، ٤٠٧ .
(٥٢) هەر ئەوێ . ل ٤٠٩ .
(٥٣) دیوانی بێکەس . بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ١١٧ .
(٥٤) دیوانی مەولەوی ، ل ١٣٩ .
(٥٥) هەر ئەوێ ، ل ١٤٠ .
(٥٦) هەر ئەوێ . ل ١٤١ ، ١٤٢ .
(٥٧) هەر ئەوێ . ل ١٤٠ .
(٥٨) هەر ئەوێ . ل ٣٢٠ .
(٥٩) هەر ئەوێ . ل ٤٥ ، ٤٦ .
(٦٠) هەر ئەوێ ، ل ٢٣٥ .
(٦١) هەر ئەوێ ، ل ٣٨٣ ، ٣٨٤ .
(٦٢) هەر ئەوێ ، ل ٣٨٥ .
(٦٣) هەر ئەوێ ، ل ٥٥ ، ٥٦ .
(٦٤) هەر ئەوێ ، ل ٣٣٨ .
(٦٥) هەر ئەوێ ، ل ١٦٠–١٦٥ .
(٦٦) خانی ، ل ١١٦–١١٩ .
(٦٧) خانی ، ل ١١٨ ، ١١٩ .
(٦٨) خانی ، ل ٨٣–٨٩ .
(٦٩) مەولەوی و سروشت . ل ٨ .
(٧٠) هەر ئەوێ ، ل ١٢ .
(٧١) هەر ئەوێ ، ل ١٣ .
(٧٢) هەر ئەوێ ، ل ٢٠ .
(٧٣) هەر ئەوێ ، ل ٢٤ ، ٢٩ .
(٧٤) هەر ئەوێ ، ل ٣٠ .
(٧٥) دیوانی مەولەوی ، ل ٥٤٢ ، ٥٤٣ .

# تاوێك لەگەڵ ستایشو خەلسەکانی مەولەویدا

خەسرەو جاف

بەندە ، تا سەردەمێك لەمەوبەر ، بەپێچەوانەی باوباپیرانم کە هەمیشە هاندەرو یاریدەری شاعیرو نووسەری لەهجەی گۆران بوون ، عەشـــقو عەلاقەیەکی ئەوتۆم لەگەڵ لەهجەی هەورامیدا نەبوە ، تـــا دەستم کرد بە گلێر کردنەوەو لەیەکدانەوەی تراژیدیی « وەلی دێوانە » .

جا زوڵمی فرەزۆرو ناڕەوای بەردەوامو بێ‌مەرز دەرحـــەقی وەلی دێوانە بەدرێژایی زۆرتر لە دووســـەد ســـاڵ ، پاڵی پێوەنام خۆم لـــە لەهجەی هەورامیدا تاڕادەیەك ماندوو بکەم ، بەڵکو بتوانم بە شێوەیەکی شایستەتر میرزاکەی گەرمیان بە خوێندەواران بناسێنمو ، خوا یار بێت تـــا چەند مانگێکی کە بەشێوەیەکی ڕازاوەو ڕەنگینو نوێ ئەگاتە دەستی خوێندەوارانی ئازیز ..

بێ‌گومان تا بە ئەمڕۆ لـــە وێژەو ئەدەبیاتی لەهجـــەی هەورامیـــدا کەس نەگەیشتووەتە مەولەوی . ئەوە لووتکە تا ئەمڕدەمەی تیادا ئەژین .. وە لەبەرئەوەی بیرم مەیلی بەلای شاعیرە سۆفی ســـیفەتەکانەوە هەیەو کەیلی قوتابخانەی کلاسیکی سۆفیگەریم لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا .. جا بە پێویستم زانی لەم بیرەوەرییەدا بەشدار بمو بەشبەحاڵی خـــۆم سەری تەعظیم دانەوێنم بۆ یەکێك لە پیرەکانی قوتابخانەی سۆفیگەری کە ئەویش بۆخۆی موریدی مورشیدە ناسراوەکانی جیهـــانی ئەدەبیـــاتی

تەصەووف بووە . ئەو مورشیدانەش بەلای زوربەتانەوە وەك ئەستێرەیەکی تابناکو درەخشان دیاریو ناسراون .

جا توخـــوا با تاوێك لەناخەوە گـــوێ هەڵخەین بۆ ســـتایشو خەلـــەکانی مەولـــەوی .. بۆ سۆزی نەوای مەولـــەوی .. بۆ دەردی بێدەوای مەولەوی ..

**خامە شەقوەردەن ، دەم مەکەردەوە**
**زار زار مەناڵۆ وەدەم دەردەوە :**
**تۆ پا شکستەی بەرد هەرد دەرد**
**چەم کوور مەینەت ، تەن لاغیر ، ڕەنگ زەرد**

سەردەستەی عاشـــقانو پۆپەی دیوانی شـــاعیران .. پیری عەییارانو عەودالانی عیشق .. پێش قەرەوڵی بیروباوەڕو خواناســـینو دڵی توێ توێ . بە شێوەی تازەو نوێ .. شەیدای تیشـــکی ویژدانیو جیلوەی شەفەقی یەزدانو خوای تاكو هەستی پاك .. هەمیشە مەستی عیشقی پڕمەلەکووتی بێ گـــەردو خاوێن .. پیری تاوەگـــۆز ، مەولانا مەولـــەوی !..

ئەو لە بێدەنگیی شەودا هەستی ئاڵـــۆزو دەروونی پڕســـۆزی گڕگرتووی پاڵی پێوە ئەناو ، لەژێر ڕەشماڵی گومان دێتـــە دەرەوەو .. هێمن هێمن لە خوای خۆی ئەڕوانە بەرەوەو .. دەنوارێتە ئاسمانی شینی پێبنی پڕ لە جریوەی ئەستارە لە سۆماو گلێنەدا بەرقئەدەنەوەو ڕازاوەو دیارە .. کە چۆن بێچڵەو هەسوون وەستاوە بەو جەرگی ئاســـمانەوە وەك نەخشو نیگارێکی شیرینو لە گلارەدا ڕەنگین .. ژیرانە زەردەخەندەی خۆ بە جوان زانینو ئەوپەڕی ڕازاوەیی .

پیری شەیدا هێندەیتر لە ئاستی پەروەردگار دەڕوا بەچۆکـــداو هەستی دێتە سەمای ستایشو لێـــوانی بادەی مەیکەدەی عوششاق

ئەخواتەوەو مەستی عیشقی خوابی سەری تێدەکاو تریفەی ڕازو ئەندێشەکانی سەنایی‌و عەططارو جامی‌و مەولاناو مەولەویی ڕۆمی‌و نیظامیی حەکیم‌و شێخی شیرازو خواجەی بلیمەت‌و کەڵە سوفی‌یەکانی ئاسمانی پان‌وپۆڕی تەصەووف‌و ئەدەب‌و وێژەو پەندو عیرفان دائەگرێتەوەو چوار تەنیشتی ڕۆشن ئەکەنەوەو .. ناخی بە ئاوی ڕەوانی زاخاو ئەدرێتەوەو دەفەرموێت :

**ئیمشەو دیارەن بانگم بێ‌شەرمەن**

**زایەڵەی سەمتوور وە کەللەم گەرمەن**

ڕەندانە هەستی کەمەنکێشی دەکاو ئەسپی سەرکێشی خۆی زیرەکانە لە هەڵدێرگای لاهووت‌و فەلسەفەدا بێ‌وەستان .. یەکۆچانی تاوئەداو ، ئەشهەدوویش شاسوارێکەو سەرمەستانە تاقی‌کەرەوەی هەر بوارێکە .. جارجاریش لەگەڵ خەیاڵا دەس‌لەمل دەکاو لەقاوی چارەوێی ئەندێشە شل‌دەکاو پڕتاو بە لاپەڕەکانی مێژوودا ئەڕواتەوەو بەسەر ترۆپی کێوی پەندو ویژدان‌و عیرفانا ئەتەقێتەوەو لەنوێدا دەفەرموێت :

**چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاوەردو بەرد**

**دەس ئەودەس نگین تا خاتەم ئاوەرد**

**دا بەزم خوسرەو شیرین وەهەمدا**

**جام دا وەسەر جەم ، جەم وەسەر جەمدا**

**شۆرەت نامەی نام حاتەمش کەرد طەی**

**کەرد وە کاسەکەل کاسەی کەللەی کەی**

بنوارە چۆن عەیبارانە ئەیلاوێنێتەوە .. چۆن ئەفسانەو مێژوو ئەولای هێزو دەسەلات‌و حەزو ئارەزووی ئاکتەرە بەناوبانگەکان هوشیارانە ئاوەڕووت دەکاو لە لێلایی گومان‌و یەقینا تاڵ تاڵ ڕۆشنایی‌و

تاریکیی سەردەمی کۆن‌و تازەی مرۆڤ لەیەك جویٚ دەکاتەوە بەجۆرێکی وا گلەیی ئاسا ڕۆژگارو کردارو ڕەفتاری کە چەندە شەماڵ ئاسایە هەر ساتێك لە جێگەیێك‌و هەر کاتێك لای یەکێك‌و بۆ یەکێکە .

ئەو سەرو گەردن‌و کاکۆڵە کە بێزار بوو لەعاستی شکۆی تاج‌و تەخت‌و بەخت‌و تواناو دەسەڵات بنوارە چۆن چو کاسەکەلێك بێ ئەرزش‌و بێ نرخ‌و بێ بایی‌و خۆڵاوی کەوتووە وەك وابێت بڵێت :

ئەی تۆ .. تۆ بەچیدا دەنازیت ؟

بە کێوە دەماخ‌و قول‌چماخ‌و گومڕایت ؟ کڕنووش‌بەری کام حەزو .. کام بت‌و .. کام خوایت ..؟

ئەی تۆ چاك بزانە .. تۆو .. ئەوو .. ئێمــەو .. ئەوان .. برغوویەکین لە ئەسپێکی ئاسنین ، دەهەسوێین‌و دەڕزێین .. ســبەی جەڕو برغوویەکی‌ترو .. ژەمێکی‌ترو .. سەردەمێکی‌تر ..

کەواتە شمشێری تیژی خوێنڕێژی‌و ڕق‌و کینەو تۆڵە فڕێدەو ، دەستی ماندووم بگرە تا لەژێر گومەتی ئاسمانی بێ‌بەیدا پێکەوە ئەستارە بژمێرین .. بۆ وێژدانی پاك‌و ڕەوشتی پەسەندی چاك‌و خوای تەنهاو تاك پەیامی فێربوونی ئەلف‌و بای ئەوین‌و عیشــق‌و عیرفان بنێــرین .. قەلەندەرانە نەمام‌و درەختی یەکرەنگی‌و یەکدەنگی ئاوبدێرین ..

**ورشەی پرشەی تاو گوورەکەی جەستەم**
**شەرارەی لوولەی پێشەی شکستەم**
**گرمەو بزیسکەی چەخماخەی پارە**
**بەرقی بریسکەی شوعلەی شەرارە**
**شاخەی شریخەی برووسکەی دەروون**
**نە چەم شەتاوان جاری کەرد چون هوون**

چ ناڵەو سۆزێکی تیایە ئەم ڕۆڕۆیە .. چ مەشخەڵاتێکی ناوەتەوە ئەم تابلۆیە !. هەموو جێ‌گیرە ئاخێزەکە .. تێکڕایی‌یە ڕەستاخێزەکە .. وەك نەقاشێکی قودرەت ساز کە نیازی بەنازو نەوازشی پەنجەو دەست‌و تێفکرینی بەربڵاوی خۆی هەبێت بۆ خوڵقاندن‌و نواندن .. دەنگ‌و ڕەنگ‌و مان‌و نەمان‌و زەوی‌و ئاسمان‌و .. فۆرم‌و فۆنی پێ‌داوە ، سەرحەساوانە بە جوانی هارمۆنی‌یەکی ویژدانیی پێ‌بەخشیوە شان‌بەشانی نەواو ناڵەی دەروونی پڕ شەپۆل‌و ئاه‌و زاری‌و دەردەداری‌و سۆزو بزیسکەی هەستی خورۆشاوو بریسکەی تێکەڵ بە ترس‌و تکا ..

شاسوارانە بە مەودای حەق‌و حەقیقەت ، دڵ‌و دەروونی دوودڵی‌و گومان توێ‌توێ دەکاو بە سەودای عیشقی ئەزەلیی عاشقانە ڕەش‌و سپی جوێ‌دەکاتەوە مەولەوی ..

ئەو هوشیارانە خووو خولیای عارفانی ئەدڵدایە . خەڵکی دیاریی ئەوان‌و بە زیوی تەباری ئەوانە .. ئەو دڵتەڕانە جوانی‌پەرستە .. بۆ خواکانی جوانی‌و دیمەنە ڕازاوەکان یەك پارچە هەستە .. بۆیە ڕەندانە وەڵامی ئەمنەخانی کچی قادربەگی جاف ئەداتەوە کە مەولەوی بۆخۆی شیربرای بووەو داوای چاوەزاری لێ کردووەو ، دەفەرموێت :

**ئەمرت موطاعەن ، ( اطعنا ) وەندم**
**دوعای چەمە زەخم جە پیران سەنەدم**
**تەعویذبەند ڕیشەی دڵەی صەد پارەم**
**بەرگش پەڕەی جەرگ وە دەرد ئاوارەم**
**حافظ بۆ وە عیشق مەستان یاهوو**
**بپێچەش نە دەور باهووی بێ‌ئاهوو**

ئینە عادەتێن وەظاهیر ئامان
وەرنە هەی سەرخێڵ نازك ئەنداماں
تۆ ئێند نازکیت جە حەد ویەردەن
بینایی خەیاڵ ڕاگەش گوم کەردەن
صەفات خەجاڵەت دان وە جام جەم
دیدەی بەد مەر عەکس وێش بدیۆ وە چەم
دیدەی بەد دەردش نادیاری بۆ
جە کۆ موینۆت تا لێت کاری بۆ

دەریایەکی قووڵو بێ‌بەی‌و پانوپۆڕو ئارامە مەولەوی .. ئێشە .. دەردە .. زامە .. مەولەوی .. شیرین کەلامە مەولەوی .. ئەو دیسان لێرەدا دەستی تەعزیم ئەنێ بەسنگیەوەو ، هوشیارانە پەنا ئەباتەوە خواجەی شیرازو جوان پەرستانە ستایشی جوانی‌و نازەنینی‌و شیرینی دەکات :

صەفات خەجاڵەت دان وە جام جەم
دیدەی بەد مەر عەکس ویش بدیۆ وە چەم

بێ‌وێنەیە ئەبرۆو برژانگت‌و نیو نیگای خومارت .. بێ‌هاوتایە ئەگریجەو شەدەی لارت .. جامی جیهان‌نمایە ڕۆخسارت .. لەتاوا ئاوێنەی جەمشیدی لەعاستی ورشەو پرشەو پرشنگی ڕوو و ڕواڵەتی تۆدا بێ‌ڕەونەقەو ژەنگی هەڵهێناوە !!

تۆ لە چی ئەترسی ؟..
تۆ بۆ لە من ئەپرسی ؟..
تۆ بۆ غەمبارو لێوبەباری ؟..
چ پێویستی چاوەنواڕی ؟..

ڕوخساری تۆ ئاوێنەئاسا فەرو بێ فەری تیادا دیارە ... نێـرەو ئەنگیزەی چاوپیسان بۆ خۆیان دەگەڕێنەوە ، چونکە خۆیان لە ڕوخساری ئاوێنەئاساتا دەبیننەوە ..

پیرەکەی تاوەگوز جارجارو تاوتاو چــو سۆفی‌یەکی دڵتــەڕو ناسك‌هەست کەمەنکێشی شۆخ پەیکەران و پەری ڕوخســاران و نازەنین ڕەفتاران و هەستە جوانەکان دەبێ و بەرەو گۆڕی عاشقان دەڕواو لەسەر نەوای نەیی پڕسۆزی ڕاستەقینە دێتە سەمای سۆفیانەو ئارام ئارام دەم‌ئەگرێ و لە ئاسمانی شەیدایی و جەزبەدا دەفڕێ و دەفەرموێت :

**نەوای نالەی دڵ وێنەی سەدای نەی**

**پیالەی زوخاو مئۆشوو چون مەی**

**گەواو پارچەی جەرگ سینەی برشتاو**

**ڕەحمەت بۆ... یە نەی .. یە مەی .. یە گەواو**

**هەر ئەساسێ هەن جەلام جەم بی‌یەن**

**گەرمەی کڕەی بەزم هیچش کەم نی‌یەن**

هەموو مەرجەکانی هەموار کردنی ڕێگای پڕ هەڵەت و هەڵدێرگای عیشقم تاقی و شی‌کردووەتەوە ، بەئاسانی ئاکامی خۆم دەخوێنمەوە !.

سەرێکەو لەم ڕێگەدا هێناومەو نایگەڕێنمەوە !..

من کە سەرچۆپی کێشی بەزم و نەوای شەیدایی بم ..!!

من کــە کەمەنکێشی دەردی ڕەوای خودایی بم ...! من کــە جگە لە تۆو ژان و ئێش ... لە ژیان و یاران و ئازیزان و .. لە خوێش پەیڕەوی جودایی بم ..!

جا ئەبێت باکم لە چی بێت !

یاران ! من سەرمەستانە زوخاونۆشم .. بەپەرۆشم .. من بۆنی چزلێکی دڵو دەروونم ئاسۆی لێڵو تار کردووە .. دەردی بێ‌تەگبیرم .. ناڵەی شەوگیرم .. تەنها لەخۆما نەتەقیتەوە .. دیسان بێ‌دەربەستانە لە خەراباتی پیرانا .. لە وچانا .. لە کەللەی سەری زەمانا .. تاوتاوو دەمدەم مەیی تاڵو ئاڵ دەنۆشم !..

جا ئەی بەهاری هەمیشە پایز ساز .. ئەی نیشانەی ئەندێشەو ڕاز .. ئەوەسانێ منم .. دیسان من .. حەوت خوانم بڕیوەو خوانیش ئامادەیە .. کەواو .. مەیو .. نەی .. ئامان .. دەس بە دامان .. نەکەی تێکیدەی :

**موطریب ! وەرە دەستی منو دامانی وەفات بێ ...**

**ساقی ! وەرە مەجلیس بە سەرو گەردنی جامت ..**

**بێ نەغمەیی نەی نامەوێ گەر ئابی حەیات بێ ..**

بەربڵاویی خەیاڵو ئەندێشەی مەولەوی بێ‌سنوورە . لە ئاسمانی تێفکرینا دەڕواو دەفڕێت تا ئەگاتە هەڵهـــەلە بەتوندی ، بە تیژی‌یەکی سەرسام‌ئاوەر ، تێکەڵ بە توانایەکی یەزدانی ، بوارەکانی تاقی‌ئەکاتەوەو ، جا دیسان دەفەرموێت :

**باڵەخانەی چەم دڵ دیوانەکەت**

**بانەناو وە خاك سەر ئاسانەکەت**

**تکەش عاجز کەرد خەیالت تێشدا**

**ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا**

ئای لـەم خۆشەویـستی‌یە چخاوێنە !.. لە هیچ‌کوێدا جێگەی نابێتەوە لە گلێنەدا نەبێت .. ئازیزەکەم .. لەبەرتۆیە ئاوا زارو گریانم !..

بۆ بازاڕگەرمیی دام‌و دەزگای تۆیە نرمێسکی چاوانم .. دڵ‌و دەروونم ئوزەرگای پێڵاوتە .. بەمەولا سەرم لە ڕێتە .. لەسەرخۆ بڕۆ ، گلێنەو گلارەکەم بۆسەگای پێتە .. گەرچی پێشێلم دەکەیت ، قەیناکە ، ڕەواو ڕەواجە بۆ ژیانی هەتا هەتایم ..

شاسواری وردەکاری بەمانەوە ناوەستێ‌و ، لە ئاسمانی غەم‌و تەمدا دەڕواتە پرسەی شیوەنی ڕەشبەڵەکئاسای ئازیزە لەدەس‌چووەکەیەوەو ، بەداخەوە ، لەناخەوە ، گوێ هەڵئەخا بۆ دەنگی سامناکی ..

ئازیز ! ڕۆ .. ڕۆ .. ڕۆ .. گیانم ! ڕۆ .. ڕۆ ..

جا وردبەرەوە چۆن دیسان گەیشتووەتە سەر ترۆپی وردەکاری‌و ، دەفەرموێت :

**قازان .. قەتاران ... قوڵنگان حەوایی**

**حەیفەن بالاکەت شەو بەتەنهایی ..**

نا .. نا .. وا تێنەگەی ڕەش‌سواری مەرگ تۆم لەبیر ئەباتەوە .. تۆ بۆ ساتێك .. بۆ تاوێك تەنهاو تاك نیت .. تۆ منی .. من تۆم .. نازانم غەمی تۆ بخۆم .. یا خۆم ..!

قەیناکا گوڕ لەناوەو تەتەشۆرەو گڕو گلپەی ئاگرو دووکەڵ هاڵاوی هەستی پێ دەکرێت .. گەرچی بزیسکەی دەمی قوڵنگەو پاچەکە دایئەهێننەوە ، دەم دەم ڕام‌ئەچڵەکێنێت .. بەڵام ئازیزەکەم خۆم دەزانم هەستی یەزدانی یانی‌چی ؟ .

دەردی پەرێشانی یانی‌چی ؟.

هەستی سەرمەدیم پێویستی بە لایەلایە نی‌یەو لێم جوێ‌نابێتەوە .. چەشنی گڕو خەرمان .. هەواو .. هەناسە .. دەریاو ڕووباروکەژو

چۆم .. پەپوولەو مۆم .. لێت نابمەوە .. پەپوولەم بەدەورتا تـا دوا سرناو ڕۆژی هەتا هەتا ..

**تا بمێنێ نووری چاوو هێزی پێم**

**دێم‌و دێم‌و ، دێم‌و دێم‌و ، دێم‌و دێم**

جا توخوا ئازیزان .. ئاوا پاکی .. ئاوا پیاوچاکی .. ئاوا ناسکی‌و بێ‌باکی .. شایستەی ئەوە نی‌یە هەموو تێکڕا داوای شـادیی ڕەوانی ، بەویژدانی ، خاوێنی ، پڕئەوینی ، پیری تاوەگۆز بکەین . لەعاستی ئـەو دانایە ، ئەو زانایە سەری ڕێزو حورمەتی بۆ دانەوێننەوە .

ئیتر سوپاستان ئەکەم .

# کێشەی پاکژ بوونەوە لە شیعرەکانی مەولەویدا

نومێد ئاشنا

لە کورتە باسێکی وەهادا جێگای ئەوە نابێتەوە کە پێناسە جۆربەجۆرەکانی سۆفیەتیو بابەتی سۆفیەتی خۆی بنووسین ، چونکە لەمبارەیەوە سەرچاوەی دەولەمەندو پوختزۆرە . ڕاستەوخۆ دێینە سەر کێشەی پاکژبوونەوەو ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی مەولەویدا .

پاکژبوونەوە ، واتە ( التطهیر ) ، مەبەستو خواستو ئارەزووی سۆفی یە لە یەکەم هەنگاویەوە لە ڕێگەی دووردودرێژو سەختی سۆفیەتیدا . سۆفی خۆی بە ناتەواو ، گوناهبار ، تاوانبار ، بەجێماو دەزانێت . دەبێت بگاتە ئەو پلەیەی کە تەواو بێ گوناه ، بێ تاوان ، سەرکەوتوو وە پێشکەوتوو بێت . پلەی بینینی هەق ، یەکبوونی هەموو بوونەوەرو بینینیان بە یەك چاو ، واتە دروستبوونو خەملاندنی ( وحدة الوجود ) . سۆفی بۆیە دەیەوێت هەمووشت تەواو بێتو کەموکورتیی تێدا نەمێنێت هەتا بتوانێ لە هەقیقەت نزیك بێتەوە ، چونکە وەك وتمان ئەو بوونو دەوروپشتە بە ناتەواو ، ( ناقص ، غیر متکامل ) دەبینێتو لەمە نیگەرانو دلگرانو پەستە . لەمبارەیەوە لە کتێبی ( الشعر الصوفی )دا نووسراوە : « سۆفیێتی بینینی بینەوەرە بە چاوی کەموکوورێ ، بگرە چاوپۆشینە لە هەموو کەمیو ناتەواوی یەك هەتا شتێك ببینێ کە لە هەموو ناتەواوی یەك پاکژو خاوێن

بیت »(١) . لیرەدا ئێمە تەنها مەبەستمان لە سۆفی‌یەك نی‌یە ، بەڵکو مەبەستمان سۆفی‌یەكی شاعیر یاخود شاعیرێكی سۆفی‌یە ، ئەویش سۆفی‌و شاعیر ( مەولەوی )ی مەزنە . مەولەوی كاتێك لە پێوەندی سۆفیەتی‌و كێشەی ( حەقیقەت )دا قووڵ دەبێتەوە ، لە قەڵەمی ڕەنگینی شاعیرانەی زیاتر هیچ شتێكی‌تر نادۆزیتەوە كە بیكاتە ئاوێنە بۆ بینینی هەموو جۆش‌و تەقینەوەو كڵپەی دەروونی هەژاوی . ( مەعدووم ) لەم سووتان‌و كڵپەسەندنەدا دەبێت ببێتە قوربانی ، چونكە ئاواتی بەرز ، ڕێگەی سەخت‌و دژوار ، بەتایبەتی بەرەوڕوو ڕۆیشتنی حەقیقەت ، قوربانی‌دانی گەورەی دەوێت . دەفەرموێت :

**« مەعدوومیی بەدبەخت كارناتەواوی**

**هێشتا لە پەیجۆر خەیاڵی خاوی**

**قوربانی دەبێت لە عەیب بەری بێ**

**فیدایی پەسەند ڕێی دوولبەری بێ »(٢)**

تەنانەت لە ڕێگەی حەقیقەت‌و خۆشەویستیی زاتی حەقدا ، مەولەوی لەگەڵ خۆشەویستێكی ئیلهام‌بەخشی شیعری خۆیدا كە سروشتە ، دەكەوێتە كێشەو ناتەبایی ، خولق‌و خوو و سروشتیان ڕێك ناكەون . دەفەرموێت :

**« سروشتی من‌و حوكمی تەبیعەت**

**قەت یەك‌ناكەون یارانی سەربەست »**

شاعیرو سۆفی مەولەویی مەزن بۆ پاكژبوونەوەو ڕۆیشتن بەرەو حەقیقەت ، دەبێت هەرچی لە حوكمی وجوددا هەیە لە ناتەواوی‌و كەمی ئەم چارەسازیان بێت‌و برینە سەختەكانی گوناەو كەمتەرخەمی تیمار بكات ، چونكە « هەریەك لە شیعرو سۆفیەتی تاقیكردنەوەیەكی هەستی‌و بەرجەستەیی خودین مامەڵە لەگەڵ جیهان دەكەن . بۆ پڕكردنەوەی

کەمی‌و کورتی‌و تێپەڕین لێی ، شاعیر ڕاستیی ناقیکردنەوەی خۆی وەها هەست پێدەکات کە بچێتە ناخی جیهانەوە . بەڵام سۆفی لە (فەنا) لەناو جیهان‌و لە خۆیدا هەستی پێ‌دەکات(٢) . لێرەدا مەولەوی هەم شاعیرو هەم سۆفی‌یە‌. هەم لە زاتی خۆی‌و جیهاندا وەك سۆفی‌یەك بۆ دۆزینەوەو پێگەیشتنی زاتی هەق فەنا دەبێت . هەم وەك شاعیرێك هەقیقەت بینەو بە ناخی شتەکان‌و مەسەلەکاندا ڕۆدەچێت . ئێمە وەهای بۆ دەچین کە مەولەوی لە سێ قۆناغدا بە بەڵگەی شاعیری‌و سۆفیەتی خۆی سەلماندووە ئەوەی لە مەستیی دوای نۆشکردنی پێکی دەستی شێخەکەیداو وەجدو تەجەللی کردن‌و هەموو حاڵــەتە سۆفیگەری‌یەکاندا تووشی هاتووە . مەولەوی سێ قۆناغی بڕی‌و حەسرەتی یەکەم ڕۆژی تەریقەت وەرگرتنی بۆ گەیشتن بە جیهانی هەق‌و توانەوە لە هەقدا بۆی بووە حەسرەتی هەموو ساتێکی ژیانی . ئەو سێ قۆناغەش بریتی‌یە لە :

یەکەم : بچووکی‌و گوناهباری‌و تاوانیاری‌و ناتەواوی . لەو حاڵەتە سەلبی‌یانەدا مەولەوی شاعیرو سۆفی‌و زاتی هەق ــ کە خودایە ــ لە دوو جێگاوە دەبینرێن : ئەمی بچووك‌و نزم‌و تاوانبار ، دەســت بە دوعــاو ڕجــاکارو دەســـــت بە داوێنی شـــێخی سراج الــدین‌و فەریادی شـــــەفاعەت‌و لێبووردن ، ئەوی زاتی حەق بەرزو بێ‌عەیب‌و تەواوی تەواوو بێ‌باك‌و وێنەی جوانی‌و یەکبوونی هەموو جوانی‌یەکانی بوونەوەری بینراوو هەست‌پێ‌کراو ، هەروەها نەبینراوو هەست‌پێ‌نەکراو :

« گردەوەی بەدم ئەمتوێنێتەوە
لوتفت لەدەست ئەو ئەمسێنێتەوە
خەجاڵەت هێندەم بچووك ئەکاتەوە
دەستی منداڵم پیسا ئەکاتەوە »

هـــــەتا :

« هەرچەند تاوانم لە حەد بەدەرە
دەفتەری کردەم لــە ڕووم ڕەشترە
تۆ لێم ببوورە ، من ڕووزەردیی خۆم
جەزا کافی‌یەو سزای مەرگە بۆم »(٤)

« هەرچەند گۆڕەوشار لە مەرگ بەدترە
ڕووڕەشی‌یەکەی من لەو گرانترە
من کە خەجالەت بێمە خزمەتت
چەهەننەم هەرگیز نەچمە جەننەتت »(٥)

لە شوێنێکی‌تردا پیاوچاکو وەلی‌یەکی لە هەقیقەت نزیکی وەکوو باوەیادگار دەکاتە ڕجاکارو تۆماری دەروونی خۆی بۆ دەکاتەوە :

« سەر یەك کەوتووە بەدکاریم وەك گـۆ
ڕووی هیوام کردە بارەگاکەی تۆ
چونکە تۆ نەوەی شــەفاعەتکاری
بۆ ڕجای بەجـــا دەستەلاتداری
ســەرم ناوەتە ســەر خاکی بەرپێت
غەریب ، مووسپی ، ڕووسیا ، سەرشێت
بەلکم بەهێزی دەستگیری ئێـوە
باری گرانم بــۆ بچێ بەرێـوە
وەك گوناه نی‌یە هیــچ موسیبەتێ
پیرو داماوم ، یا پیر هیممەتێ ! »(٦)

لە قۆناغی دووەمدا مەولەویی شاعیرو سۆفی دەیەوێت لەو خراپەو بەدکرداری‌و گوناهـو ســـــەرەڕۆیی‌یە دەرباز بێـت واتـا دەیەوێت

پاکژبێتەوە . بۆ ئـەم پاکژبوونەوەیەش بەعەشقەوەو لەپێناوی عەشـقی زاتی هەقدا کارو تاقیکردنەوەی زۆرو بەردەوامو گۆڕانو قوربانیـــدان پێویستە چونکە سۆفیی ڕاست عاشقە ، عاشقێکی مەستو تواوەیە لـە بیری خۆشەویستیێکی بێوێنەدا کە جوانیی هەموو بوونەوەرو جوانی‌یەکان لەودان ئەویش سەراپای هەموو جوانی‌یەکانە وەك عەشـقی شـاعیرو سۆفی‌یەکی پێش مەولەوی کـــە ( ڕابیعەی عەدەوییە )یەو ، وتوویە : هەرگیز خوام نە لە ترسی ئاگرەکەیو نە لە خۆشەویستیی بەهەشتەکەی نەپەرستووە ، بەڵکو تەنها لەبەر شەوقو خۆشەویستی‌یە بۆی »(٧) .

لای مەولەوی مەرامی ئەو عەشقە بە تاقیکردنەوەو خەریکبوون دێتە بەرهەم ، تیایدا قاڵ دەبێت ، دەتوێتەوە ، سەرلەنوێ دادەڕژێتەوە ، هەتا زاتێکی خاوێن ، پیرۆزو نموونەیی لێ بێتەدی . مەولەوی بـە قەڵەمـی شاعیرانەی خۆی تاقیکردنەوەی بەردێکمان بۆ دەهێنێتەوە کـە چـۆن دەیهاڕنو دەیتوێننەوەو چۆن سەرلەنوێ مینای لێ سازدەکەنو ئەو مینا بێگەردو خاوێنو جوانەی لێ پێکدێت . مەولەوی ڕوودەکاتە خۆیو بە پێویستی دەزانێ بچێتە کوڕەوە هەتا قاڵ دەبێتو شێوەو ناوەڕۆکێکی تری لێوە دروست دەبێت . لەم نموونەیەدا مەولەوی ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت سۆفێتی کارو تاقیکردنەوەیە ، گۆڕینە بە باری ئیجابیو نزیکبوونە لە زاتی هەق ، کە ئەو نزیکبوونەوەو ڕووبەڕوو هاوارو قسەو دادە دەبێتە بەشی سێیەم یاخود قۆناغی سێیەم لە باسەکەماندا . ئێستا لـەم بەشـی دووەمدا حاڵەتی گۆڕانو وردبوونەوەو پێکهاتنەوەی بەردەکەی لەمـەڕ مەولەوی دەکەینە نموونەی هەنگاونانی لە حاڵەتی یەکەمەوە بۆ حاڵەتی دووەمو بەرەو حاڵەتی سێیەم چوون . مەولەوی دەفەرموێت :

« گینگەڵم نەخوارد بە دەردی پەنهـان
پارچە بلووری لێم هاتە زمان

به زوبانی حاڵ ڕەوانتر لــە قاڵ
بۆی گێڕامەوە ڕێژەی کۆنەساڵ
وتی لەوساوە بە بەرد خەلق کرام
هەرکەسێ هەستا پێ یەکی پیــا نام
ڕۆژێ هێنامیان دوو بۆرە زەلام
گرتمیانە ناوو بەر چەکوشیان دام
هێندەیان لێ دام هەتا بووم بە ئارد
نامیانە کوورەی ئاگر ، جۆشم خوارد
کە قاڵیان کردم بووم بە باووڕێ
ئەدرەوشامەوە وەك پارچە نووڕێ
لەو بەردەشینە بووم بەو بلوورە
ئەجری قاڵبوونو شەرارەی کوورە
دەورەی دووبارەی ڕێی حەق ببینی
ئەوسا دێتە بۆنی هیــوات لە بینی
مەعدوومیی سەرسەخت بەزمی دلڕێشی
تــا تۆیش شەرارەی کوورە نەکێشی

کەی دەچینە ڕیز مەردانی بەنــاو
کــەی ڕوتبەی بلند ئەبینی بە چاو
بەختت ناپوختە ، بەرقی بێ نووری
لە ڕێی تەجرەبەی دووربینی دووری ))(٨)

هەر بۆ نموونەی حاڵەتی دووەم کە دواپلەکانی پاکژبوونەوەیە لــە لێك هەڵوەشانو دروستبوونەوەدا ، مەولەویی شــاعیرو سۆفی باڵندەی ئەفسانەیی قەقنەس دەکاتە نموونە . کارەساتی سووتانو دووبارە ژیانو

دروستبوونەوەی قەقنەس گۆرانکاری‌و حالـەتێکی بەرەو نوێ‌بوونەوە ، ژیانەوە ، وە پاکژبوونەوە دەردەخات « قەقنەس پەلەوەرێکە کە مردنـی نزیك ئەبێتـــەوە هەندێ پەل‌وپووش کــۆئەکاتەوەو دەســـت ئەکا بە خوێندن بەسەریا وە لە خۆشیی دلی خۆیا ئەوەندە باڵ‌ئەدا بەیەکا تـا ئاگر لـە باڵەکانی ئەبێتەوەو پەل‌وپووشەکە ئاگری تێ‌بەرئەبێ‌و خۆیشـی ئەسووتێ . دیسان خۆڵەمێشەکەی ئەبێتەوە بە قەقنەسێکی‌ترو هـەر بەم چەشنە » . ئەفەرموێت :

« من قەقنەس نەویم ، ها بیم وە قەقنەس
یەکجاریچ ئیمشەو ها بەرشیم جە دەس
ئەوەند خەیاڵان بەردم وە دەروون
پەی دووریی یاران بەتەر بیم زەبوون
بەمەر پێم نۆش‌کەم چون هەردەجاران
وەرەغم گردین گرۆی مەیخواران »(٩)

شاعیری سۆفی لە گڕی دەروونی خۆیدا وەك قەقنەس سووتاو لە دەست دەرچوو لـە حالـەتـی فەنادا وجـوودو ڕاستەقینـەی خـۆی دەدۆزێتەوەو بەرەو حەقیقەت دەڕوات . شاعیری سۆفی مەولەویی مەزن هەموو ڕەمزەکانی بەکاردەهێنێت ، وەك لە سـەرجەمی دیوانەکەیدا دیارە هەریەك لە ڕەمزەکانی ئەفسانەیی ، ئایینی ، ئافرەت ، سروشت ، مەی ، ساقی .. هتد ، لای ئەو دەبنە هۆیەکی دەربڕین‌و تەعبیر کردن لە هەر سێ حالەتەکەی باسمان‌کرد . تەنانەت مردن لای ئەو ئەبێتە ڕەمزی ژیاندنەوە ، چونکە لای سۆفی‌یەکان « ژیان لەو مەرگەدایە ، ئەو مردنە زیندەگیـی نەمرە ، خۆشەویستی دەتمرێنێ‌و لەو مردنەدا زیندەگی‌و ژیانێکی باشترو

ڕەوانترت پێ ئەبەخشێ »(*) . لای سۆفی یەکان دەبێت حاڵەتەکە بگۆڕێت هەتا هەست بە جیهانی نوێ و جیاواز بکات ، جیهانێکی نزیکتر لە هەقیقەت، چونکە وەك وتمان هەموو شتەکان لە دەوری هەقیقەت دەسووڕێنەوە ، ئەویش ئامانجی سەرەتاو دوایی سۆفی یە ، تەنانەت کارەساتی مردن لای ئەوان گۆڕانی حاڵەتەو هیچ شتێك عەدەم نی یە . فەنا عەدەم نی یە ، بەڵکو گۆڕانە لە هەستەوە بۆ نەست ، واتا لە حاڵەتی شوعوورەوە بۆ لاشوعوور. هەر لەو حاڵەتەشدایە کە ( وجد )و ( شطحات )و زۆر شتی تر ڕوودەدات. « لە جیهاندا وەستانی موتلەق نی یە ، لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر ئەگۆڕێت . دەرەوەو ناوەوە هەیە . جووڵانەوەی بینراوو نەبینراو هەیە ، لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین مردن عەدەمێکی ڕووتە . نەء ، گۆڕانە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر »(١٠) .

لە حاڵەتی سێیەمدا پاکژبوونەوەی مەولەوی سۆفی و شاعیر دەگاتە ڕادەیەك ڕاستەوخۆو ڕووبەڕوو لەگەڵ ذاتی حەقـــدا دەکەوێتە ڕازو سکاڵاو گفتوگۆی پەنهانی و نهێنیی دڵ . دڵی عاشقێکی بێ وێنەو سەراپا بە گڕو کڵپەی عەشقی ساف و بێ گەردو تەواوو بێ خەوش . دەفەرموێت :

**« سەروەشم بەی وەسف جەمالیتەوە**
**بـاز هەم بەی جیلوەی جەلالیتەوە**
**ئەر هەر بەو عادەت سەروەش نیگاران**
**پەی فەنای یەکسەر خاطر پڕخاران**
**چار نی یەن جە دەس جیلوە نەکەردەن**
**( بسم الله ) ئەو تێغ ، ئێد گەچیی گەردەن »(١١)**

---

(*) ئەو مردنەی سۆفی « فەنا »یە ، واتە مراندنی بڕێ خواستی مرۆڤ ... وەکوو مراندنی ســیفاتی ناپەسەند ، وەك حەدیثی یـا فەرموودەی بەپێزی « موتوا قبل ان تموتوا » واتە : بەرلەوەی بمـرن ، بمرن ، ئیشارەتی بۆ ئەکات ـ ا . ن .

بۆ لێکدانەوەی ئەم چەند شیعرە جوانە ، زانای ئایینیی مەلا عبدالکریمی مدرس نووسیویە : « سیفاتی خوا دوو جۆرن ، سیفاتی جەمال کە مەعنای ئیجابی ئەگەیەنن وەکوو منعم ، کریم ، معطی ، وە سیفاتی جەلالی کە مەعنای سەلبی ئەگەیەنن وەکوو قدیم ، واحد . کاتێ کە تۆ خۆتم بۆ دەربخەی بە نیشانەکانی سیفاتی جەمالیو جەلالیت ، من لە خۆشییا سەرخۆش ئەبم . جا ئەگەر دەوام بەو خۆدەرخستنە بدەی ، زۆرم پێ خۆش ئەبێ . بەڵام ئەگەر بە عادەتی یارانی بێباکو جوانو سەرمەست گوێم نەدەیتێو وەك ئەوان بۆ لەناوچوونی یەکجاریی دڵدارە دڵ پڕ لە دەرکەکان کە خۆیان ئەشارنەوەو ناچارن خۆیان دەرنەخەن ، تۆش خۆتم لێ بشاریتەوە ، ئەوە مەعنای وایە ئەتەوێ بمکوژی . جا کە واتە فەرموو ( بسم الله ) ئەوە تێغی تۆو ئەمە گەردنی کەچی من ، چی ئەکەی بیکە »(١٢) . لە ڕۆشنایی شیعرەکەو لێکدانەوە قووڵەکەی ئەم زانایەوە دەتوانین بڵێین کێشەی پاکژبوونەوەکە لای شاعیرو سۆفیی گەورە یەکلایی دەبنەوە . ئیتر ئەم خۆی بە شیاوی ئەوە دەزانێت کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوای خۆیدا گفتوگۆ بکات ، ئەوەندە لەم ( یەقین )ەدا پێ دادەگرێتو لە گومان پاکدەبێتەوە ، ساقیی ئەو کە جامی مەیی تەریقەتو پابەندی خۆی پێبەخشیوە لەئارادا نامێنێتو پێوەندییەکە لە سێلایییەوە دەبێت بە دوولایی . هەر لەم بارە مەعنەوییە گەورەیەوە دوای ئەوە کە شاعیرو سۆفیی گەورە مەولەوی بینایی چاوەکانی نامێنێو وێنەو ڕەنگدانەوەی جوانییەکانی خوا لە سروشتو بوونەوەردا بە چاوی سەر نابینێ . لە ڕادەی پاکژبوونەوەکەی خۆیدا ئەمجارە ڕووناکیی چاوی دڵ دەروونی دەهەژێنێو زیاتر تیشکی ئەو چاوی دڵە بەرجەستەی وێنەو شێوەی گۆڕانەکانی سروشتو بوونەوەر دەکات . تەنانەت لە چاوی دڵی ئەم شاعیرە عاشقو سۆفییەدا

زاتی هەق جێگیر بووەو چەسپیوە ، بە هیچ شێوەیەك ناگۆڕێو شوێنی خۆی بۆ هیچ هێزێکی مادیو مەعنەوی چـــۆڵ ناکات . مەولەوی بەم شێوەیە ئەم ڕازە دەردەکێنێت :

**« باریٚ ئەگەر هەور ئەلطاف باری**

**پەی مەدەدکاری وەدڵـــدا باری**

**دیدەی سەر ئەر شی ، دیدەی سیڕ کافین**

**ئێد دای مونافین ، ئەو دەوای شافین**

**ئێد وەزیفەی گڵ ، ئەو لەطیفەی دڵ**

**ئەو چون مەنزڵەن ، ئێد بێچوون مەنزڵ**

**ئەو بەقائش نی‌یەن ، فەنائش تاقی‌یەن**

**ئێد عەطای تاقیو باقیو لاقی‌یەن »(١٣)**

واتا : « ئیشی چاوی سەر ئەوەتە سەیری شـتی مادی بکا ، بەڵام ئەرکی سەرشانی چـاوی دڵ ئەوەتە خەریکی کاروباری مەعنەوی بێ ، وە چاوی سـەر جێگای شتی مادیی تیـا ئەبێتەوە کـــە وێنەی ببێ ، بەڵام چاوی دڵ ماواو مەنزڵی خـــوای بێ‌وێنەیە ، وەك لە حەدیثـــا هەیە ( قلب المؤمن عرش الرحمـــــن ) واتە : دڵی پیاوی موسوڵمان بارەگای خوایە . هەروەها چاوی سەر مانەوەی بۆ نی‌یەو گومانی تیا نی‌یە کـــە ئەفـــەوتێ ، بەڵام چـاوی دڵ بەخشـشـــێکی ڕاســـــتو دەوامدارو بەخواگەیشتووە »(١٤) .

ئنجا لەکاتێکدا کە سۆفیو شاعیری مەزن زاتی حەق لە دڵی خۆیدا ببینێو هەمیشە لەگەڵ تەوژمی خوێنو هەناسەیدا لە هاتوچۆدا بێت ، دیارە دەبێ لەوپەڕی پاکژبوونەوەی ڕۆحیو بەرزیی مەعنەویدا خـــۆی ببینێتەوە . ئەم کێشەی پاکژبوونەوە ( تطهیر )ە لای سۆفیو شاعیرێکی

بلنـد خەیاڵو بیرتیژی وەك مەولەوی زۆر زیاتر لـەم چەند لاپەڕەیەی دەوێت . ئەمە هەوڵێکی بچووك بوو لەم بوارەداو هیوادارم سوودێکی بە اکەلەپوورو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی گەیاندبێت .

---

سەرچاوەکان :


(١) الشعر الصوفي : عدنان حسين العوادی . ص ٤٨ .
(٢) ڕۆحی مەولەوی : پیرەمێرد ، ٨٥ ، چاپی کاکەی فەللاح .
(٣) الشعر الصوفي : عدنان حسين العوادی .
(٤) ڕۆحی مەولەوی : پیرەمێرد ، ل ١٥ .
(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨ .
(٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٠٣ .
(٧) نشأة التصوف الاسلامی ، د. ابراهيم البسيونی ، ص ١٨٩ .
(٨) ڕۆحی مەولەوی : پیرەمێرد ، ل ١٦٧ .
(٩) دیوانی مەولەوی : مەلا عبدالکریمی مدرس ، ص ٣ .
(١٠) محی‌الدین العربی : و. لیبنتز . ص ٤٥ .
(١١) دیوانی مەولەوی : مەلا عبدالکریمی مدرس ، ل ٣٢ .
(١٢) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە .
(١٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٣-١٢٤ .
(١٤) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە .

# بۆ مەولای شاعیران : مەولـەوی

حەسیب قەرەداغی

« قافیەی فەردم شێواوە ، شێواو »
« فرمێسکی چەمان خوێناوە ، خوێناو »

× ×

من حوزوورم هەن لـەم ئاسانەتا
چونکە دەروێشی دەستەونەزەرم
پێم دەڵێن : تۆ کێیت لـەم باوانەتا ؟
مەواچوو : پەنجەو شەقولقەمەرم .

ڕۆژگار بەد بی‌یەن ، بەد بی‌یەن ڕۆژگار
هیممەتێ ، قوربان ! منیش داماوم
باڵەتەپێمە وەك مەلی زامدار
نەمسەرەوسەرەن دووربینی چاوم

تەژنەمەن ، قوربان ! ئـاوی حەوزەکـەت
تەیمانی درنج وا لەنێوانە
چـۆن بێم ماچی‌کەم خاکی سەوزەکەت ؟!
خاکیشت نوقمـە ، هەتا لێوانە !

هەرچەند هەمیشە هەر وام لە حاڵا
نەزەریٚ ، قوربان ! بمهێنەرە حاڵ ..
با خۆم نوقم کە لەم کووپەی تاڵا
بەدوای لیقاتا دەبم بە عەودال ..

بگەڕێم وەناو قافیـەی فەردا
تا بیدۆزمەوە فەیزی ئیلاهیـت
یا خاکی عالەم بکەم وەسەردا
ئەگەر وێران بێ جێگەی تەباهیت

تۆ لـە کۆلیلی کەژەو بەهـارا ،
نەتهێشـت ئاگرم بکوژێتەوە ...
ئەو شیعرەی وتم بە باڵای شارا ،
کوانووی هەر گەرمەو دەگەشێتەوە ..

من پەی چاوڕەشی ناو چیخ و دەوار
هەنسکم قووڵەو گریانم گەرمە
هەرچەند مەیلەکەم لە کۆچ و هەوار
وە مەیلـت قەسەم مەیلەکەم شەرمە

ئارۆ ( تاوگوزی ) بوو بە خەراوە
خەراباتی من بێموغ و مەیە
نە دڵ چەشمەیەو نە چەم سەراوە
دواییی مەینەتم ، کـەی ؟ هەتا کەیە ؟!

( ئەحمـەد پریسی ) بۆ دەرمان دەشێ
قەڵـەمو دەوات عاشق و کەیلن

( خاڵۆی کۆماسی ) بۆ هەرکوێ دەچێ
گلکۆی بێ‌گڵی سەد تازە لەیلێ

وە دووریت قەسەم پەرێشان حاڵم
ئەگەر بزانوو مەیلت کەم بی‌یەن
گەردی سەری ڕات وە چاو دەماڵم
چێشمن ! ( دێوانە ) هەر بێ ( شـەم ) بی‌یەن !

قوربان ! هیممەتێ ، سـا کوانێ فەردێ
قافیەی شێواو گرد بکاتەوە !
وەکوو ( شـێخ ڕەزا ) هەر قەڵو بەردێ
لـە دڵی زاغا دەنگ بداتەوە ...

١٩٨٨/٨/١٦

له یادی ۱۰٦ ساڵەی کۆچی دوایی مەولەویدا :

# هەندێ لە سەرگوزەشتە خۆشەکانی مەولەوی

کامیـل ژیر

مەولەوی : ئەم هەستیارە بەهرەدارە ، بیر تیـژە ، ڕەوانبێژە ، هەست ناسکە ، درێژ باسکە ، خـامە ڕەوانە ، ئەندێشە فراوانە ..

مەولەوی : ئەستێرە گەشەکەی چەرخی نۆزدەی ڕووناکیی ئاسـۆ ، ڕووناکەرەوەی وەجاخی پیر خدری شاهۆ ، گـوڵە گەشەکەی گـوندێ سەربڵندی تاوەگوز ، مژدەهێنی وێژەیەکی نوێ وەك نێرگزی مژدەهێنی نەورۆز .

مەولەوی : چەسپێنەرو برەودەر بە کێشی خۆماڵیی پەنجە ، بـە هەڵبەستی پڕ لە سازو سۆزو ئاهەنگو لەنجە .

مەولەوی : لێدەری سـکەی داپۆشراو بە زێڕی گـران ، زێڕی ئافرەتی جوان ، ئافرەتی شۆخو شـەنگی بە تەمەن منـاڵ ، ئافرەتی سەرکوڵمو گۆنا نەخشاو بە خاڵ . خـاڵی بێخەوش ، خاوەنی بیری وردی وردتر لە گەردی سەرگەردی کەوش ، کەوشی دروست کراو لـە ئاوریشمی بەهاداری لەدوورەوە هێنراو ، بۆ پێی وردی بە خەنەو خوێنی دڵی ئەویندارن نەخشاو ، پێی نازدارێکی وەکوو خاتوو عەنبەر خاتوون ، بزوێنەری دەریای هەستی میری هەستیاران لە ناسکیی هەسـتو بیری وردا ، لە کاروانی هەستیارانی تا ئەودەمەی کوردا .

بەڵێ ، ئەم مەولـەوی‌یە مەزنەی چـەرخی نۆزدەهەمە ، هەرچیی لەبارەوە بووترێ‌و بنووسرێ‌و بۆ بکرێ کەمە . مەولەوی هەر تەنیا خاوەنی هەڵبەستی سۆفی خوازی‌و نازداران ویستن نەبوە . بەڵکـو خاوەنی شانۆیەکی پڕ لە وێنەی کۆمیدی‌و وشـەئارایی‌و قسـەی نەستەق‌و نوکتەبێژی‌و سەرگوزەشتەی خۆش بووە ، کە ئەمەش جۆرە ئەدەبێکەو پیشەی گەلێ زانایان‌و دانایان‌و نووسەران‌و هونەرمەندان‌و هەستیارانی جیهان بووە . تەنیا جیاوازیی نێوان مەولـەوی‌و مەلەوانانی دەریـای کۆمیدیای جیهانی‌یان ئەوە بووە کە قسەو هەڵوێستە پێکەنین هێنەرەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی نرخی ئەدیب زان ، دەسـبەجێ قۆزراونەتەوەو نووسراونەتەوەو پارێزراون‌و ، بگرە بەهاراتیشـیان پێوە کراوە ، بەڵام ئەوانی مەولەوی‌و زۆری‌ترمان بەهۆی نەپاراستن‌و نەنووسینەوەیانەوە جوانەمەرگ بوون .

لەڕاستیدا قسەو هەڵوێستی پێکەنین هێن ، هەر تەنیا جـۆرە ئەدەبێك نی‌یە ، بەڵکو ئەمڕۆ لـە زانستی پزیشکایەتیشا بایەخێـکی تایبـەتیی پێ ئەدرێ ، وەك چارەسـەری‌یەکی دەروونـی بۆ هەندێك نەخۆشی .

مەولەوی هەمیشـە دەم بەو قسە خۆشـانە بووەو خاوەنی ئەو جۆرە هەڵوێستە نوکتەئامێزانە بووە ، بەڵام جیگەی داخە کـە تەنیـا ژمارەیەکی کەم ، دەماودەم ، لەو قسە پێکەنین هێن‌و سەرگوزەشـتەو هەڵوێستە خۆشانە گەیشتوونەتە ئێمە .

من لەم کوڕەدا هەندێکیان پێشکەش ئەکەم ، ئەوانەی کە بەر دەستم کەوتوون . هیوادارم هەرکەس لەوبارەیەوە شتێکی لا هەیە بینووسێ‌و بڵاوی بکاتەوە ، یان منی لێ ئاگادار بکات ، بەو هیوایەی لـە پاشەڕۆژدا بیکەینە نامیلکەیەکی تایبەتی .

ئێستاش فەرموون ئێوەو چەند خولەکێك لەوبارەیەوە :

(١) مەلا ئەحمەدی پریسی کە دۆستێکی خۆشەویستی مەولەوی بووە دوو کچی جوانی ئەبێت ، گەورەکەیان ناوی ( لەیلا ) بووەو ئەوی‌تریان ناوی ( بەهیجێ ) بووە . مەولەوی ، سا ئیتر بەڕاستی ئەبێ یان بۆ قۆشمە ، یەخەی مەلا ئەحمەد ئەگرێ‌و خوازبێنیی لەیلای لێ‌ئەکات‌و ئەڵێ بەڕاستی ئەم لەیلایەی تۆ ئەشێ هەر بۆ مەجنوونێکی وەکوو من بێ .

مەلا ئەحمەد ئەڵێ : ئەی بێ‌قەزا بی . تۆ کە ئەوەندە مەجنوونی ئەم لەیلایەی من بووی ، بۆچی زووتر قسەت نەکرد ؟

ئەڵێ : بۆ ؟

ئەڵێ : ئەی نازانی لەم بەینەدا خوازبێنی‌کاری هات‌و هەموو شتێکمان بڕانەوە ، داواکارەکەشی خزمێکی خۆیەتی ؟

مەولەوی دوای چەند مانگێك خوازبێنی‌یەکی‌تر لە مەلا ئەحمەد ئەکات ، بەڵام ئەمجارە بە نامەیەك کە بریتی‌یە لەم بەیتە هەڵبەستە :

**قسەیەك ئەکەم بە ڕێ‌و بە جێ بێ**

**کە لەیلا نەبوو ، با بەهیجێ بێ**

مەلا ئەحمەدیش بەم بەیتە هەڵبەستە وەڵامی مەولەوی ئەداتەوە :

**قسەیەکت کرد بێ ڕێ‌و بێ جێ بێ**

**کە تۆ مەجنوونی چۆن بەهیجێ بێ ؟!(١)**

(٢) مەولەوی‌و مەحوی ، ناوو ناوبانگی یەکتریان بیستبوو ، بەڵام یەکتریان نەدیبوو ، هەردووکیشیان تامەزرۆی بینینی یەکتری بوون . مەولەوی ڕێی ئەکەوێتە سلێمانی . دەمەو ئێوارەیەك ڕووئەکاتە خانەقای مەحوی . لەوکاتەدا مەحوی‌یش لەسەر سەکۆی مزگەوت دانیشتووەو

چاوەڕوانی بانگی ئێوارەیە . ئەبینێ پیاوێکی میانە بالای ڕیش تەنکی چاو گەش‌و درێژکـــۆلە بە خەرقەیەکی ســـەوزی ئاودامانەوەو مێزەرێکی گوڵداری لە قوماشی چیت دروستکراو بەسەرەوە .. خـــۆی کرد بە مزگەوتاو ڕووی‌کردە گوێ حەوزەکەو خەرقەکەی داکەندو دەستی کرد بە دەســـنوێژ گرتن . مەحوی زۆر ســـەرنجی ئەم پیـــاوە ئەداتو لەوەوپێشیش وەسفی مەولەوی‌یان بۆ کردووە . دێت بەدڵیداو ئەڵێ : ئەمە مەولەوی نەبێت ؟ مەحوی یەکێك ڕائەسپێرێت ، ئەڵێ : بچۆ بەو پیاوە بڵێ ئەوە چی‌یە بەسەرتەوە ؟! مەولەوی بە نیمچە سەرسامی‌یەکەوە ئەڵێت : کوڕم چیتە بەسەرمەوە ؟ مەحوی کە گوێی لەم وەلامە ئەستەقە ئەبێـــت « چیتـــە بەســـــەرمەوە » ، لـــەلایەك مانای : هەقـــت چی‌یە بەسەرمەوەو ، لە لایەکی‌تریشەوە مانای : « قوماشی چیتە بەسەرمەوە » ، لەسەر سەکۆکەوە بانگ ئەکات : خالە مەولەوی ! مەولەوی‌یش ئەڵێت : مەحوی گیان !. ئیتر مەحوی ڕائەکاتە خوارێ‌و باوەش بەیەکدا ئەکەن‌و میوانی ئازیزو خانەخوێی خۆشەویست چەند ڕۆژێکی پڕ لە ڕازی ئەدەبی پێکەوە ئەبەنەسەر(٢) .

(٣) مەولەوی پیاوێکی ئەبێت . جارێك لەگەڵ خۆی هەڵی‌ئەگرێ‌و بەنیازی حەج لە ( سەرشاتە )وە بەڕێ‌ئەکەون تا ئەچنە بەغداو ئەچنـە تەکیەی شێخ عبدالقادری گەیلانی . لەوێ مەولەوی نەخۆش ئەکەوێت‌و ئەکەوێتە حـــاڵی خـــۆیەوە . پیاوەکەی کـە ئەزانێـــت تـازە مەولەوی ڕزگاربوونی نی‌یە ، هەڵئەسێ هەچ پارەیەکی پێ‌ئەبێ لە باخەڵی دەردێنێ‌و پێی لێ ئەکا بە کەوشاو بەرەو ماڵ ! مەولەوی‌یش لەوێ لە گیانەلادایە . کە دێتـــەوە هەر لەدوورەوە خۆی ئەنێتـــە قوڕو دەســـت‌ئەکات بە ( باوە مەولـــەویم ڕۆ ) کردن‌و ئەڵێ : « باوە مەولـــەویم لـــە بەغدا نەخۆش‌کـــەوت‌و مرد . خۆم ناشـــتم‌و پارەی حەجەکەشم بۆ کرد بـە

خێرات » . مالی مەولەوی‌یش ئەکەونە شین‌و شەپۆڕو گریان . لە پرسە ئەبنەوەو دوو مانگێکی پێ ئەچێ ، مەولـەوی نامرێ ، بەلام پـارەی پێ نەماوە ، پەکی حەجەکەی ئەخات‌و ئەگەڕێتەوە . رۆژێ خـۆی ئەکات بە مالا ! کابرای پیاوی کە ئەمە ئەزانێت هەلدێت‌و ئەداتە کێو . کوڕەکانی مەولەوی دەستی لێ ئەدەنە تفەنگ . مەولەوی ئەلێ : دەسـتی لێ مەدەن ، هەرچی بووە ، بووە . خۆ من وا هاتمەوە . کـە کابرا ئەگرن‌و ئەیهێننە بەردەم مەولەوی ، مەولەوی پێی‌ئەلێ : برا ! خوا ڕووی مردن ڕەش کا وا تۆی شەرمەزاری لای من کرد . ئەگەر من بمردمایە تۆ بۆچ ئەم خەجالەتی‌یەت بەسەر ئەهات ؟! لەپاشا بەرەللای ئەکەن(٣) .

(٤) جارێك لە سنە ، مەولەوی لە کۆڕێکدا ئەبێ ، لێی ئەپرسـن : تۆ هەر ئەلێیت هۆزەکەم خۆشیان ئەوێم‌و بـە گەورەم ئەزانن ، بەچیدا پیشانی ئەدەی کە ڕاست ئەکەی ؟ مەولەوی‌یش ئەلێت : کە هەورامی یەك بارێکی ئێجگار گران لە کەرەکەی ئەنێت‌و ئەیەوێت بە ملەی ( ئەوێهەنگ )دا سەری‌خا بەلام کەرەکـە ناڕوات ، پێی‌ئەلێـت هەچـە دەی ! بەخـوا مەولەوی‌یش بیت هەر سەرت ئەخەم !(٤) .

(٥) مەولەوی لە سالی ١٨٨٥دا بە فرمانێکی شێخ وەسمانی تەوێلە ئەچێت بۆ سنە . ڕۆژێك لە مالی محەمەد سالحی فەخرولعولەما ئەبن مەلا لوتفـوللای شێخولئیسلام‌و مەلا محەمەد ئەمینی ئەمینولئیسـلام‌و مەلا فەتحوللای قازی‌و گەلێکی‌تر لە زانا ئایینی‌یەکانی سنە لەوێ ئەبن ، وردە وردە باس ئەچێتە سـەر شێلمی کەلام‌و عەقائید تـا ئەگەنە باسی ( لا هو ولا غیره ) کە گوایا سیفەتەکانی خـوا نە زاتی خوان‌و نە جیاشن لە خوا . لەوێدا مەولەویش ئەکەوێتە قسەکردن لێوەی .

کوتووپڕ مەلا فەتحوللای قازی ئەلێ : « باوە ، مەولەوی ، تۆ چەت داگە بەسەر ئەمەوە . بچۆ ئامان لەرزانەی خۆت بێژە ! » . ئەم قسەیـە

زۆر کار ئەکاتە مەولەوی . تەنانەت دانیشتووەکان ئەمەیان لێجکار زۆر پێ ناخۆش ئەبێ . کە ئەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی لە ماوەی سێ ڕۆژدا عەقایدە عەرەبی‌یە بەرزو بەناوبانگەکەی دائەنێت کە سەرەتاکەی بەم بەیتە دەست پێ‌ئەکات

**متى أتى حتى أتى اليه**

**من اين اين ينتمى اليه**

ئینجا دانەیەکی لێ ئەنووسێتەوەو ئەینێرێت بۆ مەلا فەتحوڵڵای قازیو ئیتر خۆی ئەگەڕێتەوە بۆ هەورامان . کە مەلا فەتحوڵڵا سەیری ئەکات هیچی لێ نازانێت ، بە کۆششێکی زۆرو پاش ماوەیەکی دوورو درێژ ، ئەو وەختە تێی‌ئەگات . ئینجا نامەیەکی دڵنەوایی‌و داوای لێبووردن ئەنووسێ بۆ مەولەوی‌و ئەڵێ : ئاخر سەلامەت بی ، مەولەوی ، تۆ کە مەلایەکی وایت ، نە خۆت بشارەوەو ، نە مەردمیچ شەرمەزار بکە ! »(٥) (*) .

---

(*) لەبارەی هۆی دانانی عەقیدە عەرەبی‌یەکەی مەولەوی‌یەوە کە ناوی ( الفضيلة )یەو ٢٠٣١ بەیتە ، ئەبێ بڵێین ئەمەی مامۆستا ڕەحمەتی علاءالدين سجادی لە لاپەڕە ٢٦٧-٢٧٧ی ( مێژووی ئەدەبی کوردی )دا نووسیویەو خاوەنی وتاریش لێی وەرگرتووە ، وا نی‌یە ، چونکە یەکەم کتێبێکی وا قورس‌و گەورەو گران هەرگیز بە سێ ڕۆژ دانانرێ چجای ئەوە نوسخەیەکیشی لێ پاکنووس بکرێ . دووەمیش چونکە مەولەوی خۆی لە عەقیدەکەیا ئەڵێ : شێخی بهاءالدين داوای دانانی ئەو عەقیدەیەی لێ کردووەو ئەویش مەعذەرەتی بۆ هێناوەتەوە کە ناتوانێ ، بەڵام ئەو دەس‌بەرداری نەبوەو قەناعەتی پێ کردووە تا دایناوە . داواکەی شێخی بهاءالدينیش لەسەر داوای شێخی سراج‌الدينی باوکی بووە کە پێش جێ‌بەجێ کرانی داواکەی کۆچی دوایی کردووە ، وەك مەولەوی خۆی لە عەقیدەکەیا گێڕاویەتەوە . بەیتی یەکەمی ئەم عەقیدەیەیش ئەو بەیتە نی‌یە کە مامۆستا علاءالدين نووسیویەو ، بەیتەکەیش بەو جۆرە نی‌یەو ئەمە ڕاستی‌یەکەیەتی :

←

(٦) مەولـەوی خەریکی نوێژ دابەسـتن ئەبێت کابرایەکـی نەزان پێی ئەڵێ :

---

→

**متی (( متی )) حتی اتی علیه**
**من این (( این )) ینتمی الیه**

( بۆ زانینی زیاتریش لەمبارەوە بگەڕێرەوە سەر وتارەکـەی کاك فاتیحی مامۆستا مەلا کەریم لەم کتێبەدا بە ناوونیشانی « مەولـەویو عەقیدەکانی » ) .

ئەم ڕاسـتکردنەوەیەی ئێمەیش واناگەیەنێ ئەوەی مامۆسـتا علاءالدین سجادی گێڕاویەتەوە هەمووی نادروستە . ئەو موداخەلەیەی مەولەوی ، وەك باوە ، لەو سەفەرەیدا بووە کە بۆ بەشداریکردنی لە سیمینارێکی زانایانی سوننیو شیعەدا چووە بۆ سنە . ئەو قسە بێتامەی قازیی سنەیش کە بە مەولەویی وتووە : « تۆ چەت داگە بەمەوە ، بچۆ ئامان لەرزانەی خۆت بێژە » کە لەڕاسـتیدا نەك هەر تەنها بە چاوی سووك ڕوانینە مەولەوی ئەگەیەنێ ؛ بەڵکـو لەوەیش زیاتر بە چاوی سووك ڕوانینە شیعری خۆماڵیی کوردیشە کە مەولەوی بە پێشـەنگی بێهاوتای وتنی ئەو جۆرە شیعرە دانراوە ، ئەڵێین بەدەما هاتنی ئـەم قسە بێتامەیش هیچ بە دوور نازانین لە کەسێکەوە کە لـە چوارچێوەی داودەزگای دەوڵەتی ئێرانەوە دوور نەبووبێ ، نەخوازەڵا کە مەولەویش بە حیسابی ئەوان مەلا ڕووتەیەکی « شـایەر » بووە لـە هەورامانی ڕەقەنی تووە وشکەوە هاتووە !

ئێمە وایبۆئەچین مەولەوی یا پێشـتر ( فضیلە )کـەی داناوەو نوسخەیەکی لابووەو کە گەڕاوەتەوە بۆ ئەو شـوێنەی لێی میـوان بووە نوسخەکەی ناردووە بۆ ئەو قازییە لەخۆباییە ، یا مەسەلەکەی لە دڵدا ڕاگرتووەو پاش دانانی فەضیلەکەی ، یا عەقیـدە مەرضییەکـەی ، نوسخەیەکی لێ ناردووە بۆی تا بە لێنەگەیشتنی خۆی لەو کتێبە وردە مەلایانەیە ، لەوە حاڵی بێ کە مەولەوی لە ( ئامان لەرزانە وتن )یش – کە ئێمە بە وتنی شیعری کوردیی خۆماڵیی مەعنـا لێئەدەینەوە – زیاتری لا هەیە . بە هەر ڕەنگ ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە وەستاوە لەسـەر زانینی ساڵی سەفەرەکەی مەولەوی بۆ سنەو بەراوردکردنی لەگەڵ ساڵی دانانی ( فضیلە )کەدا .

ئەو کەرەکــەی لەبەرتایە نوێژی نی یە . مەولەویش گــورج کەرەکەکەی دائەکەنێت ئینجا نوێژەکــەی ئەکات . کــە لێ ئەبێتەوە پێی ئەڵێن : ئەگەر کەرەکەکەت نوێژی نەبوو چۆن ویستت نوێژی پێوە بکەیت ؟ مەولەویش ئەڵێ : نوێژی بوو . ئەڵێن : کە نوێژی بوو ، ئەی چۆن بــە قسەی نەزانێکــیوا فرێتدا خــۆ تــۆ زانایت ؟! مەولــەوی ئەڵێ : ویستم لەلایەك قسەی ئەم کابرایە ببڕم . لــە لایەکی کەشەوە ویستم نوێژەکــەم نەچێ ، چــونکە تا ئەم نەزانەم تێ ئەگــەیاند ، نوێژەکەم ئەچوو .

(٧) یەکێك لە پاشاکانی هەڵەبجە عابا کۆنێکی خــۆی ئەنێرێ بــۆ مەولەوی ، ئەمیش کە سەیری ئەکــات ئەبینێ هەمووی ڕزیوو کون‌کونە ، کە باران ئەبارێ هەموو جلەکانی ئەبێ بە ئاو . مەولــەوی بەوبۆنەیەوە ئەڵێ :

**بێ‌فەڕ هەی عابا خوێگ تەڕی خۆ وشــك**

**ونجڕ ونجڕ بی وە دیانی مشــك !(٦)**

(٨) ئافرەتێك کچێکی زۆر جوانی ئەبێت ، ئەیبات بۆلای مەولەوی‌و ئەڵێ : ئەمەوێ نووشتەیەکی بۆ بکەیت بۆ چاودزار ، بۆئەوەی بەچاوەوە نەبێت ! مەولەویش ئەڵێ : ئەم کچەی تۆ هەرگیــز بە چاوەوە نابێ ، چونکە دەم‌وچاوی وەك ئاوێنە وایە : چاوپیسەکان دەم‌وچاوی خۆیان لە دەم‌وچاوی ئەمدا ئەبینن :

(٩) مەولەوی لەگەڵ چوار شتدا دژەو ، لەگەڵ چواری‌ترا دۆستە . چوارە دژەکە ئەمانەن :

**من‌و دڵخۆشی‌و خۆشی‌و ڕابواردن**

**خوێنە خوی‌ی یەکین تا ڕۆژی مردن**

چوارە دۆستەکەش ئەمانەن :

**خەم ، خەفەت ، مەینەت ، فرمێسکی پڕخوێن**

**هەرکامێکیان یەن ، با بێن ، بەخێر بێن(٧)**

(١٠) مامۆستا شـێخ ثابیتی پارێزەر بۆی گێڕامەوە کـە شێخ مەعصوومی شێخ جەمیل کە ئەبێتە برازای شـێخ عەلائەددینی بیارەو هێشتا ماوە ، لە کۆڕی یادی هەزار ساڵەی فیردەوسیدا بەشدار ئەبێت لە ئێران کاتی خۆی . لەو کۆڕەدا گـەلێ لە ڕۆشنبیرانی جیهـانو نوێنەرانی دەوڵەتان بەشدار ئەبن . نوێنەری یەکێتیی سۆڤیەت لـە وتارەکەیدا ئەڵێت : لەکاتێکدا من بەشداریی ئەم یادە ئەکەم ، ئەمەوێ ئەو ڕاستییەش بدرکێنم کە ئەوەتی ئەم گۆی زەوییە لـە سووڕاندایەو تا ئێستاش هەستیارێکیتری وەك مەولـەوی تاوەگۆزیی بەخـۆیەوە نەدیوە کە ئەشێ ئێوە نەزانن گۆڕەکەشی لەکوێدایە .

(١١) مەولەوی میوانی کاك ئەحمەدی شـێخ ئەبێ لە سلێمانی . پاش نوێژی عەسر کاك ئەحمەد ئەڵێ : مەولەوی حەزئەکەم نەسیحەتێکم بکەی . مەولـەوی بێدەنگ ئەبێ . کاك ئەحمەد داواکـەی دووبارە ئەکاتەوە ، مەولەوی هەر بێدەنگ ئەبێ . دیسان کاك ئەحمـەد هەمان داوای لێئەکاتەوە . ئەمجارە مەولەوی ئەڵێ : نەسیحەت یـا ئەمر بـە چاکەیە یا نەهی لە خراپەیە . جاری یەکـەم ورد بوومەوە واجبێـكو سوننەتێکم نەدی تۆ نەیکەیت تا پێـتبڵێم بیکە . جـاری دووەمیش وردبوومەوە حەرامێـكو مەکرووهێکم نەدی تۆ بیکەیت ، تـا پێتبڵێم مەیکە . تەنیا ئەوەندە ئەڵێم کە تۆ وابیت شەیتان ئەبێ دڵگران بێ لێت . دەخیلتبم ئاگات لە خۆت بێتو تەفرەت نەدا . کاك ئەحمەد وەڵامەکەی ئەوەندە پێ خۆش ئەبێ فرمێسك ئەڕژێتە چاوەکانی .

(١٢) حاجی مەلا ئەحمەدی نۆتشە ئەچێ بۆ دیدەنی مەولەوی . مەولەوی هەژار ، هیچ لە ماڵیا نابێ ئەو شەوە پێشکەش بە میوانی ئازیزی بکات . لەبەرئەوە بە قسەی خۆش برسێتی لەبیر میوان ئەباتەوە تا خەویان لێ ئەکەوێ . بەیانی نانو دۆو نیوەڕۆ دۆو نان پێشکەشی میوان ئەکات . نانەکەش نانی جۆ ئەبێت . حاجی مەلا ئەحمەد زۆر تاریفی خواردنەکە ئەکاتو ئەڵێ بەڕاستی خواردنی چاكو بەلەزەت بوو . مەولەوی‌یش ئەڵێ : میوانی ئازیزو خۆشەویست ئەبێ خواردنی چاكو بەلەزەتی پێشکەش کرێت .

(١٣) مەولەوی هەمیشە ئەم نەبوونی‌و هەژاری‌یەی لا چاکتر بووە لە سامانی زۆری چڵکاوخۆری . دەسەڵاتدارێکی وەك فەرهاد میرزای قاجار کە مەولەوی زۆر خۆشویستووە داوای لە مەولەوی کردووە بچێتە لایو خزمەتێکی زۆری بکات ، بەڵام مەولەوی بەگوێی نەکردووەو نەیویستووە بچێتە پاڵ ئەو بێگانەیە ئەگەرچی لە زێڕیشی بگرێ !. ئینجا مەولەوی لەئاستی دەسەڵاتدارەکانی خۆشماندا هەر نەفسی‌یەتی بەرز بووە ، تەنانەت پاش ئەوەی مەحموود پاشای جاف ڕوتبەی پاشایەتیی لە ئەستەمووڵەوە بۆ دێ ، ڕۆژێك مەولەوی دڵی لێی ئەیەشێت نامەیەکی بۆ ئەنێرێت ، تیایا ئەڵێ : تۆ ئەگەر بەوەوە ئەنازی لە مەحموودبەگەوە بووی بە مەحموودپاشا ، منیش بەوەوە ئەنازم کە مەولەوی بوومو ئێستاش هەر مەولەویم .

(١٤) مەولەوی میوانی دۆستێکی ئەبێ لە پاوە . تا لەوێ ئەبێ خواردنێکی خۆشی دەرخوارد نادا . کە ئەڕوا دۆستەکەی تا ملەی ( کەلیان ) ڕەوانەی ئەکاتو ، ئینجا کە ئەوەندە دوورئەکەونەوە پێی ئەڵێ : بێ قەزابی زوو ڕۆیشتیت ! من بەتەما بووم ئەمشەو کاوڕێکت بۆ سەربڕمو بیکەین بە کەبابو بیخۆین . .

مەولەوی‌یش ئەڵێ : جا من چۆن دڵت ئەیێشێنم ؟! فەرموو با بگەڕێینەوە . کابراش ناچار ئەیباتەوەو کاوڕەی بۆ سەرئەبڕێت .

(١٥) مەولەوی ئەچێ بۆلای کاك فەرەجی سەرگەورەی سەیدەکانی بەرزنجە بۆ ئەوەی سەجەرەی سەیدی‌یەکەی بۆ مۆر بکات . سەید فەرەج ئەیەوێ مەولەوی تووڕە بکات ، ئەڵێ حاشا ئێوە سەید نین !

مەولەوی‌یش ئەڵێ : فەرەج .. فەرەج .. ئەگەر بە شەرع ئەیکەی ئەوە خاتیمەی ئیبنو حەجەر . ئەگەر بە شەڕ ئەیکەی ئەمە مەچەکی ئیبنو خەنجەر . ئیتر ئارام بە ئەگینا لە حەرەکەو جموجوولت ئەخەم‌و ساکنت ئەکەم ، واتە ( فەرەج ) ئەکەم بە ( فەرج ) !.

(١٦) لە مەولەوی ئەپرسن : ئامین کردن لە نوێژا واجبە یا سوننەتە ؟ مەولەوی ئەڵێ : واجبە . کە پرسیارکەرەکان ئەڕۆن مەلاکانی دەوروبەری مەولەوی لێی ئەپرسن : ئەم فتوا هەڵەیە چی‌بوو تۆ دات ؟ ئەڵێ : ئێوە ئەمانە ناناسن . بموتایە سوننەتە ئەچوون ( ولا الضالین )ەکەیشیان پێوە ئەخوارد !

(١٧) جووتیارێك سکاڵای حاڵی خۆی لای ئەحمەد پاشای بابان ئەکات‌و ئەڵێ : بەراوێکم هەیە ئەمساڵ یەکێك لە پیاوەکانی تۆ لێی داگیر کردووم‌و ئەشڵێ ئەبێ بۆشی بکێڵم‌و بیکەم بە تەڕەکاڵ بۆ پاشا . مەولەوی لە کابرا تووڕە ئەبێ‌و ئەڵێ : بێ‌ئەقل تۆ نەتبیستووە دنیا مەزرەعەی ئاخیرەتە ؟ ئێستا ئەگەر پاشا بە جووتی بێگاری زەویی داگیرکراو نەکێڵێ‌و نەیکا بە تەڕەکاڵ بۆ دیوەخان ، دنیای چۆن ئەبێ بە مەزرەعەی قیامەتی ؟ پاشا لەم قسەیەی مەولەوی شەرمەزار ئەبێ‌و فەرمان ئەدا زەوی‌یەکە بدەنەوە بە کابرا .

(١٨) غولام‌شا خانی والیی سنە کە شیعە ئەبێت لە مەولەوی ئەپرسێ ئەڵێ : کەی ڕەوابوو لەگەڵ بوونی ئەمیرولموئمینیندا کە نزیکترین

خزمی پێغەمبەرە چۆن بێگانەیەکیان کرد بە جێنشینی پێغەمبەر ؟ مەولەوی‌یش سەرنج ئەدات وەزیرەکەی غولامشا خان بێگانەیە کەچی قلیان تێکەرەکەی مامی خۆیەتی ! ئەڵێ جەنابی والی لەبەر خاتری ڕیشی سپیی مامت پرسیاری‌وا مەکە(٨) .

(١٩) برادەرێکی مەولەوی ماڵ ئەگوێزێتەوە بۆ گوندی ( دێڵێ ) کە ئەکەوێتە ناوچەی باوەجانی‌یەوە لە جوانڕۆ .. مەولەوی ئەم بەیتە شیعرەی بۆ ئەنێرێت :

**گەر گەفەی گەماڵ کوردەماڵ بێڵێ**

**نای لەزەت ئەوەی خاڵۆ لە دێڵێ**

(٢٠) مەولەوی سەفەرێك ئەکات .. لە ڕێگا لەتەنیشت گوندێکەوە لائەداتە سەر کانی‌یەك . لەو کاتەدا کچێکی جوانی خاڵ‌لەڕوو لەسەر کانی‌یەکە ئەبێت ، بە مەولەوی ئەڵێ : خاڵۆ بەخێر بێیت . دۆی پێ ئەبێ جامێ دۆ پێشکەشی مەولەوی ئەکات‌و ئەڵێ : فەرموو خاڵۆ . کە ئەیخواتەوە ئەڵێ : عافیەت بێ خاڵۆ .. هتد » . مەولەوی‌یش لەلایەك جوانیی کچەکە سەرنجی ڕائەکێشێت ، بەتایبەتی خاڵەکانی سەر گۆناو ڕوومەتی . لە لایەکی‌تریشەوە بە وشەی ( خاڵۆ ) زۆر دلگران ئەبێت ، چونکە واتای پیری ئەگەیەنێت . ئیتر دوای ئەوەی سوپاسی ئەکات بۆ جامە دۆکەی ، تۆڵەی خاڵۆ خاڵۆکەشی لێ ئەکاتەوە بەم چوارینە هەڵبەستە :

**خاڵۆ خاڵۆتەن ، بەس واچە خاڵۆ**

**خاڵۆ دەم وە بان خالانتا ماڵۆ**

**شەرت بۆ من جە داخ خاڵۆ خاڵۆی تۆ**

**وێم کەرۆ وە کوڕ چواردە ساڵەی تۆ**

ئەم چوارینەیە دەماودەم بڵاو ئەبێتەوە تا لە کۆتاییی ساڵی ١٩٥٩دا بەرگوێی مامۆستا نەجمەدین مەلا ئەکەوێت . ئەویش دوای ساغکردنەوەی لە رۆژنامەی (ژین)دا بڵاوی ئەکاتەوەو بەدوایا ئەنووسێ : ئەم چوارینەیە شاکارێکە لە شاکارەکانی مەولەوی . نازانین هەر ئەوەندەیە ؟ ئەگەر زیاترە تکا لە خوێندەواران ئەکەین بۆمانی بنێرن . ئەگەر هەر ئەوەندەشە شاعیرێك بیوایە تەواوی کردایە ، ئەوا گیانی مەولەوی شادئەکردو ئێمەش دڵنیا ئەبووین وەجاخی مەولەوی رۆشنە .

منیش چوارینەکەی مەولەوی زۆر کاری تێ‌کردم‌و داخوازی‌یەکەی مامۆستا نەجمەدین مەلام جێ‌بەجێ کرد بە تەواوکردنی هەڵبەستەکە کە ئەمە تێکڕاکەیەتی :

**خاڵۆ خاڵۆتە ، بەس بڵێ خاڵۆ**
**خاڵۆ دەم بە بان خاڵانتا ماڵۆ**
**شەرت بێ لە داخی خاڵە خاڵی تۆ**
**خۆم کەم بە گۆڕی چواردە ساڵ لە تۆ**

× ×
×

**مەمکە بە خاڵۆ ئەی خاوەن خاڵان**
**دڵم زێڕێکە نایدەم بە تاڵان**
**نەمداوە بە کەس ، هێشتا ساوایە**
**تازە خاڵێکی خاڵی تۆی تیایە**

× ×
×

**پێم ئەڵێی خاڵۆ گوایە من پیرم**
**ژاراوو نەشتەر ئەدەی لە بیرم**

نە من خالۆم و نە خالۆ منم
دێوانەی خاڵی گۆناو گەردنم

× ×
×

بەڵێ خالۆ نیم ، هێشتا منالم
شۆڕە سوارێکم ، ڕاوکەری خاڵم
هاکا خاڵەکەت کەوتە بەر تیرم
بە دەسرێژی ماچ بوویتــە نێچیرم

× ×
×

بەلێـن بێ تۆڵەی خاڵە خاڵەکەت
لەباتیی خاڵی کولمە ئاڵەکەت
بسێنم بە لێو ، بە مژینی خاڵ
من وای ئەسێنم تۆڵەی وشەی تاڵ

× ×
×

پێم ئەلێی خالۆو بە خاڵ ئەمکوژی
مەرجە گەر هاتو خاڵانم مژی
ئاوەکوو کۆرپەی مەمك لەناو دەم
چاو نەچێتە خەو ، لە مژ کۆڵ نەدەم

× ×
×

ئاوێنــەی دڵم خاڵی تۆی تیــابێ
شالاوی پیری با بەڕووما بێ
من هەر منالم گروگاڵ ئەکــەم
داوای مژینی گۆناو خاڵ ئەکــەم

× ×
×

نەکەی گیانەکەم پێم بڵێی خاڵۆ

خاڵۆ وا ئیتر بۆ خاڵانی تـۆ

بوو بە خولامی بێخاڵ سەرگەردان

ئامانەتیی تۆو خاڵۆی پەرێشان(٩)

لەکۆتاییدا هـەزار درووود بۆ گیانی پاکی مەولەویـی هەستیـارو قسەخۆش و نوکتەبێژ .

---

## پەراوێزو سـەرچاوەکان

(١) ئەم سەرگوزەشتەیە مامۆستا مەحموودی تۆفیقی شـلك بۆی گێڕامەوە لە ئاهەنگێکدا کـــە لام تۆمار کراوە لەســـەر شریتی فیدیۆو کاسێت .

(٢) بیرم نایەت ئەم سەرگوزەشتەیەم لە کێ بیستووە .

(٣) مێژووی ئەدەبی کوردی ، عەلائەددین سەججادی ، ل ٢٧٣ .

(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧٤ .

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧٦ .

(٦) لە گێڕانەوەی مامۆستای پارێزەر شێخ ئابتی شێخ علاءالدین .

(٧) لە گێڕانەوەی مامۆستا خاڵە حەمەفەرەج .

(٨) ئەم حەوت سەرگوزەشتەیەی پێشەوە لە دیوانی مەولـەوی وەرگیراوە لە کۆکردنەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس ، چاپخانەی نەجاح ، بەغـدا ، ١٩٦١ .

(٩) ڕۆژنامەی ژین ، ژمارە ١٥٠٨ لـــە ١١/٢/١٩٦٠دا ، ل ٥ . هەروەها ئەم هەڵبەستە لەم جێگایانەی تریشدا بڵاوبووەتەوە : ڕۆژنامەی ژین ، ژمارە ١٥٤٧ ، ڕۆژی ٨/٩/١٩٦٠ ( بۆ جاری دووەم ) ، ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ( ٦ ) ، شوباتی ١٩٧١ ، دیوانی جوانی ، کامیـل ژیر ، ئامیلکەی کامیل ژیرو هۆنراوەی نەتەوەیی ، ب . هەندرین ، ل ٦٤ .

# لــه یادی مەولەوی دا

یادکردنەوەی میری شاعیران مەولەویَ

١٢٢١ – ١٣٠٠ای کۆچ

١٨٠٦ – ١٨٨٢ای زایین

عوسمان محەمەد هەورامی

قوربان ! ڕێم بدە لـــە کلپەی عەشقا
لەگەرمەی جەزبەی بەسۆزی مەشـــقا
لەنـــاو کوڕنووشگەی گڕی یارانا
لەگەڵ هەی‌دادی دەردەدارانا
بێ‌ئاگا لــە خۆ ، نوێژێ دابەستم
هانام هێناوە ، دەس‌بەرە دەستم
بـــا لەسەر چاوەت کەمێ لێو تەڕ کەم
بە بانگی ئەشقت گوێی گەردوون کەڕ کەم

خوشکان ! برایان !

ئەم کاتەتان باش .

لە یادی میری شـــــاعیرانی کوردا ، مەولـــەوی ، هەندێ لایەن بەسەرئەکەمەوە ، هیوادارم پەسەندو بەجێ بن .

### (۱) بەرهەمەکانی مەولەوی :

بەر لە هەموو شتێ ، مەولەوی بە شاعیرێکی مەزن‌و بەهرەمەندی دانسقەو بێ‌وێنەو هەلکەوتوو ناسراوە . لەبەرئەوە دیوانی هۆنراوەکانی بە یەکەم بەرهەمی دائەنرێ .. بەتایبەتی هەر لەوکاتەشـــەوە ئاوەزی پەیداکردووە تا ئەو هەناسەیەی سەری ناوەتەوە ، جۆشی شیعر ، خوێن‌و مۆخ ئاسا ، بە سەراپا بوونیا ، هەر سەری‌کردووەو کۆتاییی بۆ نەبووە .

لە سەرێکی‌کەشەوە مەولەوی بە زانایەکی زۆر پایەبەرز ناسراوە ، وەکوو بەرێز مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس لە لاپەڕە ( ح )ی پێشەکیی دیوانەکەی مەولەویدا ئەفەرموێ : « بەتایبەتی لە عیلمی کەلامدا دەستێکی بـالای بووە . ئـەو دانراوانـەی لەپاشی ماونەتـەوە هەمــوو لــەم عیلمەدان »(*) .

### (۲) وردەکاری لە هۆنراوەی مەولەویدا :

مامۆستای نەمرو بەتواناو پێشرەو ، علاءالدین سەججادی ، بەر لە هەموو نووسەرێك ئاوڕی لە لایەنە جۆراو جۆرەکانی هۆنراوەی مەولەویی نەمر داوەتەوە ... یەکێك لــەو لایەنانە ، وردەکاریی زۆر وردە لـــە هۆنراوەکانیـــا ... بۆ ئەم مەبەســـتەش چەندان نموونەی دلکێش‌و سەرنج‌ڕاکێشی هێناونەتەوە ، لێرەشا بۆ سەردەقی کەمێ درێژەپێدانی ئەم لایەنە پڕ لە هونەرەی مەولەویی هونەرمەند ، زۆر لـە جێی خۆیایەتی کە لە لاپەڕە ۳۰۱ی مێژووی ئەدەبی کوردیدا ، چاپی دووەم ، ســـالی ۱۹۷۱ ، سەرنجی ئەم تاکە هۆنراوەیە بدەین :

---

(*) کاك عوسمان لە سەرەتای وتارەکەیا کتێبە عەقیدەکانی مەولەویی بەسەرکردووەتەوە . لەبەرئەوەی وتارەکـــەی کاك فاتیحی مامۆســـتا مەلا کەریم بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراوەو نووسراوەکەی کاك عوسـمانیش هەندێ ئالۆزیی تێ کەوتووە ، وامان بە باش زانی ئەو بەشەی لێ لادەین .

گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان

وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان ...

بەڵێ ، دوای ڕامانێکی زۆر قووڵو پڕ لە سەرسڕمان ، مامۆستا سەججادیی پسپۆڕو شارەزای جیهانی مەولەوی ، زارئەکاتەوەو ئەڵێ : « ئایا بێجگە لە مەولەوی ، کێیتر بێ بتوانێ ئەم جۆرە تەشبیهە ڕێکخاو بڵێ ، ئەو جوانیو ئەزاکەتە ، کە لە ڕووی گوڵدایە ، ئەوە وەکو هی ڕووی ئازیزم وایە ، بەفراوی کوێستانەکان کە ئەتوێتەوە ، ئەوە لە لافاوی فرمێسکی خۆشەویستی من ئەچێ !!... مەونەوی تەنها بەم شیعرەی ، بەجارێ ئەدەبی کوردیی هەڵگێڕایەوە .. ـ مەبەستی مامۆستا سەججادی ئەوەیە کە شۆڕشێکی تیا بەرپا کردووەو بەرەوپێشی بردووە ـ ... پاشان ئەڵێ : زۆر حەیفە ، تا ئەم شیعرە وەستابێ ئەهلی بەلاغەو بەیان بڵێن « ابو حنیفە کابی یوسف » ـ مەبەستی ئەوەیە ، کە کەس ناگاتە مەولەوی ...

بەرهەمەکانی مەولەوی پڕن لە نموونەی ڕەوانبێژیو وردەکاریو سەلیقەی بەرز ، تەنانەت هەر تاکە هۆنراوەیەکی بگری ، هەموو لایەنە هونەرییەکانی تیا کۆبوونەتەوە ، ... لەم بوارەداو بە شێوەیەکی کورت ، چەند هۆنراوەیەکیتر بەسەر ئەکەینەوە ..

یەکێ لە خانمە شۆخو شەنگەکانی جاف ، داوای نزایەکی چاوەزاری لێ ئەکات ، مەولەویش لەگەڵ هۆنراوەیەکی زۆر ناسکا دوعاکەی بۆ ئەنێرێ ، لە سێ دێڕا وا ئەڵێ : دەرووی بەستنی دوعاکە ، ڕەگو ڕیشەی دڵی هەلاهەلامە ، بەرگەکەشی پەڕەی جەرگی دەردەدارمە ... پاشان پێی ئەڵێ[1] : ئەم نوشتەو نزایە دیاردەو نەریتێکی باون ، ئەگینا جوانیی تۆ ئەوەندە لەڕادە بەدەرە ، تەنانەت چاوی خەیاڵیش ڕێگای گوم کردووەو ناتوانێ بتدۆزێتەوە ، پاکیو بێگەردیی ڕووی تۆ ئاوێنەکەی جەمشیدی

شەرمەزار کردووە ، کە هەموو شتێکی تیا ئەبینرا ، ئیتر چاوی پیس و بەد
کە سەیری تۆ بکات مەگەر هەر خۆی ببینێ و کار لە خۆی بکا ...

**تەعویذبەند ڕیشـــەی دڵـەی سەد پارەم**

**بەرگش پەڕەی جەرگ وە دەرد ئاوارەم ...**

**تۆ یەند نازکیت جە حەد وێەردەن**

**بینایی خەیاڵ ڕاگـەش گوم‌کەردەن**

**سەفات خەجاڵەت دان وە جامی جەم**

**دیدەی بەد مەر عەکس وێش بدیۆ وەچەم**

[ بڕوانە : مـەلا عبدالکریمی مدرس – دیوانی مەولەوی ، ١٩٦١ ، لاپەڕە ٢٣٢ ] .

کەس نییە لە دۆخ و جەستەی پەستی و پەژارەو دژواری بەدەر بێ ، هەرکەسەش بەچەشنێ باری ناهەمواری دەروونی خـۆی دەرئەبڕێ ، دبارە مەولەویش بە شێوازو ڕێبازی دانسقەی خۆی ئەم‌لایەنەمان بـۆ دەرئەبڕێ و ئەڵێ :

**خەیلێوەن خەریك زاکـــەی زەحمەتم**

**بەڵکـــو وە ڕا بۆ ، بەرشـــۆ عوسرەتم**

**فەلەك وە بەختم مەگەس مەکیـــانۆ**

**وە ڕاکەی ڕەحمەت هەم‌دیس مەڕیانۆ ...**

با وردبینەوەو بزانین چی‌وتووە : دەمێکە گیرۆدەی ناهەمواریم و ، وام لە زەحمەت و سەخڵەتیاو ئەمەوێ ڕزگارم بێ ، جا هەرچەندە خەریکی کۆژاندنەوەی خاڵی پیتی – زێ – دەبم بۆئەوەی ( زەحمەت ) بکەم بـە ( ڕەحمەت ) ، لەپڕ فەلەك مێشێك ئەنێرێ و دووبارە ئەڕیەتەوە بەســـەر پیتی – ڕێ – داو ، ڕەحمەتەکەم لێ ئەکاتەوە بە زەحمـەت و دیسانەوە بە ناهەمواری ئەمێنمەوە ..

له ســـەردەمی پیریشیا ، کە لەڕادەبەدەر لە پەلوپۆ کەوتووە ، بـە شێوەیەکی زۆر ناســـكو جـــوانو بەجۆش دیمـــەنی پیریمـــان بۆ ئەکێشیو ئەڵێ :

**پێشـــانیم هەوەس زانووش جازمەن**
**تەعظیمی جەناب پیری لازمەن**
**بالا کەردەوە مەیل ئەو لای پەســـتی**
**وردیکلانەن دەروازەی هەســـتی ،**

له تاکێکی تریشا ئەڵێ :

**پۆسی کووسی گۆش نم کیشـــا کەم کەم**
**ئی سەر ئەو سەرەن دووربینەکەی چەم !..**

لە وردبوونەوە لەم چەند دێڕە بەرزە دانسقانە ، لە توێی ئەندێشەو بۆچوونی ئەم شـــاعیرە فەیلەســـووفەدا فەلســـەفەیەکی زۆر قووڵ بەدیئەکرێ ... با گـــوێی لێ بگرینو بزانین مەبەســـتو واتای ئەم شیعرانەی چین :

ناوچەوانم ئارەزووی تەوافو ماچ کردنی ئەژنۆکانم ئەکـا ، چونکـە پیری هاتووە بەپیرمەوە پێویستە لەڕوویا بەمچەشنە بچەمێمەوەو ڕێزی بەرزی لێ بگرم !!..

بالا ڕێكو ڕاســـتەکەی جارانیشم ، دووبارە بەوێنـــەی کاتی لە دایك بوونم ، بەسەر خۆیا چەماوەتەوەو ، گەلێ بچکـــۆلە بووەتەوە ، بۆچی !!... چونکە دەرگای ژیانی ئەو دنیا ، کە گۆڕە ، زۆر بچکۆلەیە ، بەم چەشنەش نەبێ ناتوانم پیا بچم ... خۆ ئەگەر لە جەستەی گـــوێو چاویشم ئەپرسی ، بەمچەشنەیە : پێستی تەپڵی گـــوێم ، وردە وردە شێی کێشاوەو ، لە جیاتی دەنگو زرنگەی جاران تەنیا هەر تەپەیەك دێتە

گوێم ، دیارە کە تەپڵو دەفیش شێیان کێشا ، هەر تەپەیان نێوە دێ ، بۆیە کەمێ لەسەر ئاگر ڕائەگیرێن بۆ ئەوەی شـــێیان نەمێنێو زرنگەیان بێ ... چاوەکانیشم بەڕادەیەك کزبوون کە بەئاستەم تروسکاییان تیا ماوەو ، هەمــووشتێ هەر بە دوور دێتـــە پێش چاومو هیـــچ شتێ تاقی‌ناکەمەوەو ، وێنەکەش هەر بە وێنە ئاوەژوو کردنەوەی ئەم ســەرو ئەوسەری دووربین ئەنوێنێ ...

لەم هەڵوێستەدا ئەم باسەم دێتـــەوە یادو بە پێویســـتی ئەزانم بەسەری بکەمەوە : کاك جەمال ڕەئووف ، کە ئێستا مامۆســـتای زمانی ئینگلیزی‌یە ، لە ساڵی ١٩٦٦ دا ، لە دانشگای بەغــداد لە بەشی زمانی ئینگلیزی‌دا بوو ، وابزانم ئەوساڵەش دواساڵی بوو . جارێکیان هاتبووەوە بۆ کۆششو دەورکردنەوە ، ڕۆژێکیان دیم خەریکی لەبەرکردنی چوارینێکی شاعیری ناوداری ئینگلیز ، خاوەنی « بەهەشتی ون‌بوو » « جۆن ملتن »ە ، ئاگاداری کردم کە پرۆفیسۆری ئەدەبی ئینگلیـــزی ، کە ئینگلیـــزە ، پێی‌ڕاگەیاندوون کە ئەم چوارینە نموونەی بەرزی بەرهەمی ملتنە ، کە باسی پیریو نەمانی بینایی‌و بێ‌هێزی جەستەی ئەکا ، لەم‌بوارەشا هیـــچ شاعیرێ هاوشانی نەکردووە .. ئەم چوارینەش بە شێوەیەکی زۆر جوانو دیار لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە ...

منیش ، ئەو سێ دێڕەی مەولەوی ، کە باسم لێـــوە کـــردن ، بۆم خوێندەوەو بە ڕاڤەو لێکدانەوەی کوردیی تەواوەوە بۆم نووســـیەوەو تکام لێ‌کرد کە پیشانی مامۆستاکەی بدات .. پاش ماوەیەك کە گەڕایەوە ئاگاداری کردم کە مامۆستاکەیان گەلێ هۆنراوەکانی مەولەویی پەســـەند کردوونو ، پێ‌هاتووە لەوانەی ملتن کاریگەرترن ، تەنانەت داوای کردبوو زیارەتی گۆڕەکەی مەولەوی بکات ... بەڵام بەداخەوە ، ڕێگای گونـــدی سەرشاتەی ئەوبەری سیروان ، کـــە هەتا هەتایە مەولەوی ئارامی تیـــا

گرتووه قەدەغە بوو ، تا ئاواتی ئەو مامۆستایە بەدی‌بێنین‌و بزانین چی‌تر سەر هەڵئەدا . بەڵێ ، ئەوەش ( ملتن )ی ئینگلیزەکان کە شان‌بەشانی شەکسپیر شانازیی پێوە ئەکەن‌و ، لەو ئیمپراتۆریەتەدا ژیاوە ، کە خۆری لەسەر ئاوا نەبووە ، ئەمەش مەولەویی کوردان کە لە شاخەکانی هەورامانی دوورو دوورەدەستا ، ژیاوە ، لەگەڵ ئەوەشا هەموو بەرهەمەکانی گەیشتوونەتە ڕادەی موعجیزە ... بەڵام لەگەڵ چەپگەردیی ڕۆژگاری سەرپێچ‌و نالەبارا چی ئەکرێ !! لەبەرئەوەی مەولەویش یەکێکە لە هەڵکەوتووەکانی ئەم کوردەوارییە ، ناکرێ لای بیانییان دەنگ‌بداتەوەو ناوی لەناو ناودارانا بهێنرێ ..

× ×

مەولەویی نەمر ، لە وردترین وێنەدا ، جوانترین وردەکاریی نواندووە . بۆ نموونە ، کاتێ سەرنجی دەرچوونی دووکەڵی قلیان – واتە سەبیل – ئەدات ، وا بەرزئەبێتەوەو ، لەسەرخۆ ئەڵقەیەکی پێچاوپێچ‌و لوول دروست‌ئەکات ، چێژو بەرامەیەکی خۆش بە مژی قلیان ئەبەخشێ‌و ، ئەلقەو قەفی دووکەڵەکەش بەپێچی پڕلوولی زوڵف‌و پەرچەمی لەیل ئەچوێنێ ..

هەرچەندە بۆ خۆم گەلێ لە دووکەڵەوە دوورم‌و ، بەربەرەکانێشی ئەکەم ، لەگەڵ ئەوەشا پۆزشم هەیە ئەگەر بڵێم ، بێت‌و ڕێ‌بدرێ ئەم دوو تاکەی مەولەوی بخرێنە سەر پاکەتی جگەرە ، لەبەر خاتری هۆنراوەکە شەیدایانی دووکەڵی زیان‌بەخش زۆرتر ئەبن .

ئەم هۆنراوەیەم لە خوالێ خۆش‌بوو مەلا عەلی سەنجەری ( ١٩١٧–١٩٨٧ ) وەرگرت . بۆی باس‌کردم کە بەر لە شەست ساڵ لە مامۆستا مەلا عبدالصمدی ڕەزاوی سەر بە شاری سنە وەری‌گرتووە .. کاتێ کە بۆم باس‌کرد ، مام‌ڕەشید هەمەوەند (١٨٨٦–١٩٧٥) لە دەسنووسێکیا بە ناوی

خۆیەوە تۆماری کردووە ، دڵنیای کردم کە ئەو داویەتی بە مام ڕەشید ..
ئەمەش هۆنراوەکەیە :

**دووکەڵی قلیـان وەش نەفەسـبۆمن**
**ئەلقەش بە وێنـەی زوڵفی کەسبۆمن**
**وەختێ هورمزۆ، مەمدرۆ خەیلێ**
**ئەڵقە مەپێکۆ ، چـون زوڵفی لەیلێ**

× ×

**(٣) هەندێ شـاعیر کە کاریان کردۆتە سـەر مەولەوی‌و بەرهەمیان ئاوێتـەی هۆنراوەیەتی :**

بێ‌گومان تا دوا هەناسـەی ژیان مرۆڤ فێر ئەبێ‌و فێـر ئەکـا ، وەرئەگرێ‌و پێشکەش ئەکا ، دەوروبەر کاری تێ‌ئەکاو ، کارئەکاتە سـەر دەوروبەر ... ئەمە دەستوورو داب‌و نەریتی ئەم سەرزەمینە بەرینەیەو ، مەرجی سەرەکییە بۆ پتەوکردنی پێوەندیی مرۆڤایەتی .. هەر کەسێکیش نکوولی لەم نەریت‌و یاسایە بکات ، لەعاستی ڕاستی‌و مافی ڕەوادا خۆی نابەڵەد ئەکا ...

یەکێ لەو شاعیرانەی کە زۆر کاریان کردۆتە سەر مەولەوی ، مەلا مستەفای کوڕی مەلا ئەحمەدی بێسـارانە ، کە بە بێسـارانی ناوی دەرکردووەو ، دوو سەدەیەك پێش مەولەوی ژیاوە ، ١٦٤١–١٧٠٢ ...

ئەم کارتێ‌کردنەش ئەگەڕێتـەوە بۆ سـەردەمی لاوی‌و فەقێتیی مەولەوی .. دیارە کە لەو سەردەمەدا شیعرە پاراوە ناسکە ڕەسەنەکانی دڵ‌و دەروونی ( بێسارانی )ی شەیدای ڕاسـت‌و پاك‌و ڕاستەقینە ، بوونەتە سەرمەشق بۆ مەولـەوی .. کاتێکیش مەولـەوی بووە بەو مەولەوییەی دەنگی دایەوە ، کارەکە هەر بەردەوام بووە ، ئەم پێوەندییە

گیانی‌یە هەر درێژەی کێشاوەو ، بە وێنـــەی ئەمەکداران ، لـــە گەڵێ شوێنا ، تان‌وپۆ ئاسا ، هەستی ڕەوانی ئاوێتەی جیهانی سادەو ڕازاوەی بێسارانی کردووە .. لە گەشتی دیوانەکـــەی مەولـــەوی لەمەڕ مەلا عبدالکریمی مدرس‌دا ، بە زنجیرە هەندێ لەو هۆنراوانەی بێسارانی بەرچاو ئەکەون .. شیاوی باسە ، کـــە هۆنراوەکانی بێسارانیم لـــەبەر دیوانە دەسنووسەکەی لای خۆم دیارکردوون ، کە لەبەر دەسنووسی مامۆستای زۆر شارەزا ، بەڕێز سەید طاهری هاشـــمی تۆمارم کردووەو ، دەمێکە تەواوم کردووەو چاوەڕێی چاپە ... ڕەنگە مەولەوی هەندێ هۆنراوەی تری بێسارانی خواستبن‌و من پێیان نەزانم ..

ل ٧١ :

**شـــەوەن ، خەڵوەتەن ، ماڵ بێ‌ئەغیارەن**
**ئاڵـــەم گرد وتەن دۆس خەبەردارەن**

ل ١٠٨ :

**ئینە گرد جە وەخت نادانیم بیەن**
**فەسڵی سەرمەستیی جوانیم بیەن**
**ئیســـە ، ها جە گشت پەشیمانیم بەرد**
**وادەی پیریمەن ، جـوانیم ویەرد**
**کۆچی دواییمەن ، یاوانم نۆبـــە**
**نۆبەی تۆبەمەن ، کەرەمدار تۆبە**

کە بەشێکە لە هۆنراوەی « گەردوون بەردەنم ... »

ل ٣٠٠ :

**یـــا کاغەز بڕیان ، یـــا مەلا مەردەن**
**یـــا خۆ عارتەن دۆس وەیاد کەردەن**

ئەم دێڕە ، پایە بەرز ، شێخ عوسمان سراج الدینی تەوێڵە کـە شێخو پیرو سەرچاوەی گەورەی ئیلهامی شیعری مەولەوی بووە ، بـۆ مەولەوی نووسیوە ، بۆ ئەوەی بیجوولێنێو نامەیەکی بۆ بنووسێ .. بەم چەشنە ، بەم دێڕەی بێسارانی زۆرتر هەستی ناخی مەولەوی ئەبزوێو ، لە وەڵاما هۆنراوەیەکی زۆر بەرزو قووڵو ڕەوان بۆ شێخ عوسمان ئەنێرێ ، کە بەم دێڕە دەست پێ ئەکات :

**شێخی دەوڵـەمەند بەهرەی سەرمەدی**
**یاگەی حەقیقەت ، جیلوەی ئەحمەدی**

واتە : ئەی شێخی دەوڵەمەندی بەهرەی نەمرو نەبڕاوەو ، مەڵبەندی هەڵهاتنی ڕووناکیی ڕاستەقینەی پێغەمبەری ... « بڕوانە مەلا عبدالکریم مدرس ، دیوانی مەولـەوی ، ل ۲۹۸ » ... شیاوی یادخستنەوەیە ، کە هۆنراوەکەی بێسارانی بەشێکە لە هۆنراوەی « چراخم ، کامەن ... »

ل ۳۳۱ :

**بەڵام تاقەتێ ، های هەورە ئامان**
**ها نە سەفەردا شـای نەونەمامان**

ئەمیش بەشێکە لە هۆنراوەی « هەوری نۆ ئامان .. »

ل ۳۳۱ :

**گۆشەی سیاماڵ هورداو دیاوە**
**چون مانگ نە گۆشـەی هەورە سیاوە**

ئەمیش بەشێکە لە هۆنراوەی « شیرین نیاوە .. »

ل ٤٣٦ :

**بێسـارانییەن نە تۆی فەردی من**
**خەم چەنی خەمان زوو مەبۆ ساکن**

ئەمیش بەشێکە لە هۆنراوەی « یاران کێ دیەن » . واتای ئەم تاکەش بەم چەشنەیە :

بێسارانی وا لە توێی هۆنراوەماو ، هاوهەستی ناخی گیـــانمە ، چونکە خەم لەگەڵ خەما ،واتە کۆبوونەوەی خەمبارەکان لە کۆڕێکا ئەبێتە مایەی ئارام‌بوون‌و سووک‌بوونی باری خەم ...

**هەرکەس خەمبارەن بەیۆ وە لای من**

**خەم چەنی خەمان زوو مەبۆ ساکن ...**

× ×
×

ئەحمەد بەگی کۆماسیش ، کە بە خاڵۆی کۆماسی ناوی ئەبا ، خولی گەورەو کاریگەری تایبەتی لە ژیان‌و باری دەروونی مەولەوی‌دا هەبووە ، لە هۆنراوەکانیا کە یادی ئەکات‌و ناوی ئەبا ، ئاشکرا دیارە کە هاوهەست‌و هاوڕازو هاودەم‌و هاوفەردی گیانی بەگیانی بووە .. ئەم خۆشەویستی‌یە ڕاستەقینەیە وای‌کردووە کە لە ناخی گیانەوە کار بکەنە سـەر یەکترو ، بیرو ئەندێشەو ڕازی گیانی لای یەکتـــر بدرکێنن‌و ، شوێن پەنجـــەی هەریەکەیان لە بەرهەمی ئەوی‌تردا دیار بێ ... لێرەدا بۆ نموونە چەند دێرە هۆنراوەیەکی ئەحمەد بەگی کۆماسی بەسەر ئەکەینەوە ، کە وان لە توێی هۆنراوە بەرزو ، بێ‌گـــەردو نایابەکانی مەولـــەوی‌دا لەگـــەڵ ئاماژەکردن‌دا ، بۆ لاپەڕەکانی دیوانەکەی لەمەڕ بەڕێز مامۆســـــتا مەلا عبدالکریمی مدرس ...

لـــە لاپەڕە ( ٢٠٢ )دا ، دوو تاک هۆنراوە بە ناوی مەولەوی‌یەوە تۆمارکراون‌و لە پەراوێزا مامۆستا مدرس هۆو لێکدانەوەی هۆنراوەکەی بەم چەشنە نووسیوە : مەولەوی ئەم دوو شیعرەی لەکاتێکا وتووە ، کـە خەریکی خەندەق لێ‌دان بووە بۆ خانوو ، وەرامی دۆستێکی پێ ئەداتەوە کە گلەیی لێ کردووە ، لەبەرئەوە خستوویەتە پشت‌گوێ ... پاشـان

دێتەسەر لێکدانەوەی هەردوو شیعرەکەو ئەفەرموێ ، خـــاك بە زۆرو توانای خۆی گرفتاری کردووم‌و ، یادی برادەرانی لەبیر بردوومەتـەوە ، ئێستا وا بە بەرزیی بالآم خاك‌و بەرد لەسەرم کەڵەکەی کردووە ، نە ڕێگەم هەیە وەرامێ بدەمەوە ، وە نە ماوەم هەیە قسە بکەم .. مەولەوی لـەم دوو شیعرەدا خۆی شوبهاندووە بە مردوو لە گۆڕا ، کە ماوەی قسەکردن‌و توانای وەرامدانەوەی نەبێ ...

ئەمانەش دوو دێڕە شیعرەکەن :

**خاك وە دەستی زۆر زنجیرم کەردەن**

**یادی هەمڕازان جە یادم بەردەن**

**هاوقەد خاك‌و سەنگ‌و وە جەسەم بارەن**

**نە ڕاگەی جواب ، نە جای گوفتارەن ...**

ئەم دوو دێڕە شیعرە ، هەرچەندە لە ڕواڵەتا کەمێ گۆڕراون هی خودی مەولەوی نین‌و ، هی ئەحمەدبەگی کۆماسین .. ئەشـــکرێ ئەم نەختە گۆڕانکاری‌یە ، یا لەئەنجامی دەماودەم کەوتن‌و ڕوونووس کردنەوەی چەند جارەوە سەری هەڵدابێ ، یا لەئەنجـــامی کاری قووڵی کۆماسی لەسەر ناخی مەولەوی ، مەولەویی بلیمەت بەشێوەیەکی زۆر نزیك لـــە ئەسڵی هۆنراوەکەی کۆماسی دای ڕشتبنەوە ، ... یا ئەشکرێ لە هەندێ دەسنووسا بەهەڵە بەناوی مەولەوی‌یەوە تۆمار کرابن .. لەگەڵ تێبینی ئەوەدا کە هەردوو دێڕە شیعرەکە پاش‌و پێش کردنیان بەسەرا هاتووە .. بۆ ساخ کردنەوەی ئەم دوو دێڕەش ، با سەرنجی هۆنراوەی « گلکـۆی تازەی لەیل »ی ئەحمـــەد بەگی کۆماسی بدەین ، کـــە لـــە گۆڤاری « ڕۆشـــنبیری نوێ »دا ، ژمارە ٤٥ ، ڕۆژی ١٩٧٥/١١/١ ، لەگـــەڵ پێشەکی‌و فەرهەنگـــۆك‌و لێکدانەوەدا بلاوم کردۆتەوەو ، لـــە بەشی عەرەبییەکەشاو لە دوا لاپەڕەدا ، مامۆستا محمدی مەلا کـریم ، لەژێر

سەرباسی ـ مثوی الحبیبة الجدید ـ دا ، بە شێوەیەکی زۆر وردو جوان وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی ...

لە وەلامدانەوەی نازدارەکەیا ، دووەم دێڕەکەی دیوانی مەولەوی چوارەم دێڕەو بەمچەشنەیە :

**ڕای جواب نییەن ، دڵ بێ قەرارەن**
**خەیلێ سەنگ و خاک وەجەستەم بارەن**

دێڕی یەکەمی دیوانەکەش ، بریتییە لە دێڕی شەشەمو بەمچەشنەیە :

**خاک و سەنگ وەی تەور زنجیرم کەردەن**
**نازارانی وێم جە یادم بەردەن ...**

ل ٤٢٧ ، هۆنراوەی :

**نمانای بەهەشت پێشانیی نووری**
**ئازیز وەی سفتەی دۆزەخی دووری**

واتە : ئازیزەکەم ، ناوچاوی نوورانی خۆتت پیشاندا بەم سووتاوی دۆزەخی دوورییە .... بەڵێ ، مەولەویی نەمر ، کۆتایی هۆنراوەکەی بە چەند دێڕێکی زۆر بەرزو جوانی خاڵۆی کۆماسی دەهێنێ و ، چێژو بۆیەکی زۆر خۆش و کاریگەر بە ڕەوان ئەبەخشێ و ئەڵێ :

**بوڵەند کەر مەقام « دڵسۆز » وەڕاسی**
**تەنزیلەش فەردگەڵ خاڵۆی کۆماسی :**
**ڕۆی وەسڵت هەر بیم ئەی یووە پێم بێ**
**جەو بۆنۆ هەر ڕۆ ڕۆ ڕۆ خدێم بێ**
**ئیسە ها فەڵەک نیشان دادەن پێم**
**ئای ترسیاگەکەی گیرئاوەردە وێم**

**ئەمجـار کێ تاقەت دووریی تۆ دارۆ**
**دەك بەرقی غەزەب وەجەستەم وارۆ**
**چراخم جەی ڕۆ ، چراخم جەی ڕۆ**
**من جە ڕۆی ئەزەل مەتەرسام جەی ڕۆ**

مامۆستا مەلا عبدالکریمیش بە شێوەیەکی زۆر جوان دێڕەکـــەی مەولەویو دوو دێڕی یەکەمی کۆماسی بەم چەشنە لێكداونەتەوە :

« کاکەی گۆرانیبێژ ، هاوار بۆ ئاوازە خۆشەکەت ، تووخوا دەنگی لێ هەڵبڕەو نقامی دلسۆزمان بۆ بلێ ، بە شیعری خاڵۆی کۆماسییەوە ، ئەوڕۆژەی کە پێتگەیشتم ، ترسی ئەمڕۆم لە دڵا بوو ، لە بەر ئەوە خووم دابووە هاوارو ڕۆڕۆ ، وا ئێستاش ئەلـەك ئەوەی پێشـــاندام کـە لێی ئەترسام ، ئای هاوار بۆ منی ترساوی گیرخواردوو ..

واتای دێڕی سێیەمی کۆماسیش بەم چەشنەیە :

جا ئێستا کێ توانای دووریی تۆی هەیە !! دەك تریشقەی پڕ لـە قینو هەڕەشەو غەزەبم بەسەرا بباریٚ ..

× ×

ئەم کارتێکردنەی باس کرا ، ئەوە ناگەیەنێ کە بە هیچ چەشنێ لـە پلەی پڕسەلیقەو بەهرەی خوایی مەولەوی بێتەخوارێ ، .. تەنیا مەبەست لە پێزانینو ئەمەکی خاوێنی ( مەولەوی ) یـە بەرانبـەر بـە نازدارانو دۆستانی گیانو دەروونی ، ئەگینا ( مەولەوی ) هەر یەك ( مەولەوی )یەو تەنها بۆ خۆی ( مەولەوی )ی لوتکەیەو هـەر لوتکەیەو ، لە ڕوانگـــەی ڕاپەرموونو باوەڕ بە خۆوە ، بە بانگی بەرزو ئاشکرا ئاماژەی بۆ ناوی ئەو شاعیرانە کردووە ، کە لە توێی ناخی دەروونیا تـانو پـۆن .. ئەگینـــا مەولەوی هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نەبوە هیچ کەس دزەکی بۆ بکاتو ، لـە

بەرهەمی کەسانی‌تر هەڵێنجێ ، مەولەوی لەگەڵ خواستنی پێ‌زانین‌و ناوبردنایە ، نەك لەگەڵ پێ‌شێل‌کردن‌و زەوت‌کردن‌دا !. خوالێ خوش‌بوو ، مامۆستا مەلا عبداللهی چڕوستانی ( ١٩٠٠ – ١٩٨٨ ) بۆی گێڕامەوە ، فەرمووی : شێخ قادری سنە ، کە زانایەکی زۆر گەورەو بەتوانا بووە ـ باپیری شێخ لەتیفی دانسازە کە بۆ یەکەم جار ڕاڤەی کتێبی « تهذیب الکلام »ی مەلا سەعدی تەفتازانی ئەکات ، ئەنێرێ بۆ مەولەوی تا تەماشای بکات ... کە مەولەوی سەیر ئەکا شێخ قادر لە پەراوێزا گەلێ تێبینی نووسیون‌و ، لەگەڵ هەموو جارێکیشا نووسیویەتی « قلت » ، واتە « وتم » ئەویش دوای لێ‌بوونەوە لە پیاچوونەوەی کتێبەکە ، وەك تێبینی‌و ڕەخنەیەکی ئاراستەکراوی زۆر جوان‌و بەجێ ئەم دوو دێڕە بۆ شێخ قادر ئەنووسێ :

**با ( قلت ) نەوێ لە کەلامتا**

**نەك نەدامەتی بێ وەشانتا**

**سەد ساڵ بیوڕی‌و کلکی هەڵپاچی**

**لە دەست ساحێو ماڵ هەرگیز دەرناچی !!**

( مەولەوی )یەك کە ئەمە ڕێبازو بۆچوون‌و ڕوانگەی ڕەخنەی کاریگەری بێ ، هەرگیز بەلای ئەوەدا نەچووە سەرو گوێلاك‌و کلکی بەرهەمی هیچ کەسێ هەڵپاچێ‌و بیکا بە هی خۆی‌و !! لەئەنجامیشا ، دوور لەو ، پەشیمان‌و شەرمەزار بێ !!

**(٤) مەولەوی گەلێ کاری کردۆتە سەر شاعیرانی هاوسەردەم‌و دوای خۆی :**

ئەوی بیەوێ چێژی قووڵ لە بەهەشتی بەرینی هۆنراوەی مەولەوی وەرگرێ ، پێویستە زۆر هێمن‌و ئارام گوزەر بکات‌و ، لە هەر هەڵوێستێکا کوڵێ ورد بێتەوە ، بەم چەشنەو پاش ماوەیەکی گونجاو ، ئەبێتە پەروانەی هۆگری گوڵزاری هەمیشە بەهاری پڕ گوڵاوی ئەم بەرهەمەندە هەڵکەوتووە

لەوانەی کە لە سەردەمی ژیانی مەولەویدا ، ئەم ڕێبازەیان گرتۆتەبەرو ، نامەی لە خۆشەویستی کەیلو پڕ لە ڕێزو پێزانینو سەرسڕمانیان بۆ نووسیوەو ، ئەویش وەڵامی داونەتەوە ، لە دیوانەکەیا، کە مامۆستای بەتواناو هێژا مەلا عبدالکریمی مدرس لەچاپیداوە ، ناوی هەندێکیان هێنراوە ، کە هەریەکەیان بۆ خۆی لەخۆیا دەریایەکی ئەدەبو زانیاریی سەردەمی خۆی بووەو ، گەلێکیش شانازییان بەوەوە کردووە کە نامەی پڕ لە سۆزیان پەسەندی دیوانی ئەدەبی مەولەوی بووەو ، بە بەڵگەنامەی بەرزو بێهاوتایان زانیوە .. لەو شاعیرو زانایانەش ، شێخ مۆمنی سازانی ، شێخ حەسەنی سازانی ، شێخ یوسفی نۆسمەیی ، خالۆی کۆماسی ، شێخ عەزیزی جانەوەرەیی ، شێخ عبداللەی داخی ...

دوای سەردەمی ژیانی مەولەویو تا ئەمڕۆش ، بەتایبەتی شاعیرانی ( شێوەی گۆران ، واتە هەورامی ) هەموویان ، کەمو زۆر ، کاری قووڵی گیانی هۆنراوەی مەولەوی لە بەرهەمەکانیانا دیارە ، گومانی تیا نییە کە ئەم ڕەنگدانەوەیە ، تا دێرین ڕۆژگار هەر بەردەوامو درێژەدار ئەبێ ، چونکە بەڕاستی مەولەوی پەلی بێ سنووری کێشاوە بەسەر هەموو لایەنە پڕ لە فەلسەفەکانی ژیاناو ، هەمیشە هاوچەرخو هاودەمو هاوهەستمانەو ئەرکی سەرشانی هەموانیشە کە زۆرتر جیهانی بەرینو فراوانی ئەم بلیمەتە بپشکنینو ، تۆژینەوەی هەمیشەیی لەسەر بکرێ .

× ×

میرزا عبدالقادری پاوە ، ١٨٣٤-١٩٠٧ ، هەرچەندە بەتەمەن لە مەولەوی زۆر بچووکتر بووە ، لەگەڵ ئەوەشا لەگەڵ مەولەویدا هەڵسوکەوتی زۆری هەبووەو ، گەلێ هۆگری بووەو ، ئاگاداری باری ژیانی یەکتر بوون ، مامۆستا عبداللەی ئەقدەسی - ی شاعیر ، ١٩٢١ - ١٩٨٦ بۆی گێڕامەوە ، وتی : جارێکیان میرزا عبدالقادر ئەچێ بۆ سەردانی

مەولەوی . سەیرئەکا مالەکەی مەولەوی پەرش‌و بلاوو ، چۆل‌و هۆلەو کەل‌وپەلێکی ئەوتۆی تیا نی‌یە !؟... ئەیەوێ بۆ ئەم مەبەستە هۆنراوەیەك بلێ ، ئەلێ :

**یانەی چۆل‌و هۆل ، کولینەو تووتا**

مەولەویش ناهێلێ زیاتر بۆی بڕوات‌و بەم‌لەتە دێرە لەعاستی خۆیا ئەی‌وەستێنێ‌و ئەلێ :

**چون جاری جاران ، یا نەکەو ویتا !**

واتاکەی بەم‌چەشنەیە : میرزا عبدالقادر ئەلێ : مالی چۆل‌و هۆل ، کولانەی سەگان . مەولەویش ئەلێ : وەك جاری جاران ، مالەکەی خۆتان .

یەکێکی‌تر لەو شاعیرانەی کە پێوەندی گیانیی لەگەل مەولەوی‌دا گەلێ پتەو بووەو ، لە سەردەمی ژیانی مەولەوی‌داو ، دوای کۆچیشی ، بەردەوام ، بە بۆو بەرامەی جیهانی هۆنراوەی مەولەوی سەرمەست‌و دەماخ‌چاخ بووە ، بەڕێز شێخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ حەسەنی کەس‌نەزانە ، کە بە شێخ سمایلی دۆلان ناسراوەو نازناوی هۆنراوەی ( سەودایی )یە ( ١٨٤٢ – ١٩٢٧ .... ) لەڕاستیشا کە هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە بەرگوێ ئەکەون ، هەست بە جۆش‌و کزەو هەناوی مەولەوی ئەکرێ ، تەنانەت ئەتوانین بلێین بەتەواوەتی لە بۆتەی پڕتاوی مەولەوی‌دا قال‌بووە .. لە نامەیەکی پڕسۆزیا ، کە بۆ مەولەوی نووسیوەو ، بە ( خالۆ ) ناوی‌دێنێ ، باری پڕ لە سەخلەتیی دەروونی دەرئەبڕێ‌و ، ڕوونی ئەکاتەوە ، کە لە گێژاوی پڕ لە دژواری‌و دەردی سەری‌دا ، گیری خواردووەو ، گرەی دەروونی پڕ جۆشی لە بارەگای دەروونیش سەری‌کردووە ، پاشان دەری‌ئەخات کە دووریی لە ( مەولەوی )یەوە سەرباری هەموو دەردانەو ، ئارامی لێ هەل‌گرتووە ، لە

دوا دێریشا تکای چارەو ڕێنمایی لێ ئەکات ، چونکە مەولەوی ، کـــە خاڵۆی کۆی زوخاڵەو خەمخۆری هەمووانە حەکیمو داناو تەگبیرکـەری کارانە . .

**خاڵۆی تەسکین‌بەخش دڵ پڕ زوخاوان**
**گرەی کۆی پەستیم گەردوون شکاوان**
**ناڵەی ئاخو داخ ، هوونەی هەرسی چەم**
**گەرداو ، گێج داو ، گێجیای لوولی خەم**
**خەریکی ئازار دەردی فیراقم**
**تانی تای تاقەت نە تاقەت تاقم**
**ئاڵەم بێزارەن جەی گشـــت دەردەوە**
**مەر هەی کەروون کۆچ ئەوتۆی پەردەوە**
**یەکجار جە دووریت تای حەیات بڕیان**
**کوورەی ئارەزووی تۆی دەروون گڕیان**
**مودارام چێشەن ئیفلاتوون کەماڵ**
**حەکیمەکەی دەرد ، خاڵۆی کـۆی زوخاڵ !!**

شایانی وتنە دیوانی ئەم شاعیرەم ئامادە کردووە بۆ چـاپو ، دوو ساڵە لە دەزگای ڕۆشنبیریی کوردی‌یەو چاوەڕێی سەرە ئەکات . . .

مەولەویش بە هۆنراوەیەکی شەش دێڕی وەڵامێکـی خنجیلانـەو ئاگراوی ئەداتەوە . شایانی باسە ئەم شیعرەی مەولەوی لە دیوانەکەیـنا نی‌یەو بڵاویش نەکراوەتەوە . . . لە وەڵامی نامەکەی سەودایی‌دا مەولەوی ئەڵـێ :

**تۆی دەروون وە نێش زامانی خەتەر**
**کەیلەن جە هووناو ، مەوجش وست وەسـەر**

**هاژە وسـت وەسەر گشت کۆنە زامان**

**کولیانۆ جە نۆ ، سەرکەرد نە دامان**

**کزیانو چزیان ، قرچەش دا نە جەرگ**

**قەڵوەزەی زوخاو ڕەنگین کەردش بەرگ**

**وەشتەرەن ئازیز مەرگ جەی ژیانە**

**هەر ساتێ سـەد ڕەنگ مەگری بەهانە**

**جۆی زۆخ جارییەن شـەو جە زامانم**

**تەڕەن وە ئەسرین ڕووان دامانم**

**ئازیز سـا وەسەن ئاخر نەفەسـەن**

**چکەی زۆخی جەرگ ، هەرسی چەم وەسەن**

واتە : ناخی دەروونم ئەوەندە کەیلی زامی ئاسۆرە ، شەپۆلی خوێناو سـەری کردووەو ، هاژەی خستۆتە سەر کۆنە زامانمو ، هەموویان لەنوێ کولاونەتەوەو خوێناویان ڕژایە دامێنم ، وا قەڵبەزەی زوخاو بەرگمی ڕەنگاو ڕەنگ کردووەو ، قرچە لە هەناوم هەستاوە ، ئازیزەکەم ، مەرگ گەلێ لەم ژیانەم خۆشترە !! وا تۆش هەردەمەی جۆرە بیانوویەکم پـێ ئەگـری !!

شەوان جۆگەی خوێنو زوخاوان لە زامەکانمـەوە سـەرئەکا ، ڕۆژانیش دامێنم بە فرمێسك تەڕو پاراوە .. لە دوادێرا بەمچەشنـە ڕووی تکای لێ ئەکاو ئەڵێ : ئازیزەکەم ، تکام هەیە ، ئیتر بەسـە ، وا دواهەناسەمە ، تەنیا چارێك لای من دەستکەوێ تەنیا کزەو زوخـاوی جەرگمو فرمێسکی چاوەکانمە ...

پیرەمێردی نەمریش لەعاستـی خۆیەوە ، زۆر زۆر ئەمەکـدارو مەردانە ، باسی کاری کاریگەری مەولەوی ئەکات لەسەر ڕێبازو ڕێڕەوی دوورو درێژی بەرهەمی هۆنراوەی بەرینو فراوانی خۆی ... بۆ ئـەم

مەبەستەش وا چاکترە سەیرێکی ڕۆژنامەکـەی بکەین‌و ، بزانین لـە ژمـارە ـ ٤٠٩ ـی ( ژیـان )دا ؛ ڕۆژی ١ـ٩ـ١٩٣٤ ، چۆن وەکـو دێوانەیەکی کەمەندکێش کراوی مەولەوی ، بە سۆزێکی زۆرەوە ئەڵێ : منداڵ بووم ، لەبیرمە جارێ مەولەوی هاتە ماڵی ئێمە ، قاپووتێکی کورکی سەوزی لەبەردا بوو ، منیان خستە باوەشیەوە ، دەمی ماچ‌کردم‌و ، لـە دەمی دەم ماچ‌کردن‌دا ، چاوم بە چاوی کەوت ، بروسکەیەکی پڕخەندەی نێ ئەبووەوە ، ئەو چاوانە کە لە دوایی‌دا کوێر بوون ، چەند جـوان‌و پڕماناو جازبییەدار بوون !!.. » .

بەم چەشنە بۆمان دەرئەکەوێ ، کە پیرەمێرد هێشتا بۆنی شـیری خاو لە دەمی هاتووە ، خوا بۆی کردووە ، بووە بە دەروێشی هۆگری گیان‌و ڕەوانی مەولەوی ، کانی ئەدەب‌و زانین‌و بەهرەو توانای یەزدانی .. پاشان پیرەمێردی شاعیر زۆرتر ئەم لایەنەمان بۆ ساخ ئەکاتەوەو ، لـە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی ( ژیـان )داو لـە هەمان باسـا بە نـاوی « مەولەوی ی ئێمەو مەولانای ڕۆمی ، ئەویان نەی ، ئەمیان ناڵـەی مەعدوومی » نووسیویەتی : « ئەوەم لەبیرچووەوە ، کە پێ‌گەیشتم‌و کەوتمە ناوەوە ، شەیدای شیعرو ئاوازی خۆش بووم ، خـوا لێی خـۆش‌بێ ، « عەزیز ئامینە » گۆیندەیەکی بێ‌هەمتا بوو ، شیعری مەولەوی ئەمەندە جوان ئەخوێندەوە گفتەی لە ئاوازی خۆشترو ، ئاوازی لە گفتەی ... »

دوایی پیرەمێردی شـاعیر ئەڵێ : « ... بەهۆی گـۆرانیی عەزیز ئامینەوە خووم دایە مەولەوی ... » ئنجا لە وێنەیەکی زۆر چڕو پڕو کورتا پلەی مەولەوی ئەخاتە بەرچاومان‌و ئەڵێ : « ... هەتا لێی ورد ئەبوومەوە پڕ ڕۆحتر بوو ، تا گەیە پایەیەك لە ڕۆم‌و عەجەم‌و عەرەب‌دا بە مەعنا لەو بڵندترو بەمەعناترم نەدی ... »

بەڵێ ، ئەم کارتێکردنە هەر بەمەوە نەوەستاو ، ئەم پێوەندی‌یە ڕەوانی‌یە قووڵە گەیشتە ڕادەیەك کە ڕەوانو گیانی پیرەمێرد بوونە هۆگری هەمیشەیی‌و نەمری سەرچاوەی ڕەسەنی مەولەوی‌و ، سەرەنجامیش بەچاپ‌گەیاندنی زۆربەی زۆری شیعرەکانی مەولەوی بوو لە ساڵی ١٩٣٥دا ... لاپەرەی بەری دەستەڕاست وشەی « ئەسڵ »ی بۆ داناوە ، بەمەبەستی ڕەچەڵەکو چاوگی شیعرەکان ، کە زادەی هەناوی مەولەوین‌و ، بە شێوە زاری هەورامی دارێژراون ، لاپەڕەی بەرانبەریش وشەی « ڕۆح »ی بۆ داناوە ، کە گۆڕینی دێڕبەدێڕە بۆ شێوەی کرمانجی خواروو ، بەم شاکارەی پیرەمێرد ، هۆنراوەکانی مەولەوی لە کوردستانی باکووردا زۆرتر بڵاوبوونەوەو ، مەولەویش زیاتر ناسراو ، دیوانەو شەیدای هۆنراوەی گەلێ زۆرتر بوون ... مامۆستای شاعیریش بەڕێز کاك حەسیب قەرەداغی یەکێکە لەم شەیدایانەو ، گەلێ جاریش بەشانازییەوە ، بەرانبەر بە مەولەویی مەزن بانگی دیوانەیی خۆی هەڵئەدات ..

لە گۆڤاری بەیاندا ، ژمارە ـ ٩٥ ـ نیسانی ١٩٨٤ ، لەژێر سەرباسی « هۆنراوەی هەندێ شاعیری شێوەی گۆران لە دیوانی پیرەمێردی نەمردا » ، وەکو دەس‌پێشخەری‌یەك ، ئاماژەم بۆ هەندێ هۆنراوەی مەولەوی کرد لە توێی دیوانی پیرەمێردی نەمردا ، لەگەڵ هەندێکی‌تردا ، کە خواستوونی‌و ، نە خودی پیرەمێردو ، نە ئامادەکەری دیوانەکە ، مامۆستا محمد رسول هاوار ، هیچیان ئاماژەی ئەوەیان نەکردووە کە هۆنراوەی مەولەوین ...

بەم چەشنەو ، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر جیهانی پڕ لە هونەرو بەهرەی هۆنراوەی مەولەوی ڕوونترو دیارتر ئەبێ ... دووبارەش ئەیڵێمەوە ، کە ئەرکی سەرشانی هەمووانە ؛ زۆرتر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو لێکدانەوەو دیراسەی شیعرەکانی پێشکەش بکرێ ، تا بگەینە ڕادەیەك

مافی خۆی بدەینێو ، ئێمەش پێ‌شیاوو ، شــایانی ئەمەکو پێ‌زانینی دروست بین ...

مایەی شادیی هەموانیشە کـە لە ســاڵی ڕابوردوودا ، ١٩٨٦ – ١٩٨٧ ، کاك ئەنوەر قادر جاف یەکەم کەسێ بوو کە بەڵگەنامەی دوکتۆرای لەسەر ئەم میری شاعیرانە بەدەست‌هێنا ، هیوادارێشین ، لەمەودواش هەرچۆن لەسەر شەکسپیر ، هەموو ســـاڵێ بە دەیان بەڵگەنامەی باڵا وەرئەگیرێ ، لەسەر مەولەویی کوردیش بە هەمان دەستوور بەڵگەنامەی کارامەو بەجێ وەرگیرێو چاوی هەسوان ڕۆشنتر بێ ...

لە کۆتاییدا ، ئاوات ئەخوازم ، کە هەموو شەیدایەکی وشـــەی کوردی بگاتە عاستێ کە یەکەوڕاست لە هەموو شێوە زارە ئەدەبییەکانی کوردی بگات ، تا یەکسەر ، لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئەدەبە بەپیتەکەمان ، دانەی مرواریو ئاوی ژیان هەڵێنجێو بتـــوانێ کەمێ لـــە زمانی زۆر فراوانو بەرینی کوردیدا شارەزا بێو ، پێویستی بە گۆڕین نەبێ لـــە شێوەیەکەوە بۆ شـــێوەیەکی تر ، دیارە ئەم گۆڕینەش وزەیەکی زۆری گەرەکەو ، تواناو ماوەیەکی زۆر گرنگو بەنرخ لە مرۆڤ دائەبڕێ لەگـەڵ ئەوەشا چیژی نەژادەکە نادا ... کارەکەش هەر کەمێ خۆماندووکردنی ئەوێو هیچی‌تر ، ئەنجامەکەشی زۆر بەکەڵكو باڵایە ..

ئیتر ، سوپاس ...

# باسکەمەلەیەك لەنێو زەریای شیعری مەوڵەویدا

**مەحموود زامدار**

جیهانی شیعر ، ئەو جیهانە سامناکو جوانو بەربڵاوو پڕ لە سیحرو ڕەنگو لارە سێبەرانەیە ، کە کەم کەس هەیە ، مەگەر شاعیری هونەرمەندو لێهاتوو نەبێت ، تێی‌بگاتو لێی وردبێتەوەو پەردە شاردراوەکانی سەرەنداز بکاتەوە ، بەو واتایەی کە شیعری شیعر ! شەپۆلی بەهارژنی ئەو سەوزە خەونو کۆنە ژانەو هەو کردوانەیە کە ( شوێنکات )ی تێدا نوقمەسار ئەبێتو گەردوونی تیا ئەبێ بە یەکپارچەو ( خود )ی زیندووی تێدا ئەدرەوشێتەوە ! تەنیا مرۆڤی هۆشمەندرو بەرچاو ڕوونا‌کو مێشك پەنماوو شاعیر ـ شاعیری هونەرمەند ـ ئەزانێ ، ئەو یەکپارچەیی‌و ژانە دڵو ژانە سۆزو شەوسۆو ژانی هەڵچوونانە چی‌یەو چۆن پەیا ئەبێتو ئەرسکێو ڕووئەداتو دائەرژێ .. کە ڕووش‌ئەدات چۆن ئەتەقێتەوەو چۆنیش گڕئەگرێو ئەبێ بە سەمەندەرو گڕئەگرێو دائەمرکێتەوەو دائەمرکێو گڕئەگرێتەوەو ئەکەوێتەوە ..!

شاعیریش بەقەد ئەوەی هونەرمەندێکی ڕەهایەو ئەوەندەی بە چاوێکی قووڵی سۆفیانەی تێکڕایی‌یەوە ، خەیاڵەکانی بڕئەکات ، ئەوەندەیش ڕەخنە لە ژیانو بوونو گەردوونو مێژوو ئەگرێت .. ئەوەندەیش بەدوای خوڵقاندنی جیهانێکی شیرینو بێ‌وەی‌و پڕ لە ئارامو دڵۆڤانی‌و میهر پێنگاف ئەهاوێژێ .

( گۆران )ی کوردو نەمریش یەکێکە لەو هونەرمەندە دڵفـراوانو بەچێژو دەمارو ماسوولکە موتوربە کراوانە ، کە بە گیانێکی ڕەخنەگرانە ــ ڕەخنە بە مانا فراوانەکەی ! مامەڵە لەگەڵ شیعر دەکات .

ئەم کەڵە شاعیرە هەروا بە پیتو باریکـی ، بە ختو خۆڕایی ــ بـە خشکەخشــك نەبوە بە شاعیر ، تەنیـا بەهرەیەکی ڕووتو چڵکنو ژەنگگرتووی بێ پێز ــ دوور لە بەهرەی گۆران ــ نەیکردووە بە شـاعیر ، ڕقو کینە نەیکردووە بـە شـاعیر ، ڕاوەڕاوی گۆمی پیسو دەعـوەتو دەعوەتکاریو ئێمــە ئێمەو ئێوە ئێوەو عەشیرەتگەریو ناوچەگــەریو گیرفانگەری نەیکردووە بە شاعیر ، تەنیا ناوبانگو ڕۆژنامەو کۆڕو ئێزگەو تەلەفزیۆن نەیکردووە بە شاعیر .. چونکە ( گۆران ) لە شانزە پشتـی داپیرانو باپیرانیەوە هەر بە ( شاعیری ) و هەر بـە ناسکیو هـەر بـە دڵگەورەیی خوڵقاوەو گـڕی مەشـخەڵی نوقڵانـە مەزنەکە لـە ناولەپی بێ مننەتی توندو سرکی ئەمدا کەوتۆتە لەرە .. گۆرانی موعادەلەی قورس، گۆرانی ڕەسەنایەتیو هاوچەرخێتی ، گۆرانی کەلەپووری ڕەسەنو گۆرانی وریاو نێچرەوانی جوانیو گۆرانی ڕۆشنبیرو هاوچەرخی ڕاستەقینە ، گۆرانی خانیو نالیو مەولەویو مەحویو بایرۆنو کیتسو شیلـلـیو ئۆسکار وایلد ، تەجرەبەو ئەزموونێکی گەرمی لایەنێکی کەی ئەم مرۆڤە سەوداسەرو بەهرمەندو موژدەبەرو سەلیقەدارەیە . گۆرانی مامۆستاو ڕابەرو دڵفراوانو مرۆڤ !.. هەر بۆیەشە ئەم کەڵەشاعیرە نەمرە بـەم شێوە سەرنجڕاکێشە لە نەخشەی شیعری کوردیدا لەگەڵ نەمراندا ، جێی خۆی کردووەتەوە !. هەرچەندەیش لێی بدوێی هەر کەمەو هەر پێویستی بە قووڵ بوونەوە هەیە !

هەر بۆیەش بوو لەم دیدارە پاڵەو بێگەردەی کەڵەشاعیری سروشتو خودو گیانو جوانی ( مەولەوی )ی نەمردا ، ئەم تێکستە فەرامۆشکراوەی

( گۆران )ی دڵناسکم هەڵبژاردو وازم لە بابەتی‌تر هێنا ، چونکە بەرەهایی ئەم دیاردەیە - شیعری ڕووت‌ومەزن - لەم تێکستەدا خۆی ڕەپێش ئەکات‌و ئەنوێنێ ! ڕەنگی ژان‌و خەمە قووڵە سەر بە شیعرەکانی ( گۆران )ی شاعیرو ڕەخنەگرمان بۆ ڕەنگڕێژ ئەکات‌و لە هەمان ئانو ساتیشا کاڵای جۆرە ( لێکدانەوە )یەکی ئیستاتیکی‌یانە ئەکاتە باڵای شیعرەوە ، لە چ کات‌و ساڵێکیش ئەو هەواڵە بایەخدارە دراوەو بۆچی‌یش دراوە . دیارە ئەوا نزیکەی چل ساڵ بەر لەم دیدارەی ئەمڕۆو بە مەبەستی لە ( مەولەوی ) گەیشتن‌و چوونە نێو دنیای ئەم شاعیرە بەرزەو لەپێناوی دانانی بەردی بناغەی لێکۆڵینەوەیەکی شاعیرانەی بەپێز بۆ ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی شیعری نەمری کلاسیکی نەمر !

با لەم تێکستە فەرامۆش‌کراوەدا ، بەشێنەیی بیر لە دنیای گۆران‌و ئینجا لە جیهانە شیرینەکەی مەولەویی نەمر بکەینەوە ، بابزانین شاعیری لێهاتوو چۆن لە هاوەڵەکەی شاعیری لێهاتوو ئەدوێت‌و بە چ پێوانەیەکی بەئینسافەوە، بە چ دڵمەزنی‌و گەورەیی‌یەوە، نەك بە ڕژدی‌و بەرچاوتەنگی‌و بە ڕاستەو پڕگاڵێکی کەچ‌و خوارەوە ، لە کلاسیك ئەگات‌و ، بە چ ترازوویەك ئەیکێشێ .. دەك خۆزیا ( گۆران ) بمایەو خۆی‌و چەند هەڤاڵێکی بەهرەداری وەك خۆی ، هەر هەموو دیوانە بەنرخەکەی ( مەولەوی )ی نەمریان ، چامە بە چامە ، دێڕ بە دێڕ ، بۆمانیان هەڵسەنگاندایە .. چونکە بەڕاستی ( مەولەوی‌ناس )و ( مەولەوی‌زان )و ( مەولەوی‌دۆست )و ( مەولەوی ئامێز ) تابڵێی لەنێو ڕووپێوی ئەدەبی ئەمڕۆی کوردیماندا کەم‌و دەگمەنن .

جارێ با بە کارامەیی لاپەڕەکانی هەر سێ ژمارە دەگمەنەکەی ڕۆژنامەی ( هەولێر ) هەڵدەینەوەو بەوردی ئەم سەرباس‌و ئەم هەواڵە بەنرخەی چل ساڵەی گۆرانی لەمەڕ مەولەوی ڕاگوێزینە ئێرەو بەوردی‌یش

بیخوێنینەوەو بەوردی‌یش وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە .. با بزانین چل ساڵ بەر لەمڕۆ ، گۆران بۆ دیاردەی شیعری ( موناسەبەت ) چیی وتووەو قامکی ڕەنگین‌و زەمینەی هۆش‌و بیری شاعیرانەو هونەرمەندانەی خۆی چۆن بەکارهێناوە !

گۆران ئەڵێ :

« شیعری موناسەبەت لە ئەدەبی هەموو نەتەوەیەکا هەیە ، بەڵام نەك بەو زۆری‌یەی کە لە ئەدەبی ئێمەو گەلەکانی دراوسێمانا بەرچاو ئەکەوێ» .

بەڵێ گەر بەوردی سەیری سەرتاپای ئەدەبی خۆمان‌و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی‌و بەتایبەتی‌یش دراوسێکانمان بکەین ، هەر بەجارێ لەم دیاردەیە ئەحەپەسێین‌و دۆش ... لاشم‌وایە هەر ئەم ترس‌و بیم‌و لێپرسینەوە شیعری‌یەش وای لە ( گۆران ) کردووە بەزۆری خۆی لەم چەشنە شیعرە دوور ڕاگرێ‌و بسڵەمێتەوە،چونکە زۆر کەم ڕێك‌ئەکەوێ‌و ڕێی‌تێ‌ئەچێ ئەم جۆرە شیعرانە ـ بەدەگمەن نەبێ ـ ڕاستگۆیی‌و دەسڕۆیی‌و شاعیرایەتیی تێدا ڕەنگ‌بداتەوە !..

کەچی ( گۆران ) بەردەوام ئەبێت‌و وەڵامی ئەمەشمان بۆ ئەداتەوەو ( مەولەوی )ی نەمریش ئەکا بە بەڵگە ، مەولەوی‌یش نەك لە دەو بیست‌و سی‌و چل چامەدا ، بەڵکو لە یەك چامەو بەس ! بۆیە بەردەوام ئەبێ‌و ئەڵێ :

« دەستووری گشتی‌یش ، لەم‌پێناوەدا ـ واتە شیعری موناسەبات ! م. ز ـ ئەوەیە کە : موناسەبەت ، ڕەنگە بتوانین هیی بابەتی دڵداریی لێ دەرکەی ، شیعر ، گەلێ پێپیلکە لە قوللە زێڕینەکەی ئەهێنێتە خوارەوە ، تا ئەیگەیەنێتە شوێنێك کە لەگەڵ قسەی ڕەشۆکیی سەرزمانی ڕۆژانەمان جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی نەمێنێ !.. »

بەڵێ ، شیعری موناسەبەت ئەمە دەستوورەکەیەتی . گۆرانیش نایەوێ ئەو دەستوورە بەسەر شیعری شیعرا بسەپێنێو شیعر بکا بە لافیتەو شیعارات و ئەم هونەرە بەرزە زەدەدار کاتو لە نرخی بهێنێتە خوارەوەو بیکا بە قسەی ڕەشۆکیی ڕۆژانە ، چونکە گەر وای بکردایەو بیویستایە ، ئێستا دیوانە سەرجەمەکەی هەر ئەوەندە نەدەبوو ، بەڵکو دە ئەوندە دەبوو ، شیعرو جوانیو هونەری ڕاستەقینەشی تێدا نوقمەسار ! هەر بۆیەشە ــ جارێکیتر دەیڵێمەوە گۆران ــ بەغەیری شیعری خودیی ڕاستەقینەو فراوان ــ بەغەیری شیعری دڵداری ــ گۆرانواتەنی ــ نەبێ ، خۆی لەقەرەی ئەم جۆرە شیعرانە نەداوە ، لەوانەیشە ــ دوور نییە ــ چونکە بە سروشت هونەرمەند بووەو هەستی بە لێپرسینەوەی دەورەکەی خۆی کردووە ، ئەم ڕەگەزە شیعرییەی لە چێژو دنیای خۆی دوورخستۆتەوە .. ڕاستیشی کردووە ، چونکە ئەو چەند شیعرانەی کە بۆ موناسەبەتی وتبێ ــ تاكو تەرای نەبێ ، سەرپاکی لە بەهرەی قووڵو پاکی گۆرانەوە دوورن ! . بەهەرحاڵ با هەمدیس بزانین ( گۆران ) چیتر و چ ڕایتری ماوە بیڵێ .. ئەڵێ :

« ئەمە هەرچەن لە سەرێکەوە ، پیاو لە شیعری موناسەبات بێزار ئەکات ، لە سەرێکیترەوە ، تەرازوویەکی سووكو خۆشبەزی ئەداتە دەست بۆ هەڵسەنگاندنی نرخی ئەدەبیی ئەو شاعیرانەی توانیویانە لە بوارێکیوا کەمئاوا ، بەمەلەوانی ، تەکانی پەڕینەوە بدەن .. لەگەڵ ئەوەش لە زۆر زمانا ، جارجارێك بەهرەداریوا هەڵکەوتووە لەباتیی ئەوەی نرخی ( بوێژ )ی شیعر ، بە موناسەبات نزمکاتەوە ، موناسەبەتی ئەوەندە هەڵبڕیوە ، گەیاندوویەتیە ئەو ئاسمانە بەرزو جوانە کە پەریی شیعر ئەتوانێ تیایا بژیو ماوە بدۆزێتەوە بۆ پەڕبازی بە شاپەڕە ڕەنگینەکانی ! .. لە زمانی ئێمەشدا ( مەولەوی ) شاعیری بەناوبانگی

شێوەی هەورامی‌یانە ، یان گشتی‌تر بڵێین : شێوەی گۆران ، لەوچەشنە بەهرەدارانەیە . . » . بەڵێ بەقەد ئەوەی گۆرانی گەورە ، پێوانە بۆ ئەم ڕەگەزە ئەدەبی‌یە دائەنێ ، لەپاڵیشیا ڕێگا لە شاعیری بەهرەدار ناگرێ گەر بێ‌و بتوانێ بەم ڕەگەزە هەرە قورسە بوێرێ‌و بتوانێ شتێ بە شتێ بکات چونکە گۆران زانیویەتی نەك هەر لە زمانی ئێمەو ئەدەبی ئێمەدا ، ئەم چەشنە شیعرە هەیە ، بەڵکو لە سەرانسەری شیعری کۆن‌و نوێی جیهانیدا هەیە ، بەڵام کەم کەس پێی‌وێراوەو بۆ کەم شاعیریش کارەکە مەیسەر بووە ، مەیسەریش بووبێ ، هەر بۆ مانەندی ( مەولەوی )ی شاعیر بووەو بەس ، ئەگینا گەر شیعری موناسەباتی جیهانیی کۆبکرێتەوەو فڕێ بدرێتە ئۆقیانووسی ئەتلەسی‌یەوە پڕی ئەکاتەوە ، بەڵام چش ! هەمووی هەر مردوون‌و بێ‌کەڵك‌و لەڕو لەچەرو بێ‌دەنگ‌و ڕەنگ پەڕیون . . دانەدانەیان نەبێ ، ئەگینا ئەو هەموو فەردە داخسۆرانەی شیعری موناسەبات بەغەیری ئەو ئۆقیانووسە نەبێت ، جێی لە هیچ کوێدا نابێتەوە ! . .

لەپاشا گۆرانی شاعیر بائەداتەوەو ئەڵێت :

« ئەم شاعیرە بلیمەتەی کورد ــ کە ڕەنگە لەبەر دووریی شوێنەزای ، باوی شێوەی زمانەکەی لە ناوچەی هەولێردا کەمتر ناسرابێ ــ بەشی زۆری شیعرە هونەری‌یەکانی لە دایکی موناسەبات زاون . . گەلێ‌جار مونلسەبەتی بێ‌ڕەنگ‌و ڕواڵەتیش ! . زۆر دوور نەڕۆین ، مردنی کوڕی کوێخایەکی عەشیرەتی جاف ، وەرگرتنی تەسبێحێك بەدیاری لەلایەن ئاشنایەکەوە ، وەرگرتنی نامەیەك لە هاوڕێ‌یەکی دوور ، چنگکەوتنی شووشەیەکی گوڵاودان . . بەڵام بۆتەی وەستاکارانەی (مەولەوی) هەرگیز شتێکی تیا نەتواوەتەوە کە ڕەوا نەبێ لە قالبی بێگەردو ساغی شیعری ساغی ڕاستەقینەدا ، دابڕێژێ . بەمانای سەرەوە . . بۆ کوڕی

کوێخاکەی جاف ـ کوڕی مەحموودی یاروەیس ـ شیوەننامەیەکی درێژی داناوە ، ئەگەرچی لە دوو بەرگەکەی دیوانی چاپکراویا(١) بڵاونەکراوەتەوە ، بەڵام هیچ گومانم نییە لە هەڵبەستە هەڵبژاردەکانی ئەوە ، هەروەك لە نموونە هەرە بەرزەکانی شیوەننامەیە لە سەرپاکی ئەدەبی کوردییا .. داخم ناچێ لەم کاتەدا هەڵبەستی ناوبراو لە وزەی دەسەڵاتما نییە تا بۆ ساغکردنەوەی قسەم بیخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی خۆشەویست ، بە ناچاری ئەمەوێ لەم ڕێگایەوە ، بۆ بەڵگەهێنانەوە بچم ، کە زۆر لە یاریی ( هایبەخت ـ یا نصیب ) ئەچێ ، لە سایەی گیانە بەرزەکەی مەولەوییەوە بردنەوە تیایا سەدی سەد کەمتر نییە ... ».

هەمدیس ئەیڵێمەوە ، گۆرانی مامۆستا مەرجی بۆ ئەم جۆرە شیعرە داناوە . یەکەمیان بلیمەتیو لێهاتوویی‌و ( بۆتەی وەستاکارانە )و ، دووەمیان ( ڕەوایی )ی ئەو موناسەبەتە لەلای خودی شاعیرو قەناعەتی شاعیردا ! ...

لەپاشا ( گۆران )ئەڵێ :

« ئیستا ئەوا هەردوو بەرگی دیوانەکەی لە بەردەستمایە ، بە ڕێککەوتی ڕووت ، بەرگێکم هەڵگرت بەرگی دووەم دەرچوو . هەر بە هەمان ڕێککەوت کتێبم کردەوە ، دەستم کرد بە چاوگێڕان بۆ پارچەیەك کە بۆ موناسەبەتێك وترابێ ، پاش وەرگێڕانی دوو لاپەڕە دیاری بۆ ( ضیاء الدین )م دی . با تەقەلا بدەین ئەم هەڵبەستە وەك نموونەیەك لە خەرمانی گشتیی مەولەوی بدەینە بەر ڕووناکیی تاقیکردنەوە !..

« ( مەولەوی ) پارچە کاڵایەکی ملپێچی دەستووری سەردەمی خۆی بەدیاری ئەنێرێ بۆ ئاشنایەك کە لە دیوانی چاپکراوا وەکو وتم خوالێخۆشبوو ضیاءالدینی بیارە نووسراوە ، بەڵام لە نوسخەیەکی تری

دەسخەتدا دیومە ، زیاتریش ماوەی چەسپینە دلی هەیە ، کە بۆنێرراو ضیاءالدین نا ، هاورێیەکی تەریقەت و شیعری قەلەندەرمەشرەبی مەولەوی بووە . ( کاك احمد ) ناو لە دێی پریسی نزیك هەلەبجە دانیشتووە ... هەرچۆنێك بێ ملیێچێك ئەوەندەی دەستەسرێک کەتان یان بلووری مەگەر لە ناوەندی دلدارانی وەك ( مەم و خاتو زین ) یان ( فەرهادو شیرین ) یان ( شەم و دێوانە )دا هاتوچۆی کردبێ و ئەمجا هەلی بگرێ و بەدلیا بێت ! بەورەنگە نیگاری رەنگینی شیعرو ئیلهامی بچنێ !...

« بەلام بروانن نیگارخانەی خەیالی مەولەوی بە چ وردە هونەرێکی شیرین و دلگیر ئەم پارچە بلووریە ئەرازێنێتەوەو ئەلێ » :

بەتیەی کارخانەی ئوسای بەغدایی

درووماں وە تای نەی ئاشنایی

سفیدتەر جە جەرگ مەینەت گازەکەم

نازکتەر جە ناز جای نیازەکەم

چون لۆنگ مەجنوون بەش وە کۆلدا

بگیلە وە هەرد پای سارای چۆلدا

جار جار بەو گشت نەدامەتەوە

بەو قامەت وشك پڕ زامەتەوە

شنۆی هەناسەن نە سەر دیاران

شانۆش چۆن بەیداخ نە سەر مەزاران

واتە : ئەوا یەك دانە بەتیەی نایابم بۆ ناردی ، دەسکردی هونەری وەستاکانی بەغدایە ، بەتیەیەك کە تانوپۆی بە تای خۆشەویستی چنراوە ، لە پەرەی جەرگم سپیترە کە لەناو لافاوی مەینەتا شۆراوەتەوە . نازکترە لە نازی ئەوکەسەی کە جێگای نیازمە ، وەکوو کەولەکەی

مەجنوون بیدە بە شانتا . بە دەشتو هەردەکانا سەری بۆ هەلگرە . بەو گشت باری دەردو پەشیمانی‌یەوە کە هەیە بە ئێسکی ڕەقوتەقی بالا بەرزەکەتەوە بگەڕێو جارجار هەناسەی ساردی بۆ هەلکێشە با پیرە بەتیە » بە دەم باو هەناسەوە بشەکێتەوە ، وەك ئەو بەیداخانە کە بە با لە بەرزەکانەوە لەسەر قسن‌و گۆڕستانی مردووەکان ئەشەکێنەوە » .

هەندێ لە وشە قورسەکان :

بەتیە : عەبا .

ئۆسا : وەستا .

تـا : تال .

نەی : دەزوو .

جای نیاز : جێگای ئیحتیاج .

لۆنگ : تاکە جلی سەرشانی فەقیر .

بدەوش : بیـدەم .

بکێلوو : بگەڕێم .

شانۆش : بیلەرێنێتەوە .

« ئەمە مەزموونی هەلبەسـت بە پەخشـان پاش سـووکە دەستکاری‌یەکی زۆر کەم لەلایەن خۆمەوە »(٢) .

« پارچە بەتیە لە کونجی دووکانی پەستو تەنگی بازرگانەوە ، لەناو هەوای خنکاوو تاریکی ژێر گومەزی ناو بازاڕەوە بە نووکی قەلـەمی مەولەوی گەیشتە ناوەڕاستی گومەزە شین‌و ڕووناکەکەی ئاسـمانی ژووربسەلای(٣) دەشتودەر ، گەیشتە بەر جومێکی‌وا(٤) تێرە شیعرو تێرە خەیال کە بێ‌ئەوەی هەست بە پەنکێشانی ڕاستەوخۆی مەولەوی بکەین ، خۆمان ئەبینین یالەویال شوێن دێوانەی هەردەگێلی پریس کەوتووین ، هەروەکوو منال بەدەم نەشئەی جوانیی بەهارەوە ، مێرگاو مێرگ دووی

فڕەفڕی باڵە سپی‌یەکانی پەپوولەی گەڕۆك ئەکەوێ ... دوایی ئەبینین : مەولەوی بە یەك دوو سەرەتەشوێی هونەر ، بەژنوباڵایەکی بۆ دێوانەی هاوڕێی تاشیوە کە ئەوەندە شـــاعیرانەو ڕووناکو دیاری‌یە ، نە دێوانە هەرگیز بە ئێسقانە ڕەقوتەقەکەی خۆیەوەی دیوە ، نە ئێمــەش لەپێش خوێندنەوەی مەولەویدا ، بە قامیشی ئاڵایی سەر گوڕستان‌و قسنەکانەوە هەستمان پێ‌کردبوو ، کە لە کوردستانا زۆرتر جێگا یان یاڵێکی بەرزە ، یان گردێکی سەوز لەنزیك ئاوەدانی‌یەوە .. ئەو پەیام‌و ڕاسپێری‌یەش ، ئێمە لە هونەری شــــیعری ڕووت ، نەك شــیعری ئامانج‌و ئایدیال ، چاوەڕوانی ئەکەین ، لــە وەرگرتن‌و پڕ بەدڵ‌چەشتنی ئەم هەســتە جوانە بەولاوە نی‌یە ، کە مەولەوی تەنانەت لــە شیعری موناسەباتیشا وا بــە زاڵی‌و بە وەستاکاری پێمان ئەگەیەنێ » .

### چەند ســـەرنجێك :

١ – ( گۆران )ی شــاعیر لە سەرووی ئەوانەوەیە کــــە بۆ یەکەمجــــار توانیویەتی چێژ لە شیعری مەولەوی وەرگرێت‌و ، لە هەمان‌کاتیشا بێ بە هەوێنی چاوو کامێرای شـــیعرەکانی‌و پێش زۆرکەسیش بکەوێ لـــە تەقەلاو هەوڵی شیکردنەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە ناســـکەدا .

٢ – ئەم شیعرە شیکراوەی ئێرە مامۆستا مەلاکەریمی بیارەیی – خــوا بیپارێزێ – شەرحی نەکردووە . لەوانەیشـــــە بۆیە گۆران بـــۆ شیکردنەوەکەی خۆی وەری‌گرتبێ(٥) .

٣ – گۆران ئەڵێ : شیوەننامەکەی کوڕی مەحموودی یاروەیسی کوێخای جاف‌ـــان لـــــە هەردوو بەرگەکـــەی دیوانـــی چاپکـــراوا نی‌یەو بڵاونەکراوەتەوە .. بۆیە سەرو سۆراغی ئەمەش ئەکەوێتە ئەستۆی مەولەوی‌دۆست‌و مەولەوی‌ناسان .

٤ ــ گۆران لەوباوەڕەدایە ئەم پارچە شیعرە شیکراوەی ئێرە بۆ شێخ ضیاءالدینی بیارە نەوتراوە ، بەڵکو بۆ کاك ئەحمەد وتراوە کە دۆستێکی نزیکی خۆی بووە . ئەم کاك ئەحمەدەش هەر هەمان کاك ئەحمەدە کە مەولەوی لە زۆر شوێنی دیوانەکەیا پیایا هەڵداوە وەك لە لاپەڕە ( ١٠٥ )دا کە ئەڵێ :

**بڕیا وە باڵای کاڵای ڕەئیسی**
**( رجال الغیب )ە ئەحمەد پریسی**

هەر ئەم کاك ئەحمەدەش هەر ئەوکەسەیە کە لەگەڵ مەولەوی ژوانە شیعریان هەبووە ، لەوانەیش وەك لە چامەی لاواندنەوەی شێخ عبدالصمدی خەڵکی خانەگای لای پاوە ، کە مەولەوی بەبۆنەی مەرگیەوە وتوویەتیو گوایە ئەم شێخە چووە بۆ کرماشان تا تەدارەکی ژنهێنان بکرێ ، لە ڕێگادا مار پێوەی ئەداو ئەمرێ ، مەولەوی‌یش پارچە شیعرێکی یەجگار بەنرخی پیا هەڵئەڵێ کە سەرەتاکەی لە دیوانەکەیو لە لاپەڕەکانی ١١٤ تا ١١٨دا بلاو کراوەتەوەو ئەڵێ :

**پای شادیم دیسان ماران گەستەوە**
**نە پیاڵەی چەم ژار تۆ بەستەوە**
**سەنەم پەرست نیم ، سەمەد ناسەنان**
**دووی کوورەی دەروون شیوەن ڕاسەتان**

واتە : کەوا بۆ مەرگی شێخ عبدالصمد پەرێشانو دلگرانم ، بتپەرستنیم ، بۆ شێوەی ئەو نارەحەت بم ، بەڵکو خواناسمو ئەزانم مەرگی شێخ زیانی گەیاندووە بە سوودی گشتی ، بۆیە وا خەفەتبارمو دووکەڵی کوورەی دەروونمو شیوەنی بەسۆزم ڕاستەو لەخۆڕایی نی‌یە ، لە کۆتاییشا ئەڵێ :

**ڕجام هەن فەردا نەو گەردەلوولدا**
**بویەری نە ژێر سای ئەو ڕەسوولدا**

واتە : تکام‌وایە لـــە گەردەلـــوولی ڕۆژی مەحشـــەرا ئـەو فروستادەکەی‌تر کە حەزرەتی پێغەمبەرە بەفریات بگاتو لەژێر سێبەری ئەودا تێپەڕی .

کاتێ کە مەولەوی شیعرەکە بۆ ئەحمەد پریسی ئەخوێنێتەوە ئەویش دەسبەجێ ئەم تاقە شیعرە ئەڵێ :

**نە نە ، ئەو مارە هەر مار غار بی**

**پەی پابۆسیی پاش وە ئینتیزار بی**

واتە : نەخێر وانی‌یە کە تۆ وتووتە ، ئەو مارە ماری ســەر گەنج نەبوە ، مارەکەی ئەشکەوتی ( ثەور ) بووە کە هاتبوو بۆ زیارەتی پێغەمبەرو دای بە قاچی حەزرەتی ئەبوو بەکرەوە ، لێرەشدا هاتبووە زیارەتی شێخ عبدالصمدو قاچی ماچ کرد !

هەر بۆیەشەو منیش لەگـــەڵ سەرنجو بۆچوونەکـــەی مامۆستا گۆراندام کە ئەم پارچەیە بۆ ئەحمەد پریسی‌یە نەك یەکێکی‌تر .

٥ ــ پارچە شیعرە شیکراوەکەی لەمەڕ گۆرانو هەروا ئەم پارچـــە شیعرانەی دوای لە ناواخنی وتارەکەی گۆراندا نەبوون ، من هاتمو بۆ زیاتر درەوشانەوەی چوارچێوەی وتارەکە ، شیعرەکانم لە دیوانە چاپکراوەکەدا دۆزی‌یەوەو خستمنە نێو وتارەکەی گۆرانەوە .

٦ ــ ئەم کورتە وتارەی مامۆستا گۆران لە ژمارە ( ٧ )ی ساڵی یەکەمی ڕێککەوتی ڕۆژی شـــەممەی کانوونی دووەمی ســـاڵی ١٩٥١ی ڕۆژنامەی هەولێر ، هەروا لە ژمارە ( ٨ )ی ڕێککەوتی شـــەممەی ( ٣ )ی شـــوباتی هەمان ساڵو هەمان ڕۆژنامەو ئینجا لـــە ژمارە ( ١٠ )ی ڕۆژی شەممەی ( ١٧ )ی شوباتی هەمان ڕۆژنامەو هەمان ساڵ بە زمانێکی سوارو پەتی‌و ڕەوانو بە هەستێکی مەولەوی‌یانەو

جوانـی پەرستانـەو لە ژێر سەرباسـی ( مەولـەوی‌و شیعری موناسەبەت )دا بلاو کردووەتەوە(٦) .

هەمدیس دێمەوەو دەڵێم :

گۆران دەڵێ : « ئەو پەیام‌و ڕاسپێری‌یەش ، ئێمە لـە هونەری ( شیعری ڕووت نەك شیعری ئامانج‌و ئایدیال ) چاوەڕوانی ئەکەین لـە وەرگرتن‌و پڕ بەدڵ چەشتنی ئەم هەستە جـوانە بەولاوە نی‌یە ، کـە مەولەوی ،تەنانەت لە شیعری موناسەباتیشا ، وا بە زاڵی‌و بە وەستاکاری پێمان ئەگەیەنێ » .

نزیکەی چل ساڵ بەر لە ئێستا ( گۆران )ی ئایدیۆلۆجی ، بە شان‌و باڵی شیعری ڕووت ( الشـــعر الخالص )دا هەڵئـەڵێ‌و ، وەك هەندێ زاڵەترەکیوی ئەمڕۆ قێزو بێز لەم جۆرە شیعرەو ڕەتی ناکاتەوەو ، خـۆ گەر بەم بۆچوونەی گۆرانی نەمرو لێکدانەوەی وردی ئەمڕۆشـمان بێت ، ئەوا ٩٠٪ی شیعری نەمری کلاسیکیمـان هـەر بـە ( شیعری ڕووت ) ناوزەد ئەکرێت‌و ئیستیتیکای ئیبداع شوێنی شایانی خۆی لـە کاروانی دانەبڕاوی داهێنانی نوێخوازانەی شـــیعردا هەر هەیەو هەریش ئەبێ‌و بەردەوام . ئەوان کەسانەیش کە شـیعر بە هەزار کـۆت‌و بەندەوە ئەبەستنەوە ، جگە لە کەفەژیلە دوورین نەبێ هیچی‌تریان بۆ نامێنێتەوە .

---

(١) مەبەستی گۆران چاپەکەی پیرەمێردە کە بە شێوەی ئەسڵ‌و ڕۆحەو لە دوو بەرگدا بلاوی کردوەتەوە ـ م.م.ك .

(٢) بۆئەوەی نەوەك یەکێك پاش بەراوردکردنی ئەم مەعنالێدانەوەی گۆرانە لەگەڵ تێکستی پارچە شیعرەکەی مەولەوی لە چاپەکەی دیوانەکەدا کە باوکم بەچاپی گەیاندووە هەســت بە یەك‌نەکەوتنی تێکسـت‌و مەعنا بکا ، ئەبێ بڵێم منیش لەکاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا بۆ چاپ ، لـە سەرەتادا وام‌زانی مەحموود زامدار خۆیەتی خراپ مەعنای شیعرەکانی

لێکداوەتەوە ، لەبەرئەوە هاتم مەعنای ڕاستی شـــیعرەکانم بەگوێرەی تێکســـتەکەی لای باوکم نووسی‌یەوەو لەجێی مەعنالێدانەوەکەی نـاو وتارەکەی زامدارم دانا . پاشان لە دوو سێ شوێنی‌تری دەسنووسەکەی زامدار کەوتمە گومانەوە چونکە بەجۆرێکی نووسیبووەوە لەگـــەڵ ئەوە نەئەگونجا کە گۆران مەبەستی بووە بێڵێ‌و ، بەتایبەتی لەوێدا کە گۆران لای‌وایە مەولەوی نامە شیعری « بەتیەی کارخانەی ئۆسای بەغدایی »ی بۆ ئەحمەد پریسی نووسیوە ، کە زامدار لە وتارەکەی خۆیدا بەمجۆرەی نووسیوەتەوە : « .. کە بۆنێرراو ضیاءالدینە ، کـــە هاوڕێ‌یەکی ... تاد »و ، ئەمەیش پێچەوانەی قسەو مەبەستەکەی گۆرانـــە . ناچـــار گەڕامەوە سەر ژمارە ٣١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ی گۆڤاری ( بەیان ) کـــە ئەحمـــەد غەفووری ڕەحمەتی ئەم وتارەی گۆرانی لـــە ژمارەکانی ٧و ٨و ١٠ی ڕۆژنامـــەی ( هەولێـــر )ەوە وەرگـــرتووەو لـــەوێدا بڵاوی‌کردووتەوە ، پاش ئەوەی هەردووکمان بەجووتە هەڵەی چاپ‌و وشە نەخوێندراوەکانیمان ساغ‌کردەوە . بەداخەوە لەوێدا تێکستی پارچـــە شیعرەکە نەبوو ، بەڵام ئەو هەڵانەی کەوتبوونە وتارەکەی زامدارەوە لەوێ نەبوون‌و وتارەکـــە بەجۆرێ بوو هیچ ڕەخنەی نەیەتەســـەر . لەبەرئەوە جیاوازی‌یەکانی ناو وتارەکەی گـــۆرانم لەنێوان وتارەکـــەی زامدارو بڵاوکراوەکـــەی ( بەیان )دا بەگـــوێرەی بڵاوکراوەکـــەی ( بەیان ) ڕاست‌کردەوە . مەعنا لێدانەوەکەی لەمەڕ خۆمی پارچـــە شیعرەکەی مەولەوی‌یشم لابردو مەعنا لێدانەوەکەی گۆرانم کە زامدار وەری‌گرتووە خستەوە جێی خۆی‌و ، بۆ گەیشتن بەوەیش کە گۆران مەعنای شیعرەکەی مەولەوی بەهەڵە لێ‌نەداوەتەوە گەڕامەوە سەر فۆتۆکۆپیی دەسنووسێکی دیوانی مەولەوی کە لە ١٣٠٤ی کـــۆچی [ ١٨٨٦ – ١٨٨٧ی زایینی ]دا نووسراوەتەوە کە ئەکاتە چوار ساڵ پاش کۆچی دوایی مەولەوی ، ئەبینم لەوێدا وەك ئەو تێکستەیە کە لە بەردەســـتی گۆراندا بووەو مەعنـــای شیعرەکانی بەگوێرەی لێکداوەتەوە . لەبەرئەوە جیاوازیی شیعرەکانیشم کە زامدار لە ڕووی چاپەکەی باوکمی نووســـیوەتەوە ، بەگوێرەی ئەو دەسنووسە لێ‌کرد تا لەگـــەڵ مەعنا لێدانەوەکەی گۆران بگـــونجێ‌و ، لایشم‌وایە تێکستی ڕاست ئەمەیە نەك ئەوەی چاپەکەی باوکم — م.م.ك .

(٣) لە وتارەکەی زامدارو لـــە بڵاوکراوەی دووبارەی گـــۆڤاری ( بەیان )یشدا هەر وا نووسراوە . لاموایە ڕاستەکەی « ژوورسەری »بێ . [ بڕوانەرە : گۆڤاری بەیان ، ژمارە ٣١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ ، ل٣ ] . بەداخەوە ژمارەکانی ڕۆژنامەی ( هەولێر )م لە بەردەستا نەبوو – م.م.ك .

(٤) لـــە دەستنووسەکەی زامدارا وا نووسراوە . لـــە گۆڤاری ( بەیان )دا نووسراوە « بەرەچۆمێکی‌وا » . ڕەنگە ئەمە ڕاستکردنەوەی من‌و ئەحمەد غەفووری‌ بێ ، هەرچۆن بێ ئێستا تێی‌ناگەم‌و ناچێ بەدڵما – م.م.ك .

(٥) گۆران ، ئەم وتارەی لە ١٩٥١دا بڵاوکردووەتەوە ، لەکاتێـــکا کـــە ( دیوانی مەولەوی )یەکەی باوکم لـــە ١٩٦١دا لەچـــاپدراوەو ئامادەکردنیشی لە ١٩٥٧و ١٩٥٨دا بووە – م.م.ك .

(٦) ئەبوو زامدار ئەم ســەرنجانەی بکردایە بـە پەراوێز بـــۆ وتارەکەی – م.م.ك .

# گەشتێك بە ژیانو شیعری مەولەویدا

محمدی مەلا کریم

مێژووی ئەدەبی کورد مێژوویەکی تارادەی ئەوپەری چرووكو کولۆلە . تائیستا ئەدیبێکی کورد دەسنیشان نەکراوە لە سەردەمی ژیانی خۆیا یا پاش مردنی مێژووی ژیانی نووسرابێو لە ئەدەبی کۆلرابێتەوەو لایەنە بەهێزو لاوازەکانی شیعری دیاری کرابێو باسی ئەو کاریگەرانە کرابێ کە لە نەخشەکێشانی ژیانی ئەدەبیی ئەودا دەستیان بووە . بەشی هەرەزۆری شیعری کوردی نازانرێ لە چ موناسەبەتو بۆنەیەکدا وتراوە، لەبەرئەوە پێوەندی نێوانی شیعری شاعیرانی کوردو بارو دۆخی ژیانی کۆمەلایەتیو ئابووریو دەروونیو ئایدیاییان هەروا بە داپۆشراویو تەمگرتوویی ماوەتەوە .

تاقە سەرچاوەیەك تا ئەم دواییە لەم مەیدانەدا بەدەستمانەوە بووبێ ئەو باسو هەواڵە دەمکۆیانەیە لەناو مەلاو فەقێو هەندێ کۆڕو کۆمەڵی ئەدەبدۆستو ئەدەبپەروەردا گێڕراونەتەوەو ئەگێڕرێنەوەو ئەتوانرێ بە هەندێ شیعری ئەو شاعیرانەوە پێوەند بکرێنو چەردەیەك تەمیان لەڕووی هەندێ سەری ژیانیان پێ بڕەوێنرێتەوە .

ئەمەی وتمان کالایەکە بە بالای هەموو ئەدەبی کوردو هەموو شیعری کوردی بڕاوە ، کە ئەمانەوێ ئەمڕۆ لەم کوڕەمانا گەشتێ بە ژیانو شیعری شاعیرێکی شیرینزمانو دەمپاراوو هەستناسكو دڵبریندراری وەك

مەولەویدا بکەین ، لە شیعرەکانی خۆیو لە هەندێ وردە زانراوی دەمگێڕ بەولاوەمان بەدەستەوە نی‌یە مەبەستەکەمانی پێ ڕوونبکەینەوە .

بەر لە هەرچی ئەبێ ئەوە بزانین مەولەوی ڕۆڵەی ناوچەیەکی لە هەمووڕوویەکی ژیانەوە کرێن بووە . ئەو ناوچەی تاوگۆزیو سەرشاتەو ئەوبەری سیروانەی ئەوی تیا هاتووەتە دنیاو گەورە بووەو پێگەیشتووە ، ناوچەیەك بووە ، بەپێچەوانەی شارەزووری ئەمسەریو باوەجانیو جوانڕۆی ئەوسەریەوە ، لەبارەی ئابووری‌یەوە هەر یەجگار لەدوا .. نە زەوی‌وزارێکی‌وا بەشی ژیانی خەڵکەکە بکاو دەغڵودانێکی تێروتەسەلی لێ بێتە بەرهەم .. نە باخو باخاتو ڕەزو مێوێکی ئەوتۆی تیا نێژرابێ .. نە حەیوانداری‌یەکی‌وا لە سنووری چەند سەر بزنە گەڕ زیاتری بۆ هەرکەسێ تیا بەخێوکرابێ .. ڕەنگە خەڵکی ئەو ناوچەیە لە هەر ناوچەیەکی‌تری کوردستان زیاتر بە بەڕوو برژاندنو بەڕوو کوتانو هاڕین ئاشنا بووبن ، چونکە هەرچەند ساڵ جارێ قاتیو قڕی‌یەکیان تیا پەیدابووە . لە هەموو ئەو ڕزقو ڕۆزی‌یەی سروشتی کوردستان بۆ خەڵکی فەراهەم کردووە ، ئەوان لە بەڕوو بەولاوە هیچیان لە بەردەستا حازربەدەستو ئامادە نەبوە خۆیانو ماڵو مناڵیانی لە مردن پێ ڕزگار بکەن .

هەر بەهۆی ئەم چرووکیی سروشتو کرێنیی ئابووری‌یەوە ناوچەکە، بەپێچەوانەی زۆر شوێنی‌تری کوردستانەوە ، ڕەنگە ماوەیەکی زۆرو دوورودرێژ مزگەوتو حوجرەی بە مەلاو فەقێ ئاوەدانی ، لە سنوورێکی تەنگەبەردا نەبێ ، بەخۆیەوە نەدیبێ . لەژێر سێبەری ڕژێمی دەرەبەگیدا کە ئەو سەردەمە باڵی خۆی بەسەر هەموولایەکی کوردستانا کێشابوو و لە زۆر شوێنا لایەنە بەگوێرەی قۆناغی خۆی باشەکانی ئەو ڕژێمەی تیا مەیسەر بوو وەك ڕابواردنی خۆشی دەرەبەگو دەسوپێوەندەکانیانو ،

بلاوبوونەوەی گیانی شۆڕەسواریو لاوچاکیو تەڕاتێنو ڕاوو شـــکارو سەیرانو گەشتوگوزارو ، لەدەوری دیوەخانی دەرەبەگ کۆبوونەوەی کۆمەڵێکی زۆر مەلاو فەقێو میرزاو شـــاعیرو نیمچـــە خوێندەوارو ، گەشەکردنی جۆرێکی ئەدەبو ، دروستکردنی خانووبەرەی بە ســـەنگو ترازووی سەردەم جوانو پێشکەوتوو . ناوچەی تاوگۆزیو سەرشاتەو ئەوبەری سیروان لە هەموو ئەوە بێبەش بوو . تا ئیستا کەس باســـی بنەماڵەیەکی دەرەبەگی نەکردووە لەو ناوچەیەدا ژیابێو توانیبێتی لـــە مەیدانی ژیانو خۆشگوزەرانیدا شان لەشانی بەگزادەکانی دەوروپشت وەك جوانڕۆو هەورامیو جافو ئەوانی دیکە بدا . ئەو ناوچەیە هەمیشە لەلایەن سەرکارێکی مفتەخۆری دەرەبەگێکی بەدەسەڵاتی شوێنێکیترەوە بەڕێوەبراوە کە بە زۆری خۆی دەستی بەسەرا گرتبێ یا دەوڵەتی عوسمانی یا ئێران یا میرانی بابان یا کەسانێکیتر پێیان سپاردبێ . ئەو سەرکارەیش ئەوەندەیتر ئـــەو خەڵکە ڕەشوڕووتەی ئاوەڕووت کردوەو کارێکی لێ کردوون لە دەرامەدی دەغڵودانی ساڵانەیان بەشی بنەتۆوی ساڵی دادێیان بۆ نەماوەتەوەو زستانان پەنایان بردووەتەوە بەر بەڕووی شاخانو کەمێ کەشكو دۆینە کە لە بەرهەمی بەهارانی ئەو چەند سەر بزنەیان ئامـــادە کردووە کە بوویانە . خودی ئەم جۆرە مامەڵەیەی ئەمانە دیارە زۆر جار بووە بەهۆی ئەوە ئەگەر مەلایەکی خواناسی خەڵك دۆستی دڵو دەروونپاك لـــە ناوچەکـــەدا بووبێ ، بۆ دەربڕینـــی نارەزاییـــی خـــۆی ناوچەکـــەی بەجێهێشتبێو کۆچی کردبێ وەك نە مەولەوی خۆی ڕووی داوە ، وەك لە سەرچاوە کەمەکانی ژیانیا باسکراوە .

مەولەوی لە ناوچەیەکی وا کرێنو بێنانو ئاوو ڕزقوڕۆزیو ، لـــە باروددۆخێکی کۆمەڵایەتیی وای بە هەموو سەنگو ترازوویەك پاشکەوتوودا ،

وەك وتراوە ، لە یەکێ لە ساڵانی نێوانی ١٢١٥ – ١٢٢١ای کۆچی ( ١٨٠٠ – ١٨٠٧ای زایینی )دا لە دێی ( سەرشاتە )ی تاوگۆزی هاتووەتە دنیاوە بەڵام هێشتا منال بووە ماڵی باوکی هاتووەتە دێی ( بێژاوە )ی سەر بە ناوچەی هەڵەبجەو مەولەوی لەوێ خراوەتە بەر خوێندنو پاشان ڕێی فەقێیەتیی گرتووەتەبەرو لەم ڕێگایەدا هەڵەبجەو خەرپانیو خورماڵو بیارەو تەوێڵەو پاشان پاوەو مەریوانو سنەو پاشتریش بانەو سولەیمانی گەڕاوەو دیسانەوە لە هەڵەبجە سەقامگیر بووەتەوە . لەو سەردەمەیدا کە بۆ جاری دووەم لە هەڵەبجە لای مەلا سادقی تەوێڵەیی فەقێ بووە ، باوکی کۆچی دوایی کردووەو ئەویش بۆ ژیاندنی براو خوشکە وردەکانی سەردەمێ ناچاری دەست هەڵگرتن لە خوێندن بووە تا پاشان تێهەڵچووەتەوەو چووە بۆ قەڵای جوانڕۆو دیسانەوە چووەتەوە بۆ سنەو لە مزگەوتی بەناوبانگی دارولئیحسان لای شێخ موحەممەد سەعیدی باوکی شێخ قادری موهاجیر بووە بە فەقێو ماوەیەکی زۆر لەوێ ماوەتەوەو ئەنجا دیسانەوە هاتوەتەوە بۆ سولەیمانیو لە سەردەمی ئەحمەد پاشای باباندا کە دۆستایەتییەکی گەرمی لەگەڵی بووە ، لە مزگەوتی مەلکەندی لای مەلا عەبدوڕڕەحمانی نۆتشەیی ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە .

مەولەوی سەرەتای مەلایەتیی لە ( چروستانە )ی ناوچەی تەورۆڵی دەستپێکردووەو کۆمەڵێ فەقێی ڕاگرتووەو ، دڵی بەو ژیانەی ئەوێی زۆر خۆش بووەو تەنانەت لەوێ باخێکیشی بۆ خۆی ناشتووە ، بەڵام پاشان گواستوویەتەوە بۆ گوندی ( گونە )و لەوێشەوە چووە بۆ ( کانی کەوە )ی شەمیرانو لەوێشەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی تاوگۆزیو تا کۆچی دوایی کردنی لە ساڵی ( ١٣٠٠ )ی کۆچی ( ١٨٨٢ – ١٨٨٣ی زایینی )دا لەو ناوچەیە ئەمێنێتەوە .

ئەمەی گێرامانەوە لەبارەی سەرگوزەشتی ژیانی مەولەوی‌یەوە ، لەڕاستیدا بە سەرگوزەشتی ڕاستەقینەو بایەخداری ژیانی دانانرێ ، تەنها بەشێکی هەبکەلی مێژووی ژیانیەتی . مێژووی ژیانی ڕاستەقینە ئەوەیە بتوانێ ئەوەمان بۆ ڕوونبکاتەوە چۆن بوو مەولەوی لە ژیانا بەهرەی هونەری شیعروتنی تیا دەرکەوت ، چیی یارمەتیی‌دا ئەو شاعیرە بەناووبانگەی لێ دەرچێ ، جۆری بیرکردنەوەی ڕاستەقینەی چۆن بووە ، ئەوێ کە لە سەردەمی نالی‌و سالم‌و مستەفابەگی کوردیدا شاعیر بووەو لەپاڵیانا لە سولەیمانی ژیاوە ، چۆن بووە وا بە هیچ جۆرێ توخنی ڕێبازی شیعری ئەوان نەکەوتووە ؟ پێوەندی دۆستایەتیی لەگەڵیان بووە یان ناو بۆ ، لەکاتێکا کە چەند نامەی بە شیعری نێوان ئەوو چەند کەڵە شاعیری دیالێکتی گۆرانیمان لە بەردەستایە ؟ پێوەندی سۆفی‌یانەی ڕاستەقینەی لەگەڵ شێخانی تەوێڵە لە چ ئاستێکدا بووە ، خۆی بەڕاستی تا چ رادەیەك بە یەکێ لە ئەهلی تەصەووف دائەنرێ ؟ هیچ نیشانەیەکی باوەڕی بە لایەکی یەکێ لەو هەموو ڕێبازە ئیسلامی‌یە باوانەی کە دیارە زۆر باش لێ‌یان شارەزا بووە لە کتێبەکانیا دەرئەکەوێ یا نە ؟ بۆ ئەم خەڵکە هەموو بە مەولەویی ناوئەبەن ، کەچی خۆی لە شیعرەکانیا لە ( مەعدووم ) بەولاوە هیچ لەقەبێکی بۆخۆی بەکارنەهێناوە ؟ حەزی لە شیعری کام لە شاعیرانی دیالێکتی گۆران‌و شاعیرانی ئێران‌و تورك‌و عەرەب بووە ؟ بۆچی تائێستا لە پارچە شیعرێکی زیاتر کە بە خەتی خۆی لە کەشکۆڵەکەی مەحموودپاشادا هەڵگیراوە ، دەسنووسێکی‌تری دیار نی‌یە ؟ چۆن بوو لە بەرانبەری ئەو هەموو تەماعنانەبەرەدا کە شازادەکانی ئێران‌و خانەکانی ئەردەڵان لەگەڵیان ئەکردو ئەو هەموو قەدرو ڕێزەیان لێ ئەگرت، ناوچەی کرێنی تاوگۆزی بەجێ‌نەهێشت‌و نەچوە لای ئەوان ؟ ئەمانەو گەلێکی‌تر کۆمەڵە پرسیارێکن لەوانەیە هەندێکیان بە بۆچوونو

لێکدانەوە وەڵامیان بدرێتـــەوە ، بەڵام زۆریان پێویســـتی بە بەڵگەو سەرچاوە هەیە کە مەگەر چۆن ئەگینا لە کوردستانی پاشکەوتووی هەرگیز گوێ بە بەڵگەو سەرچاوەو مێژووی خـــۆ نەداوی ئێمەدا ، هەرگیـــز وەڵامیان نادرێتەوەو وادیارە هەروا لەگـــەڵ خولیـــای بیرو دەروونی ڕۆشنبیرانمانا ئەچنە ژێر گل . مێژووی ژیانی ڕاستەقینەی مەولەوی ، ئەم لایەنە نادیارانەی ژیان و ئیبداعیەتی .

شیعر بەر لە هەرچی بەهرەیەکە لە شاعیرداو ، زیاتریش وایە هەر لە سەرەتای ژیانیەوە نیشانەی دەرئەکەوێ . بەم پێیە دیارە مەولەوی‌یش هەر لە منالی‌یەوە بەهرەی شیعروتنی تیا بووەو هەر هیچ نەبێ لە سەرەتای فەقێ‌یەتی‌یەوە ئەم بەهرەیەی خۆی دۆزیوەتەوەو دەســتی داوەتە تاقی کردنەوەو بەکارهێنـــانی . گەڕانی زۆریشی بە ناوچـــە جیاجیاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاواداو شارەزابوونی لـــە سروشتی جوان و جۆربەجۆری کوردستان لەو ســـەردەمی لاوێتی‌یەیداو ، ناســـیاوی پەیداکردنی لەگـــەڵ کـــۆمەڵێکی زۆر لـــە مەلاو فەقێ و خەڵکی‌تری ئەدەب‌دۆســـت و لە توێژاڵە جیاجیاکانی کۆمەڵ و، ئاگاداربوونی لە ئەدەبیاتی کـــۆنی کوردی و فارسی و هی‌تر ، زیاتر بووە بە هۆی گەشەکردنی ئـــەم بەهرەیەی ، بەتایبەتی کـــە لـــە ماوەی فەقێ‌یەتیدا کۆمەڵێ دۆســـت و برادەری دڵسۆزی بەوەفای ڕاستی بۆ خۆی پەیدا کردووە کە هێنانەوە یادو بەرچاوی ڕەوشـــتی دۆســـتانەو بەرزیان و چەشـــتنی دەردی دوورکـــەوتنەوە لێ‌یان کارێکی کەمی نەکردووەتە ســـەر ئەو ڕەگەزی سۆزەی بەزەقی لە هەموو شیعرە ویجدانی‌یەکانیدا بەدی‌ئەکرێ . ناسین و خۆشویستن و هێنان و لەگەڵدا ژیان بردنەسەرو پاشانیش کۆچی دوایی کردنی عەنبـــەر خاتوونی ئەفغانیی خێـــزانی و ئەو زامـــە قووڵـــەی ئەم

کۆچکردنە ناوەختە کردوویەتیە دەروونی ، ڕەگەزێکی تری بەهێزبوونی چەکەرەی ئەو سۆزەیە لە شیعری مەولەویدا . چوونە کۆڕی سۆفیانی سافو خۆدانەدەستی پیرانێکی ڕێنموونی وەك شێخ سراج‌الدین و شێخ بهاءالدینی تەوێڵەیش ، بەش‌بەحاڵی خۆی ، گوژمێکی نەبڕاوەی داوە بە گیانی شاعیریەتی و سۆزی شیعری مەولەوی کە بەجۆرێکی وا لە گەلێ پارچە شیعریا دەرئەکەوێ ، ئەوەی ئەیانخوێنێتەوە ، هەر ئەوەندە باش لێیان حاڵی ببێ ، گیانی لەگەڵ خوێندنەوەیاندا ئەداتە شەقەی باڵ و ئەکەوێتە فڕین . جیهانی سۆفی‌یەتی لەو مەنزلەیدا کە هێشتا لەگەڵ دنیاپەرستی و خەڵك بە ناوی خواوە هەڵخەڵەتاندن ئامێتە نەبوە ، پڕە لە خۆداتەکاندن و داشتن لە تۆزو گەردی تەماعو هەڵپەی دنیا پەیداکردن و پەروەردەکردنی دڵ و دەروون و ڕووکردنە جیهانێکی بەرزو باڵای خاوێنی بەخەیاڵ دروستکراوی لە واقیعی کۆمەڵی پڕ لە جەورو ستەم و ناتەواوی‌یەوە دوور . ئەمە ، بۆ سۆفی‌یان ، ئەبێ بە مایەی پەیدابوون و گەشەکردنی حاڵەتی سۆزێکی بەرز مرۆ مەگەر بە تێدا ژیان و پەی‌پێ‌بردن و لێ‌تێگەیشتنی ئەودیوی پەردەی ناسکی پێوەندی‌یەکانی ئەو جیهانە ، شارەزای ببێ و ، بە ئاگاداربوون لە ناوکورۆکی ئەدەبیاتی ئەهلی تەصەوف ، بزانێ شاعیرانی ئەم بەرەیە چجۆرە جیهانێکیان بیر لێ کردووەتەوەو ڕەنگاندووە .

لە لایەکی‌کەوە ژیانی مەولەوی لە ناوچەیەکی کڕێن و کەم نان و ئاوو ، بێ‌هاودەم و هاوزمانی لە ڕازی دڵ ئەیشتووی وەك ناوچەی تاوگوزی کە هەستێکی قووڵی بە تواناو لێ‌هاتووی و بەهرەمەندیی خۆی کردووە ، عیززەتی نەفسیشی ئەوەندە بەرز بووە ڕێی نەداوە بەدەنگ ئەو تەماع

نانەبەرە زۆرانەوە بچێ کە هەندێ لە گەورەگەورانی سەردەم لـە ئێرانا پیشانیان داوەو ، نانەڕەقەو ئاوودۆو خەپلەی ئاردی بەڕووی تاوگـوزیی لەناو ئەو هەژارانەی خزمیا کە لە کۆمەڵێکی فەقیری بێدەموپلی ساوبلکەی کەرەواڵە بەولاوە زیـاتر نەبوون ، لـە ژیانی پڕخێـــرو خۆشیی نزیکی فەرمانڕەوایان پێ باشتر بووەو ، لەگـەڵ ئەوەیشا سەردەمدارانی نزیکی دەوروبەری ، تەنانەت جافەکانیش کـــە چەند لەگەڵیان تێکەڵ بووەو ، بەهۆی ئەو تێکەڵی یەوە ، بەمبۆنەو بەوبۆنەوە ، چەند پارچە شـــاکاری خـۆی بـۆ وتوون ، کەمجـــار نەبێ ، قەدرێکی ئەوتۆیان نەزانیوەو ، گەلێ جاریش بوون بە هۆی ئازاردانی دڵو بریندار کردنی هەستی ناسکی ، ئەمە حاڵەتێکی خۆ بە نامۆ زانینی لە مەولەویدا هێناوەتە وجوود کـــە بنیادەم ئەو شیعرانەی ئەخوێنێتـــەوە وەك دەرئەکەوێ لەمحاڵەتانەدا وتوونی ، وا هەســـتئەکا مەولەوی چووەتە سەر یەکێ لـــە لووتکە بەرزەکانی چیاکانی ناوچەکەی‌و پڕبەدەم بە شیعری پڕســـۆزی بانگی نارەزاییی خۆی بە جیهانی پانو بەریندا ئەچریکێنێ .

هەر لەو هۆیانەی کە ئەم ئازاری دڵو دەروونەیان ئەوەندیتر بـە مەولەوی سەخت کردووە ، نارەزایی‌یەتی لە هەڵس‌وکەوتی هەنـدێ لـە مناڵەکانی لەگەڵیا ، کە دیارە چەند ستەمە بۆ مرۆیەکی وەك مەولەوی بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی کولەمەرگیی خۆی تەنانەت لە منـــاڵی بەری پشتی خۆیشی بەڵێنێ بەدەنگەوەچوون نەبیسێ ، وەك لە یەکێ لە نامە لەپاش بەجێماوەکانیەوە دەرئەکەوێ . ئەم هەموو دەردو ئازاری ســـەختو قووڵی دەروونە لە دواساڵەکانی ژیانیا چەند ئەوەندە زیادیان کردووە . ئەوەتە لەلایەکەوە پیری دەستگیرو فریارەسی دەردی دڵی کــــە شێخی بەهائەددینە کۆچی دوایی ئەکاو ئەویش بەپێی دابو نەریتی باو پێوەند

لەگەڵ شێخ حیسامەددینی کوڕی ئەکا کە بە لێکدانەوەی من لـە هیـچ حاڵێکا لە ئاستێکی ئەوتۆدا نەبوە بتوانێ کەلێنی بە مەرگی شێخ بەهائەددین پەیدابووی لە ژیانیا بۆ پڕ بکاتەوە . پاش ئەوەیش مەرگی عەنبەر خاتوونی ژنی کە وەك بە لاواندنەوە پڕ لە ئاگرو فرمێسـكو خوێنی دڵەکانیـا دەرئەکەوێ زامێکی ئەوتۆی کردووەتە ڕۆحی ، بە مردن نەبێ لێی ڕزگار نەبوە . دوای ئەوەیش کوێربوونەوەی بینایی چاوانی بە حەوت سـاڵ پێش مردنیو ، ئەنجا ئاگرتێبەربوونی کەپرەکەیو سووتانی کتێبخانەکەی ئەوەندەیتر بوون بـە سـەربارى دەردی دڵیو ، لەمەیش نارەحـەتتر کەوتنەخواری بەکوێری لە پشتی وڵاخو پشتشـکانیو مانەوەی بەو دەردەوە تا مردنی ، ئەوەندەیتر ژیانی لێ کردووە بە دۆزەخێکی ئاشکراو لەبەرچاوو بەردەوام .

لە دیوانی مەولەویدا کەم پارچە شیعریوا بەدیئەکرێ بەسـەر هەموو ئەم ڕووداوانەدا ببڕێ . دیارە ئەبێ پاش کوێربوونیشی شیعرێکی کەمی نەبێ نەنووسرابێتەوەو هەڵنەگیرابێ . لە ناوچەیەکیوا وێرانـەو پاشکەوتووی لـە خوێنـدەوار دووردا ئەبێ کێ بێ ئەوەندە بەتەنگ پاراسـتنی کەلەپووری هونەرمەندێکی وەك مەولەوییەوە بووبێ تـا بەدیاریەوە دانیشێو هەرکاتێ شـیعرێکی وت ئەو دەسبەجێ دەسی بۆ بداتە کاغەزو قەڵەمو بینووسێتەوەو بیخاتە کەشکۆڵی شیعرەکانیەوە . ئاشکرایە کەوا بە سووتانی کتێبخانەکەیشی بەشـێکی زۆری بەرهەمی فەوتاوە . هەر بۆیەیش ئێستا کە ئێمە بەدوای پاشـماوەی مەولەویدا ئەگەڕێین تا ئەمڕۆ لە پارچـە شیعرێکی زیاتر کـە بە خەتی خـۆی نووسرابێتەوە هیچ دیار نییە ، ئەوەیش ئەوەیە کە وتمان لە کەشکۆڵەکەی مەحموود پاشای جافدا پارێزراوە ، لەگەڵ ئەوەیشا کە نوسخەی دیوانی ئەبوەوناتەواوی لە زۆر لا لای ئەمو ئەو دەسگیر ئەبێ .

من له شیعری مه‌وله‌ویدا گیانێکی نامۆیی له ده‌وروبه‌رو یاخیگه‌ری له پێوه‌نده کۆمه‌لایه‌تی‌یه‌کان هه‌ستپێ‌ئه‌که‌م که ته‌نانه‌ت جاری‌وا هه‌یه هه‌ندێ بنه‌مای باوی مه‌زهه‌بی‌یش ئه‌گرێته‌وه . له مه‌یدانی سۆفی‌یه‌تیشدا وائه‌زانم به‌ر له هه‌رچی هاوڕێیه‌تیی پێ خوێندن له‌گه‌ل شێخ عه‌بدولڕه‌حمان ئه‌بولوه‌فای کوڕی شێخ سیراجه‌ددین ڕایکێشاوه‌ته کوڕی سۆفی‌یه‌تی‌یه‌وه‌و کردوویه به مریدی شێخ سیراجه‌ددین‌و پاشانیش شێخ به‌هائه‌ددینی کوڕی . لێره‌دا شایانی وتنه ئه‌مه که شێخ عه‌بدولڕه‌حمان ئه‌بولوه‌فا خۆیشی به نیشانه‌ی ئه‌وه‌دا که ته‌وێله‌ی به‌جێ‌هێشتووه‌و هاتووه‌ته به‌غدا نیشته‌جێ بووه‌و له‌وێ کۆچی دوایی کردووه‌و به خاك سپێرراوه‌و ، شاعیرێکی به‌رزو بالای زمانی فارسی‌یشه ، ئه‌بێ ئه‌وه‌نده گره‌ویده‌ی سۆفیه‌تی نه‌بووبێ ، ئه‌گینا خۆی له کوڕی خانه‌قای ته‌وێله دوور نه‌ئه‌خسته‌وه . زیاتر ئه‌وه‌ی بیری من به‌م‌لایه‌دا ئه‌شکێنێته‌وه ئه‌وه‌یه ئه‌گه‌ر مه‌وله‌وی له‌گه‌ل ئه‌وه‌یشا که به‌سۆزترین شیعری بۆ شێخ سیراجه‌ددین‌و شێخ به‌هائه‌ددین وتووه ئه‌گه‌ر به چاوی پیرو مریدی ڕووت سه‌یری پیری خۆی کردبوایه ئه‌بوو دوای کۆچی دوایی شێخ به‌هائه‌ددین جێی خۆی له په‌نای شێخ عومه‌ر ضیائه‌ددینا بدۆزیایه‌ته‌وه ، که به هه‌رحال له هه‌موو شێخانی نه‌قشبه‌ندیی ته‌وێله بۆ شێخیه‌تی تاقمی مه‌لاو فه‌قێ له‌بارترو به‌جێ‌تر بووه ، به‌لام ئه‌بێ دان به‌وه‌یشدا بنێم که عه‌قائیدیه‌تی ڕووت‌و گوێ‌نه‌دان به پێوه‌ندی کۆمه‌لایه‌تی کارێکی وا ئاسان نی‌یه له‌ده‌ست هه‌مووکه‌س بێت . به هه‌رحال ئه‌بێ ئه‌وه‌یش بلێین که جێ‌گرتنه‌وه‌ی شێخ سیراجه‌ددین له‌لایه‌ن شێخ به‌هائه‌ددینی کوڕیه‌وه له ته‌وێله‌و ، مانه‌وه‌ی ماوه‌یه‌کی شێخ عه‌بدوڕڕه‌حمان ئه‌بولوه‌فای کوڕی

شێخ سیراجەددین لە تەوێڵەو سەقامگیر نەبوونی شێخیەتی بۆ شێخ ضیائەددین بەتەواوی تا دوای کۆچی دوایی کردنی شێخ بەهائەددین ، ئەمانە هەموو دەوریان بووە لەوەدا کە مەولەوی هەر بە دەوری تەوەرەی تەوێڵەدا بخولێتەوە کە لە سەرەتای فەقێ‌یەتی‌یەوە ڕووی‌تێ‌کردووە . لەم مەسەلەیەدا چەندی ڕاست بۆچووبم یا نەچووبم لام ئەوەندە مەتلەب نی‌یە وەك ئەوە کە بتوانم ڕازی ناوەوەی دلی مەولەوی بزانم ، چونکە بە هەرحاڵ هەستی خۆ بە غەریب زانینی مەولەوی لە هەموو دەوروبەری، لای من لە شیعرەکانیا بەئاشکرا دیارەو ، من مەولەوی لە چوارچێوەی پێوەندە کۆمەلایەتی‌یەکانی دەوروبەریا کە لەوانەیە ئەمڕۆ ئێمە گوێ بە زۆریان نەدەین ، بە پیاوێکی ساغو ڕاست ئەزانمو لەبەرئەوە مەتلەبمە ئەم مەسەلەیەم بۆ ساغ بێتەوە ، بەلام لە ولاتێکی وا بێ بەڵگەو سەرچاوەی باوەڕ پێ کراویشا ئەوە بە دوور ئەزانم کە ئەم ئاواتەم بێتەدی .

بە موناسەبەتی باسی تەوێڵەو شێخانی تەوێڵەوە ڕایەکم هەیە ئەمەوێ دەری‌ببڕم ، ئەوەیش ئەوەیە مەولەوی وەختە بلێم لە هەموو شاعیرانی کورد لەناو خەڵکا ناسراوترو پایەبلندترە . هەرچەند ئەبێ ئەم دیاردەیە بەر لە هەرچی بۆ بەهرەی مەولەوی خۆی بگێڕینەوە چونکە کەسێ خۆی لەخۆیا شاعیر نەبێ دنیا هەموو هەستێ نایکا بە شاعیرو ، دیارە گەڕانیش بە شوێنانێکی زۆری کوردستانا بۆ فەقێ‌یەتی دەورێکی دیاری لە بلاوبوونەوەی شیعری مەولەویدا هەیە ، بەلام پێوەندیشی بە شێخانی تەوێڵەوە ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندووە لە ڕێگای ئەو سەدان مەلاو فەقێ‌و مریدی ئەدەب‌دۆستەوە کە هەمیشە پێ‌یان لە تەوێڵە نەبڕاوە ، پەلەوەری شیعری بە هەموو لایەکی کوردستانا بفڕێ‌و بەسەر چلی دلی هەموو ئەدەب‌دۆستێکی کوردەوە بنیشێتەوە .

لە کەسانێکم بیستووە ڕەخنەی ئەوەیان لە شـــیعری مەولەوی گرتووە کەوا جێ‌پەنجەی شاعیرانی کوردی بەرلەخۆی پێـوە دیارە . من ئەڵێم نەك هەر جێ‌پەنجە ، بەڵکو جاروبار ڕستەو تەنانەت نیـو بەیت‌و بەیتی تەواوی خەڵکی‌تری لەگەڵ کەمێك دەسکاری‌کردناو وایش‌ئەبێ بێ هیچ دەسکاری کردنێ ، بەڵام لەگەڵ ئیشارەت‌کردنا بۆ ئەوە کـە بەیتی خۆی نی‌یەو هیی کێ‌یە ، ڕاگوێستووەتە شیعری خۆیەوە ، یا وێنـــەو بیرۆکـەی شیعری کەســـێکی‌تری بەجـــۆرێکی‌تر داڕشـــتووەتەوەو بەکاری‌هێناوە بێ‌ئەوەی نیشانەیەکی جێ‌هێشتبێ وابگەیەنێ بە هیی خۆیی لەقەڵەم‌نەداوە ، بەڵام کردەوەی‌وا یەکەم‌و بەر لە هەرچی کارو پیشەی تەنیا مەولەوی نی‌یە ، کارێکە هەموو شاعیرانی پێشـــوو کردوویانەو ، ئەمە زۆر جـار بە ( تەواردی خـاتر )و جارجاریش بـە ( سـەریقاتی شیعری ) لێکدراوەتەوەو تەنانەت ئەم دوو بابەتە بەم دوو ناوونیشانە لە بابەتەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی کۆن‌و ئاواخنی کتێبەکانی ڕەوانبێژین . بەڵام بەش‌بەحاڵی مەولەوی هیچ ڕەخنەگرێ ناتوانێ ئەوە ڕەچاو نەکا کەوا ئەم دێ بینای شیعری کۆن‌بووی شاعیرێکی پێش خـۆی هەڵدەوەشێنێتەوەو خشت‌و بەردو دەرگاو پەنجەرەو دارو پەردووی لە بینای شیعری خـۆیا بەکاردێنێتەوەو بینایەکی تازەی ئەوتۆی پێ دروست ئەکاتەوە بە بەراورد لەگەڵ شیعری شاعیرانی پێشوودا هینەکەی ئەم وەك نموونەیەکی هونەری میعمـــاری‌و هینەکـەی ئەوان وەختـــە بڵێم وەك قوخی باخەوانێکی کەم‌دەسەڵاتی ناو کوێرەڕەزێکی کوردەواری بنوێنێ .

مەولەوی تائیستا کەســـێکی بۆ هەڵنەکەوتووە بە کەرەســـتەی شارەزایی‌یەکی تەواوەوە لە توانای هەڵســـەنگاندن‌و نرخاندنی ئەدەبی‌و

دۆزینەوەی ڕەگەزەکانی هێزو بێهێزی لە شیعریداو بە ئاگاداری‌یەوە لە شیعری فارسی‌و شیعری شاعیرانی کۆنی دیالێکتی، گۆرانیی کوردی بێتە مەیدانی بەراوردکاری‌و بتوانێ هەولی ئەوە بدا شیعری لە پایەو پلەی شایانی خۆیا لەناو شیعری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی‌و سەرانسەری شیعری جیهانیدا دانێ . لەم مەیدانەدا بە زمانی چیرۆکنووس‌و ئەدیبی پێشکەوتخوازی شەهیدی کورد حەسەنی قزلجی‌یەوە ئەیگێڕمەوە کە ئەیوت ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ڕووس مینۆرسکی لە ئاهەنگی هەزارەی شاعیری گەورەی فارس ابو القاسمی فیردەوسیدا وتوویەتی : دوو کەس هەن لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا پلەی یەکەم‌و دووەمیان داگیر کردووە ، یەکەم : ئەبولقاسمی فیردەوسی‌و ، دووەم : سەید عەبدوڕڕەحیمی مەولەوی .

ئەدیبی ناوداری کورد سەید طاهیری هاشمیی دەولەتاوایی لەبارەی سەبک‌و جۆری داڕشتنی شیعری مەولەوی‌یەوە ئەڵێ :

« هەر گوێگرێکی چاوی دیدەو دڵ ڕوون یەك دوو بەیتی مەولەویی بەرگوێ بکەوێ ، لە سەرەتادا وا گومان ئەبا کە مەولەوی لە شیعردانانا شوێن پێی مامۆستایانی سەبکی هیندیی هەڵگرتووەو دوای ڕێ‌وشوێنی ئەوان کەوتووە ، بەڵام کە دیوانی مەولەویی دەسگیر ئەبێ‌و شیعرەکانی بە زەوق‌و چەشێکی ساغ‌و بێ‌گەردەوە ئەخاتە بەر چەشی ئەدەبیی خۆی ، بۆی ڕوون ئەبێتەوە کەوا مەولەوی سەبکێکی سەربەخۆی هەیەو بەڵکو تەنانەت شێوەیەکی نوێیشی داهێناوە . مامۆستایانی وەك مەلیکوششوعەرای بەهار کە کتێبی ( سبك‌شناسى )ی داناوە ، سەبك‌و داڕشتنی شیعری فارسی‌یان بە چەند بەش دابەش کردووە : سەبکی

هیندی ، سەبکی خۆراسان ، سەبکی عێراق‌و ، خواجە حافزی شیرازی‌و کەلیمی هەمەدانی‌و بیدلیان بە مامۆستای سەبکی هیندی‌و ، ئەبولمەجدی سەنائی‌و شێخ فەریدوددینی عەططارو کەسانێکی‌تریان بە مامۆستای سەبکی خوراسان‌و ، نیظامیی گەنجەوی‌و جەمالەددین عەبدوررەزاق‌و خواجە سەلمانی ساوجی‌و کەسانێکی‌دی‌یان بە مامۆستای سەبکی عێراقی داناوە . بەڵام ئەگەر ئێمە بێین شیعری مەولەوی لەبارەی بابەت‌و ناوکەوە لەگەڵ شیعری ئەمان بەراورد بکەین ئەبینین لە هیی کەسیان ناچێ . لە شیعری کامیان ئایەخترە ؟ دیارە لە هیی کەسیان ، نەك هەر لە هیی کەسیان ئایەختر نی‌یە ، بەڵکو ئەڵێین ئەنجامی هەرە بەرزو باڵای بیری ئادەمزادە . ڕاستەکەی ئەوەیە پایەی مامۆستای مەزن مەولەوی لە شیعرو ئەدەبدا گەیوەتە ڕادەیەك لە شان‌و شکۆو پایەو پلەدا گەورەگەورانی شیعری عەرەبی‌و کوردی بێن بە شان‌و باڵای شیعریا هەڵبڵێن‌و بەخ بەخ‌و ئافەرینی بۆ بکەن »(١) .

جارێکیان لە لێنینگراد لە یەکێ لە ئامۆژگاکانی ئەدەبدا ئەوەندەی ئەو سەردەمە دەسەڵاتم هەبوو دەمەتەقێ‌یەك بە ڕووسی بکەم باسی مەولەویم لەناو هەندێ مامۆستاو قوتابیی دوکتۆرادا کرد . قوتابی‌یەکان تێکەڵ بوون لە ڕووس‌و لە خەڵکی ئاسیای ناوەڕاست‌و موغولستان‌و هیندو ئەفغان‌و ، ئەم چوارینەی مەولەویم کە ئەڵێ :

**باڵەخانەی چەم دڵ دیوانەکەت**
**بانەناو وە خاك سەر ئاسانەکەت**
**تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا**
**ئازیز بۆ جارێ پا بنیە پێشدا**

بۆ قوتابی‌یەکی کورد کە لەگەڵم بوو لێکدایەوە . قوتابی‌یەکە ڕووسی‌یەکی زۆر باشی ئەزانی، داوام‌لێ کرد بە ڕووسی بۆ دانیشتووەکانی لێك‌بداتەوە . دەستی‌پێ‌کردو ماوەیەك خەریك‌بوو ، تێگەیشتم ناتوانێ ئەوە بخاتە دڵی گوێگرەکانیەوە کە چوارینەکە چی ئەڵێ‌و چوێنەیەك ئەخاتە بەرچاو . ناچار خۆیشم بە ڕووسی‌یە سەروگوێ شکاوەکەی خۆم دامەبەری‌و کەوتمە یارمەتی‌دانی‌و تابلۆی دوو بەیتەکەم بۆ یەکالا کردنەوە . قوتابی‌یەکی تاجیکی وتی : من چەند لە زمانی خۆم‌و زمانی فارسی‌و زمانی ڕووسی شارەزام‌و چەندم لە وڵاتی خۆمان‌و لێرە کات بە موتالای شیعری ڕۆژهەڵاتی‌و ڕووسی‌یەوە بەسەربردووە وێنەی وا چڕم لای کەس بەدی نەکردووە . مامۆستایەك لە دانیشتووەکان وتی : ئەگەر ئەم دوو بەیتەی ئەو شاعیرەتان بکرێ بە تابلۆ ، ئەبێ بە شێوەی پانۆراما پیشان بدرێ . جا بۆئەوەی ئێوەی گوێگرو دانیشتووی بەڕێزیش بەتەواوی بخەمە بەردەمی ئەم تابلۆیە ، وا لێرەدا بۆتان لێك‌ئەدەمەوە :

مەولەوی ، چاوی خۆی ، بەوپێ‌یە کە بە ناوچاویەوەیەو بەش‌بەحاڵی بالای بە بەرزی‌یەوەیە ، شوبهاندووە بە بالەخانەیەکی بەرزی دوو سێ نهۆم ، گریانی چاوەکانی‌و ئاوکردنیشی لەبەر دووریی دۆست شوبهاندووە بە دڵۆپە کردنی خانوو . بوونی وێنەی دۆستیشی لە بەرچاوی شوبهاندووە بە بوونی کەسێك لە ماڵێکدا کە لەبەر دڵۆپەکردنی خانووەکە نارەحەت‌و بێزار بێ . مەولەوی ئەڵێ : بالەخانەی چاوی ئەوکەسەی دڵی مەجلیس‌و دیوەخانی خەیاڵ‌و یادی تۆیەو سەربانی خانووەکەی بە گڵی بەردەرگای تۆ سواغدراوە ـ مەبەستی ئەوەیە هەمیشە چاوی بەوبەرزی‌یەوە لەئاست دۆستدا ئەوەندە نزمە لەژێر پێ‌یایە ، یا چاوی هەمیشە لەڕێ‌یەتی بۆ چاوەڕوانی کردنی هاتنی ـ ، ئەو بالەخانەیەی چاوم بەهۆی دڵۆپەی فرمێسکەوە وێنەی تۆی لەناوا نارەحەت‌و بێزار بووە ، وەرە ، وەك چۆن

خانوو کە دڵۆپە بکا ئەیکوتنەوەو پێی پیا ئەنێن ، تۆیش بە پێنانت بەسەر چاومدا کـە چاوم لە بەرپێتەو لەسەر ڕێتایە ، بیکوتەوەو پێی پیا بنێ‌و خۆڵی ژێر پێتی بکە بەسەرا ، با دڵۆپە نەکاو فرمێسکی لێ نەڕژێ ، وەك چۆن دڵۆپەی سەربان بە خۆڵ بەسـەرا کردن‌و کوتانەوە ئەوەسـتێ ، بۆئەوەی وێنەت کە هەمیشە لە ماڵی چاومایە بە دڵۆپەی فرمێسکەکانم نارەحەت نەبێ . ئەمە کورتەیەکی ئەو تابلۆیە مەولەوی لەو دوو بەیتەدا چڕی کردووەتەوەو ، بە دەیان وێنـەی‌تری لەم بابەتە لـە شیعرەکانیا ئەکەوێتە بەرچاوی ئەوانەی دیوانی شیعری ئەخوێننەوە .

هەر لەبارەی ئەم دوو بەیتەوە ئەگێڕنەوە مەولەوی خۆی بۆ فەرهاد میرزای مامی ناصرەددین شای قاجاری خوێندوەتەوە کە لە سنە بووەو مەولەوی لەوێ دیوە . ئەڵێن پاش ئەوە هەموو جارێ فەرهـاد میـرزا مەولەوی بە ( ئاغەی باڵەخانەی چەم ) بانگ‌کردووەو قسەی لەگـەڵ کـردووە .

لەئەنجامی پەڕەپەڕەکردنی دیوانی مەولەویدا بە مەبەستی بابەت‌بەندی کردنی شیعرەکانی ، بۆمان دەرئەکەوێ ئەم بابەتانە بابەتە سەرەکی‌یەکانی شیعرەکانینی :

١ ــ باسی سروشت کە زیاتر لە کەلێنی وەرزەکانی ساڵ‌و بەتایبەتی وەرزی بەهارەوە بۆی چووە .

٢ ــ پێوەندی بە شێخانی تەوێڵەوە کە گیانی سۆفیەتیی مەولەوی لەم بابەتەیدا بە ڕۆشنی خۆی ئەنوێنێ .

٣ ــ دوان لەگەڵ خاسانی خوا بە پاڕانەوە لەسەر گۆڕیان یـا بـە ڕووکردنە ڕۆحانی‌یەتیان .

٤ ـ لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خێزانیو هەندێ کەسی تریش .

٥ ـ پێوەندی بە بەگزادانی جافی گەرمیانو بەتایبەتی مەحموود پاشـاوە .

٦ ـ سکالا لە چەرخی ڕۆژگارو لە پیریو پەککەوتەییو تەنیایی خۆیو بابەتی تری لەم چەشنە .

٧ ـ نامەی بۆ دۆستانی وەك ئەحمەدبەگی کۆماسیو شێخ عەزیزی جانەوەرەییو شێخ یۆسفی نۆسمەییو کەسانی کە .

ئەگەر کەسانێکمان بین یا لەمەولا پەیدا بین بیانەوێ توێژینەوەی تێرو تەسەل لە شیعری مەولەویدا بکەن ، دیوانی مەولـەوی ، بـە بلاوکراوەو بلاونەکراوەیەوە ، مەیدانی گەلێ کاری زانستییانەی بەپێزە . بەر لە هەرچی کارێکی گەورە چاوەڕوانی توێژەرەوانی دوارۆژمانە لـە مەیدانی ئەدەبی بەراوردکاریدا ، بەراوردی شیعری مەولەوی لەگـەڵ شیعری کەڵە شـاعیرانی شیعری تەصەوفو شیعـری دۆستایەتـیو شیعری سروشتو شیعری لاواندنەوە بکەن لە سەرانسـەری ئەدەبی ڕۆژهەلاتی ئیسلامیو بەتایبەتی لە شیعری شاعیرانی دیالێکتـی گۆرانـی خۆمانو شیعری فارسیو شیعری تورکیی عوسمانیدا بـە مەبەسـتی دۆزینەوەو دەسنیشانکردنی لێخواستن یا کارتێکرانو ئەفراندنی خۆیی بۆ یەکەمجار لە شیعری مەولەویدا . ئەمە کارێکە من دڵنیام لە دوارۆژا کە کوردستانیش زانکۆو زانای پایە بلندی وەك هیی ولاتانی ئەبێ چەنـد نامەی ماجستێرو دوکتۆرای تیا ئەنووسرێ .

ئەندازەی تەتبیقبوونی پێناسە ڕۆژاوایییەکان کە شیعریـان پـێ دابەش کردووە بەسەر کلاسیکیو ڕۆمانسیو ڕیالیستیو شتـیوادا ،

بەسەر شیعری کوردیداو چۆنیەتیی ئەمە لە شیعری مەولەویدا ، یاخود ناساندنی ئەم پێناسانە بە بۆچوونێکی تایبەتیی نوێ کە بۆ شیعری ڕۆژهەلات دەس بداو بەتایبەتی لەگەڵ شیعری مەولەوی‌یش بگونجێ .

نیشانەکانی شیعری مەولەوی‌و بەتایبەتی گواستنەوە لە بابەتی مەحسووسەوە بۆ میتافیزیکاو ، لە ژیانی پڕ دەردو مەینەتی دنیاوە بۆ ژیانێکی ئارام‌و بێ دەردو نارەحەتی کە مەولەوی لە جیهانی ژیانی ئەبەدیدا دەسنیشانی ئەکا کە لە بەشێکی زۆری شیعری ئەودا دیارن .

هەستکردنی مەولەوی بە نامۆیی خۆی لە جیهانێکی‌وادا کە من بێ‌گومانم لەئاست تواناو بەهرەی خۆیا زۆر بە تەسک‌و تەنگەلانی زانیوە .

بەرفراوانیی جیهانی شوبهاندن لە شیعری مەولەویدا کە لە هەر پارچە شیعرێکیا چەند تابلۆی مەحسووس‌و چەند تابلۆی خەیالی بۆ ئەوانە دروست‌ئەکا کە لە شیعری وردئەبنەوە .

یەکێتیی ئینسان‌و سروشت کە بیرێکە زۆر زەق بە شیعری مەولەوی‌یەوە دیارە .

کلۆلیی ژیانی مەولەوی‌و دەس‌تەنگی‌یو قەدرنەزانینی لەلایەن حوکمڕانی‌یە دەرەبەگی‌یەکانی لای خۆمانەوە ، لەکاتێکا کە فەرمانڕەواکانی ئێران‌و ئەردەڵان هەموو هاندەرێکیان ئەخستە پێش تا بچێتە ژێر بالی ئەوان ، بەڵام ئەو هەرگیز نەیویست لە خزمە ڕەش‌وڕووتەکانی تاوگۆزیی خۆی دوورکەوێتەوە ، لەگەڵ پێوەندی بەتینیشیا لەگەڵ مەحموود پاشای جافو حەمە پاشای باوکی‌و ئەو هەموو ناسکە شیعرانەی بۆی نووسیون‌و بەبۆنەی ڕووداوی جیاجیای ژیان‌و مردنی ناو بەگ‌و بەگزادانی جافەوە وتوونی ، هێشتا قەدر نەزانین‌و جێی شایان پێ‌نەدانی‌و دڵ ئازاردانی .

پێوەندی بەتینی لەگەڵ دۆستان و شاعیرانی سەردەم .

بەدووداگەڕانی تاڵی ژیانی و ناخۆ کەی و لەکوێوە هونەری شیعری لەخۆیا هەست پێ کردووەو چۆن گەشەی کردووە . بەم‌بۆنەوە ئەبێ بڵێم ئەدیبی هەڵکەوتووی کورد سەید طاهیری هاشمی لە دەستنووسێکیا لەبارەی مەولەوی‌یەوە سەرەتای دەرکەوتنی شاعیریی مەولەوی ئەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی خوێندنی لە ( پاوە )و کاری سروشتی جوان و ڕازاوەی پاوە لە دڵ و دەروونیا کە لە چەند پارچە شیعریشیا ڕەنگی داوەتەوە(٢) .

گیانی نارەزایی و یاخیگەری لە زۆر داب و نەریت و پێوەندی کۆمەڵایەتی لە دەروونی مەولەویدا کە لە پارچە شیعری :

**وە خیلافەومن یارانی سەرمەس**
**موقتەضای ذاتیی طەبعم هەرچی هەس**

دا ئاشکراترین نموونەیمان دەسگیر ئەبێ .

بەبۆنەی باسکردنەوە لەم بەیتە ، ئەبێ بڵێم ئەم تاقە بەیتە کە بابەتەکەی لە بەیتەکانی‌تری پارچەکەدا پەرەی پێ نەدراوە ، بانگەوازی یاخیگەری و نامۆیی‌یەکی تا ئەوپەڕی ڕادەیە لە هەموو بەهاو پێڕەوو بیروباوەڕێکی سەردەم .

ئەم بەیتە ئەڵێ : ئەوەی تەبیعەتی من ئەیەوێ و داوای ئەکا پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەیە کە لە جیهانا هەن .

فەلسەفەکاری و دوان لە ڕازی ژیان وەك لەم چوارینەیدا دیارئەدا :

هەرچی دیت وە چەم شی وە سەفەردا
هەرچی موینی ها نە گوژەردا
کەس حاڵی نەبی‌و هیچ‌کەس نەفاما :
ئاد پەی چێش ویەرد ، ئێد پەی چێش ئاما ؟!

واتــە :

هەرچیت دی بە چاو ڕۆیی بۆ سەفەر
هەرچی ئەبینی وا لەســەر گوزەر
کەس حاڵی نەبوو ، هیـچ‌کەس نەیفامی
ئەو بۆچی ڕۆیی‌و ، ئەم بۆ هاتەدەر ؟!

لەبارەی هونەری‌یشـــەوە شیعری مەولـــەوی مەیدانی چـەند لێکۆڵینەوەی وردو بەربڵاوە . بەکارهێنانی لقەکانی جوانکاری ( بدیع ) وەك جیناس‌و طیباق‌و تەوریەو مەجازو کینایەو تەشبیەو ئیستیعارەو بەتایبەتی تەشبیهی‌وا کە کۆمەڵێ تەشبیە بداتەبەرو بە یەك تەشبیهەوە نەوەستێ کە من لەم وتارەمدا بە تابلۆکاریم ناوهێناوە ، کاری کەسانێکی شارەزای ئەدەبی کوردو هونەری ڕەوانبێژیی عەرەب‌و ئیسـلامەو ، من بێ‌گومانم ئەوەی بۆی بلوێ ئەمە بکا کارێکی گەورە بە ئەنجام ئەگەبەنێ .

ئەمانەی باسم‌کردن سـەردێڕی هەندێ بابەتن کە ئاواتەخـوازم ئەدیبـــان‌و قوتابی‌یانی ئەدەبمان‌و هەموو توێژەرەوە تازەو کۆنەکانمان قورسایی بیرلێ‌کردنەوەیان بخەنە سەر شانیان‌و بەم نزیکانە ئەنجـامی کاریان لەم مەیدانەدا بخوێنینەوە .

بەڵام بە هەرحاڵ ئەبێ ئەوەیش بڵێم : تا کورسی‌یەك لە زانکـــۆدا نەکرێتەوە بۆ وتنەوەو لێکۆڵینـەوەی دیالێکتی گۆرانی کـــە هەورامیی

ئیستایش بەشێکی نوێ یەتی و ، تا سوودێکی تەواو لە هەندێ خوێندەوارو شارەزای ئەو ناوچانەی ئەودیومان وەرنەگیرێ کە بەم دیالێکتە ئەدوێن و بەتایبەتی لەوانەیان لە ( ئەهلی حەق )ن بۆ دانانی فەرهەنگێکی بەربلاوی شارەزایانەی دیالێکتی گۆران ، توانای بەشداری لەم کارەدا زیاتر لــە سنووری ئەوکەسانە دەرناچێ کە شارەزای کولتووری ئایینیو ئەدەبی عیرفانیو دیالێکتی هەورامین . بۆیە ئومێدەوارم زانکۆی ( سەلاحەدین ) بایەخێکی شــایان بەم مەســـەلەیە بداو تا زووە بیرێکی دلسۆزانەی لێ بکاتەوە .

حەزم‌ئەکرد لەم کۆبوونەوەیەدا دەرفەتم بووایە لە هەرکام لە بابەتە سەرەکی‌یەکانی شیعری مەولەوی پارچەیەك یا زیاترم هەڵبژاردایەو پاش خوێندنەوەیو وەرگێڕانی بۆ سەر دیالێکتی کوردی سولەیمانی ، لــە وردەکاری‌یەکانی چ لــە ڕووی وێنـــەو ماناو چ لــە ڕووی هونەری ڕەوانبێژی‌یەوە کەمێك بدوامایە . بەڵام لاموایە ئەوە کاری کەسـێکە بی‌یەوێ کتێبێك بۆ پێشکەش‌کردنی نموونەی شیعری مەولەوی بنووسێ . لەبەرئەوە تەنها پێنج پارچە شیعر لە بابەتە تراجیدی‌یەکانی شـــیعری مەولەوی هەڵئەبژێرم سیانیانی بۆ مردنی عەنبەر خاتوونی خێـــزانیو یەکێکیانی بۆ کولۆلیی ژیانی خۆیو ئەویانی بۆ کوژانەوەی بینایی چاوانی وتووەو ، بۆتانیان ئەخوێنمەوەو لێکیان‌ئەدەمەوە .

ئەوەی من بزانم لە دیوانە لەچاپدراوەکەی مەولەویدا حەوت پارچە شیعر هەیە هەر حەوتیان بۆ لاواندنەوەی عەنبـــەر خاتوونی ئەوغانیی خێزانی تەرخان کراون . ئەم حەوت پارچانە ئەوانەن لە دەسنووسەکانی دیوانی مەولەویی بەردەستی باوکما کـــە شەرحی لە دیوانی مەولەوی کردووە نووسراون . مەولەوی ئەم شیعرانەی بەبۆنەی کـــۆچی دوایی عەنبەر خاتوونەوە داناوە . لەوانەیە هیی‌تریشی بۆ نووســیبێو دەسی

ئیمە نەکەوتبێ ، یا لە دەستنووسەکان و لە دیوانە چاپەکەیشا هەبێ ، بەڵام دەستنیشان نەکرابێ کە بەوبۆنەیەوە نووسراوە . هەرچۆن بێ ئەتوانین بڵێین قووڵیی ئەم سۆزەی مەولەوی لەم پارچە شیعرانەیدا دەری بڕیوە ، نیشانەیەکی ئاشکرای ئەوەیە کە ئەبێ لەپاش کۆچی دوایی کردنی عەنبەر خاتوونەوە تا ئەوڕۆژەی خۆیشی سەری ناوەتەوە هەر پارچە شیعرێکی نووسیبێ چەند دڵۆپێکی لە خوێنی جگەری خۆی تێکەڵی ئەو مەرەکەبە کردبێ کە پێی نووسیوەو نیشانەی ڕاچڵەکینی دڵی بە یادکردنەوەی عەنبەر خاتوون بە جووڵەی قەڵەمیەوە دیار بێ کە بەسەر کاغەزی لێ نووسینەوەی شیعرەکەدا ڕۆیبوە :

**ئیمساڵ ، نەووەهار چۆن خەزانی سەرد**

**بەرگی وەردی باغ مەعدووم بەرد پەی هەرد**

**مشیۆ تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ**

**وەرنە ، کێ کەی دی وەهار گوڵڕێز بۆ !!**

**دڵ وە کەچبازیی چەپگەرد بازییش وەرد**

**جفت ئارەزوو کەرد ، چەپگەرد تاق ئاوەرد**

**بۆی عەنبەر نە تۆی دەماخم دوور کەرد**

**فرسەتش ئاوەرد ، هەوای وەبای دەرد**

**نەیچی ! وە بێبەزم یارانی جانی**

**کام سەفا مەندەن پەی زیندەگانی ؟!**

**چون مەزاق تاڵەن جە گردین لاوە**

**بۆ وە شیرینیی یەک دوو نەواوە :**

**یەکێ یەکجاری تاونۆمەوە**

**ئەو یەک لاونۆم » یاونۆمەوە ..**

مەولەوی ئەڵێ : بەهاری نوێی ئەمساڵ بۆ من بەهار نەبوو ، پایزێکی سارد بوو . لە پایزا گەڵای دار ئەوەرێ و ئەکەوێتە بنی دارو با بەم‌لاو لادا بڵاوی ئەکاتەوە . بەڵام لە بەهاری ئەمساڵی منا نەك گەڵای دار ، بەڵکو پەڕەی گوڵی باخی ژیانی من با بردی بۆ هەردی گۆڕستان و کردی بەژێر گڵەوە .

دیارە بەختی من وای لە چارە نووسراوە بەپێچەوانەی سیستەمی سروشت بێ ، ئەگینا کێ دیویەو کەی و لەکوێ دیویە گوڵ لە بەهارا بوەرێ ؟

دڵ بە تاقمانەجووتی گەردوون هەڵخەڵەتاو کەوتە یاری‌کردن لەگەڵیاو بەتەمای ئەوەبوو لێی‌بەرێتەوە ، ئارەزووی لە جووت بوو کە ژیانی پێکەوەی مەولەوی‌یە لەگەڵ عەنبەر خاتوونی ژنیا ، بەڵام ئەو تاقی هێنا کە ئەوەتە عەنبەر خاتوونی لێ سەندەوەو بردیەوەو ئەم بەتەنها مایەوە بۆ خۆی .

هەوای تاعوونی دەرد فرسەتی هێنا بۆنی عەنبەر خاتوونی لە لووتم دوورخستەوە .

جا توخوا کە عەنبەر خاتوون ڕۆیی و من بۆخۆم بەتەنها مامەوە ، ئیتر ئەبێ مان ، بێ بەزمی ژیان لەگەڵ دۆستی گیانی‌بەگیانی ، چ تام و لەزەتێکی تیابێ ؟ دەسا کاکی شمشاڵژەن ، لەبەرئەوەی ژیان تاڵ بووەو لە تاڵی بەولاوە هیچ تامێك لە دەمی دڵما بەجێ‌ناهێڵێ ، وەرە ، من ئەمە ئیتر ڕۆژی قیامەتمە ، وەك چۆن لە ڕۆژی قیامەتدا ئیسرافیل دووجار فوو ئەکا بە کەڕەناکەیا ، بە یەکەمیان هەرچی زیندووە ئەیانمرێنێ و بەویشیان زیندوویان ئەکاتەوە ، تۆیش وەرە بە شمشاڵەکەت دوو بەزمی خۆش و شیرینم بۆ لێبدە ، بەزمێکیان بەتەواوی بمتوێنێتەوەو بمباتەوە

بۆ جیهانی نەبوونو ، ئەویشیان لەو جیهانی نەبوونەدا لەگـەڵ یاری لەدەستچووم یەکمان پێ بگرێتەوە .

ئەمە یەکێ بوو لەو پارچە شیعرانەی مەولەوی عەنبەر خاتوونی پێ لاواندوونەتەوە . ئیتر ئێوە بێن بۆخۆتان لـەو موفارەقاتـە وردبینەوە ئەو لەم شیعرەیا هێناونیەتە ئاراوەو ، سەرنجێ بدەن وێنەی شاعیرانەی چەند بەرزو باڵای دروستکردووەو ، بە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئیسـلامیدا بگەڕێن بزانن ئەمە شاکاری خۆیەتی یا کەرەستەو دارو پەردووی بینـای شیعری کەسێکی کەیە هێناویەو بۆخۆبی دارشتووەتەوە ؟

لێرەدا بە موناسبی ئەزانم بەگوێرەی ئەو بەرنامەیەی من بۆخۆمی جێبەجێ ئەکەمو هەوڵ ئەدەم لە شیعری شاعیرانی کورد خۆیان چـەند لایەکی مێژووی پێ نەزانراویان بدۆزمەوە ، وەك لە سەرەتای ( شیرینو خوسرەو )ی ( خانای قوبادی )و لـە کتێبی ( نالی لـە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە )دا کردوومە ، لەم پارچە شـیعرەی مەولەوی یشدا ئەوە بەدی ئەکەم کە عەنبەر خاتوونی خێزانی لە سەرەتای بەهاردا و بە نەخۆشیی تاعوون مردووە .

مەولەوی لە پارچە شیعرێکی تریا ئەڵێ :

**ئەدای پەشێوی حاڵاتی جەستەم**

**دوورەن جە تەحریر خامەی شکستەم**

**بەڵام ( مەعلووم ) هەرس دیدەش جۆش وەردەن**

**ناعیـلاج خامەش وە دەسـگیر کەردەن**

**پەلەپەل پێکان پەل وە خامەدا**

**یەك فەرد ڕەقەم کەرد وە ڕووی نامەدا :**

**ئیسە دیدەی دڵ دیوانەکـەی وێت**

**نە پێخی ناودا مەگێلۆ پەرێت**

... ئەڵێ : قەڵەمی شکاوم زۆر لەوە بێدەسەڵاتترە کە بتوانێ باسی پەشێویی حاڵی گیانو لەشم بە خوێندەوارانا بگەیەنێو بیخاتە سەر کاغەز . بەڵام من لەگەڵ ئەوەیشا چارم ناچارە پەنای بەرمەبەر چونکە فریادرەسێکی لەو بەولاوە شك نابەم . چاوم لەبەر فرمێسك کوێرایی داهاتووەو هیچ نابینێو ڕێ دەرناکا بێم بۆ لات ، لەگەڵتا بمرم ، ناچار پەل ئەکوتم دارێکم بەردەس کەوێ بیکەم بە دارعاسای دەستمو تۆی پێ بدۆزمەوەو ڕێی پێ دەرکەم بێم بۆ لات ، تەنها قەڵەمەکەمم دەسگیر بووە ، لەبەرئەوە کە کوێرم توانای هاتنم نەبوو ، ناچار ئەم بەیتەم بە قەڵەمەکەم نووسی ، ئەڵێم ئێستا دۆستە دڵ بە یادت ئاوەدانەکەت کە وێنەت هەمیشە لە ناوچاوپایەتی ، لە بن ئاوی دەریای فرمێسکا بە قەڵەمی دارعاسای دەستی بۆت ئەگەڕێ .

ئەمەیش پارچەیەکی تری شیعری مەولەوی بوو لە لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خێزانیا . هەروەك چۆن مەولەوی لەبەر پەرێشانیی خۆی نەیتوانی باسی دەردی دڵو دەروونی بخاتە سەر کاغەزو ، قەڵەمەکەی لەوە بێتوانتر زانی کە ئەو کارەی بۆ بکا ، منیش سەدجار لەو بێدەسەڵاتترم لەوەدا کە بتوانم بە لێدوان لە ناسکیو وردیو شاکاریی ئەم وێنەیەی مەولەوی بکۆڵمەوەو ئەڵێم تەنها ئەو ئەندازە لێکدانەوەی مەعنایە بەش بەحاڵی من بەسەو لەوە زیاتر ناتوانم هەنگاوێ هەڵێنمو ، ئەوەیش ئەڵێم کە بەلامەوە وایە مامۆستا گۆرانیش ئیلهامی لە یەکەم بەیتی ئەم پارچە شیعرە وەرگرتووە کە وتوویە :

هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم ،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم !!

لێکدانەوەی دەروون ، قسـەی زمانم :
بۆچی وەها دوورن لە یەك ؟ نازانم !

مەولەوی لە پارچە شیعرێکی تریا ئەڵێ :

گەرد ئالوودەن دەور مەزاری لەیلێ
ئاوپاشیو مالاش لازمەن خەیلێ
خادیمیی توربەت نازك ئەندامان
پەی دیدەو موژگان ( مەعدوومی ) ئامان
ئاوپاشیی ، رەویەی دیدەی نەمدیدەم
مالاش ، وەزیفەی موژەی نمیدەم
گەردێ نێ وە رووی یانەی نۆشەدا
یا خەوشێ وە حەوش عەنبەر بۆشەدا
پاسی نازکیی لەیل یاگـەی ویشەن
جای موشاهەدەی قەیسی دڵڕێشەن
بەڵ بالای ئالاش وە صەد خەمو چەم
باز وینوون بێخەم وەی چەم یا ئەو چەم
( مەعدووم ) ! ئاوی یاو دووری زۆر ئاوەرد
ئاویاو بینـای قسەی پەشێو گەرد
ماخۆلیای یاو ئێنە خەدێشەن
وەرنە ئەی خەیاڵ پەرێشان چێشەن
فەسلی وەسڵی بەزم خاصەی نەدیمان
خاوێ بێ ویەرد ، دیمان نەدیمان

**بەتالەن هەوای دۆسی کۆچ‌کەردە**
**مەحالەن ئامای عومری وپەردە**
**بنیش بە گێجـاو دەریای بێ‌پەیدا**
**نە گۆشەی حوجرەی سەفینەی مەیدا**
**ڕووت ، ڕووت ، ئەو جیلوەی ستارە کەر پاس**
**با خودا وە ئیخلاص ، ناخودا مەناس**
**تا بادی مراد نە پێوارەوە**
**کەی بەنۆت ئاخر ئەو کەنارەوە .**

مەولەوی ئەڵێ : دەوروبەری زیارەتگای لـەیل تۆزی لێ نیشتووە که ئەوەتە تازە مردووەو گۆڕی بۆ هەڵکەنراوەو خۆڵی بەسەرا دراوەتەوە ، لەبەرئەوە پێویستە گسك بدرێ‌و ئاوڕشێن بکرێ . ئەم گســـك‌دان‌و ئاوڕشێن‌کردنەیش خزمەتکارێکی ئەوێ هەمیشـە ئەم ئەرکـــە بەباشی بەجێ‌بێنێ . جا مادەم گۆڕ گۆڕی لەیل بێ ، کێ لە چاوو برژانگی قەیسی دۆست‌و دڵداری لەیل کە بەسەر سەریەوەن‌و بە گـــەورە دائەنرێن ، باشتر بتوانێ‌و هەقی ئەوەی هەبێ دابنەوێتەوەو بێتە بەری پێ ، ئەویان بە فرمێسکەکانی ئاوڕشێنی بکاو ئەمیشیان تەڵـــەکانی خۆی بۆ بکا بـە گسك‌و سەر گۆڕەکەی بۆ بماڵێ ، تا تۆز لە ماڵ‌و مەنزڵی نوێی نەنیشێ‌و پووش‌و پەڵاش لە حەوشەی عەنبەر بۆی بۆن‌خۆشیا کە بۆنی عەنبـەری لێ دێ چونکە خۆی عەنبەرە ــ کۆنەبێتەوە . . ئەمە زۆر پێویستە چونکە پاس‌کردن‌و ڕاگرتنی ئابڕوی لەیل‌و نەهێشتنی گەردگرتنی مەنزڵ‌و ماوای اکارێکی بەجێ‌و پەسەندە لەبەرئەوە کە قەیسی لـەیلا هەر لەو شوێنەدا ئەتوانێ تەجەللاو تیشکدانەوەی لەیلەکـــەی بـە چاوی خـۆی ببینێ‌و بیهێنێتەوە یادو بەرچاوی کە هیـچ پەردەیەك لەنێوانا نەبێ ڕێی بینینی.

لێ بگرێ ، پەردەکەیش یا فرمێسکی چاوەکانی خۆیەتی کە ناهێڵی ببینێ یا پڵ‌وپووشی سەر گۆڕەکەیەتی کە ئەو دائەپۆشێ‌و مەیدانی بینینی نادا ، جا کە بە ڕشتنی فرمێسکەکانی بەسەر گۆڕەکەیا بەری چاوی خۆی ڕۆشن کردەوەو ، بە گسکدانی سەر گۆڕەکەیشی بە گسکی بژانگەکانی پڵ‌وپووشی بەسەریەوە نەهێشت ، ئیتر هیچ لەئارادا نامێنێ ڕێی لێ بگرێ تەجەللای ئەوی بۆ دەرکەوێ‌و بگاتەوە حوزووری . ئەم خۆ بە کەم گرتن‌و سەرو چاو خستنە سەر خاکی گۆڕە ڕێگای گەیشتن بە کەماڵی دیداری یارە ، بەڵکو بەم خەم‌خواردن‌و چەمینەوەو داوێنەوەیە جارێکی‌تر بێ‌خەم‌خواردن‌و چەمینەوە پێی‌بگەمەوەو بە چاوی سەر بێ یا بە چاوی دڵ ببینمەوەو پێی بگەمەوە .

جا پاش ئەم خەیاڵ‌کردنەوە وردانە ئەگەڕێتەوە بۆ جیهانی واقیعی پڕ تاڵ‌و سوێری‌و ئەڵێ :

تای لەرزوتای دووری لە دۆست گڕی سەندووەو خستوومیەتە وڕێنەکردن‌و قسەی بێ‌جێ‌و بێ‌سەروبن . ئەمەش خاسیەتی لەرزوتا گرتنە ، ئەگینا ئەگەر وانەبێ ئەم قسە پەرت‌و بڵاوانە لەکوێوە دێن ؟! سەردەمی وەسڵ‌و دیدارو گەیشتن بە دۆست سەردەمێ بوو بەسەرچوو ، ئیتر ناگەڕێتەوە . . خەوێ بوو دیمان‌و نەماندی . . ئارەزووی گەڕانەوەی دۆستی کوچ‌کردوو خەیاڵێکی بەتاڵە هەرگیز نایەتەدی . تەمەنی بەسەرچوو هەرگیز ناگەڕێتە دواوە . بۆیە ئەبێ ڕازی بین بەوەی ڕووی‌داوەو لەوە بەولاوە چارەیەك نی‌یە . بۆ خۆت لە گێژاوی دەریای بێ‌بنی خەم‌و مەینەتا سەقامگیر بەو لە گۆشەی ئووری کەشتیی سەرخۆشیی ڕازی‌بوون بە قەزاو قەدەری خوادا پاڵی لێ‌بدەرەوە ، بۆ هەرکوێ ئەڕواو لەکوێ لەنگەر ئەخا ئارەزووی خۆیەتی ، وەك چۆن

کەشتی‌یەوان ئەڕوانێتە ئەو ئەستێرە مەبەستەی لە گۆشـەو کەناری ئاسمانەوە دەرئەکەوێ‌و ڕووی ڕێ‌کردنی خۆیی پێ دەسنیشـان ئەکا ، تا بەسەر پشتی دەریای بێ‌کەنارەوە سەری لێ نەشـێوێ‌و ڕێی خـۆی ون‌نەکا ، تۆیش ڕووی خۆت لە ڕووکردنە هەر شتێکی لاوەکی ڕووت‌و خاوێن بکەرەوەو ڕووبکەرە ئەو ئەستێرەی نووری خوایـەو ، لەگـەڵ خوای خۆتا ساغ‌و پاک‌و بێ‌گەرد بەو ( ناخودا ) واتە کەشتی‌یەوانی ژیانی دنیایی مەناسە ، کە هەرگیز بە ( خودا ) نابێ ، تا بای مەیلی خودا لەپڕ لە باوەزگەیەکی نادیارەوە هەڵئەکاو کەشتیی ژیانت بەرەو کەناری ژیانی هەمیشەیی وەرئەچەرخێنێ‌و لەنگەری پێ‌ئەخا ، ئیتر هیچ پێوەندێکت بەم ژیانەوە نامێنێ‌و ئەڕۆیتەوە بۆ جیهانی بەدیمەن نەبوونی‌و لەڕاستیدا بوونی ڕاستەقینە ، لەوێ لەگەڵ دۆستی کۆچکردووت لە نەبوونیدا یا لە بوونی ڕاستەقینەدا پێکەوە یەک‌ئەگرنەوەو لەم جیهانە پڕ دەردو مەینەتە ڕزگار ئەبی .

ئەمانە چەند نموونەیەک بوون لـە نیشـانەی قووڵیی ئەو زامەی مەرگی عەنبـەر خاتوونی هاوڕێی ڕێگای دوورو درێژی ژیـانی پـڕ کوێرەوەری‌و نەدارایی‌و بێ‌هاوزمانی‌و نامۆیی لە موحیـت‌و دەوروبەر کردنیە دڵ‌و دەروونی ئەم هونەرمەندە بلیمەتە . جا کـە پاشان دەردی کۆچی دوایی شێخ بەهائەددینی هاوڕێ‌و پیرو مورشیدو دەرگای دڵ بۆ جیهانی سۆفیەتی والاکەرەوەیشی ئەچێتە سەرو ، پاشتریش لە بینایی دیدە بێ‌بەش ئەبێ‌و کتێبخانـەو دیوانی شیعرەکانیشی ئەسووتێن‌و ئیتر مەیدانی موتالاو نووسین‌و دەرزوتنەوەی وەک جاران‌و لەسـەرنووسینی فەلسەفەی ئیسلامی بۆ فەقێکانی نامێنێ‌و ، لەو شاخە ڕەقەن‌و سەخت‌و اکرێنانەی تاوگوزی‌دا دوور لە ئاوەدانی‌و دوور لە هاوڕازو هاودەنگ‌و لە

کەسێك لێی تێبگاو لە دەردی حاڵی ببێ‌و قەدرێکی بزانێ‌و بارێکی ژیانی تاڵ‌و سوێری لە سەرشـــان بۆ ســـووك بکا ، بەم هەموو دەردانەوە ئەتلێتەوە ، ئەبێ خۆمان لێکی‌بدەینەوە ئەوەندەی چەند بەمۆو زمناکـۆو قەوالی خەم بەسەر دڵیەوە بووە بە بارو ، چی بووە چەکامەیەکی وەك ئەم چەکامەیەی بۆ ئیلهام کردووە کە ئەڵێ :

من خەریکی مێش زامی جیایی
نیشتەی گۆشەی تار مزگیی تەنیایی
گا مەشغوولی زام ، گا خەریکی دەرد
گا ڕەفیقی خەم ، گا هەناسەی سەرد
گا سەر مکەرۆ هوون نە چەمەی چەم
گا گا مویەرۆ سیبلاو نە دیدەم
گا زامی ناسـوور هیجران مدۆ چڵ
گا یاوۆ وە عەرش ئاهـو ناڵەی دڵ
گا نێشی دووری مدۆم ژاری مار
گا تیری فیراق مکەرۆم لەتار
نە هاوزوانێ دڵداریم کەرۆ
نە هاوقەتارێ دەسباریم دەرۆ
نە حەکیمێوەن کەرۆ دەوای دەرد
نە طەبیبێوەن جە دڵ لادۆ دەرد
سا ئیسە ، ساقی ، جەمین جامی جەم
وادەی ئامانەن وە بانی دیدەم
دەورێ دەر وە جام بادەی پڕ جە مەیل
بەڵ دەروون جە مەی باڵات ببۆ کەیل

**جه ماسیوای تۆ فاریغ بۆ حالم**

**بەڵ نەدۆم ئازار شوومی خەیالم**

**بەکە دڵ بوو چەنی عەشقی دیدارت**

**گیان کەروو فیدای دیدەی خومارت**

ئەڵێ : من کە لە سووچی تاریکی مزگەوتی تەنیاییدا دانیشتووم ، بە ئێش‌و زامی بێ‌کەسی‌و جیایی لە دۆستەوە گرفتارم . تاوێ خەریکی زامی دڵ‌و ، تاوێ خەریکی دەردی ئازاری گیانم . تاوێ هاوڕێی خەم‌و ، تاوێ هاودەنگی هەناسەی ساردم . تاوێ خوێن لە سەرچاوەی چاوم ئەڕژاو ، تاوێ لافاوی فرمێسکی لێ دێ . تاوێ زامی بەناسۆرکەوتووی دووری لە دۆست چڵ‌ئەدا لە دڵماو ، تاوێ هاوارو ئاه‌و نزوولەم ئەگاتە عەرشی کردگار .. تاوێ ئازاری دووری لە یار ژاری مارم دەرخوارد ئەداو ، تاوێ تیری فیراق ئەنجن ئەنجنم ئەکا ... نە هاوزمانێ شک‌ئەبەم دڵم بداتەوەو ، نە هاوکاروانێ هەیە دەسێکم بۆ بداتە بارەکەم ڕاستی‌کاتەوە لەگەڵما . نە حەکیمێك هەیە تیماری دەردم بکاو ، نە چارەسەرکەرێك دەسگیر ئەبێ دەردێ لە دڵم دەربکا .

لە حاڵێکی ئاوا سەخت‌و دژوارا ، دەسم دامێنت کاکەی مەیگێڕی ئەجەل کە مەبەستی لە خوایە ، وادەو سەعاتی ئەوەیە بێی بگەی بەفریام‌و بە بانی چاوانم بێیتەلام ، بە بادەی پڕ لە مەیلەوە خوایکم بەدەورا بدەیت‌و پیاڵەیەکم بۆ تێ‌بکەی ، بەڵکو ئەمە خوایە دڵ لە مەیلی باڵای تۆ کەیل بێ‌و لە تۆ بەولاوە خەیاڵی کەسم لە دڵا نەمێنێ‌و ، ئیتر غاپلەو خەیاڵاتی شوومم ئازارم نەداو لەگەڵ عەشقی دیدارت بەکەدڵ بم‌و گیانم بکەم بە قوربانی دیدەی خومارت ..

یـــا ئەڵێ :

خامەی سەراوێز نە چای سیایی
مژێزۆ ئەسرین شەکوای جیایی
نامەی صەد شکەنج وەهەم پێچ‌وەردەن
چون من سەرتاپاش شکستەی دەردەن
دەوات دووی سیاش جە دەم مخێزۆ
نامە سیاخاك وە سەر مژێزۆ
دەوات دووی دەروون گێج‌داڵ وە هەمدا
لیقە وێش‌کێشان وە لیتەی خەمدا
خامە شەق‌وەردەن ، دەم مکەردەوە
زار زار منالۆ وە دەم دەردەوە
موات : هەی ئاوات واستەکەی جەستەم
هەی مۆمیایی پێشەی شکستەم
کام زام بی جە تۆ من نەویم نصیب
جەفا هەر وە من ، وەفا پەی ڕەقیب
زامان ئاونان هووناوان جۆ جۆ
دەرد وە بانی دەرد یە جە دووری تۆ
بڕیان تای ڕوباب قافیـــە خوانیم
نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم
دەمەی هەناســەی گەرمی نارەکەم
نە کوورەی دەروون پڕ جەخارەکەم
ئایر داێن جوجرەی دڵەی پڕ دەردم
سۆچنان کیتلو مەجمووعەی هەردم

واتە : قەڵەمی سەر بەناو چاڵی ڕەشی شیشەی مەرەکەبی ڕەشا داهێشتوو ، لەتاو دووریی دۆستان دڵۆپی فرمێسك دائەوەرێنێ . ئەو نامەیەی کە بۆت ئەنووسم ئەوەندەی هاواری دەردو ئازار تیایە ، وەك خۆم سەرتاپای تێکشکاوەو سەد جار قەدکراوەو چرچ‌ولۆچی تێ‌کەوتووە . دەواتی واتە شیشەی مەرەکەبەکەم دووکەڵی ڕەشی لە دەم دێتە دەرەوەو ، نامەکەم خۆڵی ڕەش ئەکا بەسەر خۆیا . ڕستەی یەکەم ئیشارەتە بۆ ئەو هەڵمەی هەندێ‌جار لەناو شیشەی مەرەکەبی ڕەشەوە دیارەو ، ڕستەی دووەمیش ئیشارەتە بۆ ئەوە کە جاران کە خەڵکی بە قەڵەم‌و مەرەکەب ئەیان‌نووسی کە خەتەکە زوو وشك‌نەئەبوەوە ، خۆڵێکی وردیان ئەکرد بەسەر خەتەکەدا بۆئەوەی تەڕایی مەرەکەبەکە هەڵمژێ‌و زوو وشکی‌بکاتەوە . دووکەڵی ڕەشی ناو دەروونی دەواتی پێ‌نووسینەکەم گیژئەخواو لیفەکەی ناویشی خۆی لە لیتەی ڕەش هەڵژەندووە . ئەمەیشی ئیشارەتە بۆ ئەوە جاران کە بە مەرەکەبی ڕەش ئەیان‌نووسی‌و یەکێ لەو مایانەی مەرەکەبی ڕەشیان لێ دروست‌ئەکرا دووکەڵی ڕەشی قوتیلەی ئەوت بوو کە هەموو چینی هەژارو بەشێکی زۆری چینی ناوەڕاستیش هەر ئەوەیان هەبوو شەوی تاریکی پێ ڕۆشن بکەنەوە ، وتم جاران کە بە مەرەکەبی ڕەش ئەیانوسی پارچە پەڕۆیەکی تایبەتی‌یان ئەخستە ناو شیشەی مەرەکەبەکە پێ‌یان‌ئەوت لیقە ، بۆئەوەی کە قەڵەمیان پیا کردو تەڕ بوو لیقەکە نەهێڵێ قەڵەمەکە مەرەکەبێکی زۆر لەگەڵ خۆی هەڵگرێ ئەوەك بڕژێ بەسەر قاقەزەکەدا . قەڵەم درزی بردووە ، وەك دەمی کراوە وایە دەم‌ئەکاتەوە بۆ هاوارو گریان‌و کوڕووزانەوەو بەدەم دەردەوە ئەناڵێنێ . جاران کە قەڵەمی قامیشیان بەکارئەهێنا نووکەکەیان ئەکرد بە دوو کەرتەوە تا مەرەکەبەکە بەنێوان درزەکەیا بێتە سەر قاقەز.جیرەیەکی باریکیشی لێ ئەهات ، ئەوەیش ناڵینەکەیەتی . ئەیوت : هەی ئلواتەکەم!

هەی دەرمانی ئێسکە شکاوەکانی لەشم ! کام زام بوو بە هۆی تۆوە نەهات لە گیانم .. تا ئەڵێ : ژێی مۆسیقای شیعر خوێندنەوەم پچڕاوە ، توانای ڕستە داڕشتن و زانینی نەماوە ، دەمەی هەناسەی گەرمی تارەکەم لە کوورەی دەروونی پڕ جەخارمەوە بەرزوبووەوەو ئاگری بەردایە حوجرەی دڵی پڕ لە ئازارم و کەشکۆڵی کۆمەڵەی شیعرەکانمی سووتاند .

مەولەوی لەم پارچە شیعرەدا قەڵەم و مەرەکەبی بەجارێ خستەکار بۆئەوەی بە بەشەکانیانەوەو بە خاسیەتەکانیانەوە هەموو نیشانەی دەردو ئازاری ئەو بکەیەنن . ویستیشی بڵێ ئەوەندە بەدبەختم سووتانی دەفتەری شیعرەکانم لە بەدبەختیی خۆم بەولاوە لەبەر هیچ نەبوو . من هەر لە ڕۆژی ئەزەلا خوا بە کوڵۆڵ و بەدبەختی خولقاندووم و ، هەر لەمەشەوە بوو شیعرەکانیشم بوون بە خۆراکی بڵێسەی ئاگر . بۆیە سیاچارەیی من بە هیچ چار ناکرێ و تا نەمخاتە دووتوێی گڵ و پشت بەردی ئەلحەد ، یەخەم بەرنادا .

گوێگرانی ئازیز !

حەزم ئەکرد زۆرترم لە شیعری مەولەوی بۆ بخوێندنایەتەوەو بەم توانە کەم و کورتەی خۆم پەردەم لەڕووی هەندێ ناسکی و وردبینیی و ڕەوانبێژیی ئەو هونەرمەندە کوردە دڵ بریندارە بۆ هەڵدانایەتەوە کە ئێستا نازانین ئاخۆ تەنانەت شوێنەواری ئارامگا ئەبەدییەکەی ماوە یا نەو ، وشکەکەڵەکێك و پیرە داربەڕوویەکی بە چەند تیلمە پەڕووی سەوزەوە بەسەرەوەیە ، یا ئەبێ لە دوارۆژا دەسەودامێنی پاشماوەی کەسانێکی جاران خەڵکی ئەو ناوچەیە ببین دەسمان بگرن و بمانبەنە سەر پارچە عەرزێکی ئەو چیایەو بڵێن قەبرەکەی مەولەوی لێرەدا بوو ..

بەلام ئەگەر لە من ئەپرسن ئەلێم : ئارامگای مەولەویمان بۆ دەسنیشان بکرێتەوە یا نە ، ئێمە مەولەوی بە گۆڕدا ناناسینەوە ، بەلکو هەر لە بنەڕەتەوە مەولەوی بە مردوو نازانین . تا ، گۆران واتەنی ، کوردێ مابێ بە چیای بەرزەوەو ، تا وشەیەکی جوانی کوردی لە زاری کوردێ بێتەدەرو ، تا شاعیرێکی کورد بتوانێ شیعرێکی جوان بلێ‌و ، تا ناوی مەولەوی لەسەر لاپەڕەی کتێبێک‌و لە دووتوێی دلی کوردێکی عاشقی سروشتی ڕەنگینی کوردستانا بمێنێ ، مەولەوی هەر ماوەو هەر ئەمێنێ(٣) .

---

( ١ ) پێشەکی‌یەکی فارسیی سەید تاهیری هاشمی کە بۆ دیوانی مەولەوی نووسیوەو لەگەل دەسنووسی دیوانەکەدا بە خەتی خۆی ، وەختی خۆی ، بۆ باوکمی ناردووە .

( ٢ ) سەرچاوەی پێشوو .

( ٣ ) لە کاتی لەچاپدانی ئەم کتێبەدا وردە دەسکاری‌یەکی سێ ـ چوار شوێنی ئەم وتارەم کردووە .

# پێڕەس


| لاپەڕە | بابـــەت |
|---|---|
| ٣ | پێشـــەکی |
| ٦ | بەرنامەی میهرەجانی مەولەوی . |
| ٨ | وتاری مامۆستا مصلح مصطفی الجلالی . |
| ١٠ | صۆفی گەڕیی مەولەوی ـ ئەمین نەقشبەندی . |
| ٢٨ | مەولەوی و عەقیدەکانی ـ فاتح عبدالکریم . |
| ٤٦ | گەشتێك بە ئاسۆی خەیاڵی مەولەوی‌دا ـ محمد امین حبیب . |
| ٦٤ | مەولەوی و هەڵسوکەوتی لە دەوروبەردا ـ لەیلان . |
| ٦٧ | شاعیرێتیی مەولەوی ـ ڕەووف عوسمان . |
| ٩٤ | مەولەوی : بەرهەمی و شتێك دەربارەی سروشت ـ د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ . |
| ١٤٢ | تاوێك لەگەڵ ستایش و خەلسەکانە مەولەویدا ـ خەسرەو جاف . |
| ١٥٢ | کێشەی پاکژبوونەوە لە شیعری مەولەویدا ـ ئومێد ئاشنا . |
| ١٦٣ | بۆ مەولای شاعیران مەولەوی ـ حەسیب قەرەداغی . |

| بابـــەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| هەندێ لە سەرگوزەشتە خۆشەکانی مەولەوی ــ کامیل ژیر . | ١٦٦ |
| لە یادی میری شاعیران مەولەویدا ــ عوسمان محەمەد هەورامی. | ١٨١ |
| باسکەمەلەیەك لەنێو دەریـای شیعری مەولەویدا ــ مەحموود زامـدار . | ٢٠٣ |
| گەشتێك بە ژیانو شیعری مەولەویدا ــ محمدی مەلا کریم . | ٢١٨ |

له گه‌نجینه‌ی به‌لگه‌و کتیبانه‌ له به‌غدا
ژماره (٧٥١) ی سالی ١٩٨٩ای دراوه‌تی

محمدی مەلا کریم

ئامادەی کردووەو سەرپەرشتیی لەچاپدانی کردووە

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
الكتاب المرقم (٢٤١)

# مهرجان مولوي

الكتاب الاول من اصدارات مجلة (المثقف الجديد)

السعر (٣) دنانير

مطبعة الزمان ـ بغداد ـ هـ ١٦٢١٨١٤